

# کۆمەڵێک: وتار، لێدوان و بیروڕای جیاوازی

## هاوڕێ عومەر باڵەکی

بەشی چوارەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

## بابەتی ساڵی ٢٠٢٣ ............................

١- ئێعدام لە پێناو دەستەبەری ئامانجە سیاسییەکاندا.....
٢- حیجاب لە پرسێکی قانوونییەوە هەتا کەرەسەی سەرکوت؟.....
٣- کۆماری ئیسلامی بۆچی لە ڕێفراندۆم دەترسێ؟.....
٤- سووری تاوان و هەڵە.....
٥- ئەشکەنجە و جەزرەبەدان وەک ئامرازی سەرکوتی سیستماتیک.....
٦- ترسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان.....
٧- دوێنێ و ئەمڕۆی ڕاپەڕین و ئەرکەکانی بەردەممان.....
٨- چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی.....
٩- عومەر باڵەکی: خەباتی پێشمەرگانەی کورد هەمووکات لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخوازدا بووە ................................................................................... دیمانە: کوردستان.....
١٠- لە هەناردەکردنی شۆڕشەوە هەتا لێواری داڕمان.....
١١- پڕۆسەی هەڵبژاردن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا.....
١٢- نیزامی کۆماری ئیسلامی، سێبەری مەرگ بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا.....
١٣- ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، یەک ڕەگەز و یەک ڕێباز.....

## بابەتی ساڵی ٢٠٢٤ ............................

١- لە نەورۆزەکەی کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێستا.....
٢- ئەوەی پێشەوا کردی.....
٣- قەیرانخوڵقێنی بۆ تێپەڕین لە قەیران.....
٤- یادیک لە ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد.....



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

٥- چارەنووسی سەرکۆمارەکانی ئێران، نەقڵەکەی کوێخای کۆن و نوێ.....
٦- کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە گەمەی سیاسیی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا.....
٧- نوێنەرانی کوردی مەجلیس و خۆدزینەوەیان لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان.....
٨- کۆماری ئیسلامی و ئاشتەوایی، مەحاڵە مەحاڵ.....
٩- دوورەدیمەنی گرژی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل.....
١٠- کۆماری ئیسلامی و دووڕێیانی چارەنووس! .....
١١- باسێک لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان.....

## بابەتی ساڵی ٢٠٢٥ ............................

١- دەرنجامەکانی ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی.....
٢- کۆماری ئیسلامی و پرسی مەشروعییەت! .....
٣- شکستی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران.....
٤- باسێک لەسەر کتێبی "٨٠ ساڵ خەبات لە پێناو ڕزگاری"دا.....
٥- کۆڵبەری، چیرۆکی ئاشکرای دوژمنکاریی حکوومەتە بەرانبەر بە کوردستان.....
٦- دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پای چی؟.....
٧- پێشمەرگە و ئاڵا دوو هێمای نەتەوەیی.....
٨- ئێعدام سزایەکی نامرۆڤانە و کەرەسەیەک بۆ مانەوەی دەسەڵات.....
٩- بیری نەتەوەیی لە گۆڤاری نیشتمانەوە بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان".....
١٠- نیشانەکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە جاران بەرچاوترن.....
١١- چۆن ڕێ لە دووپاتبوونەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی بگرین؟.....

## بابەتی ساڵی ٢٠٢٦ ............................

١- دوژمنانی کورد لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد زراویان چووە! .....
٢- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد مۆتەکەی ٤٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران.....
٢- حیزبی دێموکرات وەک داینەمۆی بەردەوامیی جووڵانەوەی نەتەوەیی.....

## ئێعدام لەپێناو دەستەبەری ئامانجە سیاسییەکاندا



شەهیدکردنی ژینا ئەمینی بە دەستی پۆلیس ئەخلاقی تاران بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاپەرینێکی بەربەرین کە سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. ئەو ڕاپەرینە بەچەشنێک بەربڵاو و هەمەچەشن بوو کە دەسەڵاتدارانی تارانی تووشی سەرسووڕمان کرد و بۆ ماوەیەک لە بەرانبەر شەپۆلی ناڕەزایەتییەکاندا تووشی سەرلێشاوویی کردن. چونکە بە هیچ جۆر بە خەیاڵیاندا نەدەهات بەو هەمووە سەرکوت و زەبروزەنگەی دەرحەق بە گەلانی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا کردوویانە و لێی بەردەوامن، خەڵک بەو شێوە بەربەرینە و لە هەموو گۆشەوکەناری ئێراندا بەدژیان ڕاپەرن.

شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و ناڕەزایەتییەکان تەنیا لە سنوورەکانی ئێراندا قەتیس نەماوەیەوە، بەڵکوو سنوورەکانی وڵاتی بڕی و توانی لە سەرانسەری جیهاندا پشتیوانی کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ناوی ژینا (مهسا) بە میلیۆنان جار لە بیروڕای کۆمەڵگەی جیهانیدا دووپات ببێتەوە. ئەوەش ترسێکی زۆری لای دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی پێک هێنابوو هەتا ئەو ڕادەیە کە تەنانەت بەشێک لە دەسەڵاتداران بەتەواوی ترسی ڕووخانی نیزامیان ڕێ نیشتبوو، هەربۆیەش بۆ مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئامادە بوون دەست بۆ هەر کردەوەیەکی دژەئینسانی ببەن و لەو ڕاستایەدا زۆر بێبەزەیانە کەوتنە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەر شەقامەکان و هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی جۆراوجۆر بەگژ خەڵکدا هاتن و دەستیان تەنانەت لە منداڵانیش نەپاراست.

## بەشی چوارەم

دوای نزیک بە چوار مانگ مانەوەی خەڵک لەسەر شەقامەکان و بەربەرەکانیی سەخت و دژوار لەبەرانبەر هێزە نیزامییەکان، بەهۆی سەرکوتی بێبەزیانە و ڕێکخراو نەبوونی خەڵک هەتا ڕادەیەک تای تەرازوو بە لای هێزە سەرکوتکەرەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا شکایەوە و هەر ئەوە بوو بە هەلێک کە دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەست بکەن بە ڕەشبگیری خەڵکی ناڕازی، بەچەشنێک کە دەستیان لە هیچ چین و توێژیەک نەپاراست و بە هەزاران کەسیان لە ژن و پیاو، پیر و لاو دەستبەسەر کرد و لە زیندانەکان بە دڕندانەترین شێوە ئەزیەت و ئازایان دان بۆ ئەوەی دان بە تاوانی نەکردوو دابنێن. هەروەها بە شێوازی سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دادگاکانی شۆڕشیان وەڕێ خستەوە و بەپەلەپەل تۆمەتی دوور لە ڕاستییان خستە پاڵ کۆمەڵێک دەستبەسەرکراو و حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاندن. داسەپاندنی حوکمی ئێعدام بە جۆرێک پەرەی گرت کە لە ماوەی تەنیا دوو مانگدا کۆمەڵگەی ئێران ڕۆژانە بە لانی کەمەوە گوێبیستی سەپاندنی حوکمی ئێعدام و بەڕێوەبردنی سێ حوکمی ئێعدام بووە. ئەو دژکردەوەیەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانیدا چ لە بواری قانوونییە و چ لە بواری سیاسییەوە بە سەر نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەخراپ شکایەوە. چونکە بابەتەکە پێوەندی بە گیانی مرۆڤەکانەوە بوو، و لە بواری قانوونییەوە لای کۆمەڵگەی قانوونیی ئێران ئەو پرسیارانە لە ئارادا بوون: ئایا ماوەی زەمەنیی تەواو لە بەردەستی لێکۆڵەوەری قانوونیدا بووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی وورد و هەمەلایەنە لەو پەروەندانە بکا؟ ئایا ڕێوشوێنی دادپەروەرانە لەگەڵ تۆمەتباران لە دادگادا ڕەچاو کراوە؟ ئایا تۆمەتباران دەستیان بە پارێزەر ڕاگەیشتووە؟ ئایا داسەپاندنی تۆمەتی "محاربە" و"افساد و فی‌الارض" کە لە سەر بنەمای ئەو تۆمەتگەلە حوکمێکی زۆر دەر کراوە دەتوانرێ بەسەر ئەو خەڵکە دەسبەسەرکراوە داببڕێ؟... هەموو ئەو پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە هەم لەو ماوەیەدا و هەم لە ماوەی ٤٤ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بێوەڵام ماونەوە و هەر وەک ڕابردوو بەڕێوەبردنی ئێعدام لە نیزامی دادوەریی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە بابەتێکی ئاسایی و بێباکانە گیان‌لێ‌ئەستاندنی مرۆڤەکان بەرگی قانوونیان دەبەر دەکرێ.

ئەو ئاساییبوونەی سەپاندنی حوکمی ئێعدام و جێبەجێکردنی ئەو سزایە لە کۆماری ئیسلامیدا لە سەردەمانێکدایە کە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان سزای ئێعدامیان یا لە قانوونی سزاداندا سڕیوەتەوە، یان جێبەجێی ناکەن. چونکە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانە دوای پرۆسەیەکی دووروودرێژ و بە ئاکامە گەیشتوون کە جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام پێوەندی بە گیانی مرۆڤەکانەوە هەیە و ئەگەری ئەوە زۆرە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێک زانیاریی هەڵە بە دەستی لێکۆڵەرانی دادوەری بگات و لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە هەڵەیە کەسێکی بێتاوان گیانی لێ بستێندرێ. لە هەمان کاتدا ئەوە سەلمێندراوە کە سزای ئێعدام نەیتوانیوە بەر بە تاوان بگرێت. لەم ڕووەوە لە سەردەمی ئێستادا لە ١٩٥ وڵاتی دنیا ١١١وڵات بەتەواوی حوکمی ئێعدامیان لە قانوونی سزادانی گشتیی خۆیان وەلا ناوە و ٧ وڵاتیش تەنیا لە بابەتی زۆر تایبەتیی وەک تاوانی

سەردەمی شەڕ حوکمی ئێعدامیان هێشتۆتەوە، دەنا لە قانوونی سزادانیاندا نەماوە. ٢٤ وڵاتیش جێبەجێکردنی سزای ئێعدامیان هەڵپەساردووە کە بەپێی ئامارەکان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا حوکمی ئێعدامیان تێدا بەڕێوە نەچووە. بەڵام ٥٣ وڵات ماون کە هەتا ئێستاش حوکمی ئێعدامیان تیدا بەڕێوە دەچێ کە لەنێو ئەو ٥٣ وڵاتەشدا بەشی زۆریان تاکوتوک لە بابەتی زۆر هەستیاردا سزای ئێعدامیان لەسەر تاوانباران جێبەجێ کردووە.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ٥٣ وڵاتەدایە و دوای وڵاتی چین لە پلەی دووهەمی ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەدایە کە سزای ئێعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێت کە دیارە ئەگەر بەپێی حەشیمەت و ڕادەی ئێعدامەکان لە ساڵێکدا ئێران و چین پێکەوە بە بەری یەک بگیرێن، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەدا ڕادەوەستی کە حوکمی ئێعدامیان تێدا جێبەجێ دەکرێت. دوای ئەو ئەنجامە دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە بۆ لە ئێراندا ئاوا بە بەربڵاوی حوکمی ئێعدام بەڕێوە دەچێ؟

ئەو پرسیارە لە باشترین حاڵەتدا دەتوانی سێ وەڵامی هەبێ. یەکەم، لە قانوونی سزادانی ئیسلامیدا بازنەی ئەو تاوانانەی حوکمی ئێعدام دەیانگرێتەوە زۆر بەربڵاوە، هەربۆیە دادوەر بۆ دەرکردنی حوکمی ئێعدام لە زۆر بواردا دەستی ئاوەڵایە. دووهەم، دەتوانرێ ئەو خوێندنەوەی لێ بکرێ کە ئێرانییەکان لە خەڵکی وڵاتانی دیکە زیاتر حەزیان لە تاوانە کە ئەوە بەپێی لێکۆڵینەوەی ئاماری جیهانی بە تایبەتی لە تاوانی کوشتن کە سزاکەی ئێعدامە بەتەواوی ڕەد دەکاتەوە و نیشان دەدا کە خەڵکی ئێران زۆر کەمتر لە نێوەنجی جیهانی تاوان دەکەن. سێهەم، ئێعدام کەرەسەیەکی سەرکوتە بە دەستی دەسەڵاتدارانی تارانەوە، بە چەشنێک هەر کات بیانهەوەی دژبەر و جیابیران لە مەیدانی بەربەرەکانی دەر بکەن لە ڕێگای دامودەزگای بەناو دادەوە پەروەندەسازییان بۆ دەکەن و سزای ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێنن. کاتێکیش ئەو هۆکارانە دەچنە پاڵ یەک، ڕێژەی سەپاندن و بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدام زیاد دەکات. ڕێژەی چوونەسەری سزای ئێعدامیش هەرەوەکی پێشتر گوترا تەنیاوتەنیا بۆ چاوترسێنکردنی گەلانی ئێرانە و کەرەسەیەکە بۆ سەرکوتی جیابیران کە نیزامی سەرکوتکاری کۆماری ئیسلامی بەرگی قانوونی دەبەر کردووە.

لە ئێستاشدا هەروەک گوترا، ڕاپەرینی ژینا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی باش تاساند و کاتێک وەخۆ هاتنەوە، بێبەزییانە دەستیان بە سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکان کرد و لە هیچ جینایەتێک خۆیان نەپاراست. بە سەدان کەسیان لە سەرانسەری ئێراندا کوشت و بە هەزاران کەسیان بریندار و نقوستان کرد. دەیان هەزار کەسیان دەستبەسەر کرد سەدان کەس لەو دەستبەسەرکراوانە لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا دوای بەڕواڵەت دادگاییکران حوکمی ئێعدامیان بە تاوانی "محاربە و افساد فی‌الارض" بەسەردا سەپێندرا. لە حاڵێکدا بەپێی دەقی قانوونە نامرۆڤانەکانی خودی

## بەشی چوارەم

ڕێژیمیش دەربڕینی نارەزایەتی لە دەسەڵات ناچێتە خانەی تاوانی "محاربە و افساد فی‌الارض"، چونکە، بەپێی نێوەرۆکی ئەو قانوونانە هیچ کام لە خەڵکی ناڕازی سەرشەقامەکان بە چەک هێرش و هەڕەشەیان لە کەس نەکردووە و لە هەمان کاتدا بە دوای بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەی خۆیانەوە نەبوون؛ واتە تەنانەت ئەو حوکمانە لە چوارچێوەی یاساکانی سزادانی ڕێژیمدا قانوونییش نەبوون!

دەسەڵاتدرانی کۆماری ئیسلامی و دەزگای دادی ئەو نیزامە بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان بەرپرسیاری هەموو ئەو گیانانەن بە هۆکاری سەپاندنی سزای ئێعدام ئەستاندوویانن، چونکە بەپێی زانستی دەروونناسی و تاوانناسی چەندە کەسێک یا کەسانێک لە ڕوودانی تاوانێکدا بەرپرسیارن، دەوڵەت و سیستمی سیاسیی وڵاتیش بەو ڕادەیە بەرپرسیارە. چونکە ئەوە حکوومەت و سیستمی سیاسیی وڵاتە کەش‌وهەوای کۆمەڵگە لە بوارەکانی سیاسیی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕێک دەخا. حکومەت و دەوڵەتی بەرپرسیار هەوڵ دەدا بە ڕەخساندنی هەموو بەستێنەکانی ژیان کە نیازی کۆمەڵگەیە پێش بە پەرەگرتنی تاوان بگرێ، چونکە بەو ڕادەیە کە تاوان لە کۆمەڵگەدا کەم بێتەوە بەو ڕادەیەش کۆمەڵگە بەرەوە ئەمنییەت و سەقامگیری و خۆشبژیوی هەنگاو دەنێ. بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامێکی ئایدۆلۆژیک و داخراوە و هەموو بەرنامەکانی لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەو چوارچێوە داخراوەدایە. بۆیە جێگا بە مرۆڤی ئازادیخواز و جیابیر لێژ دەکرێ.

لە جۆری سیستمە دەسەڵاتدارەتیی وەک کۆماری ئیسلامیدا هیچ کەس و لایەنێک لە بەرانبەر ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەدا بەرپرسیار نییە و هەموو دامودەزگای دەسەڵاتدارییەتی تەنیا لە پێناو ڕاگرتن و لەسەرپێ مانەوەی نیزامدا خۆیان بە دەرووەست دەزانن. بۆیە هەرکاتێک دەسەڵاتدارانی تاران گوێبیستی دەنگی نارەزایەتی خەڵک دەبن ترسیان ڕێ دەنیشێ و بەپەلە فتوای سەرکوتی خەڵک دەردەکەن و بەو فتوایە هێزە سەرکوتکارەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەکەونە خۆ و بەبێ تێفکرین و تەنیا بۆ ڕازیکردنی بەرپرسانی سەرەوەی خۆیان دەست دەکەن بە گرتن و کوشتنی خەڵک. بەڵام دەسەڵاتدارانی تاران دەبێ لەوە تێگەیشتبن وەک چۆن سەرکوتی بێبەزییانە و کوشتن و ئێعدام و گرتنی خەڵکی ناڕازی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانی کۆمەڵگەی ئازادیخوازی ئێران بەچۆک دابێنێ، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕیزی ئازادیخوازن و تێپەڕبوون لە نیزامی کۆماری ئیسلامی پتەوتر بووە و دەبێ؛ ئەو زەبروزەنگ و ئێعدامانەش دادیان نادەن.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## حیجاب لە پرسێکی قانوونییەوە هەتا کەرەسەی سەرکوت؟



لە کۆمەڵگەی ئێراندا پرسی ڕەچاوکردن و نەکردنی حیجابی ژنان لە ماوەی نزیک سەد ساڵی ڕابردوودا بۆتە کەرەسەیەک بە دەست دەسەڵاتدارانی تارانەوە بۆ بێبەشکردنی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵگەی ئێران لە مافە ئینسانییەکانیان و ڕێگەگرتن لە کار و چالاکییەکانیان لە کۆمەڵگەدا. هەرکام لە دەسەڵاتەکانی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەچاوکردن و ڕەچاونەکردنی حیجابی ژنان لەنێو کۆمەڵگەدا پاساوی خۆیان هەیە و بێ‌ئەوەی هیچ لایەک لە دوو نیزامە دەسەڵاتە خۆسەپێنە گەڕابنەوە بۆ بیروڕای گشتیی کۆمەڵگە لەسەر ئەو بابەتە، لایان وایە پاساوەکانیان بۆ ڕەچاوکردنی حیجاب لایەنی قانوونی هەیە و کۆمەڵگەش لەسەریەتی وەک قانوون لەگەڵ ئەو پرسە هەڵسوکەوت بکا. بەڵام پێشکەوتنی کۆمەڵگەی جیهانی لە بواری پیشەسازی و تێکنۆلۆژی بەتایبەتی تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکان وای کردووە سنووری وڵاتەکان بێ هیچ بەربەستێک بە ڕووی کۆمەڵگە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا بکرێنەوە و ئاڵوگۆری ڕوانگە و کولتووری جیاوازەکان بکرێ. بەڵام لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی تاران چ لە نیزامی پاشایەتی و چ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا چاویان لەو ڕاستییە نووقاندووە کە جیهان لە حاڵی پێشکەوتنی خێرا لە هەموو بوارەکانی ژیاندایە و کۆمەڵگەی ئێرانیش نایهەوێ خۆی لەو پێشکەوتنانە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بێبەش بکات.

بێگومان کۆمەڵگەی هەر وڵاتێک بە هەر کولتوور و کەلەپوورێک بە تێپەڕبوونی سەردەم ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ و بە پێی

نیاز و خۆ گونجاندنی لەگەڵ دنیای دووروبەری پێست فرێ دەدات. لە سەردەمی بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاشادا کۆمەڵگەی ئێرانیش هێدی هێدی بەرەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەڕۆیشت و هەوڵی دەدا خۆی لەگەڵ دنیای مودێرندا بگونجێنی. بەڵام ڕەزاشا بێئەوەی گوێ بداتە ئاهەنگی هەنگاوەکانی کۆمەڵگە، بە سەپاندنی کۆمەڵێک بڕیار، هەوڵی دا بەخێرایی و لەژێر ناوی پێشکەوتنخوازی و کردنەوەی دەروازەکانی مودێرنیتە نەریت و کولتووری کۆمەڵگەی ئێران بگۆڕێ و "کشف حیجاب" واتا لابردنی باڵاپۆشیی ژنان یەکێک لەو بڕیارانە بوو. بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا چونکە بەستێن بۆ ئەو گۆڕانکارییە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا خۆش نەکرابوو، هەر زۆر زوو لەگەڵ دژکردەوەی گرووپ و کۆمەڵە جیاجیاکانی ئێران بەرەوڕوو بۆوە. ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بە چەشنێک بوو دووبەرەکی و دژایەتیی تەواوی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا بەدوودا هات. دەسەڵات لەلایەک نەیدەویست و نەیدەتوانی لەژێر گوشاری کۆمەڵگەدا لەو بڕیار و گۆڕانکارییانە پاشگەز بێتەوە و لەلایەکی دیکەوە ئەو قەناعەتەش لای خەڵک دروست نەببوو مل بۆ ئاڵوگۆڕەکان ڕابکێشێت.

بۆیە کاتێک لە بواری کۆمەڵناسییەوە دەڕوانینە ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی دەسەڵات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو شێوە بڕیارەی دەسەڵات تەنانەت ئەگەر بەرگی قانوونیشی دەبەر بکرێ چونکە لە نیازەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی نەگرتووە، لە کاتی جێبەجێکردندا لە سەر ڕوح و ڕەوانی کۆمەڵگە ئاسەواری خراپ بەجێ دێڵێ و کۆمەڵگە لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵ دەدا بەدژی ئەو بڕیارە یان ئەو بەناو قانوونە ڕابوەستێ. بۆیە دەبینین بڕیاری زۆرەملێی "کشف حیجاب" لە سەردەمی ڕەزاشادا برینێکی قووڵی لە جەستەی کۆمەڵگەی ئێران کرد و بە ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی ئەو جار بابەتەکە پێچەوانە بۆوە. ئەگەر دەسەڵاتی پاشایەتی لەژێر ناوی مودێرنیتە بە زۆر "حیجاب"ی ژنانی لا دەبرد، ئەو جار دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەژێر قانوونی شەریعەتدا بە زۆر " حیجاب"ی بەسەر ژناندا سەپاند. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەروەک حکومەتی پاشایەتی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە ئەو بابەتە بێجگە لە بەرگی مەزهەبی، بەرگی قانوونیشی دەبەر بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی "حیجابی ئیسلامی" ڕەچاو ناکەن وەک تاوانبار هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ.

لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاوکردنی "حیجاب" و سەپاندنی بەسەر ژناندا هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە قانوونێکی ڕوون پێناسەی بۆ نەکراوە، واتا دیاری نەکراوە کە مەبەست لە ڕەچاوکردنی حیجاب لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە چییە و چۆنە؟ ئایا مەبەست تەواو باڵاپۆشییە یا هەر داپۆشینی مووی سەری ژنانە؟ چونکە زانایانی دینی ئیسلام هەتا ئێستای لەگەڵدا بێ لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ یەکتری کۆک و هاوڕا نین. بۆیەشە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەو نیزامە سیاسییەدا هەموو کات لە نێوان تێگەیشتنی کۆمەڵگە و دەسەڵات لەسەر شێوازی پۆشینی جلوبەرگی مرۆڤەکان بە گشتی و ژنان بەتایبەتی کێشەوناکۆکی هەبووە و لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووشدا بە دوای ڕاپەڕینی "ژینا" ئەو بابەتە جارێکی دیکە

## بەشی چوارەم

بە زەقی خۆی دەرخستۆتەوە و وەک سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشا، دەسەڵات نایهەوەی لەو بریارە کە بە قانوون پێناسەی بۆ دەکا، پاشگەز بێتەوە. چونکە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە قانوونەکان بە تایبەتی قانوونی سزادان بۆ ڕاگرتن و پاراستنی بایەخ و هێماکان و ڕاگرتنی نیزامی ئایدۆلۆژی، سیاسیی و فکریی خۆی کەلکی وەرگرتووە و هەر جۆرە پاشەکشەیەک لە بەرانبەر ویستی خەڵکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان شکانی هێژموونیی دەسەڵاتداریەتی ئەو نیزامەیە.

کاتێک باس لە قانوون دەکرێ، دەتوانین بەو شێوەیە پێناسەی بۆ بکەین. قانوون هەم جەستە و هەم ڕوحی هەیە. جەستەی قانوون هەموو ئەو ڕێکارانەیە کە بۆ پەسندکردنی قانوونێک دەبێ ڕەچاو بکرێ و ڕوحی قانوونیش ئەوەیە کە ئەو قانوونە لەنێو کۆمەڵگە چەندە وەرگیراوە؟ ئەگەر قانوونێک لە کۆمەڵگەدا لەلایەن خەڵکەوە وەرنەگیرێ و کاری پێ نەکرێ و جێ نەکەوێ، نیشانەی ئەوەیە ئەو قانوونە ڕوحی نییە و بە مانایایە ئەو قانوونە ئیجارییە و خەڵک هەتا بۆی بکرێ ملکەچی جێبەجێکردنی نابێ. بە واتایەکی دیکە قانوون بۆ کۆمەڵگە وەک جلوبەرگ وایە، نابێ ئەو جلوبەرگە ئەوەندە تەنگەبەر بێ جەستەی کۆمەڵگە ئەزیت بدا و نابێ ئەوەندەش بەرفەراح بێ لە جەستەی کۆمەڵگەدا بکەوێ.

لە سەردەمی دنیای مودێرن و جیهانداگریی تێکنۆلۆژیدا قانوون سەرچاوەکەی عورفی کۆمەڵگەیە. لە وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوودا دەسەڵات و قانووندانەر تێدەکۆشن بەپێی نیاز و پێداویستیەکان و عورفی کۆمەڵگەی خۆیان قانوون دابرێژن. لەو وڵاتانەی سێکۆلارن، یا لەواندا دین لە سیاسەت جیایە، عورفی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی بەرچاو لە دارشتنی قانوونەکاندا دەگێرێ و ئەو فاکتەرە هەتا ئەو جێگایە کاریگەری هەیە کە ڕەنگە قانوونێک کە دەسەڵات دەیهەوەی بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە سەرەتا بە گشتپرسی دابندرێ. ئەوەش لە سەر ئەو بنەمایە کار دەکا کە دەگوترێ قانوون دەبێ دادپەروەر بێ و هەموو لایەنەکانی پاراستنی مافی ئینسانیی تێدا ڕەچاو کرابێ. مەبەست ئەوەیە قانوون نابێ کۆمەڵگە ئازار بدا، بەڵکوو دەبێ لە خزمەت دابینکردنی دادپەروەری وئاسایشی کۆمەڵگەدا بێ. بەڵام بەپێچەوانە ئەو ئەسڵە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٤ساڵە بە ناوی قانوون و ڕەچاوکردنی شەریعەت خەڵک دەچەوسێندرێتەوە و لە ئاسایش و ئارامی بێبەش دەکرین و ئێزن نادرێ کۆمەڵگەی ئێران پێ بە پێی سەردەم لەگەڵ دنیا بچێتە پێش.

یەکێک لەو بابەتانە کە نیزام ولاینگرانی لەو ماوەی ٤٤ساڵی ڕابردوو دا ویستوویانە لە ڕێگای قانوونەوە بۆ ئازادییە تاکە کەسییەکان بەربەست دروست بکەن بابەتی "حیجاب"ە، بەڵام وەکی گوترا هەتا ئێستا لە هیچ کام لە قانوونە بەرکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاوکردنی "حیجاب" پێناسەی بۆ نەکراوە و تەنیا لە "تێبینی - تبصره"ی ماددەی ٦٣٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامیدا دەڵێ ئەو ژن و کچانەی "حیجابی ئیسلامی" ڕەچاو ناکەن، بە ڕادەیەک کە دەستنیشان کراوە جریمەی نەغدی دەکرێن یا دەخرێنە زیندانەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی باوەردارانی دینییەوە بۆ ئەو بابەتە بڕوانین وەک هەموو بابەت


## بەشی چوارەم

و ئەرکەکانی دیکەی دین کە کەسێکی ئیماندار لەسەریەتی جێبەجێیان بکا، بەڵام بەجێیان ناگەیەنێ، یا لە جێبەجێکردنیان خۆ دەبوێرێ دەچێتە خانەی گوناح کە خودی کەسەکە هەڵگری ئەو گوناحەیە کە کردوویەتی و بەپێی دەقە ئاینییەکان لە دنیای دیکەدا سزای خۆی وەردەگرێ. خۆ بەپێی پێناسەکانی قانوون لە سەر دەمی ئێستاشدا جێبەجێنەکردن یا خۆبواردن لەو ئەرکە ئاینییە نابێتە تاوان. چونکە تاوان هەم دەبێ قانووندانەر بەپێی پێویستی کۆمەڵگە پێناسەی بۆ کردبێ، واتا لە نیازی کۆمەڵگەوە سەرچاوی گرتبێ و لە هەمان کاتدا لە ئەگەری لادان لێی سزای بە ڕادەی تاوانەکەی بۆ دەست نیشان کردبێ.واتا سزای تاوان پێویستە لەگەڵ تاوان هاوسەنگ بێ بۆ ئەوە بتوانرێ هەم قەرەبووی زیانلێکەوتووی تاوان بکرێتەوە و هەم ئەو سزایە پێشگیری بکا لە دووپاتبوونەوەی تاوان کە ئەوانە هیچی لە پێوەندی لەگەڵ حیجابدا بەدی ناکرێن.

لە نیزامی قانوونیی کۆماری ئیسلامیدا زۆر قانوونی وەک ڕەچاوکردنی "حیجابی زۆرەملی" هەیە، چونکی لەسەر نیاز و پێویستی کۆمەڵگە دانەڕێژراون لە مەیدانی کردەوەدا بە زەبروزەنگی هێزی سەرکوتکەردا نەتوانراوە بەسەر خەڵکدا بسەپێندرێ و لە ئاکامی بەربەرەکانی و خۆڕاگریی خەڵکدا دەسەڵات ناچار بووە لەگەڵ هێشتنەوەی برگە قانوونییەکە، لە مەیدانی کردەوەدا لە جێبەجێکردنی ئەو قانوونە خۆ ببوێرێ. بۆ نموونە قانوونی قەدەغەبوونی دەزگای وەرگری ماهوارەی تیڤییەکان کە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بە پەسند گەیشتووە و دوای پەسندکردنی ئەو قانوونە هەتا چەند ساڵێک پۆلیس و پیاوەکانی دەوڵەت هەموو ڕۆژێک خەریکی کۆکردنەوەی سێڵ و دەزگای وەرگری سەتەلایت بوون؛ بەڵام لە جێگیرکردنی ئەو بەناو قانوونە سەرکەوتوو نەبوون، چونکە کۆمەڵگەی ئێران پێویستییان بەوە هەبوو بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەواڵ و زانیاری و... دەزگای وەرگری سەتەلایت بێنە ماڵەکانی خۆیان. هەروەها لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە بوونی ئەو دەزگایانە لە هیچ ماڵێک تاوان نەبوو، بۆیە گوێیان بە دەسەڵات نەدا و نەچوونە ژێر باری جێبەجێکردنی ئەو قانوونە و دەسەڵات بە بێدەنگی لە جێبەجێکردنی ئەو قانوونە پاشەکشەی کرد. قانوونی "حیجابی زۆرەملێ"ش بە خاترجەمی دەرنگ یا زوو بە دەردی قانوونی مەنعی سەتەلایت (ماهوارە) دەچی و ژنانی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان بە پشتیوانی و پشتگەرمیی کۆمەڵگەی ڕاپەریوی ئێران پاشەکشە بە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی دەکەن و ئەو پاشەکشانەی دەسەڵات هەنگاوەکانی دارمانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا خێراتر دەکەن.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## کۆماری ئیسلامی بۆچی لە ڕیفراندۆم دەترسێ؟




قسەکانەی خامنەیی سەبارەت بە گشتپرسی لە ڕۆژی ٢٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی لە کۆبوونەوە لەگەڵ پۆلێک خوێندکاری بەسیجیی زانکۆ سەرەڕای ئەوەی باسوخواسێکی زۆری لەنێوان لایەنگران و دژبەرانی نیزامدا لێ کەوتەوە، خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دوای سەرهەڵدانی ڕاپەرینی "ژینا" بەتەواوی پایەکانی دەسەڵاتدارەتیی لەق و هلۆڵ بووە و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە جگە لە سەرکوت و زەبروزەنگ هیچ شتێک شک نابەن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک. ترس لە گەڕانەوە بۆ دەنگ و ئیرادە و بڕیاری خەڵک نیشانەی ئەوپەڕی لەدەستدانی ڕەواییە لەلایەن ئەو خەڵکەوە.

لە سەردەمی ئێستادا و بە تایبەتی لە وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوو بۆ پرسە چارەنووسسازەکان لەنێو خەڵکدا گشتپرسی دەکەن. ئامانج لە گشتپرسییش ئەوەیە دەسەڵات دوورەپەرێز بێ لە داڕشتن و جێبەجێکردنی قانوونێک کە لە ژیانی کۆمەڵگە بشکێتەوە. لە وڵاتە دێموکراتیکەکاندا کە پێوەر ئیرادەی گەلە و دەسەڵات دەستاودەست دەکرێ، لە دوو بواری جیاوازدا لەلایەن دەوڵەتەوە گشتپرسی لەنێو خەڵکدا دەکرێت. یەکەم لەسەر پرسە سیاسییە هەستیارەکان و دووهەم لە بواری بنەما سەرەکییەکاندا.

## بەشی چوارەم

لە بواری پرسە سیاسییەکاندا دەوڵەت بۆ ئەوەی پرۆژەیاسایەک لەنێو کۆمەڵگەدا بە باشترین شیوە بەڕێوە بچێ و لە کاتی جێبەجێکردندا تووشی کەمترین ئاستەنگ ببێت، پرۆژەیاسایەکە دەخاتە بەر دەنگدانی خەڵک و ئاکامەکەی هەرچی بێت، دەوڵەت و دەسەڵات لەسەریانە لە مەیدانی کردەوەدا جێبەجێی بکەن. لەو شێوە گشتپرسییەدا خەڵک سەرپشکن لەوەی بەشدار بن یان نا! بەڵام گشتپرسی لە بواری بنەما سەرەکییەکانی وەک گۆڕینی سیستمی حوکمرانیی وڵات یا دەستووردان لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا بەشداریی خەڵک هەم پێویستە و هەم ئەرک؛ چونکی پێوەندی بە چارەنووسی تاک بە تاکی کۆمەڵگەوە هەیە و لەسەر جومگەکانی ژیانی ئەوان و وڵاتیش لە هەموو بوارەکانی سیاسیی، ئابووری و شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتدا کاریگەریی هەیە.

قسەکانی خامنەیی لەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە گشتپرسی لە دوو ڕوانگەوە جێگای سەرنج و هەڵوێستە لەسەر کردنن. یەکەم ناوبراو دەڵێ:"لە هیچ جێگایەکی ئەو دنیایەدا لەسەر پرسە سەرەکییەکان ڕێفراندۆم ناکەن." دووهەم ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: " ... خەڵک توانای لێکدانەوەیان لەسەر پرسە سەرەکییەکان نییە." خامنەیی یان بە هەڵە لە گشتپرسی تێگەیشتووە یان دەیهەوێ بە چەواشەکاری لەو چەمکەدا نیاز و مەبەستە سیاسییەکانی خۆی حەشار بدات. چونکە لە هەموو کۆمەڵگەیەدا کاتێک گشپرسییەک دەکرێ کە قانوونێک یان دۆخێکی ئارایی نەتوانی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگە بێت. هەروەها بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی خامنەیی، لە سەردەمی ئیستا و لەنێو وڵاتانی دنیادا گشتپرسی بە یەکێک لە فاکتەر و ئامرازەکانی نهادینەبوونی دیموکراسی و دەوڵەتداری دادەنرێت. بۆ نموونە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ هەتا ٢٠٢٠ی زایینی لە وڵاتی سویس ١٣٠ گشتپرسی، لە وڵاتی ئیتالیا ٦٠ گشتپرسی، لە ئیرلەند ٣٠ گشتپرسی، لە ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە و دانیمارک .... چەندین گشتپرسی بەڕێوە چوون کە زۆربەی زۆری ئەو گشتپرسییانە لەسەر پرسە سەرەکی وچارەنووسسازەکان بووە. هەمدیسان بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی خامنەیی لە هەموو ئەو گشتپرسییانەدا خەڵکە بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆیان دەنگیان لەسەر پرسەکان داوە و چارەنووسی ئەو بابەتانەیان بۆ دەسەڵات یەکلا کردۆتەوە.

ئەگەر خامنەیی وەک ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی لەسەر گشتپرسی  باوەڕی بەو بۆچوونەی خۆی هەبێ کە دەڵێ "خەڵک توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەیان لەسەر پرسە سەرەکییەکان نییە"، دەبێ قەبووڵی بێ کە ئەو سێ بەناو گشتپرسییە کە لە ماوەی تەمەنی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا بۆ دیاریکردنی شێوازی حکومەت (١٣٥٨)، پەسندی یاسای بنەڕەتی (١٣٥٨) و پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی (١٣٦٨) هیچ شەرعییەتیان نییە و ئەگەر ئەوانە شەرعییەتیان نەبێ، نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لەجێدا و لە تەواوەتی خۆیشیدا شەرعییەتی نییە. چونکە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بنەمای ئەو سێ گشتپرسییە لەسەر ئەساسی دەنگ و ئیرادەی خەڵک داندراوە ولە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی

## بەشی چوارەم

نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر کاتێک ویستبێتیان ئیدیعا بۆ شەرعییەتی سیاسیی خۆیان بکەن، ئەو سێ بەناو گشتپرسییەیان بە ڕووی گەلانی ئێران لە نێوخۆ و خەڵکی دنیا داداوەتەوە و باسیان لەوە کردووە کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا قانوون و دەسەڵات بناخەکەی لەسەر دەنگی خەڵک دانداوە و خۆیان گوتەنی "میزان رای ملت است". بەڵام لە کردەوەدا ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم پێچەوانەی ئەو دروشمە بووە و دەنگی خەڵک لە پرسە چارەنووسسازەکان تەنیا ڕواڵەتی بووە و دەسەڵاتدارانی نیزام بەتایبەتی خودی ڕێبەر بڕیار و کرداری خۆیان لە سەرەوەی ویست و ئیرادەی خەڵک داناوە. ئەوەش زۆر بەڕوونی لە ئەسل و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ڕێژیمدا ڕەنگی داوەتەوە.

بە بوونی ئەسلی ویلاتی فەقیهـ لە پێکهاتەی ئەو نیزامەدا مرۆڤی ئازاد کە خۆی لە ڕێگای هەڵبژێران و هەڵبژاردنەوە بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدا، بوونی نییە. چونکە بنەمای فکری و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوە کە خەڵک (ئوممەت) سەغیرە و توانای بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی نییە و دەبێ هەتا هاتنەوەی ئیمامی مێهدی "زمان"، ڕێبەر سەرپەرستیی ئەو ئوممەتە بکا و لەجیاتی ئەوان بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدا. بە واتایەکی دی لە پاشخانی فکریی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا حوکمڕانی ئاوا وێنا کراوە کە بەڕێوەبردنی وڵات و دەسەڵاتداری تایبەتە بە دەستەیەکی دیاریکراو، و خەڵک کە توانای لێک انەوەی پرسە سیاسیی و ئابووری و پێوەندییە دەرەکییەکانیان نییە، دەبێ گوێڕایەڵی دەستەی حوکمڕان بن! ئەوەیە واقعی سیاسی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا.

لە دوای قسەکانی خامنەیی سەبارەت بە گشتپرسی هیندێک کەس و لایەن باس لەوە دەکەن خامنەیی بزماری لە تابووتی چەند ئەسڵێکی قانوونی بنەڕەتی (٦، ٥٩، ١٧٧) داوە کە لەو چەند ئەسڵەدا باس لە پشتبەستن بە دەنگی خەڵک و ڕێفراندۆم کراوە. بەڵام لە ئەساسدا هیچ کام لەو ئەسڵانەی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی مەبەستیان ئەو ڕیفراندۆمە نییە کە دوای ڕاپەڕینی "ژینا" ویستی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دەست دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییە و خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەباشی هەستی بە ئامانجی کۆمەڵگەی ئێران کردووە. بەڵام بۆ دڵگەرمیی لایەنگرانی نیزام خۆی لە ئاستی ئەو ڕاستییە گێل کردووە، بۆیە پەنای بۆ ئەو قسەیە بردووە و دەڵێ خەڵک توانای لێکدانەوەی پرسە چارەنووسسازەکانیان نییە. بەڵام بە پێچەوانەی ڕوانگەی دوور لە ڕاستیی ڕێبەری ڕێژیم، خەڵکی ئێران لە ماوەی ڕاپەڕینی "ژینا"دا سەلماندیان کە چەندە وریا و پێگەیشتوون. کە خەڵک داوای بەڕێوەچوونی گشتپرسییش دەکەن، مەبەستیانە بە شێوازیەکی سەردەمیانە و بەبێ خوێڕشتن و بە چاوەدێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە ڕێگای سندووقی دەنگدانەوە شێوازی حوکمڕانی لە ئێران بگۆڕن و کۆتایی بەو نیزامە سیاسییە لە ئێران بێنن کە ٤٤ ساڵە خوێنی ئەوانی لە شووشە کردووە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ڕاستییەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوە کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەچوونی گشتپرسی بۆ

## بەشی چوارەم

ئەو ئامانجە مەحاڵە. ڕاستە لە چوارچێوەی ئەسلی (٥٩ و١٧٧)ی یاسای بنەڕەتیدا ڕێکاری گشتپرسی دیاری کراوە و بە پێی ئەسڵی ١٧٧ ناوەرۆکی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناتوانرێ دەستکاری بکرێ. بەڵام ئەوە هەتا ئەوکاتە دروستە کە زۆرینەی خەڵکی ئێران پشتیوانی لە نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەن. بەڵام ڕاپەڕینی "ژینا"ئەو ڕاستییەی دەرخست کە خەڵکی ئێران ئەو نیزامەیان ناوێ و، کاتێک زۆرینەی خەڵکی وڵاتێک دەسەڵات و نیزامی سیاسیی حاکمیان ناوێ، ئەو نیزامە شەرعییەتی خۆی لەدەست دەدا و قانوونی ئەساسییش کاری پێ ناکرێ. چونکە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک کاتێک شەرعییەت پەیدا دەکا کە لە گشتپرسییەکی سەرانسەریدا زۆرینەی خەڵک دەنگی پێ دابێ کە لە ئەساسدا ئەوە پێ دەگوترێ گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا. بۆیە هەرکاتێک زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە خوازیاری گۆڕینی ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنە بوون دەتوانن بیگۆڕن.

قانوون دەستکردی مرۆڤە بۆ ڕاییکردنی کار و ڕێکخستنی پێوەندییەکانی تاکی کۆمەڵگە و دەستنیشانکردنی ڕێکاری پێوەندیەکانی کۆمەڵگە ودەوڵەت، واتا ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات، بۆیە هیچ قانوونێک ناچێتە خانەی پیرۆزی کە مرۆڤ نەتوانێ دەستی بۆ بەرێ.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# سووڕی تاوان و هەڵە



چلوهەشت ساڵ لەوە پێش کاتێک ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر لە نێوان محەممەدڕەزا پەهلەوی، شای ئێران و سەدام حوسێن، جێگری سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق لە ئەلجەزائیر ئیمزا کرا، هەر دوو دەسەڵاتدار کەیف ساز و ڕازی بوون لەوەی کە بە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەر کامیان بەو ئامانجانە گەیشتوون کە خوازیاری بوون. سەدام حوسێن و حکوومەتەکەی کە بە دەست هێزوتوانای شۆڕشی کورد لەو پارچەیەی کوردستان پێوە ببوو و برستی لێ برا بوو، دەیهەویست لەو دۆخە ڕزگاری بێ و ئەو شۆڕشە بەتەواوی سەرکوت بکات. لەو لاوە شای ئێران بێجگە لەوەی چاوی تەماحی لە نیوەی ئاوی (شط‌العرب) بڕیبوو، ماوەیەکی زۆر نەبوو کە بە هێزی نیزامی و پشتیوانیی دەرەکی و خەیانەتی نێوخۆیی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتوندی سەرکوت کردبوو، و ڕێبەرانی جووڵانەوەکەی ئێعدام کردبوو. بەڵام بەو حاڵەش جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەری هەڵدابۆوە و شای ئێران لە پەرەگرتنی ئەو جووڵانەوەیە دەترسا. بۆیە کاتێک دەست کرا بە نووسینی بەند و برگەکانی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر، بە هەموو پرۆتۆکۆلەکانیەوە وا دارێژرا کە ئەو ڕێککەوتننامەیە هەم سیاسیی و هەم ئەمنیییەتی و، هەم چارەسەری کێشەی سنوورەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بێت.

بەپێی نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ئێران پابەند دەبوو ئیزن نەدا لە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە، هیچ

## بەشی چوارەم

هێزێکی کورد لەسەر سنوورەکان کێشە و گرفت بۆ حکوومەتی عێراق دروست بکا و لە بەرانبەردا عێراقیش پابەند دەبوو کە چیدی یارمەتیی ئۆپۆزیسیونی کوردی دژبەری نیزامی پاشایەتیی ئێران نەدا و تەنانەت باس لەو بابەتەش کرابوو کە هەر دوو دەوڵەت ئەو دژبەرە کوردانە تەحویلی یەکتر بدەنەوە. بەڵام دیتمان ڕەوتی ڕووداوەکان بە سەر ویست و ئارەزوی دەسەڵاتدارانی تاران و بەغدادا زاڵ بوو، و هیچ کات جێبەجێکردنی ئەو بەشە لە ڕێککەوتننامەکە لەلایەن هیچ کام لەو دوو دەوڵەتەوە وەدی نەهات. ئەوکات هەر دوو دەسەڵاتدار سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بوون، بەڵام خافڵ لە دوو بابەت بوون. یەکەم: ڕەوتی ڕووداوەکان کە بۆ هیچ کام لەو دوو ڕێژیمە چاوەڕوانکراو نەبوو. دووهەم: دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان خۆیان لە ئاست ئەو ڕاستییە مێژووییە گێل کردبوو کە پرسی کورد پرسی نەتەوەیەکە، نەک پرسی حیزب یا ڕێکخراوێکی سیاسی. بۆ نموونە محەممەدڕەزاشای قەت پێی وانەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر کورسیی دەسەڵاتداریەتی دەیهێننە خوارێ و سەدام حوسێنیش هەر بەو چەشنە بیری دەکردەوە. بەڵام بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی شا و سەدام گەردەلولی ڕووداوەکان وای تێکەوە پێچان کە تەنیا لە لاپەرەکانی مێژوودا، ئەویش لەسۆنگەی کارنامەی جینایەت و دژەئینسانییەکانیان دەتوانرێ سوراغیان بکرێت.

ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر تەنیا تەمەنی چوار ساڵ بوو کە نیزامی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا و بەدوای ئەودا شەڕ لە نێوان ڕێژیمی سەدام و کۆماری ئیسلامی هەڵگیرسا و دەرکەوت ڕێککەوتننامەی ئەلجزائیر کە جووڵانەوەکانی کوردی هەر دوو پارچەی کوردستانی (ڕۆژهەڵات و باشوور) تێدا بەبارمتە گیرابوو، نەیتوانی چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بکا. بەپێچەوانەوەی ئامانجی محەممەدڕەزاشا و سەدام، هەر ساڵێک دوای ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە جووڵانەوەی کورد لە هەر دوو بەشی کوردستان بە گوڕوتینێکی بەهێزتر لە گۆڕەپانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد دەرکەوتەوە.

لە ئێستاشدا جارێکی دیکە خەریکە لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بە تایبەتی لەلای دەسەڵاتدارانی تاران مێژوو خۆی دەنووسێتەوە. دوای شۆڕشی ژینا و پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی بە هۆکاری خرۆشانی شەقامەکان تۆمەتبار و هێرشی مووشەکیی کردنە سەر، لە ٩ مانگی ڕابردوودا بەردەوام لە هەڕەشەکانیان بەردەوام بوون کە بێتوو هێزە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە خاکی عێراق دەرنەکرێن خۆمان دەستبەکار دەبین! ئەوە هەمان ئاڵقە لەو فیلمەیە کە ٤٨ ساڵ لەوە پێش لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسین بۆ بەچۆکداهینانی جووڵانەوەی کورد لە دوو پارچەی کوردستان پێشانی جیهانیان دا. بەڵام هەروەک گوترا هەم ئەوکات و هەم ئێستا نیزامە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نایانەوی سوورەتی مەسەلەکە چۆنە ئاوا ببینن کە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان تەنیاوتەنیا پرسی حیزب و ڕێکخراوەیەک نییە، بەڵکوو پرسی زیاتر لە چل میلیون کوردە کە ماف و ئازادییەکانی خۆی دەوێ.

## بەشی چوارەم

وەک بینیمان ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر نەیتوانی ئەو ئەرکە ناپیرۆزە بە سەرئەنجام بگەیەنێ و جووڵانەوەی کورد دوای ماوەیەکی کورت بە گوڕوتینێکی زیاترەوە هاتەوە مەیدان و لە ئاکامدا لە باشووری کوردستان دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێ کەوتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبینین کە لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا هەست و شعووری نەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە گەشەکردنە و پێگەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لەو کۆمەڵگەیەدا پتەوتر و سەقامگیرتر بووە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕاپەرینی ژینا ئەوەیان بەئاشکرا سەلماند. جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات تەواکەری یەکترن و مێژووی نزیک لە هەشتا ساڵی پڕ لە قوربانی و فیدارکاری و لە هەمان کاتدا پڕ لە هەورازونشێو و سەرکەوتن و شکانی ئەو حیزبە لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد ئەو هاوپێوەندییەی نێوان خەڵک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە بەردەوامی سەلماندووە. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە قووڵایی ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵنەدابایە زۆر لەمێژ بوو گەردەلولی ڕووداوەکان ئەو حیزبەی تێکەوە دەپێچا، بەڵام دەبینین حیزبی دێموکرات لەو ماوە دووردرێژەی تەمەنیدا سەرەڕای لەبەرڕۆیشتنی خوێنێکی زۆر بە پاڵپشتیی گەلی کورد لە پێ نەکەوتووە و هەروا بە گوڕوتین ئاڵاهەڵگری جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە. بۆیە هیچ بەربەستێک ناتوانی ئەو هاوپێوەندییەی نێوان گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێک بدا.

١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## ئەشکەنجە و جەزرەبەدان وەک ئامرازی سەرکوتی سیستماتیک



(بەبۆنەی ٢٦ی ژوئەن - ٥ی پووشپەڕ – ڕۆژی جیهانیی پشتیوانی لە قوربانییانی ئەشکەنجە)

هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٦ی ژوئەن (٥ی پووشپەڕ) بە پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرانسەری جیهاندا کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچن کە تێیدا بەدژی ئازار و جەزرەبەی زیندانیان باس دەکرێ. هەروەها ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە دەگیردرێ کە بە هۆی ئەزیت و ئازار لە زیندانەکاندا گیانیان لە دەست داوە، یا توانیوویانە بە کۆڵەمەرگی لە زیندانی دەسەڵاتدارانی سەرەرۆ گیان دەرباز بکەن.

ڕۆژی ٢٦ی ژوئەن بە دوو هۆکار لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ڕۆژی جیهانیی پشتیوانی لە قوربانییانی ئەشکەنجە دیاری کراوە. یەکەم لە ڕێکەوتی ٢٦ی ژوئەن ١٩٤٥دا مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان وەک یەکێک لە گرینگترین بەڵگەنامەکانی نێونەتەوەیی کە ئەندامەکانی پابەند بە جێبەجێکردن و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ دەکا، پەسند کرا. دوویەم لە ٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٧دا کۆنڤانسیۆنی پێوەندیدار بە نەهێشتنی ئەزیەت و ئازار و هەموو جۆرە سزایەکی بێبەزەییانە و دژە ئینسانی و شکاندنی حورمەتی مرۆڤایەتی، لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرا و کەوتە خانەی جێبەجێکردن.

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا بەهۆی ئەوەی یاسا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو حاکمە و گشت تاک و کۆی کۆمەڵگە لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن، هەموو ئەو یاسایانەی لەلایەن دامەزراوە نێونەتەوەییەکانەوە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پەسند کراون؛ هەتا ڕادەیەکی بەرچاو جێبەجێ دەکرێن. هەروەها ئەو دامودەزگا و کەسانەی بەئانقەست ئەو قانوونانە ژێرپێ دەخەن و لە کاروباری ڕۆژانەیاندا لەبەرچاوی ناگرن، لە ڕێگای یاساوە پێشیان پێ دەگیرێ و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ. بەڵام لەو وڵاتانەی دەسەڵاتداران و دەزگای حاکم بە دەنگی خەڵک هەڵنەبژێردراون و بە شێوەیەکی دێموکراتیک بە دەسەڵات نەگەیشتوون و، بۆ مانەوەی خۆیان دەست لە هیچ توندوتیژییەک ناپارێزن، هیچ پابەندییەکیان بە یاسا نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان کە ئامانجیان پاراستنی مافەکانی مرۆڤە، نییە و لەڕاستیدا خۆیان سەرچاوەی سەرەکیی پەرەپێدانی توندوتیژیی نێو کۆمەڵگەن.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو وڵاتانەیە بەپێی هەموو ئامار و سەرچاوەکان، ساڵانە لە ڕێگای دامودەزگا حکوومەتی و دەوڵەتییەوە زۆرترین پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی تێدا بەڕێوە دەچێ. هەر ئەو پێشێلکارییە سیستماتیکانە وای کردووە لە ماوەی ٤٤ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئێران پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی نەبێ. بۆیە هەموو کات لە ڕیزبەندیی پێشەوەی جیهانیی وڵاتانی ئەشکەنجەدەر و پێشێلکاری مافی مرۆڤدا جێی گرتووە. ئەشکەنجەدانی بەندی و دەسبەسەرکراوان لە ئێران لە حاڵێکدایە، کە ئەسڵی ٣٨ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە تۆمەتبار و یا دانپێدانانی تۆمەتبار بە تاوان دەکا و دەڵێ: "هەر جۆرە ئەشکەنجەیەک بۆ دانپێدانان یا وەرگرتنی زانیاری قەدەغەیە. ناچارکردنی کەسێک بە دانی شاهیدی، دانپێدانان و سوێنددان ئیزن پێدراو نییە. سەرپێچیکارەکان لەو ئەسڵە بەپێی یاسا سزا دەدرێن." لە ڕوانگەی یاسادانەرانی ئێرانییەوە بۆ زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەسڵی ٣٨ی قانوونی بنەڕەتی، لە ماددەی ٥٧٨ی یاسای سزادانی ئیسلامی ئەزیت و ئازاردانی تۆمەتبار بۆ وەرگرتنی زانیاری یا دانپێدانان بە تاوان و یا ناچارکردن بە دانی شاهیدی و سوێندخواردنی قەدەغە کردووە و سزای بۆ بکەرانی ئەو کردەوەیە داناوە. هەتا ئێرە کە چاو لە ئەسڵ و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی و قانوونە بەرکارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەین، دەبینین هەتا ڕادەیەکی باش لەو بڕگە و ماددانەدا مافی دەستبەسەرکراو یا زیندانی ڕەچاو کراوە. بەڵام کە چاو بە کارنامەی ڕۆژانەی دامودەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا دەخشێنین، داتا و ئامارەکان لە ئەشکەنجە و بێبەشکردنی زیندانی لە مافە ئینسانی و یاساییەکانی ڕوخسارێکی دیکە لە بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی و ئەمنی پێشان دەدەن کە ڕێک پێچەوانەی ئەو ئەسڵ و ماددە و یاسا پەسندکراوەکانی خودی نیزامە.

ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بمانەوێ باشتر بچینە نێو ناخی بابەتەکە و ڕادەی بەرپرسیارێتیی

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانیدا پیشان بدەین، وا باشە هەڵسەنگاندنێک لەنێوان پێناسەی کۆنڤانسیۆنی قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی ئێران بکەین و ئەوکات دەردەکەوێ کە خودی ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر باوەڕداربوون بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن یاسادانەری ئێرانییەوە دانەڕێژراوە، بەڵکوو زیاتر بۆ پیشاندانی ڕوخسارێکی سەردەمیانەی نیزام لە قانوونی بنەڕەتیدا جێی بۆ کراوەتەوە.

ماددەی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ڕێگری و نەهێشتنی ئەشکەنجە بەو شێوەیە پێناسەی ئەشکەنجە دەکا: "هەر کارێکی بەئانقەست کە ببێتە هۆی ئەزیەت و ئازاری زۆری جەستەیی و ڕەوانی لەدژی کەسێک بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری، یا ناچارکردن بە دانپێدانان بە کارێک لەو کەسە یا کەسی سێیەم، دەچێتە چوارچێوی ئەشکەنجە. هەروەها سزادانی کەسێک لەسەر کارێک کە ئەو یا کەسی سێیەم کردوویەتی، یا ڕەنگە بیکات، بە هەڕەشە و ناچارکردن و لەسەر بنەمای هەر جۆرە، هەڵاواردنێک و ئەوکاتەی ئەو جەزرەبە جەستەیی و ڕەوانییە بە هاندان و یا بە ڕازیبوون و یا نەبوونی هیچ دژایەتێک لەلایەن مەئمووری دەوڵەتی، یا هەر خاوەن پلە و پایەیەک بەڕێوە بچێ، دەبێتە ئەشکەنجە".

لەو مادده قانوونییەی کۆنڤانسیۆندا بە ڕوونی دەستنیشانی هەموو ئەو کارانەی کردووە کە دەچنە خانەی ئەشکەنجە و جەزرەبەدانی زیندانی کە دەتوانین بەو شێوەیە ئەو بابەتانە دەستنیشان بکەین: هەر جۆرە ئەزیەت و ئازاردانی جەستەیی تۆمەتبار بۆ وەرگرتنی وتەی دانپێدانان بە تاوان، ڕاگرتنی زیندانی لە سلوولی تاکەکەسی و یا کەلکوەرگرتن لە ژووری تاکەکەسی بۆ زیاتر لە یەک کەس، بێبەشکردنی زیندانی لە خەو و لێکۆڵێنەوەی لە زیندانی لە شەودا، بەڕێوەبردنی هێندێک کار و کردەوە کە کاریگەری لەسەر ڕوح و ڕەوانی زیندانی لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. جنێودان و بەکارهێنانی دەستەواژەی دوور لە کەسایەتیی ئینسان و یا شکاندنی کەسایەتی زیندانی لە کاتی لێپرسینەوەدا، پێڕانەگەیشتن بە زیندانی لە بواری لەشساغییەوە، ڕاگرتنی زیندانی لە شوێنی پڕ لە هەراوهوریا بۆ ئازاردانی دەروونیی زیندانی، برسی یا تینووکردنی زیندانی، تێکەڵکردنی زیندانی لەگەڵ زیندانییانی جۆراوجۆر بۆ شکاندنی کەسایەتی ئەو، پێشگیری لە چاوپێکەوتنی بنەماڵەی زیندانی لەگەڵ یەکتر واتە زیندانی و بنەماڵەکەی نەتوانن یەکتر ببینن. پێشگیری لە دیتن و چاوپێکەوتنی پارێزەری زیندانی، هێنانی فشاری زۆر بۆ زیندانی لە ڕێگای فشارهێنان بۆ بنەماڵەکەی.

بەڵام ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتیی ئێران لەگەڵ ئەوەدا باس لە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە دەکا، کەچی یاسادانەر زۆر داخراو بابەتەکەی هێناوە و ڕوونی نەکردووتەوە کە مەبەستی لە "هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک" تەنیا ئەو ئەشکەنجە جەستەییانە دەگرێتەوە و یا مەبەستی یاسادانەر ئەشکەنجەی دەروونییش بووە. چونکە ماددەی ٥٧٨ی قانوونی سزادانی

ئیسلامی کە پاڵپشتی جێبەجیکردنی ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتییە، تەنیا باس لە سزای ئەو کەسانە دەکا کە لە زینداندا ئەشکەنجەی جەستەیی دراون و بە لای لایەنی دەروونی و ڕەوانیی بابەتەدا نەڕۆیشتووە. بە بوونی ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی و ماددەی ٥٧٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامی و نێوەرۆکی ماددەی ١ی کۆنڤانسیۆنی مەنعی ئەشکەنجەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێران لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا ئەندامە و زۆربەی بەڵگەنامەکانی ئەو ڕێکخراوەی واژۆ کردووە، کاروکردەوەی دەزگای قەزایی و ئیدارەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوە لێک جیاوازە. چونکە هەموو ئەو بابەتانەی لە خوێندنەوەی ماددەی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی مەنعی ئەشکەنجە و تەنانەت ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامییشدا هەڵدەینجندرێ، بە تاوان دەرحەق بە زیندانی دادەنرێ و لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەک کەرەسەی وەدەستخستنی زانیاری و دانپێدانانی تۆمەتباران کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لە هەمان کاتدا بڕگە و ماددەکانی یاسای سزادانی ئیسلامی پڕە لە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی کە بەرگی قانوونی ئیسلامییان لەبەر کراوە -وەک لێدانی قامچی، قەساس بە هەموو شێوازیکیەوە، بڕینی پەنجەکانی دەست، ئێعدام بە بەرچاوی خەڵک و...- کە ئەو بەناو سزایانە هەم لایەنی ئەشکەنجەی جەستەیی و هەم لایەنی ئەشکەنجەی ڕوحی بۆ کەسی سزادراو هەیە و هەم کاریگەریی خراپ لەسەر ڕوح و ڕەوانی بنەماڵە و کۆمەڵگەی کەسی سزادراو بۆ ساڵانێکی دورودرێژ لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. کارنامەی ٤٤ ساڵەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شاهیدی بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن.

لە مێژووی دەسەڵاتدارییەتیی کۆماری ئیسلامی بە هەزاران بەڵگەی جێگای متمانە لە بەردەستدا هەیە کە بوونی ئەشکەنجە و جەزرەبەدانی بە بەرنامە لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئەو نیزامەدا دەسەلمێنێ. بێجگە لەو هەموو لێداون و بیرەوەرییانەی زیندانییان دوای ڕزگاربوونیان لە زیندان بڵاو بوونەتەوە، دەتوانین بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە چەند نموونەیەک لە ناڕەزایەتی دەربڕینی کاربەدەستانی دەزگای حاکمەی کۆماری ئیسلامی لەسەر بابەتی ئەشکەنجە بە نموونە لێرەدا باس بکەین:

- نامەی ئایەتوڵڵا مونتەزری ئەوکاتەی وەک ئەرک و بەرپرسایەتیی حکوومەتی جێگری خومەینی بوو. ناوبراو لەو نامەیەدا سەربارەت بە بوونی ئەشکەنجە لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئاوا دەنووسێ: " ... ئایا دەزانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە ناوی ئیسلام جینایەتی وا ڕوو دەدا کە لە زیندانەکانی ڕێژیمی پێشوودا هیچ کات نەبیندراوە؟ ئایا دەزانی ڕادەیەکی بەرچاو لە زیندانییەکان لەژێر ئەشکەنجە و جەزرەبەی لێکۆڵەرەکان کوژراون؟ ئایا دەزانی کە لە زیندانی شاری مەشهەددا نیزیک بە ٢٥ کچ بەهۆی ئەو کارانەی لەگەڵیان کراوە، ناچار بوون منداڵەکانیان لەبار ببەن؟ ئایا دەزانی کە لە هیندێک لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە زۆری دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچان؟

## بەشی چوارەم

- لە ١٤ی ڕەشەممەی ١٣٥٩ بەنی سەدر، سەرکۆماری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لە وتارێکدا کە لە زانکۆی تاران پێشکەشی کرد، ناڕەزایەتیی خۆی لە بوونی ئەشکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەربڕی. هەر ئەوکات ئەو قسەیە لەنێوان لایەنگران و دژبەراندا گرژی و ئالۆزیی دروست کرد.

- غوڵامحوسێن کەرباسچی، شارەداری پێشووی تاران دوای ئەوەی لەلایەن دەزگای دادوە دەستبەسەر کرا، لە ڕەوتی دادگاییکردندا، پەردەی لەسەر ئەشکەنجەدانی بەربڵاوی شارەدارەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی تاران لادا کە بۆ تاوانبارکردنی کەرباسچی لەلایەن دەزگای پاراستنی ئیتلاعاتی هێزی ئینتزامیی تارانەوە، کەوتبوونە بەر ئەشکەنجە و جەزرەبەدان.

بێجگە لەو چەند نموونەیە کە باس کرا، هەروەک پێشتر گوترا بە هەزاران نموونەی دیکە دەتوانرێ وەک بەڵگە لەسەر تاوانی ئەشکەنجە و ئەزیت و ئازاری جەستەیی و ڕەوانی زیندانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی باس بکرێن. بەڵام ئەو سێ نموونەیە قسەی کەسانێکن کە هەرکام لە سەردەمی خۆیدا لە پێگرتن و درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆڵ و نەخشی خۆیان هەبووە. بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی کاربەدەستانی دەزگای قەزایی و ئینتزامی ئەم ڕێژیمە ناتوانن حاشا لەو ڕاستییانە بکەن و خۆ لە ئاستی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەی جیهانی لەلایەک و بیروڕا و ویستی خەڵک لە نێوخۆی ئێران لەلایەکی دیکەوە کەڕ بکەن. چونکە دەرنگ یا زوو ئەو دەنگە نەبستراوانە، دەبسترێن و چیدی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن لە نەزمی جیهانی و ویستی زۆرینەی گەلانی ئێران یاغی بن.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

## ترسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان



لە سەردەمی ئێستادا ڕاگەیاندنە گشتییەکان یەکێک لە گرینگترین کەرەستەکانی پێگەیاندنی خەڵک و تێگەیاندنی کۆمەڵگە لەو ڕووداوانەیە کە لە دەوروبەریان یا لە سەرانسەری جیهاندا ڕوو دەدەن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا خوێندنەوە و گوێگرتن لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە ماوەی نێوان سەدەی ١٩ و سەدەی ٢٠دا بە چەشنێک پەرەی گرتووە کە بۆتە جۆرێک لە عادەتی ڕۆژانە و کردارێکی کۆمەڵایەتی.

لەمێژە بۆ پێناسەی دێموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریی لەنێو پێکهاتەی دەوڵەتدا دەگوترێ کە ڕاگەیاندنە گشتییەکان کۆڵەکەی چوارەمی دەسەڵاتن. چونکە ڕاگەیاندنە گشتییەکان بێجگە لە گەیاندنی زانیاری بە کۆمەڵگە، حوکمی چاوەدێرییان بەسەر کاروکردەوەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتدا هەیە و لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی تایبەتیان هەیە لە دروستکردنی پێوەندیی فەرهەنگی، سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەنێوان دەوڵەت و پێکهاتەکانی وڵاتدا. لە سەردەمی ئێستادا ڕادەی ئازادی ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە هەر وڵاتێک دەتوانێ پێوانەییەکی باش بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی پێشکەوتوویی ئەو وڵاتە لە بواری پەرەسەندن و گەشەکردنی دێموکراسی و ئازادییەکاندا.

لە سەردەمی ئێستادا بە بەرەکەتی ئینترنێت و تێکنۆلۆژیی سەردەم، سەردەمی بە جیهانیبوون و ڕاگەیاندنە. بۆیە هیچ

بابەت و ڕووداوێک لە بەرچاوی خەڵک ون نابێ و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چاوەڕوانیی خەڵک لە ڕاگەیاندن بە گشتی ئەوەیە کە ڕاستییەکان بگەیێنێتە دەستی خەڵک. چونکە ئەوە سەلمێندراوە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆیانە لە جیهاندا بایەخ و حورمەتی نێونەتەوەیان هەیە کە لە کاروکردەوەی خۆیاندا زیاتر هەوڵیان داوە، ڕاستیی ڕووداوەکان بگەینە دەستی خەڵک و هەر ئەوەش وا دەکا هەر کاتێک ئەو جۆرە دەزگایانەی ڕاگەیاندن کە پێگەیەکی نێودەوڵەتییان بۆ خۆیان دەستبەر کردووە، ئەگەر ڕەخنەیەکی سیاسی و یا کۆمەڵایەتی لە حکوومەت بگرن، دەوڵەت بێ دوودڵی گرینگی پێ بدات و بۆ چارەسەرکردنی ڕەخنەکە بە دوایدا دەڕوات.

لە سەردەمی ئێستادا بەپێی عورفی نێونەتەوەیی کەم دەبینرێ دەزگایەکی ڕاگەیاندن بەتایبەتی ڕۆژنامەکان بە بیانووی ئەوەی بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە کە، بە دڵی فڵان و فیسار دەوڵەت و تەشکیلات سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبووە تووشی کێشەی یاسایی بن. چونکە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێکی ناڕاست و دوور لە واقعییەت پێش هەموو لایەک زیان بە ئیعتیباری ئەو ڕۆژنامە یا دەزگای ڕاگەیاندنە دەگەینێ. هەروەک پێشتریش باس کرا، لە جیهانی دێموکراسیدا باوەڕ وایە کە دەزگای ڕاگەیاندن لەپێناو خزمەت بە کۆمەڵگەدا پێک هاتووە و، لە پێگەیاندن و تێگەیاندنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. بۆ پاراستنی ئەو ئەسڵە کە ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێر لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێ ئازاد بن لە نووسینی ڕاستیی ڕووداوەکان و گرینگییەکی تایبەت دەدەن بەو بابەتە. بۆ نموونە لە ئەسڵی یەکی یاسای بنەڕەتی ئەمریکادا هاتووە کۆنگرەی ئەمریکا (مەجلیسی میللی و سەنا) هیچکات مافی ئەوەیان نییە یاسایەک پەسند بکەن کە ئازادیی ڕاگەیاندن بەرتەسک بکاتەوە و هەروەک باس کرا ئەو ئەسڵە لە یاسای بنەڕەتیی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیکە لە دنیادا ڕەچاو دەکرێ.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ماوەی ٤٤ ساڵە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوونەتە سەناکۆی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە و لە بازنە و چوارچێوەییەکی دیاریکراودا کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەست نیشان کراوە، هەڵدەسووڕێن. بۆیە هەر کاتێک ڕۆژنامەیەک یا ڕۆژنامەنووسێک ویستی ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی خۆی بەجێ بگەیەنێ و، لە ڕاستیی ڕووداوێک کە لە کۆمەڵگەدا ڕووی داوە بکۆڵێتەوە و بۆ بەردەنگەکانی ڕاگوێزێت، تەڕدەست لەگەڵ دژایەتی دەزگاکانی پێوەندیدار بە وەزارەتی ئیرشاد و چاپەمەنییەکان و دەزگای داد و ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە ئینتیزامییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. دواتریش بە تۆمەتی جۆراوجۆر ڕاپێچی بەندیخانە دەکرێ و ڕەنگە بەبێ هۆکار بۆ ڕاگرتنی کاتی و یا داخستنی یەکجاری ئەو ڕۆژنامە یا گۆڤارە و ئەو کردارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا دەرخەری ئەو ڕاستییە کە لە دەرکەوتنی حەقیقەت و ڕوونبوونەوەی هۆکاری ڕووداوەکان ترسیان هەیە. بۆیە لە هەموو ماوەی ٤٤ساڵی ڕابردوودا سەرجەم هەوڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بووە ئێران بکەنە کۆمەڵگەیەکی داخراو کە گەلانی ئەو وڵاتە سەریان بەکاری خۆیانەوە بێ و نەپرژێنە سەر ئەو بابەتە کە بزانن لە ناوچەکانی دیکەی ئێران چ دەگوزەری و کۆمەڵگەی جیهانی بەهۆی

پێشکەوتنی تکنۆلۆژی لە بواری سیاسیی، ئابووری و تەنانەت فەرهەنگی بە چ خێراییەک ئالوگۆڕی بەسەردا دێ. هەر بۆیە کاتێک لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١هەتاوی ڕۆژنامەنووس "نیلووفەر حامیدی" ڕاپۆرتێکی لەسەر کوژرانی کچە کوردێکی سەقزی بە ناوی "ژینا ئەمینی" بە دەستی پۆلیسی بەناو ئەخلاق بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تێدا دەکرد ئامادە کردبوو و، ڕۆژنامەکە ئەو ڕاپۆرتە و هەواڵەکەی بە وێنەکانی "ژینا ئەمینی" لەسەر تەختی نەخۆشخانە بڵاو کردەوە؛ چارەنووسی ئەو ڕۆژنامەنووسەش گۆڕدرا. بەدوای ئەوەی نارەزایەتییەکان بە کوشتنی ئەو کچە کوردە لە بەردەرگای ئەو نەخۆشخانەیەی تەرمی ژینا ئەمینی لێ بوو لە تاران دەستی پێ کرد، پۆلیس ئێران و دەزگای داد بە جێگای ئەوە دڵی خەڵک بدەنەوە و خەڵکی تووڕە ئارام بکەنەوە، کەوتنە سەرکوتکردنی خەڵکی ناڕازی و بە کوشتنی ژینا ئەمینی و دەستبەسەرکردنی ناڕازییان و لەو نێوەدا خانمە ڕۆژنامەنووس "نیلووفەر حامیدی"یش بە تاوانی! ئەوەی لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە خەڵکی لە ڕاستیی ڕووداوەکە ئاگادار کردووتەوە دەستبەسەر کرا. بە دوای ئەودا خانمە ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە ناوی "ئیلاهە محەممەدی" یش لە سۆنگەی ئەوەی ڕاپۆرتی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی "ژینا ئەمینی" لە گۆڕستانی ئایچی سەقز ئامادە کردبوو، و بڵاوی کردبۆوە؛ ئەویش لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کرا. بەندکردنی ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە و دەیانی دیکە نیشان لەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران لە دەرخستنی ڕاستییەکان دەترسن، چونکە بەدەرخستنی ڕاستییەکان کۆمەڵگەی ئێران هەروەک لە ڕاپەرینی ژینادا دیتمان بەڕوویاندا دەتەقێتەوە.

ئەگەر بە کورتی لە بواری یاساییەوە بڕوانینە دەستبەسەرکردنی ئەو دوو خاتوونە ڕۆژنامەنووسە دەبینین هەم بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان و هەم بەپێی یاسا نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوان هیچ تاوانێکیان نەکردووە کە زیاتر لە ٣٠٠ ڕۆژ بێ دادگاییکردن و دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر بن. ئەوە لە حاڵێکدایە هەتا ئێستا هیچ دادگاییەک پێک نەهاتووە بۆ ئەوەی هۆکاری شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە کوشتنی بۆ کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی ڕوون بکاتەوە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار مانگ بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی ژینا لەسەر شەقامەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بوون و بکەرانی ئەو ڕووداوە بە قسەی هەموو شارەزایانی بواری زانستی جینایی کوشتنی بەئانقەست بدرێنە دادگا و سزایان بەسەردا بسەپێندرێ. بەڵام هەروەک پێشتر باس کرا، دوو ڕۆژنامەنووس بە تاوانی گەیاندنی زانیاری بە خەڵک بەو شێوە سزا دەدرێن.

بەپێی نێوەرۆکی ئەسڵی ٣٢ لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی کەسێک کە وەکوو تۆمەتبار دەستبەسەر دەکرێ، دەبێ بەشێوەی نووسراو لە هۆکاری دەستبەسەرکردنەکەی تێ بگەیەندرێ و لانیکەم لە ماوەی ٢٤ ساعاتدا پەروەندەی سەرەتایی بدرێ بە دادگا بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا ڕێوشوێنی دادگاییکردنی ئامادە بکرێ. لە ئەسڵی ٣٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پارێزەر بۆ تۆمەتبار دەڵێ: "لە هەموو دادگاکاندا لایەنەکانی کێشە، مافی ئەوەیان هەیە پارێزەر

## بەشی چوارەم

بۆخۆیان دەستنیشان بکەن و ئەگەر لە توانایاندا نەبوو حەقدەستی پارێزەر بدەن، لەسەر دادگایە ئیمکاناتی دابینکردنی پارێزەریان بۆ دابین بکا." بەڵام بەپێی ڕاگەیاندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن نیلووفەر حامیدی و ئیلاهە محەممەدی زیاتر لە ٣٠٠ ڕۆژە دەستبەسەر کراون و نەک لەو ماوەدا نەبردراونەتە بەردەمی هیچ دادگایەک، بەڵکوو لەلایەن دەزگای دادی ئێرانەوە ئیزنیان پێ نەدراوە دەستیان بە پارێزەریش ڕابگا و کاتێکیش پارێزەریان بۆ دیاری کراوە، ئەوجار پارێزەرەکان نەیانتوانیوە دەستیان بە بەڵگەکان ڕابگا بۆ ئەوەی بتوانن لە بەردەمی دادگادا داکۆکی لە "بریگرتە" ی خۆیان بکەن.

کاتێکیش لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ئەو دوو خاتوونە ڕۆژنامەنووسە دەبردرێنە بەردەم دادگا، دادوەر ئیزن نادا دادگایییەکە بەشێوەی ئاشکرا بەڕێوە بچێ. ئەوەش لە بواری یاساییەوە لەنگ و لۆریی زۆری تێدایە، چونکە بەپێی یاسا ئەو جۆرە دادگایانە بێجگە لەوە دەبێ بەشێوەی ئاشکرا و بەبوونی پارێزەری تۆمەتبار بە ئامادەبوونی "هیئت منصفه" بەڕێوە بچێ.

هەموو ئەوانە نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران لە ئاشکرابوونی ڕاستییەکان بۆ کۆمەڵگە زەندەقیان چووە، بەڵام درەنگ یا زوو ئەو تابۆیە زیاتر دەشکێ و گەلانی ئێران زیاتر و زیاتر ڕاستییەکانییان بۆ ڕوون دەبێتەوە و ئەوکاتە هیچ هێزێک ناتوانێ پێش بە لافاوی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بگرێ.

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## دۆینێ و ئەمڕۆی ڕاپەڕین و ئەرکەکانی بەردەممان




لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا ڕووداوی جۆراجۆر ڕوو دەدەن، بەڵام لەنێو ئەو ڕووداوانەدا کۆمەڵێکیان کاریگەریی هەرمانیان لەسەر کۆیادی مێژوویی ئەو نەتەوانە بەجێ هێشتووە و ئەمە بۆ نەتەوەی کوردیش ڕاستە. ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین و تەنیا ئاوڕێک لە مێژووی هاوچەرخی کورد بدەینەوە، دەبینین لە ساڵدا ڕۆژ نییە گەلی کورد بە دەستی حوکمڕانانی دیکتاتۆر و زاڵم تووشی کارەساتی گیانی و ژینگەیی نەبووبێ. بەڵام لە هەر پارچەیەک لە کوردستانی دابەشکراودا هێندێک ڕووداو هەن کە بە تێپەڕبوونی زەمەنیش لە بیروزەینی تاکی کورددا ناسڕێنەوە. هێندێک لەو ڕووداوانە بە ڕادەیەک ناخهەژێنن و دەرخەری بەشمەینەتیی کوردن کە بوونەتە هێمای مەزلوومییەتی نەتەوەیەک و لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرینگیش بوون بۆ سووربوونی نەتەوەی کورد لەسەر درێژەدانی خەباتەکەی.

کە بەخێرایی ئاوڕ لە دۆخی کورد لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، هەمووان دەزانین کە نەتەوەی کورد و حیزبە خەباتکارەکەی بە مێژووی ٣٣ خەباتی سیاسی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری ڕێژیم خەتی خۆی لە کۆماری ئیسلامی جیا کردەوە. بۆیەش هەر چەند مانگ دواتر لەلایەن ڕێبەری ڕێژیمەوە فتوای جیهادی لەدژی درا و لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەژێر سێبەری ئەو فتوایەدا هەزاران جینایەتیان خوڵقاندووە کە بە پێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی دادەنرێن.

مانگی خەرمانان بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو مانگانەیە بەداخەوە پڕە لە کارەساتی ناخهەژێن، بەڵام لە هەمان کاتدا مانگی خۆڕاگری و دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی گەلی کوردیشە. دوو حەوتوو دوای فتوا بەدناوەکەی خومەینی لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨دا خەڵکی گوندی قارنێ لە ناوچەی نەغەدە کۆمەڵکوژ کران. لەو جینایەتەدا هێزەکانی سپای پاسداران دەستیان لە ژن و پیاو، منداڵ و پیر و لاو نەپاراست و تەنانەت حورمەتی مەلای ئاوەدانیشیان نەگرت و قورئان بەدەست شەهیدیان کرد. بەڵام مخابن کە ئەو جینایەتە بە بێدەنگی بە بەرچاوی خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتیی جیهانیشدا تێپەڕی و هەر ئەوە بووە هۆی دەستئاوەڵایی ڕێژیم بۆ بەردەوامییان لە خوڵقاندنی جینایەت لە دوای جینایەتی دیکەدا. ئێمە دەزانین کە ١٣ ساڵ دوای جینایەتی قارنێ ئەمجارەیان لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١دا د.سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبیان لەگەڵ پۆلێک هاوڕێی دیکە تێرۆر کرد. هەر لە درێژەی ئەو جینایەتانەدا ٢٦ ساڵ پاش تێرۆری د. شەرەفکەندی و هەر لە مانگی خەرماناندا، لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا بنکەکانی حیزبی دێموکراتیان کردە ئامانجی مووشەکە دوورهاوێژەکان کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و دەیان کەسیش کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو، بریندار بوون.

ڕاستە برینی ١٧ی خەرمانان قورس بوو، بەڵام ڕێژیم ئەوجارەش نەیتوانی ئامانجە سەرەکییەی کە لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات و کپکردنی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەلکی کوردستانە بپێکی. چونکە حیزبی دێموکرات خاوەنی پشتیوانیی بەربەرینی خەڵکی خۆیەتی و وا بەئاسانی لەنێو ناچی. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە ئەوەندە بەسە بڵێین تەنیا ٤ ڕۆژ دوای مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات لە ٢١ی خەرمانانی ئەو ساڵەدا، خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ناڕەزایەتی دەربرین بە کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد گەورەترین حەماسەی مانگرتنیان خوڵقاند کە پەیامەکانی زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوون. بەڵام دیسان دەسەڵاتدارانی تاران چاویان لە ئاستی ئەو واقیعییەتە نووقاند کە جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی ماوەی نیزیک بە ٨ دەیەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە و ئەم جووڵانەوەیە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خۆڕاگری، خەباتکاری و خسڵەتەکانی شۆڕشگێری لە کوردستاندا دروست کردووە.

٢٥ی خەرمانانی پارەکە ڕووداوێکی دیکەی گرینگی مێژوویی ڕووی دا کە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە تاران بوو. ئەوە بوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دوای کوژرانی مەزلوومانەی ژینا بە دەستی گەشتی ئیرشاد داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد لە حاند ئەو جینایەتەدا بێدەنگ نەبن. خەڵکی کوردستان بەپیل بانگەوازەکەی ناوەندی هاوکارییەوە هاتن و شارەکانی کوردستان یەک لە دوای یەک تیکەڵ بە مانگرتنی گشتی بوون. کاتێکیش ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بە ڕووی گشتییەتی نیزامدا تەقیەوە و بەخێرایی سنوورەکانی کوردستانی ئێرانی بری و بوو بە ناڕەزایەتیی سەرانسەری لە هەموو ئێران؛ ئەم ڕاپەڕینە هێڵە سوورەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی

تێپەڕاند و ئیدی ناوی "ژینا" بوو بە ڕەمزی سەرهەڵدان و بەردەوامیی شۆڕش. دەسەڵاتدارانی تارانیش وەک پیشەی هەمیشەییان پەنایان بردەوە بەر تاکەڕێگا چارەسەر لە ڕوانگەی خۆیانەوە کە ئەویش سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکانی خۆپێشاندەر بوو. هەموو بینیمان کە هێزەکانی ڕێژیم دەستیان لە کەس نەپارست، گیانیان لە سەدان لاوی خەباتکار ستاند، بە هەزاران هەزار کەسیان بریندار کرد، بە دەیان هەزار کەسیان تەنیا بە تاوانی! مافویستی ڕاپێچی زیندانەکان کرد و بە چەندین کەس لەو بەندکراوانەشیان بە تاوانی بێبنەما ئیعدام کرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ئەو تاوانانەی دەرحەق بە خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام کرد، هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنی ژینا بە دەستی هێزە ئینتیزامییەکان لە تاران نەکوژراوە. لەو هەلومەرجەدا کە ڕاپەرینی ژینا هەتا دەهات لە ئاستی ئێراندا ڕەگی دادەکوتا، دەسەڵاتدارانی تاران کە خۆشیان باوەڕیان کردبوو ڕووخانیان نزیک بۆتەوە، لە تەنیشت سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات کەوتنە پیلانگێری بەدژی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان. ئامانجەکە ڕوون بوو: بەلاڕێدابردنی بیروڕای کۆمەڵگەی ئێران و دیزەبەدەرخۆنەکردنی قەیرانێکی گەورە بە دروستکردنی قەیرانێکی دی لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. ئەوە بوو پاش ئامادەکاریی زەینی بە چەواشەکردنی ئەوەی لە کوردستانەوە مەترسی لەسەر دابەشبوونی ئێران هەیە و حیزبە کوردییەکان هۆکاری سەرەکیی ناڕەزایەتیی خەڵکن، لە کاتێکدا کە تازە مانگێک بوو حیزبی دێموکرات یەکی گرتبۆوە و ئەو یەکگرتنەوەیە گیانی وەبەر ناڕەزایەتییەکان لە شەقامەکانی کوردستان نابوو، حیزبی دێموکرات لە ٦ی ڕەزبەر و کەمتر لە دوو حەوتوو پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا بە زیاتر لە هەشتا مووشەکی دوورهاوێژ و درۆن هێرشی کردەوە سەر بنکە و شوێنی ژیان حەوانەوەی ماڵ و منداڵی حیزبە کوردییەکان. دوای ئەم هێرشانەش کە بوونە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی دەیان تێکۆشەری سیاسیی دیکە، هەتا ئێستاش شەڕێکی ڕەوانی هەمەلایەنەی لە ڕێگای دەزگاکانی تەبلیغی و پروپاگەندەو میدیای سایبەر و دەستوپێوەندەکانی خۆیەوە بەدژی حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەست پێ کردووە. هەروەها لە درێژەی گوشارەکانی بۆ سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان چەککردنی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردی لەوان دەوێ کە لە دوو لایەنەوە جێی هەڵوێستە لەسەر کردنە:

**یەکەم**، بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی - عیراق پرسێکی قانوونی و حقوقییە کە پێوەندی بە نێوخۆی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عیراقە هەیە. لە هەمان کاتدا بەپێی هەموو پێوەرە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ماڵی ئەندامان و بنەماڵەکانی ئەو حیزبانە کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا نیشتەجێن، دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستان. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی خۆیەوە بە پشتبەستن بە ڕێککەوتننامەی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراق باس لە چەککردنی ئیمە دەکەن و بە ڕۆیشتنی بەردەوام لەسەر ئەو بابەتە ئەویش لە بەرەبەری ڕاپەرینی "ژینا"دا دەیانهەوێ لە بیروڕای گشتیی ئێران و جیهاندا پرسی کورد و خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا لە چەک و چەکداریدا کورت بکەنەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە

فتوای خومەینی و سەپاندنی شەر بە سەر کوردستان و بەردەوامیی ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە مان ومەوجوودییەتی گەلی کورد و داوا ڕەواکەی پێک بێ و ئەو چەکەش بۆ بەرگری بووە نەک هێرش و پەلامار.

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕە لە هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری پرسی کورد. پێشەوا قازی محەممەد دەیتوانی بەشی ئەوەندە شەڕی سپای پاشایەتیی ئێران بکا کە گیانی خۆی و هاوڕێکانی ڕزگار بکا، بەڵام گیانی خۆی و هاوڕێیەکانی بەختی سڵامەتیی گەلەکەی کرد. د. قاسملووش هەر بەو ڕێچکەدا ڕۆیشت و دەستی ئاشتیی بۆ دەسەڵاتدارانی تاران درێژ کرد، بەڵام لەسەر میزی وتووێژ ناجوامێرانە شەهیدیان کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەوکاتەی دوو لەسەر سێی خاکی کوردستانی بەدەستەوە بووە و چ ئەوکاتانە ناچار بووە لە تاراوگە ڕێبەریی جووڵانەوەی میللی دێموکراتێکی خەڵکی کوردستان بکا، باوەڕی وا بووە و واش دەمێنێتەوە کە چارەسەری پرسی کورد، تەنیا ڕێککەوتن و چارەسەری مەدەنی و ئاشتییانەیە. ئەو هەمووە پەلەقاژەیەی دەسەڵاتدارانی تارانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو هێزیانەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی، نیزامی، ئەمنییەتی و پیلانە فەرهەنگییەکانیانەوە، نەک نەیانتوانیووە جووڵانەوەی میللی دێموکراتێکی گەلی کورد و گەشەکردنی هەست و بیری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کپ بکەن؛ بەڵکوو لە شۆڕشی ژینادا لەسەر شەقام بۆیان دەرکەوت کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەندە زیندوویە و پێگەی حیزبی دێموکراتیش لە چ ئاستێکدایە.

زۆر خاڵ لە ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەیاندا دیار و بەرچاون، وەک ئەوەی خەڵکی ئێران بە گشتی ئەمجارەیان نەکەوتنە ژێر کاریگەریی دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم و بەتایبەت پاڵپشتیی خۆیان بۆ کوردستان و بەلووچستان دەربڕی و ئەو هاوپێوەندییە بە ڕادەیەک بوو کە تەنانەت دەسەڵاتدارانی تاران کە لە هەلومەرجی ئەوکاتدا پێویستیان بە خۆپێشاندان لەسەر شەقامەکان هەبوو، نەیانوێرا لایەنگرانی خۆیان بەناوی "ئۆممەتی هەمیشە در سەحنە" بۆ پشتیوانیی خۆیان بێننە سەر شەقام. یان ئەوە کە کاریگەریی شۆڕشی ژینا لە دەرەوەی سنوورەکانیش بووە هۆی ئەوەی باسی بە تێرۆریستناساندنی سپای پاسداران لە پارلمانی وڵاتان و لە ئاستبەرزترین ناوەندی ئورووپادا بێتە بەر باس. ڕاستە کە ئێستا لەژێر زەبروزەنگ و کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی سەر شەقامدا ڕێژیم توانیویەتی بەڕواڵەت نارەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکا؛ بەڵام هیچ کام لە تاکتیکەکانی دادی نادەن و هەمووی گۆڕانکارییەکان لە درێژخایەندا بە قازانجی گەلانی ئێران تەواو دەبن. بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هیچ حاڵەتێکدا ناتوانی بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی پێش ڕاپەڕینی ژینا.

دواخاڵ باس لە گرینگترین ئەرکەکانمانە: مێژووی زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران پێمان دەڵێ مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە قۆناخی یەکەمدا لە نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی یەککرتوو و

## بەشی چوارەم

بەهێـزدایە. بـۆیە حیـزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان پێویسـتە یـادکردنەوەی ڕاپەڕینـی ژینـا بـکەنە دەرفەتێـک بـۆ لێـکنزیکبوونەوەی زیـاتر و لە هەمـان کاتـدا هەوڵـدان بـۆ پێکهێنـانی بەرەیەکـی هەمەلایەنە لەگەڵ هێـزە دێموکراتیـک و ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران.

❊❊❊

❊ تێبینی: ئەو وتارە پوختەی قسەکانمە لە کارنەڤاڵی ژن، ژیان، ئازادی لە ستۆکهۆلمی سوێد.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی




ماوەیەکە کۆمەڵێک دەزگای ڕاگەیاندن لە دەرەوەی وڵات هاوشان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و پەیجە سێبەرەکانی لە گەڕێکی دیکەی هەوڵەکانیاندا دەیانەوێ خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە جووڵەیەکی چەکداریدا پێناسە بکەن. ئەو لایەنانە بەبێ گەڕانەوەی بۆ مێژووی حیزب و بێ سەرنجدان بە فەلسەفەی دامەزرانی حیزب، هەموو فیداکاری و بەربەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هێزی شەڕفرۆش و کۆکوپۆشتەی کۆماری ئیسلامیدا لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بکەنەوە. هەروەها بە هەوڵی نەزۆکی خۆیان دەیانەوێ ئەوە بە بیروڕای گشتیی ئێران و جیهانیش پێشان بدەن کە کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو شتێک لە لولەی تفەنگدا دەبینن و چەک و جووڵەی چەکداری وەک ستراتیژیی خەبات چاو لێ دەکەن.

ئەو جۆرە دەربڕین و لێکدانەوانە هەمان بۆچوونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە دەرحەق بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافویستیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێی وایە ئەگەر هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکیان پێ نەبێ، جووڵانەوەکە لە نێوخۆی کوردستان لە پێی دەکەوێ. بەڵام هەمووان دەزانن کە خەباتی نەتەوایەتی و مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە و لانیکەم مێژووی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کورد و ڕێبەرانی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی کورد خەباتێکی سیاسی و شوناسخوازانەیان بەڕێوە بردووە

لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتە ناوەندەییەکانیشدا قەت دەستپێشخەری شەڕ نەبوون و بەڵکوو هەموو کات ئەوە دەسەڵاتدارانی تاران بوون شەڕیان بە گەلی کورد وجووڵانەوەکەی فرۆشتووە و ویستوویانە لە ڕێگەی شەڕێکی نابەرامبەر چۆک بە داواکانی کورد دابدەن کە قەت تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

کاتێک ئاوڕ لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیە و ساتەوەختی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەیەوە، دەبینین کە ئەم حیزبە بنەڕەتی دامەزرانی خۆی بۆ ئیدارەدانی نیشتمانی خۆی و دەستەبەری مافە سیاسی و مەدەنییەکانی داناوە و بەکردەوەش لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا توانی لەو ماوە کورتەدا بەرنامەکانی خۆی وەدی بێنێ. بۆیە هیچ سەند و بەڵگەیەک نییە کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەییان لە چەک و چەکداریدا وێنا کردبێ. لە هەمان کاتدا دامەزراندنی سپای میللی و پێدانی نازناوی پێشمەرگە بە تاکەکانی ئەو سپایە ئەو ئامانجەی لە پشت بووە کە لە کاتی دەستدرێژیی نەیارانی کورد بۆ سەر خاک و هەرێمی کوردستان پارێزگاری لەو خاکە و نەتەوە بکا و هاوکات ئەمنییەتی نێوخۆی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماریش دابین بکا.

دوای نسکۆی کۆماری کوردستانیش بەکردەوە هەتا ساڵانێکی دوور جووڵانەوەی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە بێبەش بووە و ئەو خەباتە لە ڕێگای ڕێکخراو و تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەردەوام بووە. بەو شێوەیە کە کادرە دڵسۆزکانی حیزب سەرەرای تەوژمی توندی سازمانی ئەمنییەتی ڕیژیمی پاشایەتی توانیویانە بە دروستکردنی ڕێکخراویکی بەربەرین لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستی گەلی کورد لەسەر پێ ڕابگرن وبەرەو پێشی بەرن و هاوکات پێگەی حیزب لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهێزتر بکەن. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بە دوای ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی بکەین کە چۆن کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان لە هەموو چین و توێژێک و بە هەزار هەزار لە دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بە دەسەڵاتگەیشتنی خومەینی و داردەستەکەی و دامەزراندنی سیستمێکی دەوڵەتداری لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەو نیزامە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لەگەڵ هەموو دونیای پێشکەوتوو لە شەڕ و ناتەباییدا بوو، و گەلی کوردیش لەو شەڕەنگیزی و دوژمنکارییە کۆماری ئیسلامی بێبەری نەبوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵ و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانە و سەردەمیانەی پرسی کورد لە ئێران پشتگوێ خست و بە فیتوای جیهادی خومەینی - ڕێبەری ئەو نیزامە - شەر بەسەر کوردستاندا سەپێندرا و هەتا ئێستاش ئەو شەڕە لە فۆرمی جۆراوجۆردا بەدژی گەلی کورد و جووڵانەوەکەی لەلایەن

دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەردەوامە.

لەو هەلومەرجەدا کە شەر بەسەر کوردستاندا سەپا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک گەورەترین حیزب لە بواری پێگەی جەماوەرییەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبوایە بۆ بەرگری لە بوونی گەلی کورد شان وەبەر شەڕێکی داسەپاو بدا. لە مێژە گوتراوە کە ئاستی توندوتیژی لە خەباتدا، دوژمن دیاریی دەکا، مادام شەڕ بە سەر کوردستاندا سەپاوە، حیزبی دێموکراتیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو توندوتیژییە و بەرگری لە خەڵکی کوردستان دەبوایە وەک حیزبێکی بەرپرس لەگەڵ گەلەکەی خۆی بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکا و هێزی پێشمەرگە سازمان بدا، کە خەڵکی کوردستان و مێژوو شایەتی بۆ ڕادەی فیداکاری و لەخۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب دەدەن. بەڵام لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی هێزی پێشمەرگە بووە لە هیچ بەڵگە و نوسراوەیەکی حیزبی دێموکراتدا چ ئێوخۆیی و چ دەرەکی بابەتێکی وا بەرچاو ناکەوی کە پێشان بدا خەباتی چەکداری بۆ حیزبی دێموکرات ستراتیژی بووبێ. پێچەوانەی ئەوە هەموو کات چ بە نووسین و چ بە دەربڕین پێداگری لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە چەک کەرەسەیە نەک ئامانج و ئەوە بەڕوونی لە دروشمەکانی حیزبدا دیار و بەرچاوە. ئەو دوو دروشمە "ڕێکخراو چەکی گرینگی ئێمەیە" و "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە" هەموو کات لە بنکە و شوێنی کاری حیزبیدا بە بەرچاوی هەمووانە بووە و چەک بۆ حیزبی دێموکرات هەمیشە کەرەسە بووە نەک ئامانج. کە دەشگوترێ چەک کەرەسەیە بەو مانایە کەرەسەیەکە بۆ بەرگری لە بەرانبەر هێرشی دوژمن و لە هەمان کاتدا کەرەسەیە لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی حیزب و ئەوە لە ساختاری ئۆرگانیزم و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە وکاری پێ کراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەم کورتە ڕوونکردنەوەی سەرەوە واباشە بە کورتییش بێ باسێک لەسەر پێویستی بوونی هێزی پێشمەرگە لە خەباتی نەتەوایەتی و مافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بکەین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ وەبیرخۆمان بێنینەوە نەتەوەی کورد بە گشتی لە سەدەی بیستویەکدا گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە و خاک و گەلەکەی بەبێ پرس و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی نەتەوەی کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە. هەروەها پتر لە سەد ساڵە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان بە هەموو کەرەسەیەکی بەردەستیان هەوڵیان داوە پرسی شوناسخوازیی کلورد لەبن بێنن و زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە. ئەو سیاسەتەش لەگەڵ بەرچەکرداری نەتەوەی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بەرەوڕوو بووە و بە چەندین جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازیی لێ کەوتۆتەوە و گەلی کورد بۆ ئەوەی بتوانی لە گەردەلولی شەرەنگیزیی دوژمنەکانیدا خاک و شوناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ، بەناچار دەستی بۆ چەک بردووە و هێزی نیزامیی ڕێک خستووە و ئەوە وای کردووە هەتا ڕادەیەکی باش توانیویەتی پارێزگاری لە خاک و زمان و کولتووری خۆی بکا و پرسی کورد لە چەقی ڕوداوەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بەزیندوویی ڕابگرێ.

## بەشی چوارەم

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەسەردەمی پاشایەتی وچ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی گەلی کورد بە خاوندارەتی لە هێزی پێشمەرگە پشکی شێری بەر کەوتووە. بەلام بۆ ڕوونبوونەوەی پتری ئەو بابەتە کە حیزبی دێموکرات و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هیچ کاتدا ئازادییان لە لولەی تفەنگدا بەدی نەکردووە، پێویستە ئەو بابەتە بخەینە ڕوو کە پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەروەردەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی بووە و هەرواش دەمێنیتەوە. بە واتەیەکی دی هەر پێشمەرگەیەک لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەک ئەندامی حیزب بە پەروەردەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی پەروەردە دەبێ و باوەڕی بەو دروشمە قایم دەبێ کە ئەوە ڕێکخراوە چەکی دەستی هەر ئەندام و تاکێکی کوردە. ئەوەش دوای ٤٤ ساڵ تەبلیغاتی بێبنەمای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە گوایە حیزبی دێموکراتی لە مەیدان بەدەر کردووە و ئاسەواری نەهێشتووە، لە ڕاپەرینی ژینادا سەلمێندرا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێئەوەی تاقە فیشەکێک ڕوو بە دوژمن بتەقێنێ، بوون و هێزی بەهێزی لەنێو خەڵک و لەسەر شەقامەکانی کوردستان هەبێ. لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەیارانی ئازادی وسەربەستی کورد کاتێک بە زەقی و بەڕوونی ئەو ڕاستییە دەبینن، هەموو هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی و ئەمنیەتی و ئابووری و تەبلیغیی خۆیان دەخەنە گەڕ کە بەربەست بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن و بە خەیاڵی خۆیان حیزب و خەڵک لێک دابڕێنن. هەروەها لە هەمان کاتدا وا بنێنن خەباتی کورد و حیزبەکان و هێزی پێشمەرگە وا پێناسە بکەن کە تەنیا لە چەکدا خۆ دەبینێتەوە کە ئەوە خەیاڵێکی خاوە، چونکە جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کورد لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستاندایە و لەسەر شەقامەکانی کوردستان خۆدەنوێنی.

ئەو نووسینە بە وتەیەکی نەمر شەهید د. قاسملوو کۆتایی پێ دینم. شەهید د. قاسملوو لە دوا وتووێژی خۆیدا لەگەڵ بی بی سیی فارسی دەڵێ هۆکاری دۆخی ئێستای ئێران و خەباتی چەکداریی ئێمە نەبوونی دێموکراسی لە وڵات و بوونی سیستمە دیکتاتۆرەکانە: " ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستبوو، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و خودموختاری بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام ناکرێ هەتاهەتایە چەکمان پێبێ، دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەی دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە".

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## عومەر باڵەکی: خەباتی پێشمەرگانەی کورد هەمووکات لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخوازدا بووە



**دیمانە: "کوردستان"**

**ئاماژە: "چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی" ناونیشانی وتارێک بوو بە قەڵەمی کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری و یەکێک لە فەرماندەرانی بەناوبانگی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە کۆمەڵێک باسی بەدووی خۆیدا هێنا و بەڕێز باڵەکی و تەنانەت حیزبی دێموکراتی بەرەوڕووی کۆمەڵێک پرسیار کرد. "کوردستان" بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەو بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ کاک عومەر باڵەکی پێکهێنا:**

**کوردستان: تازەترین نووسینی ئێوە لەژێر ناوی "چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی" لە نێو خوێنەران و بەردەنگەکان لە سۆسیالمیدیا کاردانەوەی زۆری هەبوو. بە زۆری ئەوەش بوو کە ئەندامێکی ڕێبەریی حیزب کە خۆی جەنگاوەر و فەرماندەیەکی ناوداری حیزبەکەی بووە، چۆن شتی وا دەڵێ؟ ڕوونکردنەوەی زیاترتان بۆ ئەوە چییە؟**

**عومەر باڵەکی:** بۆ وڵامی ئەو پرسیارە پێم باشە لەسەر دوو دەستەواژەی "کەرەسە" و"ستراتیژی" بە کورتییش بێ باسێکمان

هەبێ. کەرەسە لێرەدا بە مانای تاکتیکە و ستراتیژی ئەو ئامانجەیە کە ئەو تاکتیکەی دەخرێتە خزمەتیەوە. ستراتیژیی خەباتی مافخوازنەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدستهێنان و دەستەبەری مافەکانیەتی لە چوارچێوە حکوومەتێکی دێموکراتێک و فیدراڵدا. بۆ بەئامانج گەیاندنی ئەو ستراتیژییەش جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی و شوناسخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو زەرفیەتییەکانی خەباتگێڕیی خۆی بە خەباتی چەکدارییشەوە کەلکی وەرگرتووە و وەردەگرێ. لێرەدا من ناتوانم و ڕەنگە دروستیش نەبێ باس لە ئامانجی ستراتێژیی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم و نموونە بێنمەوە. بەڵام دەتوانم باس لە ئامانجی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات بکەم کە لە بەرنامە و پێڕەوی خۆیدا بەڕوونی دەستنیشانی کردوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماددەی یەکەمی بەرنامەی خۆیدا باس لە ئامانج و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەکا و لە چەند خاڵدا کە لێرەدا ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەین:**

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شانبەشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢- دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردە لە کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ساڵانی ڕابردوو و لە ئێستاشدا قورسایی جووڵانەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازیی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە سەر شان، ئامانج و ستراتێژییەکەی دیار و ڕوونە. لەلایەکی دی ئەوە مەیدانی خەبات و تێکۆشانە کە شێوازەکانی هەوڵدان و کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئەو ستراتیژییە دیاری دەکا و هەر لەجێدا بە پێی کات و شوێن و ئیمکانی جێبەجیکردنیان لەلایەن ئۆرگانیزمی حیزبەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێ و کاریان لەسەر دەکرێ. ئەوەی لێرەدا گرینگە و نابی کۆڵی لێ بدرێ ئەوەیە خەباتکاران لە هەر قۆناغێکدا بن و بە هەر مێتۆدێک کار بکەن دەبێ ئامانجیان بۆ وەدیهاتنی ئەو ستراتیژییە بێ.

**کوردستان:** یانی پێتان وایە ڕەخنەگرانی بابەتەکەی پێشووتان بۆ بەرنامە و مێژووی خەباتی پێشمەرگانە نەگەڕابوونەوە و هەستەکی قسەیان لەسەر کردوە؟

**عومەر باڵەکی:** لە پێشدا سپاسی هەمو ئەو کەسانە دەکەم کە بە خەمخۆرییەوە لەسەر ئەو وتارە بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

## بەشی چوارەم

بەڵام لە خوێندنەوەی بۆچوونەکاندا وام هەست کرد کە هیندێک لەو بەڕێزانە تەنیا سەردێری بابەتەکە سەرنجی ڕاکێشاون و کەمتر بایەخیان داوە بە نێوەرۆکی وتارەکە. لە هیچ جێگایەکی ئەو وتارەدا باس لەوە نەکراوە کە بەهێزکردن و تەیارکردنی پێشمەرگە باوی نەماوە، یا نابێ پشت بە هێزی چەکدار کە دیارە مەبەست پێشمەرگەیە ببەستین. بەڵکوو مەبەستی ئەو وتارە ئەوەیە لە داوی دوژمن و نەیارەکانمان نەکەوین کە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە لە ڕێگای دەزگای ڕاگەیاندنەکان و تەبلیغاتی بەربڵاویی خۆیان، خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد کە پاشخانی دەیان ساڵەی هەیە و لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی وەک مافی سیاسیی و مافی نەتەوەیی دامەزراوە، بە شەڕخواز و ماهییەتی گرووپێکی چەکدار بە جیهانی بناسێنن. چونکە خەباتی بەرگریکارانەی هێزی پێشمەرگە لە جووڵانەوەی مافویستی و شۆناسخوازیی خەڵکی کوردستان ناچێتە خانەی گرووپی چەکداری و میلیشیایی، بەڵکوو خەباتی پێشمەرگانە دەچێتە خانەی خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخواز.

هەر لەو نووسینەدا باس لە ڕۆڵی گرینگی پێشمەرگە وەک هێزی چەکدار کراوە کە توانیویەتی کورد لە تواندنەوە و پیلانەکانی دوژمنانی بپارێزێ. هەر لەجێدا کورد بۆ ئەوەی بتوانی لە گەردەلولی شەڕەنگێزیی نەیاران و دوژمنانیدا خاک و شوناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ، بەناچار دەستی بۆ چەک بردوە و هێزی نیزامیی خۆی ڕێکخستوە و ئەوە وای کردووە هەتا ڕادەیەکی باش بتوانێ پارێزگاری لە خاک و زمان و کولتووری خۆی بکا و پرسی کورد لە چەقی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەزیندوویی ڕابگرێ. ئەوەش نیشانەی بایەخمەندبوونی هێزی پێشمەرگە لە سەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەلای نووسەری بابەتەکە، لە ڕابردوو و داهاتووشە.

**کوردستان: ئەوەی باستان کرد پتر لێکدانەوەیەکی سیاسی بوو یان ئەزموونی کەسێک کە ساڵانێکی زۆر فەرماندەی نیزامیی هێزی پێشمەرگە بووە؟**

**عومەر باڵەکی:** دەبێ بڵێم لە هەموو ماوەی تەمەنی حیزباتی و پێشمەرگایەتیمدا لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە هەموو کار و چالاکییەکانمان دەبێ لە خزمەت وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی حیزب و گەلدا بێ. قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم کە دەبێ شەڕ بۆ شەڕ بکرێ، بەڵکوو هەموو کات باوەڕم وابووە کە شەڕ دەبێ لەپێناوی وەدیهاتن و دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی و دابینکردنی ئەمنییەت بۆ نیشتمان و خەڵکی کوردستان بێ. ڕەنگە ئەو بۆچوونە لە هەلومەرجی ئێستادا بە دڵی هەموو لایەک نەبێ کە پێم شتێکی سرووشتییە و ڕوانگە جیاوازەکان جێگای ڕێزن.

هەر لەجێشدا مەبەستێکی دیکەی من لەو نووسینەی باستان کرد ئەوە بوو کە بڵێم هەموو کات و بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا زۆرتر لە جارانیش پێویستمان بە خۆڕێکخستنە لەنێوخۆی وڵاتدا. ئێمە ئەگەر بتوانین ڕێکخستنێکی بەهێز و تۆکمە

## بەشی چوارەم

لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک بخەین و شەقام بجووڵێنین، لە هەر هەلومەرجێکدا دەتوانین لە بواری چەک و کەرەسەی نیزامییەوە خۆمان تەیار بکەین. پێش هەموو شتێک ئەوی بۆ خەباتی چەکداری پێویستە ئامانجی سیاسی و ئیرادەی نەتەوەییە کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا هەم ئامانجە سیاسییەکە و هەم ئەو ئیرادەیە هەبووە و لە پیناوی ئەو ئامانجە سیاسییەدا خوێن و قوربانیی زۆر دراوە. ڕاستە سەرکەوتنی نیزامیمان بەدەست نەهێناوە، بەڵام جووڵانەوەکە لەسەر پێیە و هەنگاوی زۆر باشی بڕیون. باشە هەموو لایەکمان ڕاستییەکان ببینین کە لەگەڵ بوونی ئەو ئیرادەیە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکان لە دنیای ئاڵۆزی ئەو سەردەمەدا هێندێک فاکتەر هەن کە جاری وایە کە لەبەردەستی بزووتنەوەکەدا نین. وەک: پشتیوانیی دەرەکی، پشتی جەبهە بۆ شەڕ و تەداروکات و کۆمەڵێک بابەتی دی کە لێرەدا من ئیزن بە خۆم نادەم باسیان بکەم.

**کوردستان:** لام وایە بەشێکی زۆری هۆکاری ئەو کاردانەوانە بۆ تێکەڵکردنی چەمکەکانی "شەڕ" و "چەک" دەگەڕایەوە. ئایا جەنابت مەبەستت ئەوەیە بڵێی کورد لاشەڕ بووە و زاتەن هەر مافخوازە و هیچ هەوڵێکی دەستدرێژی بۆ سەر هیچ نەتەوەیەکی دیکەی نەداوە، یان "چەک" بە فاکتەرێکی دیاریکردنی چارەنووسی کورد نازانن؟

**عومەر باڵەکی:** شەڕ درێژکراوەی سیاسەتە و چەک کەرسەی شەڕە، بەو مانایە هەر کاتێک پرسێک لەنێوان دوو لایەن بە وتووێژ و دانوستان بەئاکام نەگەیشت، هەر لایەنە لەبەر خۆیەوە بۆ وەدستخستنی ئامانجەکانی پشت بە هێزی نیزامیی خۆی دەبەستێ و لە ئەنجامدا شەڕ دروست دەبێ. شەڕ هەموو کات دوو حاڵەتی هەیە: یا لایەک لایەکەی دیکە تێک دەشکێنی و بەسەریدا زاڵ دەبێ کە لەو حاڵەتەدا ڕوونە لایەنی تێکشکاو هیچی بۆ نامێنێتەوە. حاڵەتی دوویەم ئەوەیە هەردوو لایەنی شەڕەکە دەگەنە ئەو ئەنجامە کە دەبێ کۆتایی بە شەڕی نێوانیان بێنن کە لەو حاڵەتدا ناچار دەبن ئیمتیاز بە یەکتری بدەن و پەیمانی ئاشتی لەنێو خۆیاندا بنووسن کە جووڵانەوەی گەلی کورد دەچێتە ئەو بازنەوە. چونکە نە ئێمە دوژمنەکانمان پێ لەنێو چووە و نە دوژمنەکانیشمان توانیویانە گەلی کورد و جووڵانەوەکەی لەنێو بەرن.

لە وەڵامی بەشی دوویەمی پرسیارەکەدا دەبێ بڵێم ناخی کورد وایە قەت شەڕخواز نەبووە. کورد دەگەڵ ئەوەی نەتەوەیەکی زولملێکراوە و خاکەکەی دابەش کراوە، بەڵام قەت هێرشبەر نەبووە بۆ سەر خاکی نەتەوەیەکی دیکە و ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر کە لێرەدا جێگای باس نییە، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە بە تێگەیشتنی من گەلی کورد هەموو کات هەوڵی داوە لەگەڵ ڕاستییەکان مامەڵە بکا و بە دیتنی ئەو ڕاستییانەی دووربەری هەولی داوە تێبکۆشی و خەبات بکا بۆ وەدستخستنەوەی مافەکانی و، لە هەمان کاتدا بەو خەبات و تێکۆشانە هەوڵی داوە لە گەردەلوولی ڕووداوەکاندا ون نەبێ و تێدانەچێ.

ئەوە ڕاستە کە دەوڵەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەر بە ئاور و ئاسن وڵامی داوکارییەکانی گەلی کوردیان داوەتەوە و گەلی کوردیش زۆر ئازایانە و بوێرانە توانیویەتی خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە ڕێک بخا و لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات کەلک وەربگرێ. زۆر جارانیش ئەو خەباتە هەتا لوتکەی سەرکەوتن ڕۆیشتوە، بەڵام فاکتەرێ جۆراجۆری وەک گەلەکۆمەکیی نێودەوڵەتی و یا نەبوونی هاودەنگی و هاوکاری نێو هێزەکانی کوردی و نەبوونی خوێندنەوەی دروست لە هەلومەرجە سیاسیی ناوچە و نێودەوڵەتی بوونە هۆی پاشەکشەی جووڵانەوەکە، بەڵام جووڵانەوە تێک نەشکاوە. چونکە جووڵانەوەی نەتەوەیەک بووە نەک هێزێکی سیاسیی و بۆیە دوای ماوەیەک بۆ جارێکی دیکە جووڵانەوەکە پێی گرتۆتەوە. هەروەها کە باس دەکرێ چەک وەک فاکتەرێکی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دەبیندری یا نا؟ وا دروستە بە جێگای چەک باس لە فاکتەری هێزی گەل بکەین، هەر وەک لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد، حیزبێکی سیاسی بەتایبەتی کە لە حاڵی خەباتی سەخت و دژوار دایە، پێش هەموو شتێک پێویستە پێگەی جەماوەری لەنێو کۆمەڵگەی خۆیدا بەهێز بکا و ئەو پێگە جەماوەرییە بە شێوەیەک ڕێکبخرێ کە لە هەموو کاتدا بەدەنگ و ڕەنگ پشتگیریی هەڵویستەکانی ئەو حیزبە سیاسییە بکا و لەو کاتەدا کە هێزی گەلت لە گەڵ بوو، لە هەلومەرجی پێویستدا هێزی پێشمەرگە دەتوانێ یەکلاکەرەوەی مەیدانەکە بێت .

**کوردستان**: کاک عومەر ئەو باسەی جەنابت لە کاتێکدا دەکرێ کە وڵاتە نادێموکراتیکەکان، میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان بە شەڕ و توندوتیژی و بەکارهێنانی کەرەستەی شەڕی پێشکەوتوو توانیویانە هەم خۆیان بپارێزن و هەم تەنانەت پرکێشییەکی زۆریش بکەن؛ کەوابوو چۆن جووڵانەوەیەکی دێموکراتیکی مافخوازانە دەتوانێ خۆی لەوە بێبەری بکا؟

**عومەر باڵەکی**: یەکەم نە باشە و نەدروستە جووڵانەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی گەلی کورد لەگەڵ میلیشیا وگرووپە تێرۆریستییەکان بە بەری یەکتری بگرین. ئامانجی ئەو گرووپانە گەیشتن بە دەسەڵاتە لە ڕێگای توندوتیژی کە ئەگەر بگەن بە دەسەڵاتیش ناتوانن ئارامی و بەختەوەری و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگەیەکیان بەدی بێنن. چونکە بنەمای کردارییان لەسەر ئیدئۆلۆژیی خۆفەڕزکردن، توندوتیژی و بناژۆخوازی دانراوە. ڕەنگە ئەو گرووپانە بەهۆی وەدەستخستنی چەکوچۆڵ لە مەیدانی کرداریدا هیندێک سەرکەوتن بە دەست بێنن و ببنە خۆراکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو جۆرە سەرکەوتنانە کاتییە. چونکە ئەو گرووپانە ناتوانن ئیدیۆلۆژیی خۆیان بگۆڕن و خۆیان لەگەڵ ویستی خەلک و دنیای سەردەم بگونجێنن. بەڵام جووڵانەوەی گەلی کورد، جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و شوناشخوازییە و بەخۆشییەوە لەو توندئاژۆییە بێبەرییە. ئەو شیوە خەباتەی گەلی کورد بۆ وەدستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەڵیبژاردوە دەرئەنجامی سیاسەتی پاوانخوازی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان و هەلومەرجە نێودەوڵەتی و ناوچەییە کە بە سەری داسەپاوە. بۆیە لە ماوەی لانیکەم نیزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەو نەتەوە زوڵملێکراوە و هەوڵی داوە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات بە پێی هەلومەرج بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کەلک وەربگرێ. ڕەنگە لای هێندێک لە دڵسۆزانی نیشتمان لە سەردەمی

## بەشی چوارەم

ئێستادا وا وێنا بکرێ کە ڕێکخستنی خەڵک بۆ خەباتی مەدەنی ناتوانێ دەروازەی سەرکەوتن بە ڕووی گەلی کورددا بکاتەوە و سەرکەوتن لەو شێوە خەباتە دا بە خەونێکی شاعیرانە بزانن. بەڵام نابێ چاو لە ئاستی ڕاستییەکان لێک بنێین. لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە بە هۆکاری جۆراجۆر کە لێرەدا هیچ پێویست ناکا باس بکرێن ڕووی لە کزی داوە و وەک ساڵانی پێشوو ئەو حەرەکەت و جموجۆڵە دیار و بەرچاو نین. بەڵام ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و ژووره فکری و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەستی پێ دەکەن و دەیبینن زۆر جیاوازە لەوەی دڵسۆزێکی نیشتمان لای خۆی وێنای دەکا.

**کوردستان: مەبەستتان پاڕادۆکسی گوتاریی ڕێژیمە لەبارەی جووڵانەوەی سیاسیی کوردەوە؟**

**عومەر باڵەکی:** بەڵێ. ئێمە دەبینین لە بواری تەبلیغییەوە بۆ بیروڕای گشتی ئێران دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئەمنیەتی و نیزامیی ڕێژیم بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژ ساڵە کپ بووە و ئەو بزووتنەوە هەرسی هێناوە و نەماوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی کردەوەدا تەواو بە پێچەوانەی ئەو تەبلیغاتەی خۆیان لەگەڵ پرسی کورد و حیزبەکانی کوردستان دەجووڵێنەوە. چونکە ئەوان دەزانن جووڵانەوەی شوناسخوازی گەلی کورد لەسەر پێیە و لە گەشەکردن‌دایە و دەبێ ڕێگری بکەن لەو گەشەکردن و پەرەگرتووییە. بۆ ئەو مەبەستە هەر لە سەرەتای داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا هەوڵیان ئەوە بووە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەڵکی کوردستان داببڕن، بەڵام هیچ کات لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نەبوون. لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی جێگیربوونی بەشی ئاشکرای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی -عیراق، دەسەڵاتدارانی تاران بەقسەی خۆیان بۆ ڕێگرتن لە چوونەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دابڕانی ئەو حیزبانە لە خەڵکی کوردستان، یەکەم هەنگاویان ئەوە بووە کە سنوور کۆنترۆڵ بکەن و بۆ ئەو کارە خودی فەرماندەی ویشکایی سپای پاسداران دەڵێ: "لەسەر سنووری دەستکردی ئێران-عێراق زیاتر لە دوو سەد مۆڵگەمان بە پێشکەوتووترین کەرەسەکانی شەڕ دروست کردوە." لە حاڵێکدا لەسەر ئەو سنوورە هیچ هەڕەشەیەکی دەوڵەتی دراوسێ لەسەر ئێران نییە و بە دانانی خۆیان تەنیا و تەنیا بۆ پێشگیری کردن لە هاتووچۆی هێزی پێشمەرگەیە و هەر ئەوە نیشانەی زیندووبوونی جووڵانەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانە بە بوونی حیزبەکانی ئەو پارچە لە خاکی نیشتمان. بەڵام لە کرداردا ئەو ڕێکارە نەیتوانیوە خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک دابڕێ و زیندووترین نموونە دەتوانین باس لە١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ دوای شۆڕشی ژینا بکەین کە بۆ جارێکی دیکە بنکە و شوێنی حەوانەوەی ژیانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستان کەوتە بەر ئاوری مووشەکەکانی سپای پاسداران. بەڵام لە هەر دوو جاردا شاهیدی هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بووین. خەڵکی کوردستان بە هاتنەسەر شەقام و مانگرتن پشتیوانییان لە حیزبە سیاسییەکانی خۆیان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد و لێرە دایە کە دەسەڵاتدارانی

تاران بەتەواوی هەستیان بە شکانی خۆیان لە بەرانبەر جووڵانەوەی شۆناسخوازی و مافویستی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. بەڵام بۆیان نەبوو بە تەجروبە کە بەدوای چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورددا بڕۆن، بەڵکوو ئەوجار کەوتنە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. ئەگەر لەو هەلومەرجەدا پێناسەی ئەو کردارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین:

**یەکەم**، هەروەک گوترا ئەوە نیشانی زیندووبوونی جووڵانەوەی گەلی کورد و بوونی حیزبە سیاسییەکانیەتی لە گۆڕەپانی خەباتدا.

**دووەم**، نابێ لەبیرمان بچێ ئەو حەرەکەتەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی جۆرێک لە شەڕە کە لەگەڵ جووڵانەوەی بەرحەقی خەڵکی کوردستان بەڕێوەی دەبا. لەو قۆناغە هەستیارەدا بۆ ئەوەی لەو شەڕەدا سەرکەوین، جووڵانەوەی گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی پێویستی بە خۆ ڕێکخستنەوە و پاراستنی یەکڕیزی تەشکیلاتی و کارکردن لەسەر ڕەهەند جیاوازەکانی خەبات هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەم کە جووڵانەوەی شۆناسخوازی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی مێژوو و تەجروبە و دووربینیشی سیاسیی کە هەیەتی زۆر زوو دەتوانێ لەو شەڕەش لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بەدەست بێنێ .

ڕەخنەیەک لە نووسینەکەی جەنابت ئەوە بوو کە چ ستراتیژییەک لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەبێ چەک ئاکامەکەی سەرکەوتن بووە، ئایا نموویەک بووە؟ مەگەر ئەوە نییە کە چەک و خۆڕاگریی چەکداری هەتا ئێستاش کوردی لە توانەوە و فەوتان ڕزگار کردوە!

**یەکەم**: لە ڕوانگەی خۆمەوە پێم دروست نییە خەباتی ڕزگاریخوازی وڵاتێک بکرێتە نموونە بۆ ولاتێکی دیکە، دەنا خەباتی ڕزگاریخوازی زۆر وڵات لە مێژوودا هەیە بێ چەک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. زۆر خەباتی ڕزگاریخوازیش لەگەڵ ئەوەی خاوەن چەکیش بوون تووشی شکان بوون.

**دووەم**: هەلومەرجی نێوخۆی وڵاتەکان و ڕادەی تێگەیشتوویی خەڵکەکەیان و سیستمی حوکمڕانی و تەنانەت شێوازی تێڕوانینیان بۆ بابەتەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆیە ناکرێ بکرێن بە ڕێنیشاندەر و ئۆلگوو. بەڵام دەکرێ لە سەرکەوتن و شکانی ئەو جووڵانەوانە تەجروبە وەربگرین. لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە دروستە کە دڵسۆزانی جووڵانەوە باشە بۆ سەرخستنی جووڵانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدوای ئەو ڕێکارانەدا بڕۆن کە هاوسەنگی هەبێ لەگەڵ نیاز و تواناکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## بەشی چوارەم

سەبارەت بە بەشی دوویەمی پرسیارەکە، من لە هیچ جێگایەکی ئەو نووسینەدا باسم لەوە نەکردوە کە خەباتی ڕزگاریخوازی چ بە چەک یا بێ چەک سەرکەوتوو بووە یا نەبووە. باسەکەی من لانیکەم لەو وتارەدا ئەوە نەبووە و لە هەمان کاتدا باسم کردووە کە "ئاستی توندوتیژی لە خەباتدا، دوژمن دیاری دەکا." مادام شەڕمان بەسەردا سەپاوە بۆ بەرگری و پاراستنی خاک و زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوە ناچارین پەنا بۆ بەرگری چەکدارانە بەرین. لێرەدا پێویستە وەبیر بێنمەوە کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە بەرگریی چەکدارانە یەکێک لە ڕەهەندەکانی خەباتە و ئەو حیزبە لەماوەی تەمەنی خۆیدا بەپێی توانا و هەلومەرجی کوردستان لەو ڕەهەندی خەبات بۆ بەئاکامگەیاندنی جووڵانەوەی گەلی کورد کەلکی وەرگرتوە و مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شاهیدی بۆ ئەو بابەتە دەدا کە ڕۆڵە ئازاکانی و کادر و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی حیزبی دێموکرات چەندە فیداکارانە لە بەرەوپێشبردنی ئەو شێوە خەباتە چالاک و هەڵسوور بوون و لە قوناغی ئێستادا ئاکامی ئازایەتی و گیانفیدایی پێشمەرگەکان لە بەرگری چەکدارانەدا لەسەر شەقام و لەنێو ئاپۆڕای جەماوەری کوردستان بە زەقی هەست پێ دەکەین. مەبەستی من لەو قۆناغەدا ئەوە بووە کە نەکەوینە داوی تەبلیغاتی ڕێژیم و داروودەستەکەی و بە کوردی دەست لە کراس بێنینە دەر و ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات کە لە ئێستادا بەستێنی لەبار و گونجاویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە لەبیر بکەین.

**کوردستان:** ڕەخنەیەکی دیکە لە نووسینەکەی جەنابت ئەوە بوو کە ئەمجۆرە وێژمانە بێبایەخکردنی چەک و توانامەندکردنی خۆت وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازییە، ئەویش لە کاتێکدا زلهێزەکان و وڵاتە دیکتاتۆرەکانیش لەپێناو مانەوەی خۆیاندا بۆمبی ئەتوم و مووشەکیان بەدەستەوەیە!

**عومەر باڵەکی:** لە وڵامی ئەو پرسیارەدا لە پێشدا با ئەوە وەبیر بێنمەوە کە لە وڵامی پرسیارەکانی دیکەدا بەوردی باسم کردووە کە مەبەست لە چەک لەو نووسینەدا چییە و لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە هیچ جێگای ئەو وتارەدا دەستەواژەیەکی وا بەکار نەهاتووە کە باس لە بێبایەخکردنی چەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا بکا و خۆم لام شتێکی سەیر بوو کە لای هێندێک لە خوێنەران ئەو خوێندنەوەیەی لێ کراوە. چونکە منیش هەموو کات بە ئێستاشەوە باوەڕم وایە و هەرواش دەمێنێتەوە کە لە هەموو کاتدا ئەوە هێزە هەموو پرسەکان یەک لا دەکاتەوە و ئەوەش پێویستی بە سەلماندن نییە. بەڵام گرینگە بزانین ئەو هێزە سەرچاوەکەی چییە، بۆ چ ئامانجێک بە کاردێ.

بە بوونی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران، بزووتنەوەی شوناسخوازی ومافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو قۆناخەکانی خەباتدا پێویستی بە بوونی هێزی نیزامیی (پێشمەرگە ) بەهێز و بەتوانا بۆ داکۆکیکردن لە شوناسی نەتەوەیی خۆی هەبووە وهەیە. ئەو هێزە نیزامییە هاوشان لە گەڵ بەرەو پێش چوونی ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات لە کاتی خۆیدا دەتوانێ کاریگەری یەک لاکەرەوەی لەسەر پرسەکان هەبێ. بۆیە پێویستە ئەوە

## بەشی چوارەم

دووپات بکەمەوە کە مەبەستێکی دیکە لەو نووسینە ئەوە بووە کە گەلی کورد بەگشتی و دڵسۆزانی گەل و نیشتمان بەتایبەتی نەکەوینە داوی شەڕی ڕەوانیی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا پێ بە پێی شەڕ لە کوردستان، شەڕی ڕەوانییشی بردۆتە پێشی و بەتایبەتی لە یەک ساڵی ڕابردوودا دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەبلیغاتیی نیزام بە هەموو توانای خۆیان ڕوو بە خەباتگێران و بنەماڵەکانیان شەڕێکی دەروونیی بەربڵاویان بەڕێوە بردووە و دروست نییە خەباتگێران و دڵسۆزانی خاک و نیشتمان بکەونە داوی ئەو شەڕە ڕەوانییە و خۆمانی پێ مەحکووم بکەن. چونکە هەموو لایەکمان باش دەزانین کە ئێرادەی درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خەباتکاران و تێکۆشەران ونیشتمان پەروەرانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەهێزی دایە و باوەڕم وایە بە بوونی خەڵک و خەباتگێران لە مەیدانی خەباتدا ئەو ئێرادە نەتەوەییە بەسەر ئەو قۆناخە و هەموو قۆناخە سەخت و دژوارەکاندا سەر دەکەوێ.

**کوردستان:** سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا.

**عومەر باڵەکی:** ئێوەش ماندو نەبن.

١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

## لە هەناردەکردنی شۆڕشەوە هەتا لێواری داڕمان



٤٥ ساڵ لەوە پێش، کاتێک گەلانی ئێران مێژووی ڕێژیمی پاشایەتیان تێکەوە پێچا، بە هیوای ژیانێکی باشتر و ئەمنیەتی ڕوحی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەوە بوون. هیچ کەس و لایەنێک بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ئەو شۆڕشە گەلی و هەمەلایەنە لە ویست و داخوازی کەمینەیەک لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامیدا کورت بکرێتەوە و بە جێگای ئەوەی ببێتە مایەی بەختەوەریی کۆمەڵگە، نەهامەتی، هەژاری و نائەمنی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕەگی دابکوتێ و پەرە بستێنێت.

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لەم سەدەیەدا سێ شۆڕشی دیکە لە وڵاتانی ڕووسیە، چین و کوبا ڕوویان دا و خاڵی هاوبەشیان هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بوو. بەڵام بەو جیاوازییە کە شۆڕشەکانی ڕووسیە، چین و کوبا لە ڕێگای ئیدئۆلۆژیی خۆیانەوە مزگێنیی دنیایەکی بێچەوسانەوە و یەکسانیان بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا دەدا، بەو حاڵەش نەیانتوانی بە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی دنیا لە بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیستی سەرکەوتوو بن و بینیمان یەکیەتیی سۆڤیەت دوای نیزیک بە ٨٠ ساڵ دواجار هەرەسی هێنا.

بەنەمانی یەکیەتیی سۆڤیەت وەک ئۆردووگای سۆسیالیستی هەناردەکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی بۆ وڵاتانی دیکە بەتەواوی ڕاوەستا و دوو وڵاتی چین و کوباش لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ نەزمی جیهانیی سەردەم بگونجێنن و

خۆ لە بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش ببوێرن. شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و دارودەستەکەی دەستی بەسەردا گیرا و نیزامی کۆماری ئیسلامییان دامەزراند، ڕاست وەکوو دەسەڵاتدارانی ئەو سێ شۆڕشەی پێش خۆی (ڕووسیە، چین و کوبا) لە بیری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوون. بەو جیاوازییەی کە شۆڕشی سۆسیالیستی ڕوانگەی بۆ داهاتوو بوو. واتە کۆمەڵگە بە شۆڕشی سۆسیالیستی بەرەوە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ژیانێکی یەکسان و دوور لە چەوسانەوە بڕوا، بەڵام شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە پێچەوانەی شۆڕشی سۆسیالیستی ویستیاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک لە ئێراندا بوو کە لە بواری فەرهەنگییەوە بنەما و باوەڕەکانی دەگەڕایەوە بۆ نەریت و فەرهەنگی ١٤٠٠ ساڵ لەوە پێش کە لە نیمچە دورگەی عەرەبستان باو بووە و ئەو شێوە ئیدئۆلۆژی و بیرکردنەوەیە هەر زوو وەک ستراتیژی و ئامانجی نیزامی کۆماری ئیسلامی هاتە نێو بەند و بڕگەکانی یاسای بنەڕەتی ئێران. واتە بەو شێوەیە پێناسەی بۆ کرا کە "شۆڕشی ئێران جووڵانەوەیەکە بۆ سەرکەوتنی تەواوی ستەملێکراوان بەسەر زاڵماندا" و ئامانجی ئەو شۆڕشە " درێژەکێشانی لە نێوخۆ و دەرەوەیە"، "بەتایبەتی لە پەرەپێدانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەگەڵ جووڵانەوەکانی ئیسلامی و خەڵکی تێدەکۆشێ هەتا ڕێگای دروستبوون و پێکهێنانی ئۆمەتێکی جیهانی دەستەبەر بکا." لە درێژەی ئەو بابەتەدا یاسادانەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکا کە "ئەرتەش و سپای پاسداران هاوتەریب لەگەڵ ئەو ئامانجە پێک هاتوون و بێجگە لە پاراستنی سنوورەکان و پارێزگاری لە نیزام، ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە کە لە ڕێگای خودا و خەبات لە پێناوی پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خودا لە سەرانسەری جیهاندا تێبکۆشن و جیهاد بکەن".

بەو ڕوانگەیەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٥ ساڵە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەڕێوە دەبن و ئێران و گەلانی ئەم وڵاتەیان تووشی نەهامەتی و هەژاری لە بواری ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی و دەیان قەیرانی دیکە کردوە. دوای تێپەڕینی ٤٥ لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ئەو هەموو نەهامەتی و کوشت و کوشتار و هەژاریی کۆمەڵگەی ئێران و تەریککەوتنەوەی سیاسی ئێران بەهۆی کردەوەکانی ئەو نیزامە لەنێو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئێستاش دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی (امالقری)ی موسوڵمانانی جیهانە. بەڵام پێچەوانەش ئەوەش دەبینین کە لە هەر جێگا و شوێنێک بەرژەوەندیی نیزام بکەوێتە مەترسی، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی نیزامەکەیان لە هەموو ئەو دروشم و کردەوانەی خۆیان پاشەکشەیان کردوە. هەروەک ئێستا لە شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا بەئاشکرا پاشەکشەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردنی حەماس و پرسی فەلەستین دەبیندرێ.

لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی و لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی

دەسەڵاتدارانی تاران بە هەڵگرتنی دروشمی "نە شرقی و نە غربی" کەوتنە پاڵپشتیکردنی هەموو حەرەکەت و جموجۆڵێکی گرووپ و ڕێکخراوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەتا سەحرای ڕۆژئاوای ئەفریقا، ئەمریکای باشوور هەتا دەگاتە باکووری ئەفریقا. ئەم ڕەوتە وای کرد بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئێران بە دیاریکراوی ببێتە ناوەندی هەموو ئەو گرووپە تێرۆریستیانەی ناوچەکە و جیهان. لە تاران بێ ئەوەی سەرنج بدرێتە ئیدئۆلۆژیی ئەو گرووپانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سامانی گەلانی ئێرانیان بێ حیساب و کتاب بەخشییە ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە و ئێستاش لەو سیاسەتە بەردەوامن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان وای کرد دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی شێوەی تێڕوانییان لە هەناردەکردنی شۆڕش و پشتیوانی لە ناڕازییانی وڵاتان بخەنە گرەوی مانەوەی نیزام. بەو مانایە ئەگەر پێشتر هەوڵیان دەدا بە شۆڕشی ئیسلامی کە خۆیان سەرکردایەتییان دەکرد جیهان بگۆڕن، هەر زوو تێگەیشتن کە پێوەندییە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییەکان و بەرژەوەندی دەوڵەتان و گەلان لەگەڵ ئەو ئامانجەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەک ناگرێتەوە و لە زۆر شوێن و جێگا لەگەڵی بەتەواوی لە دژایەتیدایە. بۆ نموونە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق بەشێک لەو ڕێکخراوانە تێڕوانینیان لەسەر ئەو شەڕە وەک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەبوو. وەک ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستین بە ڕێبەریی یاسر عەرەفات کە لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، هاتوچۆی ئەو ڕێکخراوە بۆ تاران و دیتنی ڕێبەرانی سیاسی و مەزهەبی ئێران گەلێک زۆر بوو و تەنانەت وێنەگرتن لەگەڵ ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە جۆرێک لە شانازی بوو بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. بەڵام هەرکە ئەو ڕێکخراوە لە ئۆسلۆی پێتەختی نۆرویژ لەگەڵ ئیسرائیل گەیشتنە ڕێککەوتنی ئاشتی، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تاران ٣٦٠ دەرجە لە سیاسەتیان بەرانبەر بە ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین وەرسووڕان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە پچڕاند و کەوتنە دروستکردنی ڕێکخراوی هاوتەریب بۆ فەلەستینییەکان.

یان دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و داماویی دەوڵەت و حکوومەت لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی دوای شەڕ و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ئاسایی بۆ خەڵکی ئێران، دەرکەوت کە ئەو نیزامە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا تووشی قەیرانی مەشروعییەت بووە. بۆیە لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتای هەتاوی دەسەڵاتدارانی نیزام وەخۆکەوتن کە سیاسەتی دەرەکییان دەبێ بکەوێتە خزمەت مانەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی. هەربۆیە مەیدانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشیان لە ناوچەکەدا زیاتر چڕ کردەوە و هەوڵیان ئەوە بووە لە هەستی مەزهەبی گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی مەزهەبی شیعە بە قازانجی ئەو ستراتیژییە کەلک وەربگرن و لەسەر دوو ئامانجی دیاریکراو ستراتیژیی دەرکییان داڕشت. یەکەم، هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و لابردنی دەوڵەتانی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە و لەنێوبردنی حاکمییەتی ئیسرائیل. دوویەم، دروستکردن و پێکهێنانی سازمان و ڕێکخراوی جۆراوجۆر و لەژێر ناوی مەزهەبی و دینی لەو وڵاتانە بۆ ئەوەی گرفت و کێشە بۆ دەوڵەتەکان دروست بکەن. ئەو سیاسەتە وای کرد کە دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکە پێوەندییەکی سارد و سڕیان لەگەڵ

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامدا هەبێ و هەموو کات بوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دابنێن. بۆ نموونە دەوڵەتی میسر وەک دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە پێوەندی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پچڕاند و هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە ئیزن نەدا سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بگاتە نێو خاکی ئەو وڵاتە. یان دەنا پێوەندییەکانی عەرەبستانی سعوودی لەگەڵ ئێران لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا گەلێک هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە دیوە و تەنانەت زۆرجار گەیشتووتە ئاستی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی بە چەشنێک کە بۆنی شەڕی لێ هاتووە.

ئەوەی دوای ٤٤ ساڵ لە حوکمڕانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران سەلماوە ئەوەیە کە ئەو سیاسەتە نەک سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو ئاسەواری شکان و ناکارامەییشی بەتەواوی دەرکەوتووە. لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی ناوچەکە، ئێران بەچاوی دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و پشتیوانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ چاوی لێ دەکەن و لەهەمان کاتدا بە هۆکاری دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی و بەرنامەی مووشەکی و پشتیوانی لە ڕێکخراو و گرووپی تێرۆریستی لە بواری جۆراوجۆری ئابووری و سیاسییەوە هەم لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئابلۆقەی ئابوورییان هاویشتۆتە سەر ئێران. ئەوەش وای کردوە لە ماوەی دەسەڵاتدارەیەتیی ئەو نیزامەدا ئێران بە سەدان میلیارد دۆلار زیانی پێبگات و لە هەمان کاتدا سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە وای کردوە کە وڵاتانی عەرەبی کەنارەکانی کەنداوی فارس زیاتر لێک نزیک ببنەوە و شورای هاوکاری کەنداو پێک بێنن و بتوانن لەو ڕێگایەوە دەژایەتی سیاسەتە پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بکەن. ئەو بێمتمانەییە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وای کردوە کە ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئێران نەتوانن پێوەندی ئابووری و سیاسی ئاساییان هەبێ کە ئەوەش هەر زیانی گەورەی لە ئابووریی ئێران داوە کە بەداخەوە هەتا ئێستا دووکەڵەکەی چۆتە چاوی گەلانی ئێرانەوە.

ئاکامگیری لەو باسە ئەوەیە دوای ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێڕەوکردنی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەک هیچ گەل و نەتەوەیەک بە یارمەتیی کۆماری ئیسلامی لە دەست دەوڵەتانی زاڵم و سەرەڕۆ ڕزگاری نەبووە، بەڵکوو ئەو سیاسەتە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران گیروگرفتی زۆری بۆ ئەو وڵاتانە دروست کردوە کە دەستی کۆماری ئیسلامییان وێ ڕاگەیشتوە. لە نێوخۆی ئێرانیش ئەو سیاسەتە بێجگە لەوەی گەلانی ئێرانی تووشی هەژاری و کەمداهاتی و زیادکردنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان کردوە لە بواری ئازادییە سیاسی و تاکەکەسییەکانیش ئێرانی کردووەتە زیندانێکی گەورە. بۆیە دەرنگ یا زوو هەموو ئەو دەستتێوەردانانە و قەیرانخوڵقێنی دەسەڵاتدارانی تاران کە لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵە بەناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و پشتیوانی لە "مستضعفان"ی جیهان بە گشتی و وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی کردوویەتی، پێی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە و ڕق و بێزاریی


## بەشی چوارەم

**پەنگخواردووی گەلانی ئێران بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی و ئازادیخوازان بەڕووی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەدا دەتەقێتەوە و تۆماری دەسەڵاتدارییان تێکەوە دەپێچن.**

١ی بەفرانباری ٢٠٢٣

---

## پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا



لە ١١ی مانگی ڕەشەمەی ئەوساڵ لە ئێران دوو هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی خولی دوازدەهەمی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و خولی شەشەمی  مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەچێ.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا دەیانهەوێ ئەو هەڵبژاردنانە بەڕێوە بەرن کە ئێرانی ژێردەسەڵاتیان هێشتاش تێنوتاوی نارەزایەتییەکانی ڕاپەرینی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بەتەواویی پێوە دیارە، بەو مانایە لە ناخی کۆمەڵگەدا نارەزایەتییەکان لە شێوازی دەسەڵاتداریی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ڕوویەکەوە لە پەرەئەستاندندایە و ناوچەکە بە قوناغێکی هەستیاری مێژوویدا تێپەر دەبێ.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی هەستیان بە نارەزایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە کردوە و بەتەواوی ترسیان لە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکان هەیە و ئەوە بە کردار و گوفتاریانەوە دیارە. بۆیە بە هەموو توانای نیزامی و ئەمنییەتی و خوڵقاندنی ترس لە نێو کۆمەڵگەدا لەلایەک و بە هەموو توانای تەبلیغی و ڕاگەیاندنیان لەلایەکی دیکەوە دەیانهەوێ خەڵکی ئێران هان بدەن ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ئەوساڵ بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لەو ڕێگایەوە لە هەوڵی ئەوەدان بە نیشاندانی ئاپۆڕای خەڵک لەسەر سندووقەکانی دەنگدان هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی ئێران تەبلیغی ئەوە بکەن کە نیزامی کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمن سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە نێوخۆیدا هەیە و ئەو

**بەشی چوارەم**

خەڵکە زۆرە کە لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادەن سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پێوەندیی دیجیتاڵی و تەقینەوەی زانیارییەکانە، دنیا بە ڕادەیەک لەسۆنگەی ئەو کەرەسانەوە بچووک بۆتەوە کە دەتوانین بڵێین کەم کۆمەڵگە ماون کە بەخێرایی ئاگاداری ڕووداوەکانی سەر گۆی زەوی نەبن و هەر ئەوە وای کردوە فەرهەنگ و کولتوورەکان و تەنانەت شێوازی حکوومەتداری بەخێرایی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بگوازرێتەوە و لەو حاڵەتەدا داخستنی سنوورەکان وەک سەدەکانی پێشوو هیچ کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕەوتە نەبووە و نابێ.

زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی سەردەمی ئێستا بە شیوازی دێموکراتیک بەڕێوە دەچن و بنەمای سیستمی سیاسییان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی ئازادانە دامەزراوە. لەو وڵاتانەدا بەپێی پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرانی دەوڵەت لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن ولە هەمان کاتیشدا بەڕێوەبەرانی دەوڵەت لە بەرانبەر خەڵکدا بەرپرسیار دەبن. بۆیە لەو نیزامانەی بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوە دەچن و پابەندن بە بنەماکانی دێموکراسیی هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە پرۆسەی هەڵبژاردن بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێت.

هەروەک پێشتر باس کرا یەکێک لە ڕێگاکانی دەربڕینی خەڵک سەبارەت بە ویست و ئامانجەکانیان و بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەیان لە وڵاتانی دێموکراتیکدا پرۆسەی هەڵبژاردنە. بۆیە هەر تاکێک کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا دەژی بە ئەرکی خۆی دەزانی چالاکانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداری بکا بۆ ئەوەی لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە کاریگەریی هەبێ لەسەر چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی و پرسە سیاسیی و ئابووریی وکۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەر وڵات و نیزامێکی سیاسیدا بەڕێوە بچێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان نەزەرخوازی لە خەڵکی ئەو وڵاتەیە سەبارەت بە نیزامی سیاسیی ئەو وڵاتە کە دەوڵەتێک نوێنەرایەتی دەکا و بەشداریکردنی زۆر و کەمی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کاریگەریی هەیە لەسەر مەشروعییەتی ئەو نیزام و دەوڵەتە. بە واتەیەکی دیکە هەڵبژاردن لە لایەک نیشاندەری پێگەی سیاسیی و فەرهەنگی کۆمەڵگەیە و لەلایەکی دیکەوە بەڵگەیەکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی شیوازی دابەشکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا. بەکورتی دەتوانین بڵێین بەشداریکردن و نەکردنی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا چ ڕاستەوخۆ چ نارستەوخۆ کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر ژیانی سیاسیی و فەرهەنگی، ئەو کۆمەڵگەیە و سیستمی دەوڵەتداریی ئەو وڵاتە.

بەڵام ٤٥ ساڵە دەسەڵاتدارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی پێچەوانەی سیستمی دێموکراسی ڕەفتاریان کردوە و لە پرۆسەی

هەڵبژاردن تەنیا وەک ئامرازی مەشروعییەتدان بە ڕێژیم کەلکیان وەرگرتوە. بۆیە ئەگەر چاو بە کارنامەی هەڵبژاردنەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنین، دەبینین جار لەگەڵ جار ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا هاتۆتە خوارێ، بەچەشنێک کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو دوو هەڵبژاردنەی قەرارە ١١ی ڕەشەممەی ئەوساڵدا قەرارە بەڕێوە بچێ، بە تەواوی ترسیان ڕێ نیشتووە کە خەڵک بایکۆتی بەربڵاوی هەڵبژاردنەکان بکەن.

بێگومان بەشدارینەکردنی خەڵک لەلایەک نیشانەی بەردەوامی ڕاپەڕینی ژینایە ولە لایەکی دیکەوە لێئەستاندنەوەی مەشروعییەتی سیاسیی و دەوڵەتدارییە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی. بە واتایەکی دی بەشداری‌نەکردنی خەڵک لەو دوو هەڵبژاردنانەدا سەڵمێنەری ئەو ڕاستییە دەبن کە خەڵکی ئێران باوەڕ و متمانەیان بەو دەسەڵاتە نەماوە و هیچ هێوایەکیان بە چاکسازی نێو دەزگای حاکمییەتیش نییە و خەڵکی ئێران ماندوو و هیلاک بوون لە دەست ئەو هەموو قەیرانەی دەسەڵاتدارانی تاران بەهۆی کەڵەوەکێشی لەگەڵ دنیای دەروە و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکەدا خوڵقاندوویانە و لە ئاکامی وەزعییەتی خوڵقاودا دەبێ خەڵکی ئێران باجەکەی بدەن.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوانە و هۆکاری جۆراوجۆر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، وەک هۆکاری ئابووری، فەرهەنگی و یا زەمان و سەردەم. بەو واتەیە کە وەزعییەتی ئابووری ڕۆڵی هەیە لە بەشداریکردنی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا و یا شێوازی هەڵسوکەوتی دەسەڵات لەگەڵ خەڵک و ڕێژەی دەستێوەردانی دەسەڵات لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا. هەروەک پێشتریش باس کرا سەردەمی ئێستا سەردەمی شۆڕشی پێشکەوتنی دنیای دیجیتاڵی و ئەلکترۆنییە ونەسلی لاوی پێگەیشتووی ئێستا لە ئێران بە دوای ژیانی خۆش و سەردەمیانەدا دەگەڕێن و ڕەوزە و ڕەوزەخوانی و دەسەریەککردنەوەی چیرۆکی سەیر و سەمەری ڕابردوو و قارەمانسازی لە کەسانێک کە هیچ خێروبێرێکیان بۆ خەڵکی ئێران نەبووە ناتوانی ئامانج و ئارەزووەکانی ئەو تازە لاوانە وەدی بێنێ. ئەو نەسڵە نەوەیەکی ئیدەئالیست و ئاڕمانگەران و سیاسەتەکانی ڕێژیم و ئەزموونی دەسەڵاتدارەتییان ناتوانێ قەناعەتیان پێ بێنێ و پێشینەی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی یەک دەیەی ڕابردووی دەیسەلمێنێ کە بەتەواوی لەو ڕێژیمە تێپەڕیون.

بە هەستکردن بە هەستیاریی کۆمەڵگە لە مەڕ سیاسەتەکانی ڕێژیم و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و لەرزۆکیی پایەکانی ڕێژیم دوای ڕاپەڕینی ژینا، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە پەلەقاژە بۆ ئەوەی لە هەر کەرەسەیەک کەلک وەربگرن کە بە بیروڕای گشتی ئێران و جیهان بسەلمێنن نیزامی کۆماری ئیسلامی مەشروعییەتی خەڵکیی هەیە و ئەو ناڕەزایەتییانە کە ڕوویان داوە دەستی دەرەکی و دوژمنانی کۆماری ئیسلامی لە پشتە. بێ ئەوەی سرنج بدەنە کۆمەڵگەی داڕووخاوی ئێران لە بواری ئابووری و فەرهەنگی و داواکارییەکانی خەڵک کە لە سیاسەتی بەڕێوەبەری و قانوونەکانی ئەو نیزامە وەزاڵە

هاتوون.

گەلانی ئێران لەمێژە دەرکیان بەو ڕاستییە کردوە کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران تەنیا پرۆسەیەکی ڕواڵەتییە و هیچ لە شێوازی بەڕێوەبەری وڵات و سیاسەتەکانی نیزامی دەسەڵاتدار و ژیان و داهاتووی ئەوان ناگۆڕێ. چونکە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن لە ئێراندا پرۆژەیەکی ئەندازیاریبۆکراوە کە بەرگی قانوونیی دەبەر کراوە و بەو شێوە کە دەسەڵات واتە ڕێبەری نیزام خوازیاریەتی، سەندووقەکانی دەنگدان وەڵام دەدەنەوە.

بەپێی قانوون بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە ئەستۆی وەزارەتی نێوخۆی ئێرانە. واتە ئامادەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن وبەڕێوەبەری و ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن لە ئەستۆی ئەو وەزارەتخانەیەیە. بەڵام لە کردەوەدا وانییە، بەڵکوو ئۆرگانێکی دیکە بە ناوی شوڕای نیگەهبان چاوەدێری بەسەر هەموو پرۆسەکەدا دەکا و وەزارەتی نێوخۆ لە ڕاستیدا تەنیا کاربەڕێکەرە و ئەوە کاتێک بەباشی خۆ دەنوێنێ کە بەپێی قانوونی بنەڕەتی چاو لە دەسەڵاتەکانی شوڕای نیگەهبان دەکەی.

لە ئەسلی ٩١ی ئەو قانوونەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو مەجلیس یان شوڕایە دەستنێژی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ئۆرگانێکی ئینتسابییە و بەدەنگی خەڵک هەڵنابژێردرێ، بۆیە خۆی لە بەرانبەر خەڵکدا بە بەرپرسیار نازانێ.

ئەوکاتەش بەتەواوی ڕوخساری ڕاستەقینەی پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن لەو نیزامەدا دەردەکەوێ کە بەپێی ئەسلی ٩٩ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەڵاحییەتی شوارِی نیگەهبان بە شێوەی ڕەها دیاری کراوە کە ئەویش تەفسیری ئەسل و بەندەکانی قانوونی بنەڕەتی و لە هەمان کاتدا بە شێوەی (استصوابی) چاوەدێری بەسەر هەموو هەڵبژاردنەکاندا دەکا، بێجگە لە هەڵبژاردنی شوڕاکان. بەوەش هەر کەس و لایەنێک شوڕای نیگەهبان بیهەوێ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەهاسانی ڕێگای سەرکەوتنی بۆ خۆش دەکا. چونکە چاوەدێرییەکەی ئیستسوابییە ولە چاودێری ئیستسوابیدا بڕیارەکانی ئۆرگانی چاوەدێر بنبەڕ و کۆتایین و لە هیچ ئورگانێکی دیکەدا ناتوانرێ تانەی لێ بدرێ. واتە تەئیدی سەڵاحییەت یا ڕەدی سەڵاحییەتی بەربژێرێک کە ئێستا لە ئەستۆی شوڕای نیگەهبانە لە هیچ حاڵەتدا تانەی لێ نادرێ و لە بارودۆخێکی وادا ڕوونە شوڕای نیگەهبان کێ ڕەدی سەلاحییەت و کێ تەئیدی سەڵاحییەت دەکا.

بەپێی هەموو پێودانگەکان پرۆسەی هەڵبژاردن لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ناتوانێ پرۆسەیەکی سالم بێت و ئەو ئاکامە بە دەستەوە نادا کە خەڵک لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە بتوانن لانیکەمی ئاڵوگۆر لە شێوەی ژیانی ئابووری و

## بەشی چوارەم

سیاسیی خۆیاندا پێک بێنن. بەڵام پێچەوانەکەی نەچوون بۆ سەر سندووقی دەنگدان و بەشداری‌نەکردنی خەڵک لەو دووهەڵبژاردنەدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و سەرەتایەکی بەگوڕ بێت بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی و دەوڵەتداری لە ئێراندا.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

## نیزامی کۆماری ئیسلامی، سێبەری مەرگ بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا



لەو کاتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک نیزامی دەسەڵاتداریی لە ئێراندا حومکڕانیی وڵاتی بەدەستەوەیە، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە هەموو ڕێکارێکی نادیموکراتیک و دوور لە بایەخە جیهانداگیرە سیاسییەکانیان بۆ پاراستنی مانەوەی دەسەڵاتەکیان لە پێش گرتووە. بەشێکی ئەو ڕێکارانە بریتین لە: سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک، خوڵقاندنی کەشی ترس، بەئەمنیەتیکردنی کۆمەڵگە، شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکان، زینداینیکردن، ئێعدام، تیرۆری جیابیران لە نێوخۆ و دەرەوی ئێران. لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەدا، ئێعدام وەک کەرەسەیەکی چەند لایەنە لە خزمەت مانەوەی ئەو ڕێژیمەدا بووە.

**یەکەم**، ئێعدام بە جێگای ئەوەی سزای ئەو تاوانبارانە بێ کە زیانیان بە خۆیان و کۆمەڵگە گەیاندوە، کراوەتە کەرەسەی دەستی دەسەڵاتداران بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنی جیابیران و دژبەرانی نیزام.

**دوویەم**، سزای ئێعدام وەک کەرەسەی خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا لەلایەن بەڕێوەبەرانی نیزام کەلکی لێ وەرگیراوە.

**سێیەم**، سزای ئێعدام لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەدا بەپێی هەموو پێوەرەکان و ڕادەی ئێعدامەکان کەرەسەیەک بووە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چ لە

بەڕێوەبردنی نێوخۆی ئێراندا و چ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی هاوسنووری ئێران کە هەوڵیان داوە لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیدا دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا بکەن کە ئاکامەکەی سزا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی لێ کەوتۆتەوە و ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و بژێوی خەڵکی ئێران داناوە.

بۆیە هەر کاتێک کەس یان کەسانێک لە جیابیران بەدەستی دەستگای قەزایی ئێران حوکمی ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێندرێ و لەسەر دەستی هێزە ئەمنیەتییەکان و دەزگای دادی ڕێژیمەوە ئەو سزایە جێبەجێ دەکرێ حەتمەن کارەساتێک یا ڕووداوێک لە نێوخۆی ئێران یا دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەهۆی لێکدانەوە و تێروانینی هەڵە لە زانستی سیاسەت و سەردەم لەسەردەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕووی داوە کە دژکردەوەی نێوخۆیی و دەرەوەی لێ کەوتۆتەوە و بۆ ئەوەی بیروڕای گشتیی لەنێوخۆ و جیهان لەو ڕووداوە دوور بخەنەوە، لەو کاتەدا ماشێنی ئێعدام بە پاساوی بێبنەما دەستی بەکار کردوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کەڵکوەرگرتن لە سزای ئێعدام و بایەخنەدان بە گیانی مرۆڤەکان لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی، تەمەنی بە ڕادەی تەمەنی ئەو نیزامەیە. واتە ئێعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نێوەرۆکی سیاسیی بەخۆیەوە گرتوە، بەو مانایە ئێعدامی کەس یا کەسانی سیاسی و جیابیر لەپێناو مانەوە و درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو نیزام دایە.
ئەگەر سەردەمانێک سزای ئێعدام بۆ پێشگیری لە تاوان و تاوانکاری لەنێو برگە و مادده یاساییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری سەر گۆی زەوی جێی بۆ کرابووە، دەبینین بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە بوارە جۆراجۆرەکانی زانست و جێگیرکردنی ڕێکاری دیکە بۆ کەمکردنەوەی تاوان و تاوانکاری زیاتر لە ٨٠٪ وڵاتانی دنیا یا هەر سزای ئێعدامیان بەیەکجاری لە یاسای سزادانی خۆیاندا هەڵگرتوە و یا ئەگەر لە یاساشدا مابێ کاری پێ ناکەن. چونکە بە زانستی کۆمەڵناسی و تاوانناسی ئەوە سەلمێندراوە کە سزای ئێعدام نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی تاوان و تاوانکاری بەمەبەستی سەلماندنی ئەو بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە پرۆسەی ئێعدامەکان لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بکەین کە بە هەزاران مرۆڤ بەتۆمەتی جۆراجۆر لەلایەن دەستگای دادوەری کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و بێ ئەوەی لە دادگاییەکی دادپەروەر دادگای کرابێن جێبەجێ کراوە و هەروەها بەبێ ئەوەی دەستیان بە پارێزەر ڕاگەیشتبێ و پارێزگاریی لە مافەکانیان بکا و تەنانەت تۆمەتی تاوانیان لەسەر سەلمێندرا بێ. بەو حاڵەش و دوای ئێعدامکردنی هەزاران کەس ماشێنی ئێعدام لە کۆماری ئیسلامیدا هەروەک ڕۆژەکانی یەکەم چالاکە و ئەوە پیشاندەری ئەوەیە کە سزای ئێعدام لە هەر حالەتێکدا نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێ.

هەروەک پێشتر باس کرا، کۆماری ئیسلامی بە ئێعدامی هەر تاکێکی زیندانی دەیەوێ پەیامێکی بەهێز بدا بە گەلانی ئێران کە ئەو حکوومەتە هەم هێز و هەم ئیرادەی هەیە بۆ ئەوەی لەپێناو مانەوەی خۆی بە ئاسانیی گیان لە مرۆڤەکان بستێنێ چونکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەزگای داد سەربەخۆ نییە و ئەگەر لەهەر سیستەمێکی



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتدارییدا دەزگای قەزایی سەربەخۆ نەبوو، ئەو دەزگایە ناتوانێ دادپەروەر بێ و لەو جۆرە ڕێژیمانەدا ئەگەر کەس یا کەسانێک چ بە تاک و چ بەکۆ نارەزایەتی دەرحەق بە سیاسەت و بەڕێوەبەریی دەزگای حاکمە دەرببڕن ئەو حکوومەتە دەستی ئاوەڵەیە و بەتوندترین شێوە سەرکوتی خەڵکی ناڕازی بکا بێئەوەی لە بەرانبەر هیچکەس ولایەنێکدا وەڵامدەر بێ.
ڕێژەی ئێعدام ساڵ بە ساڵ و بەپێی قۆناغەکانی ژیانی کۆماری ئیسلامی چۆتە سەرێ و بەشی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەڕوونی پێناسەیەک بۆ تاوانی سیاسی نییە هەتا بەپێی ئەو پێناسەیە تاوانباری سیاسیی سزای بۆ دیاری بکرێ و لە دادگاکاندا کاری پێ بکرێ. بۆیە لە هەلومەرجێکی وادا کە دەزگای دادوەری سەربەخۆ نییە، دەستی هێزە ئەمنیەتییەکان و دادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئاوەڵەیە کە ڕوانگە و بۆچوونی هەر کەس و لایەنێک بە جۆرێک لە جۆرەکان کە لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستێکی ڕێژیم نەبێ و چ بە نووسین یا بەدەنگ و یا بەشێوەی کرداری نارەزایەتی دەرببڕێ و یا داوای مافەکانی خۆی یا گەلەکەی بکا بەتاوانی "شەر لەگەڵ خوا و بڵاوکردنەوەی فەساد لەسەر زەوی"، "محاربە و مفسدفی الارض" تۆمەتبار دەکرێ و لە دادگایەکی ڕواڵەتی و لە پشت دەرگا داخراوەکاندا تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەکەنەوە بێ ئەوەی تۆمەتبار توانای پارێزگاری لە خۆی هەبێ حوکمی ئێعدامی بەسەردا دەسەپێنن.

هەر کاتێک دەسەڵاتدارانی تاران هەستیان بەوە کرد کە ئێعدام بەگشتی و ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەستیاری دروست دەکا و نارەزایەتیی خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوخۆ و دەرەوە لێ دەکەوێتەوە، پەنا دەبەن بۆ سازکردنی سناریۆیی جۆراجۆر وەک هێنانە مەیدانی سکاڵاکاری تایبەت کە سکاڵا لەسەر تۆمەتبار تۆمار بکا بۆ ئەوەی بتوانن لەژێر ناوی حوکمی قەساس ئێعدامەکان جیبەجێ بکەن و یا دروستکردنی پەروەندەی ئەمنیەتیی بۆ تۆمەتبار یا تۆمەتباران کە سەر بە دەزگای سیخوڕی فلان و فیسار وڵاتن و گوایە ئەمنیەتی ئێرانیان خستۆتە مەترسی و لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نیزامەوە هەوڵ دەدن بەستێنی مەشرووعییەتی ئەو ئێعدامانە لە بیروڕای گشتیی ئێراندا دروست بکەن. بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتیی و کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەتی ئەوە باش دەزانن کە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا دەزگاکانی ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی و دادوەرەکانی دادگاکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان سناریۆنووس و خۆشیان بڕیاریدەری کۆتاییان لەسەر چارەنووسی ئەو تۆمەتبارانەی کە دەیانەوێ بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و یا بەمەبەستی تایبەتی خۆیان لە ڕێگای ئێعدامەوە گیانیان لێ بستێنن و لە مافی سروشتی ژیان کە مافێکی سەرەتایی هەموو گیانلەبەرێکی سەر گۆی زەوییە بێبەشیان بکەن.

لە دوای ڕاپەڕینی ژینا لە هیچکەس شاراوە نییە کە کۆمەڵگەی ئێران بۆتە دوو جەمسەری، لەلایەک زۆرینەی خەڵکی ناڕازی کە خوازیاری ڕووخانی نیزامی کۆماری ئیسلامین و لەلایەکی دیکەوە کەمینەیەکی بچووک کە لایەنگری دەسەلات و

## بەشی چوارەم

مانەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامین و ئەو کەمینە بچووکە بۆ مانەوە و پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست بۆ هەموو کارێک دەبن ئەگەر بەپێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت یاساکانی خۆشیان بێ.

لە هەلومەرجی وادا بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام هەروەک باس کرا یەکێک لەو ڕیکارانەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران بە پاڵپشتیی لایەنگرانی خۆیان بۆ پاراستنی نیزام بە بەربڵاوی و بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسا و ڕیسایەک بەڕێوەی دەبن. بۆیە دیتمان دوای سەرکوتی بێبەزەییانەی شۆڕشی ژینا کە شەهید و برینداریکی زۆری لە خەڵکی ناڕازی سەرشەقام لێ کەوتەوە دەسەڵات دەستی کرد بە ڕەشبگیری خەڵک و لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکان هەزاران کەس لە گەنج و پیر ڕەوانەی زیندانەکان کران کە بەپێی ئامارەکان لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا نیزیک بە ٦٩٧ کەس بە پاساوەی بێبنەما ئێعدام کراون و بەپێی ڕاگەیەنە گشتییەکان و ئاماری ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو ڕادەیە ٩ کەس لەو ئێعدامییانە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینی ژینا بوون. بەڵام دەبینین بەو ئێعدام و زیندانیکردنە بەربڵاوە نەک زۆرینەی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵات، نەترساون و پاشەکشەیان نەکردوە، بەڵکوو سوورتر بوون لەسەر ویست و داواکەیان کە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا لە سەدەی بیستەم کە سەدەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارێکدا بوو، دروست بوو. بەڵام نێوەرۆکی هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو کە نێوەرۆک و باوەڕەکانی ئەو نیزامە لەگەڵ ڕوحی سەردەم و شێوازەکانی دەسەڵاتداریی نوێ بێگانەیە و پابەندە بە ڕەوالی کۆنی دەسەڵاتداریی کە لەسەر بنەمای یاساکانی سەدان ساڵ پێش داڕێژراوە. بۆیە بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵات ماوەی ٤٥ ساڵە بە بەکارهێنانی هەموو کەرەسەیەکی دژە مرۆڤی و نامرۆڤانە بەدژی خەڵک، بۆتە سێبەری مەرگ بەسەر کۆمەڵگەی ئێران دا.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

## ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، یەک ڕەگەز و یەک ڕێباز



سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ دوای کوشتنی بەئانقەستی "ژینا ئەمینی" و دوای ناشتنەکەی لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانیدا کە هاوکات لەگەڵ ساڵرۆژی ٣٠ساڵەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران و کوردستانی بەرەو قۆناغێکی دیکە برد. ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە ساڵ و نیوی ڕابردوو و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەی کۆماری ئیسلامییش جێی هیچ شک و گومانێکیان نەهێشتۆتەوە کە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ناوی ژینا کلیل وشەی جووڵانەوەکانی دی و بەردەوامیی ئەو ڕاپەڕینە هەتا کۆتاییهێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەدیهێنانی مافی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دەبن. بەڵام لە گەرمەی ڕووداوەکانی هەر ئەو ڕاپەڕینەدا چەند پرس و بابەتێکی سیاسی و هەویتیی گرینگ ورووژا کە شیاوی هەڵوێستە لەسەر کردنن.

لە ڕەوتی سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینە بەربەرینە لە نێوخۆی ئێران و کوردستاندا، ئۆپۆزیسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە چەپ و ڕاست، کۆماریخواز و سەڵتەنەتخواز لە دەرەوەی وڵات کەوتنەخۆ بۆ ئەوەی لە نەمانی کۆماری ئیسلامیدا پشکی زیاتریان لە دەسەڵات و حوکمڕانی پێ ببرێت. لەو نێوەدا سەڵتەنەتخوازەکان بە هەموو لایەنەکانیانەوە زۆر چالاکتر لەوانیدی لە هەولی ئەوەدا بوون بیروڕای کۆمەڵگە ئێران و جیهان بەرەو ئەو بابەتە ڕابکێشن کە گەلانی ئێران دوای ٤٥

## بەشی چوارەم

ساڵ لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی پەژیوان بوونەتەوە و بەخڕی داوای گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی دەکەن. سەڵتەنتخوازەکان بە گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوە و دەرکەوتن لە میدیا پڕبینەرەکان و هەوڵدان بۆ جێخستنی ڕەزا پەهلەوی وەک هێمای یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بەدوای ئەوە بوون ناوبراو وەک کەسێک لە پلەوپایەی پاشادا بە کۆمەڵگەی ئێران و جیهان بناسێنن. بەداخەوە ئەو هەڵسوکەوتەی سەڵتەنتخوازان و هاوپەیمانەکانیان لەو سەردەمە هەستیارەدا کە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاپەریبوو، و پێویستیی بە یەکگرتوویی هەمە لایەنە هەبوو؛ ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیونی تووشی تەفرەقە و لێکبڵاوبوون کرد. لە هەمان کاتدا سەڵتەنەتخوازەکان بانگەشەی جۆراوجۆریان بەدژی گەلانی مافخوازی وەک کورد، بەلووچ و عەرەب و.... دەکرد و تاوانباریان دەکردن بە کاری نەکردە، کە ئەو سیاسەتە نادروست و نابەجێ و گومانـاوییە بوو بە هۆکاری زیاتر لێکترازانی ئۆپۆزیسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامی و ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ خۆگرتنەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە و درێژبوونەوەی تەمەنی ڕێژیم.

ئیستا پرسیارە ئەوەیە دەبێ چ ڕووی دابێ کە گەلانی ئێران بۆ ڕێژیمی پاشایەتی پەژیوان بوویێتنەوە؟ جیاوازیی ئەو دوو ڕێژیمە -پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی- لە ڕوانگەی مادده و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی ئێران لە چیدایە؟ ئەگەر ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەندە باش بووە، بۆ ٤٥ ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە دانی خوین و قوربانییەکی زۆر ڕووخاندیان؟

بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئێستادا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەڵاتە و حوکمرانیی ئێران دەکا، لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی جینایەت و کارەسات خوڵقاندوە کە لە جینایەت و تاوانخوڵقێنیدا ڕێژیمی پاشایەتیی ڕووسوور کردوە. ئەوانەش کە لایەنگری لە گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی دەکەن وا باشە بۆ ڕابردووی نە زۆر دووری مێژووی هاوچەرخی ئێران بگەڕێنەوە و لە خۆیان بپرسن ئەگەر ڕێژیمی پاشایەتی لە هەموو بوارەکانی دەسەڵاتدارەتیدا ئەوەندە خەڵکی و گەلی بووە، ئەدی چۆن بوو لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی پەهلەویی باوک و کوڕدا بە چەندین نارەزایەتی و شۆڕش لە سەرانسەری ئێراندا سەریان هەڵدا و تەنانەت محەممەدڕەزاشا لە ترسی تووڕەیی خەڵک چەند جار ناچار بوو ئێران جێ بهێڵێ و تەنیا ئەوکات بگەڕێتەوە بۆ ئێران کە بە پاڵپشتی بیگانە و ئەرتەش کودەتا بە سەر ویستی خەڵکدا کرا.

هەر لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا بە چەندین جووڵانەوەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بەتوندی و زۆر بێبەزەییانە سەرکوت کران کە جووڵانەوەی گەڵی کورد یەکێک لەو جوڵانەوانە بوو کە سەرەڕای ئاشتیخوازیی ڕێبەرانی بە پاساوی بێ بنەما کەوتە بەر شاڵاوی سەرکوت و کوشتوبڕ. هەر لەسەردەمی نیزامی پاشایەتیدا لە سەرانسەری ئێران و کوردستان بە هەزاران هەزار ئازادیخوازی ناڕازی لە حوکمڕانیی نیزامی پاشایەتی خرانە بەندیخانەکانەوە و بە سەدان



سەرچاوە Serchawe

کەس لەوان ئێعدام کران و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی ساواکدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

لە سەردەمی ئیستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانە، لە هەر وڵاتێکدا یەکەم بابەت کە دەبێتە پێوانە بۆ ناسینی سیستمێکی حوکمڕانی، قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەیە. چونکە قانوونی بنەڕەتی بەرزترین قانوونی هەر وڵاتێکە و لە نێوئاخنی ئەو قانوونەدا بناخەکانی سیستمی حوکمڕانی دیاری کراوە و ئاماژە بە مافەکانی خەڵک و چۆنیەتیی پاراستنیان دراوە. بۆ ئەو باسەش ئەگەر بە کورتییش بووبێ چەند ئەسل و بڕگەی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی پێکەوە هەڵدەسەنگێنین و هەر لەو هەڵسەنگاندنەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو نیزامە لە بواری حوکمڕانی و تێڕوانینیان بۆ مافەکانی گەلانی ئێرانەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نییە.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەم ڕێژیمی پاشایەتی و هەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شێوازی حوکمڕانییان لەلایەن گەلانی ئێران تاقی کراوەتەوە و لە مەیدانی کردەوەدا بەڕوونی دەرکەوتوە کە دەرحەق بە ماف وئازادییەکانی گەلانی ئێران بەپێی بڕگە و مادده قانوونییەکان کە دەسەڵاتداران بۆ حوکمڕانیی خۆیان پشتی پێ دەبەستن هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نییە. لە پێکهاتەی هەردوو ڕێژیمدا هاتوە کە دەسەڵات دەبێ لە دەستی یەک کەسدا بێت، چونکە باوەڕیان وایە پاشا یا ڕێبەر نوێنەری خودا لەسەر زەوین و خەڵک پێویستی بە کەفیل و سەرپەرەست هەیە.

لە قانوونی بنەڕەتیی سەردەمی پاشایەتیدا لە ئەسلی (٣٥)دا هاتوە "سەڵتەنەت دیاریی خواوەندە لەلایەن خەڵکەوە دراوە بە پاشا" و لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسلی (٥)دا هاتوە "لە سەردەمی غاییبوونی ئیمامی زماندا ویلایەتی ئەمر و ڕێبەری ئۆممەت لە ئەستۆی فەقیهێکی عادڵ و دروستکار و...ە کە بەپێی ئەسلی (١٠٧) ئەو بەرپرسیارەتییە هەڵدەگرێ." لەو دوو ئەسلەی قانوونی بنەڕەتیی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە هەم پاشا و هەم ڕێبەر خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهان و لە بەرانبەر هیچ کەس و لایەندا وەڵامدەر نین، چونکە سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیان نە لە ئیرادەی خەڵک بەڵکوو لە ئاسمانەوە وەرگرتوە. ئەسلی (٤٤)ی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ: "خودی پاشا هیچ بەرپرسیارەتییەک هەڵناگرێ و وەزیرەکانی دەوڵەت لە هەموو کارەکانیاندا وڵامدەری مەجلیسن" و بەپێی نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ڕێبەری ئەو نیزامەش لە بەرانبەر هیچ کەس و لایەنێکدا بەرپرسیار نییە چونکە ئەو ئۆرگانەی بە ناوی مەجلیس خوبرەگانی ڕێبەری کە ئەرکەکەی چاودێری بە سەر کاروکردەوەکانی ڕێبەرە، خۆی لە ڕێگای شورای نیگابانەوە هەڵدەبژێردرێ کە هەموو ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستنیژی ڕێبەرن.

## بەشی چوارەم

هەروەها سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی پاشا و ڕێبەر لە هەردوو قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتی ڕەها دراوە بە هەردووکیان. لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی لە ئەسڵەکانی (٤٦ هەتا ٥٥) بەشێک لە دەسەڵاتەکانی شا بریتین لە: دیاریکردنی سیاسەتی دەرەکی، فەرمانی گشتپرسی، دانان و لابردنی وەزیرەکان، بەخشین و پێدانی پلەوپایەی سەربازی، دەستنیشانکردنی بەرپرسانی یەکەمی دەوڵەتی بۆ کاروباری نێوخۆیی یا دەرەکی، دەرکردنی فەرمان بۆ جێبەجێکردنی قانوونەکان، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی، بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و... . لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامییش لە ئەسلی (١١٠)دا و لە ١١ بڕگەدا هەر هەمان دەسەڵاتەکانی پاشا دراوە بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. واتە جیاوازیی پاشا و ڕێبەر لە هەردوو سیستمی دەسەڵاتداری دا تەنیا لە شێوازی پۆشینی جلوبەرگیان و گۆانی تاج بە مەندیلدایە، دەنا لە بواری دەسەڵاتەوە هیچ جیاوازییەکیان پێکەوە نییە.

هەروەها لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی و نیزامی ئیسلامیی ئێراندا بێ ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی ئێران چ لە بواری نەتەوەیی و چ لە بواری ئاینییەوە، دینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی بە دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات دانراوە و لە هەردوو قانووندا پێداگری کراوە کە ئەو ئەسڵە لە هیچ بڕگەیەک لە زەماندا ئاڵوگۆڕی بەسەردانایە. ئەسلی یەکەم لە تەواوکەر "متمم"ی قانوونی بنەڕەتیی پاشایەتیدا دەڵێ: "مەزهەبی ڕەسمیی ئێران ئیسلام و شیعەی دوازدە ئیمامییە و دەبێ پاشای ئێران باوەڕدار بەو مەزهەبە بێ و بۆ پەرەپێدانی تێبکۆشێ". لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەسلی (١٢)دا هاتوە: "دینی ڕەسمیی ئێران ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە..." بە پێی ئەسڵەکانی (٥ و ١١٥) ڕێبەر و سەرکۆمار دەبێ باوەڕمەند بە دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بن.

٤٥ ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە هیوای ژیانێکی باشتر و دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتێک کە لەودا مافەکانی گەلانی پێکهێنەری ئێران و مافی شارۆمەندیی تاک تاکی خەڵکی ئەو وڵاتەی تێدا پارێزراو بێ، حکوومەتی پاشایەتییان ڕووخاند. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی یەکگرتوو ئایەتوڵڵا خومەینی و دارودەستەکەی بەناحەق دەستیان بە سەر شۆڕشی گەلانی ئێران داگرت و لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە مافەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتوون کە نیزامی پاشایەتی بۆی شکاندبوون. لەو حاڵەتەدا کە گەلانی ئێران لە مەودایەکی نزیک بە سەد ساڵ هەم نیزامی پاشایەتی و هەم نیزامی کۆماری ئیسلامییان تاقی کردۆتەوە و هەر دوو نیزام بە پێی نێوەرۆکی قانوونەکانیان و هەڵسوکەوتیان لە مەیدانی کردەوەدا نەک نەیانتوانیوە کۆکەرەوەی گەلانی ئێران بن، بەڵکوو بە گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن هەموو هەوڵیان ئەوە بووە فەرهەنگ و زمانی ئەو نەتەوانە لە نەتەوەی حوکمڕاندا بتوێننەوە. بەو تێگەیشتن و لە حاڵی ئێستادا کە گەلانی ئێران دەیانهەوی دەسەڵاتداری

## بەشی چوارەم

کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن و بەپێی ئەزموونی ڕابردوویان بە هیچ جۆر ناگەڕێنەوە بۆ دامەزراندنەوەی دووبارەی نیزامی پاشایەتی.

لە کۆتاییدا دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەر نیزامێکی سیاسیی لە ئێران دەسەڵات بگرێتە دەست، پێویستە لە داڕشتنەوە و نووسینەوەی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا دان بە فرەنەتەوەیی و فرەئایینی کۆمەڵگەی ئێراندا بنێ. واتە بە دابەشکردنی دەسەڵات و حوکمڕانی لە ئێرانی داهاتوودا هەموو گەلانی ئێران خۆی تیدا ببیننەوە و ئەوە تەنیا ڕێگای پاراستنی تەواوەتیی ئەو ئێرانەیە.

١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## لە نەورۆزەکەی کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێستا



لە سەردەمی ئێستادا هەر نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک هێما و شوناسە کە لە میللەتانی دیکەی جیا دەکاتەوە. گەلی کوردیش وەک هەموو نەتەوە ڕەسەنەکانی سەر ئاو و خاکی خۆی خاوەنی کۆمەڵێک هێما و شوناسە کە لەنێو گەلانی ناوچە و جیهاندا خۆی پێ دەناسێنێ. بەڵام ئەوەی گەلی کورد لە زۆربەی گەلانەی دیکەی جیهان جیا دەکاتەوە ئەوەیە زۆربەی ئەو گەلانە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بوونە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆیان و یادکردنەوە و ڕێزدانان بۆ هێماکانیان پتر دەبێتە ئەرکی دەوڵەتەکانیان کە بە چ شێوازیەک و لە چ کاتێکدا ئەو بۆنانە یاد بکەنەوە. بەڵام لای گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت ئەرکی پاراستن و تەنانەت ئاشناکردنی نەوە لەدوای نەوەی خۆیان بەو هێما و شوناسە نەتەوەییانە کەوتۆتە سەرشانی کۆمەڵگەی کوردەواری. لەو نێوەدا ئەرکی ڕێکخراوە سیاسییەکان گرینگە کە بتوانن لە ڕێگای خەباتی بێوەچان و ڕۆشنگەری لەنێو کۆمەڵگەدا گەشە بەو هەستە نەتەوایەتییە بدەن.مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی گەلی کورد پڕە لە ڕووداو و کارەساتی ناخهەژێن، بەڵام دەبینین بە هۆی بوونی ڕیکخراوی سیاسیی لە کوردستان و خەباتی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکان، گەلی کورد نەک توانیویەتی لە  گەردەلوولی ڕووداوەکان خۆی لە فەوتان دەرباز بکا بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایە توانراوە هەست وشعوری نەتەوایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە ڕادەیەک گەشە بکا کە جیهان دان بە بوونی نەتەوەی کورد دابنێ.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

نەورۆز واتە نوێبوونەوەی ساڵ جیا لەسەربردە مێژووییەکانی بە پێی هەڵکەوتی جوغرافیایی کورستان وشێوەی ژیانی کورد لەو ناوچەیە، یەکێک لەو بۆنانەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی دابەشکراودا وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی خۆی هەموو ساڵێک بە دەربرینی شادی و خۆشی و ڕێکخستنی ڕێورەسمی گەورە کە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێیدا بەشدار دەبن، ڕێزی لێ دەگرێ بەرەو پیلی ساڵی نوێ دەچێ.

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان ئەگەر لە هێندێک لە بەشەکانی کوردستان بە هۆکاری جیاواز وەک ڕێگری دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نەتوانراوە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی خۆ بنوێنی، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژساڵە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی یادی دەکرێتەوە. ٧٩ ساڵ لەوە پێش لە سەردەمی کۆماری کوردستان کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا کە چەندین برگەی وەک ڕێژەی پێشمەرگە و خوێندنەوەی وتار و شێعر لە خۆ دەگرێ بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆری شاری مەهاباد، ڕێز لە نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵ وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی دەگرن. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧، خاکەلیوەی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر سەردێری "جیژنی نەورۆز لە مەهاباد" نووسیویەتی: "ڕۆژی پێنجشەممە هەوەلی ساڵی ١٣٢٥ کاتێک کە هەتاو لە پشت کێوە جوانەکانی کوردستان گەردنی بەرز کردەوە و بە تیشکی تینداری خۆی مزگینی بەهاری تەروتازە و ڕۆیشتنی سەرماوسۆڵی زستانی بە ئافریدەکانی خوای بێهەوتا دەدا، مەهابادیش لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی (بارزانی) و دانیشتووانی خۆی وردودرشت، کیژولاو بە دڵێکی هێزدار و ڕوویەکی گەشەوە بۆ نیشاندانی بەروبووی کوردان کە چەندێک لەومەبەر باخەوانێکی بە ڕاوژێر ڕەنێوی هێناوە، وا ئامادە ببوون کە دۆست لە پێستی خۆیدا نەدەگونجا و لەبەر کەیفخۆشی نەدەحەجما، چونکە زۆر لەمێژبوو کە کورد نەورۆزی لەبەر زوڵموزۆری بلەوەزەکان لەبیر کرابوو و ڕۆژی واشی بە خۆیەوە نەدیبوو... پێشەوای معظمی کوردستان هاتە پشتی تریبوون و پاش ڕۆژباش و پیرۆزبایی ڕۆژی تاریخیی نەورۆزی کوردان، فەرمووی ئەو ڕۆژانە تورکیە و ئێران و عێراق خەریکی گفتوگۆن و دەیانهەوی پەیمانی مەنحووسی سەعداباد کە ماددەیەکی بە زیانی کوردانە لە حاڵی ئێستادا دەیانهەوی بۆ دوژمنایەتی کوردان تازەی بکەنەوە بەڵام دەبێ بزانن کە ئەو پەیمانە وەکوو لە پێشدا کاغەزپارەیەک زیاتر نەبوو ئێستاش کاغەزپارەیەک زیاتر نییە"...

دوای ٧٨ ساڵ لەو ڕێکەوتە لەلایەک دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە ڕۆژانە بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد خەریکی پیلانگێران و بەستنی پەیماننامەی ئەمنییەتین لەنێو خۆیاندا و لەلایەکی دیکەوە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی مافخوراو و خاک دابەش کراو بە هەموو شێوازێک بۆ پاراستنی هێما و شوناسی خۆی و وەدەستهێنانەوەی مافەکانی لە مەیدانی خەباتدا لەگەڵ ئەوەدا خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە وکاولکاری زۆری بەسەر دا هاتووە، هەر لەسەر پێیە و هەروا بە گوڕوتین و ساڵبەساڵ یەکگرتووتر بەگژ دوژمن و نەیارەکانیدا دەچێتەوە.

## بەشی چوارەم

ماوەی چەند ساڵێکە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆیان دروست دەکەن، هەوڵیان داوە نەورۆز وەک جێژنی نەتەوەیی بە بەشداریی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە باشترین شێواز بەڕێوەبەرن وپەیامی یەکگرتووی خۆیان بەگوێی دەسەڵاتدارانی تاراندا بچرپێنن. ئەوەی جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە بە بوونی هێزە سەرکوتکارەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بەڕێوەچوونی ئەو ڕێورەسمە نەورۆزانەی ئەو ساڵ گوڕوتینێکی دیکەیان پێوە دیاربوو و نیشانەی ئەوە بوو کە جووڵانەوەی مافخویستی و شوناسخوازیی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان نەک هەر لەسەر پێیە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە هەڵکشان و گەشەکردنە و هێزی ئینکار و سەرکوت ناتوانی بەچۆکی دابهێنێ و پاشەکشەی پێ بکا.

ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەوساڵ لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ساڵێکی پڕ لە خەبات و بەربەرەکانی لە درێژەی ڕاپەرینی ژینادا بە دژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێپەر کرد. بەڵام ئەوەی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەوساڵ -بێجگە لەوە کە گشتگیرتر و لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە چوون- لەساڵی ڕابردوو جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو ڕێورەسمە نەورۆزییانە لەگەڵ هەموو نەزم و دیسیپلینێک کە هەیانبوو، خاوەنی پەیامی سیاسیی زۆر بەهێز بوون ڕوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. جیا لە شێعر و پەخشان و وتار، پۆشینی جلوبەرگی خاکی و لەملکردنی جامانە و هەوری لە کۆڵکردن لەلایەن ژن و پیاو و کچ و کوڕی بەشدار لەو بۆنە نەورۆزییانەدا خۆی نیشانەی پشتگیری زۆرینەی خەڵکی کوردستانە لە خەباتکارانی خۆی کە ماوەی زیاتر لە ٤٥ ساڵە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئەو گەڵە بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە دەجەنگن. بۆ هەر کەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان جلی خاکی پێشمەرگانەی دەبەر کردبێ وجامانەی لەمل هاڵاندبێ، بە دیتنی ئەو هەموو خاکیپۆش و جامانە لەملانەلە گەڕی هەڵپەرکێی نەورۆزیدا بێ سێودوو هەستی پێشمەرگانەی دەبزووێ و شانازیی بە خۆی دەکا کە پێشمەرگەی گەل و نیشتمانی خۆی بووە. شانازی دەکا و دڵی ئۆقرە دەگرێ کە زەحمەت و کوێرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگانە و خوێن و قوربانیدانی لەپێناو گەلەکەی خۆیدا بە فیرۆ نەڕۆیشتوە وئەمرۆ ئاکامەکەی کە گەشەکردنی هەست و شعووری نەتەوەییە لە شەقامی شارەکان و گۆڕەپانی گوندەکان لە گەڕی شایی و گۆبەندی خەڵکی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی خۆی دەبینێ و لەشی شەکەتی پێدەحەسێتەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەوساڵ هەڵگری هەمان پەیامی نەورۆزی ٧٨ ساڵ لەمەوبەرە کە پێشەوای مەزن فەرمووی گەلەکۆمەکێی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا و سەرکوت و کوشتار و زیندان و ئێعدام ناتوانێ ئیرادەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی تێک بشکێنی. ئەو کاروانە خەباتە بە بەشداریی هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەتا لوتکەی سەرکەوتن درێژەی

دەبێ.

**لە کۆتاییدا جێژنی نەورۆز جێژنی یەکگرتووی نەتەوەیی لە هەموو خەڵکی کوردستان پیرۆز بێت.**

**٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

## ئەوەی پێشەوا کردی



**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین"**

لەمێژ ساڵە ئەو بەیتە لە شێعری شاعیری نیشتمانپەروەر پیرەمێرد وەبیرمان دێنێتەوە کە نابێ بۆ ئەو کەسانە کە شەهیدی نیشتمان و نەتەوەن بگرین و شیوەن بگێڕین، چونکە ئەوانە لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و پارێزگاری لە نیشتمان گیانیان بەخت کردووە. ئەو نەمرانە کە بە سەخاوەت و نەترسییەوە بەرەو پیری مەرگ چوون، نەک نەمردوون بەڵکوو لە دڵی میللەتێکدا جێی خۆیان کردۆتەوە و بە زیندوویی ماونەوە. هەروەها شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو دەڵێ: "... ئێمە لە ڕۆژی شەهیدبوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین و لەبەرچاوی بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین و وەک ئەوان تا سەر ئەو ڕێگایە بڕۆین." هەموو مرۆڤێک ئەوە باش دەزانێ کە ژیانی سەربەرزانە تەنیا ئەوە نییە کە لەش بە ئاسوودەیی بژی و بە مردنیش پەکی بکەوێ، بەڵکوو ژیانی سەربەرزانە ئەو ژیانەیە کە ڕۆڵ و نەخشی مرۆڤی تێدا دیار بێ و هەتا ئەو نەخش و ڕۆڵە گەورەتر و هەراوتر بێ ئەو ژیانەش گەورەتر و هەراوتر دەبێ و لە بیر و زەینی کۆمەڵگەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

## بەشی چوارەم

پێشەوا قازی محەممەد یەکێک لەو کەسانەیە کە بە کار و تێکۆشان و بەختکردنی گیانی مانای بە ژیانی نەتەوەیەک بەخشی، واتە دوای شکان و نسکۆیەکی زۆری جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بەڵام بە شێوازێکی دیکە ڕوحی وەبەر جووڵانەوەی کورد نایەوە وخوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ کرد و بە پرۆژەیەکی دیکە کە بتوانی هەست و شعووری نەتەوەیی پەرە پێ بدا و سەرنجی تاک تاکی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئەو پرۆژە نەتەوەییە کە خۆی لە ئیعلانی کۆماری کوردستاندا دەدیتەوە، رابکێشی و لەو سەردەمدا لە دەوری یەک ئامانج کۆیان بکاتەوە. ئەو پرۆژەیە بە ڕادەیەک جوان و ڕێکوپێک داڕێژرابوو لەگەڵ ئەوەی مەجالی سەرکەوتن و ئیدامەی حەیاتیان لێ بڕی، بەڵام ڕێباز و ئامانجی ئەو پرۆژەیە کە پێشەوا پەیکەری نەتەوەیەکی پێ نەخشاندبوو، دوای زیاتر لە سێ چارەکە سەدە هەروا بەردەوامە و لە حەرەکەت و جووڵاندایە.

لە ساڵوەگەڕی ئێعدامی پێشەوادا، باسکردن و نووسین لە سەر کار وکردەوەکانی پێشەوا هەرچەند بەکورتیش بێ، هەم ڕێز و وەفایەک بۆ پێشەوا و هەم ناساندنی هەرچی زیاتری پێشەوایە بە نەوەی نوێی کۆمەڵی کوردەواری.

پێشەوا بەو مەیل و ئیرادەیەی بە خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون هەیبووە لە ڕاستیدا توانیویەتی هەر زۆر زوو لە تەمەنی لاوەتیدا جێگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیدا بکاتەوە و ببێتە جێگای متمانە و ڕێزی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە. لە هەمان کاتدا پێشەوا کەسێکی نەترس و بوێر بووە و قەت نەچۆتە ژێر باری زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی حکومەتی لە ناوچەکە، بۆیە لای دوژمنانیشی ڕێز و قورسایی تایبەت بە خۆی هەبووە.

دێموکراسی و دەستەبەری ماف پایەیەکی سەرەکیی فیکر وکەسایەتیی پێشەوا بوو، و وایکردبوو کە دوور بێ لە دەمارگرژی و شوینیزم و بە واتایەکی دیکە لە گەڵ هەموو تێکۆشانی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بۆ چرکەساتێکیش مرۆڤایەتیی لەبیر نەچۆوە و مرۆڤەکان لە هەر ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەک بوون، لای پێشەوا نرخ و بایەخی ئینسانیی خۆیان هەبووە. پێشەوا بەو باوەڕەی بە دێموکراسی هەیبوو، ئیزنی نەدا کۆماری کوردستان بە لای چینێکی کۆمەڵگەدا لار بێتەوە و ئەوە ببێتە مایەی کێشە و ململانێی نێوخۆیی. بۆیە بەحەق دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان نموونەیەکی تاقانەی دەسەڵاتێکی دێموکراسییە لەنێو جەرگەی ناوچەیەکی دواکەوتوو کە گیرۆدەی سیستمە دیکتاتۆر و شوینیستەکانە. تەنانەت ئەو شێوە لە حکومەتداری کە لەسەر بنەماکانی دێموکراسی دامەزرابوو، کۆماری کوردستانی لە حکومەتی ئازەربایجان جیا دەکردەوە. بە واتایەکی دیکە پێشەوا لە بەکارهێنانی شێوازی دیکتاتۆری بە تەواوی بێزار بوو و ئەوەندەی بۆی کرابا ڕێ و شوێنی دێموکراتیکی لە کاروباری دەوڵەتی و حیزبیدا بەکار دێنا. ئەو لە وتارەکەی ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستاندا لەسەر دێموکراسی دەڵێ: "هەوڵمان داوە دێموکراسی بکەین بە ڕێبازی کارکردنمان و

هەڵسوکەوتمان لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکە دێموکراسی قودرەت و قووەتی حیزبی دێموکراتە".

پێشەوا هەموو هەوڵی ئەوە بوو میللەتی کورد مافی نەتەوایەتیی خۆی وەدەست بێنێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسی، قوتابخانەی هەبێ، فەرهەنگی نەتەوایەتیی خۆی پەرە پێ بدا و بوونی خۆی وەک نەتەوەیەک لە دنیای ئەورۆدا نیشان بدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیستێکی تەنگنەزەر نەبوو، بەڵکوو ئینسانیکی دێموکرات و ئازادە بوو؛ بۆیە پێشەوا لە گەڵ ئەوەدا وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی گەلی کورد دەناسرێ، لای دۆست و دوژمنیش بە کەسێکی باوەڕدار بە دێموکراسی ناو دەبردرێ.

پێشەوا لە رووی هەڵسوکەوت و بڕیاری سیاسییەوە تاکڕەو و خۆسەپێن نەبوو، و ئەوەش لە ئیمان بە کۆمەڵانی خەڵک و بە حیزب و ڕێکخراوی حیزبییەوە سەرچاوەی گرتبوو، پێشەوا تەنانەت لە هەلومەرجی ئەو دەمیشدا هیچ کارێکی گرینگی بێ ڕاوتەگبیر نەدەکرد. هەرچەند لە باری تێگەیشتن و وریایی سیاسییەوە پایەی لە هاوکارەکانی یەکجار بەرزتر بوو، بەڵام هەروەک باس کرا بێ ڕاوێژ و ڕا وەرگرتنی هاوکارەکانی دەستی بۆ کارەکان نەدەبرد و هەوڵی دەدا هەر کارێک پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتی هەبێ، دەنگی هەموو لایەکی لەسەر بێ. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەتوانین ئیشارە بەو وتووێژە بکەین کە ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ پێشەوا پێکی هێناوە و لە وڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: "ئەمن بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی".

پێشەوا دەیزانی بۆ سەقامگیری و جێگیرکردنی کۆماری کوردستان پێویستیی بە بەشداری هەراوی خەڵکی کوردستان هەیە، هەربۆیە بۆ ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی ئیعلان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نوێنەری خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ماکۆوە بگرە هەتا کرماشان نارد و داوای کرد هەموو شارەکان نوێنەری خۆیان بۆ کردنەوەی ڕێوڕەسمی کۆماری کوردستان بەشدار بکەن. پێشەوا بە بەردەوامی تێدەکۆشا ڕیزەکانی نێوخۆی گەل یەکگرتوو بکا، لەو ڕاستییە مێژوویی باش تێگەیشتبوو کە یەکێک لە هۆ ئەساسییەکانی شکانی یەک لە دوای یەکی ڕاپەڕینەکانی کورد، نەبوونی یەکیەتیی و یەکدەنگیی نێوخۆی ئەو جووڵانەوانە بووە. پێشەوا لەو سەردەمدا لە نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان عەشیرەتەکان و یەکخستنیان لەسەر بەرنامەیەکی نەتەوایەتی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو لە وتاری ڕۆژی ئیعلانی کۆماردا سەبارەت بەو مەسەلەیە ئاوا باس دەکا: "... ئیختلاف و دووبەرەکیمان نەهێشتووە و ناوی عەشیرە و تەوایف هەرچی ئەسبابی نفاق و پرش وبڵاوییە فڕێ دراوە و هەموو لایەکمان لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبووینەوە و بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکان تێدەکۆشین".

ئینساندۆستی و دێموکراتبوونی پێشەوا لە لێکدانەوەی نەخشی ژنان و لاوان لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ. پێشەوا لەو باوەڕەدا بوو کە لەسەدەی بیستەمدا نابێ ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ لە هاوبەشی لە کاروباری سیاسی وکۆمەڵایەتیدا بێبەش بکرێن و پێویستە ڕێگایان بۆ بکرێتەوە کە شان بەشانی پیاوان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکاندا بەشدار بن. هەربۆیە لەسەر دەستی پێشەوا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا ژنان بوون بە خاوەنی ڕێکخراوی خۆیان و لە هەمانکاتدا شانبەشانی ڕێکخراوی ژنان، لاوانیش ئەو هەل و فورسەتەیان بۆ پێکهات کە ڕێکخراوی خۆیان هەبێ و بەشدار بن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستاندا. پێکهاتنی ڕێکخراوی ژنان و لاوانی کوردستان و بەشداربوونیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی کۆماری کوردستاندا یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە پێشەوا لەو شانازییەدا بەشی ئەساسیی وەبەر دەکەوێ.

کاتێک بەهۆی تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی و پاشەکشەی سپای سۆڤیەت لە ناوچە و یارمەتی و پشتیوانیکردنی سپای ئێران لە لایەن بریتانیا و ئەمریکاوە هەلومەرجی ناوچەکە بە قازانجی دەسەڵاتدارانی تاران گۆڕا و بە زیانی دوو حکومەتی تازە دامەزراوی ئازەربایجان وکۆماری کوردستان شکایەوە، ئەرتەشی ئێران ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز گەیشتە شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان و بە پێچەوانەی تەوریز، بێ خوینرشتن لێی دامەزرا. پێش هاتن و گەیشتنی ئەرتەشی ئێران بۆ مەهاباد لە لایەن زۆر کەسەوە هەوڵ درابوو کە پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شار بەجێ بهێڵن و خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام نە پێشەوا و نە ڕێبەرانی حیزب ئەو کارەیان نەکرد و لەگەڵ خەڵک مانەوە. مامۆستا هێمنی شاعیر لەو بارەوە دەڵێ پێشەوا لەو هەلومەرجەدا فەرمووی: "... لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێمخۆش نییە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەنێو ئەواندا بمرم." هەر لەو بارەوە دەتوانین ئیشارە بە بیرەوەریی موتەزا زەربەخت کە ئەفسەرێکی ئێرانی لە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە بکەین کە لەکاتی شکانی تەورێزدا ڕوو لە کوردستان دەکا و بە زەحمەتێکی زۆر خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و دەفتەری کاری پێشەوا و ئاوا باسی ئەو ساتە وەختە دەکا:" ... قازی محەممەد زۆر لە سەرەخۆ و ئارام و میوانگر بوو و هەتا لە ژیاندا ماوم ئەو ڕستەیەی پێشەوام لەیاد ناچێ کە گوتی لەگەڵ گەلەکەم دەمێنمەوە و تا دەکرێ پێش بە ئاژاوە و خوێنرشتن دەگرم. با ئەوەی بەسەر خەڵکەکەم دێ بە سەر منیش بێ".

ڕۆژی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی یەکەم جەلەسەی دادگایی کردنی پێشەوا و هاوڕێکانی لە پادگانی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی کەسێکی نیزامی بەناوی سەرهەنگ غولامحوسێن عەزیمی دەستی بەکار کرد. چ ئەو کات و چ ئێستا دۆست و دوژمن دەیزانی ئەو دادگایە هیچ تایبەتمەندیی دادگای تێدا نییە و تەنیا ڕواڵەتێک لە دادگا بوو، بۆ ئەوەی بە بیروڕای گشتی بگوترێ کە قازییەکان لە دادگادا مەحکووم بە مەرگ کراون. لەو دادگایەدا ١٢ تۆمەت بەرەورووی پێشەوا و چەند

تۆمەتێکیش بەرەوڕووی سەدری قازی و سەیفی قازی کرانەوە کە هەموویان بێبنەما و بێنێوەرۆکن. جەلەسەی دووهەمی دادگا ڕواڵەتییەکە لە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی دەستی بەکار کردەوە و لە بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی واتە دوای سێ ڕۆژ لە جەلەسەی دووهەمی دادگا حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی لە لایەن دوژمنانی بەخوێن تینوو بەڕێوە چوو.

ئەو سەنەد و بەڵگانەی لەبەردەستدان، تەنانەت ئەوانەی بە دەستی دوژمنانی گەلیش نوسراون، بە ڕوونی ڕاستییەکانمان دێنە بەرچاو کە پێشەوا بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییە کە کەوتبوو سەر شانی، ئەوەندەی لە توانای دابوو لە دادگا ڕواڵەتییەکەی نیزامی پاشایەتیدا لە ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان وکاروکردەوەکانی کۆماری کوردستان دیفاعی کرد.

لە دادگادا پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێ بەڵکوو جووڵانەوەی گەلی کورد و ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانە لەو بەناو دادگایەدا موحاکەمە دەکرێ. پێشەوا گەل و نیشتمانی خۆی خۆش دەویست، هەربۆیە هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل وەکار خستبوو، هەموو هێز و توانا و بیروهۆشی خۆی لە پێناو کۆمەڵانی گەلی کورد دانا. پێشەوا لە هەموو کەس باشتر دەیزانی وڵاتەکەی چەندە دواکەوتووە و میللەتە خۆشەویستەکەی چەند بێ سێحەبە و لە چ هەژاری وچارەڕەشییەکدا دەژین. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە پێشەوا دەیزانی مردن و مەرگ چاوەڕوانیەتی، چونکە شارەزای مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد بوو و تاقیکردنەوەی دەیان ساڵەی خەباتی گەلی کورد دەریخستبوو کە دوژمن فێڵباز و زۆردارە و بە خوێنی ڕێبەرانی کورد تینووە؛ کەچی لە یەکەم چرکەی دەسبەسەرکردنی هەتا ژووری دادگا ڕواڵەتە داتاشراوەکەی لە هەموو شوێنێک تەنیا خۆی بە بەرپرسی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لەقەڵەم دا. پێشەوا مەبەستی ئەوە بوو هەم بەو سوێندە وەفادار بێ کە ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان لە پێش ئامادەبووان خواردی و هەم بواری تۆمەتباربوون لە سەر هەڤاڵەکانی کەم بکاتەوە. کاتێک دادئەستێنی دادگای نیزامی لە پێشەوا دەپرسێ بۆ شاری مەهابادت بەجێ نەهێشت و نەڕۆیشتی،

**پێشەوا لە وەڵامدا دەفەرموێ: "یەکەم لە بەر ئەو سوێند و پەیمانە کە لە نێونەتەوەکەمدا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی پێشی خوێنڕشتن بگرم، ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من دەکوشت".**

پێشەوا بۆ کورد ژیا و بۆ ئامانجەکانی کورد گیانی بەخت کرد، لە ماوەی تەمەنیدا هەرچی لە دەستی هات و زەمان و مەکان بواری بۆ ڕەخساندبێ بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەربەستی و بەختەوەری و ئازادی نەتەوەکەی کردی. لەو سەردەمەدا تەنیا لەژێر ڕێبەری و کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا بوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار بەو شێوە بەربەرینە بە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

دیاردە نوێیەکان ئاشنا دەبێ و هەستی نەتەوایەتیی گەشە دەکا وکۆمەڵێک لە ناتەبایەکانی کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە تەبا دەبن و لەژێر ئاڵای کۆماری کوردستاندا کۆ دەبنەوە.

**١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

# قەیرانخوڵقێنی بۆ تێپەڕین لە قەیران



دوای ئەوەی گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٧ و سەرەتاکانی ١٣٥٨ی هەتاویدا توانییان بە خوێن و قوربانیدانێکی زۆر ڕێژیمی پاشایەتی بڕووخێنن و سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بوون، ئایەتوڵڵا خومەینی و دارودەستەکەی لەو هەلە کەلکیان وەرگرت و دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی داگرت و بەپەلە و لە ڕاپرسییەکی ڕواڵەتیدا نیزامی کۆماری ئیسلامییان بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند. لەو سەردەمدا ئەو نیزامە هەم بۆ گەلانی ئێران و هەم بۆ دنیای دەرەوە نیزامێکی سیاسیی نامۆ و نەناسراو بوو. بەڵام زۆری نەبرد نێوەرۆکی ئەو نیزامە بەڕوونی دەرکەوت بەتایبەتی دوای پەسندکرانی قانوونی بنەرەتیی ئەو نیزامە و هەم گەلانی ئێران و هەم کۆمەڵگەی جیهانی هەستیان بەوە کرد لەگەڵ ڕێژیمێکی سیاسیی بەرەوڕوون کە هەر لە سەرەتاوە هێرشبەرە و بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا دەست لە هیچ شتێک ناپارێزێ و لە هەمان کاتدا دەیهەوێ سنووری دەسەڵاتدارەتیی خۆی لەژێر ناوی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی و پێکهێنانی ئۆممەتی یەکدەستی ئیسلامی، ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی بە ناوەندییەتی "شاری قوم" لە ئێران زیندوو بکاتەوە. ئەوە بەڕوونی لە پێشەکی و ئەسلی ١١ی قانوونی بنەرەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە (... بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی ئیسلامیبوونی شۆڕشی ئێران کە جووڵانەوەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی یەکجاری زوڵملێکراوان بەسەر زاڵماندا کە بەستێنی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکا، بەتایبەتی لە پەرەپێدانی پێوەندیی نێودەوڵەتی لەگەڵ جووڵانەوەکانی دیکەی ئیسلامی و خەڵکی هەتا ڕێگای پێکهێنانی "امت واحد جهانی"خۆش

بکا).

لەو کاتەوە هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەرکەوتنی ئەو ستراتیژییەی خۆیان بێجگە لە بەهەدردانی هەزاران میلیارد دۆلار لە سامانی گەلانی ئێران، دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی نارەوای وەک تیرۆر، بارمتەگیری، دانانەوەی بۆمب، تەقاندنەوە و ڕفاندنی کەسانی سیاسیی و جیابیر..... لە نێوخۆ ودەرەوەی ئێران نەپاراستوە. بەڵام دەبینین دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دوای ٤٦ ساڵ هەوڵی بەردەوام لەو پرۆژەیەدا نەک سەرکەوتوو نەبوون، تەنانەت نەیانتوانیووە نیزامێکی سیاسیی و ئابووریی سەقامگیر لە ئێراندا جێگیر بکەن. هۆکاری سەرەکیش ئەوە بووە کە هەم کۆمەڵگەی ئێران و هەم کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی زۆر زوو نێوەرۆکی ئەو نیزامەیان لێ ڕوون بۆوە و کەوتنە دژایەتیکردنی کار و کردەوەکانی ئەو نیزامە و ماوەی ٤٦ساڵە ئەو شەڕ و ململانییە لەنێوان دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەک و گەلانی ئێران لەلایەکی دیکە بەردەوامە و بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەتا ئێرە خواروخێچ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاتوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کاتێک هەستیان بەوە کرد بەو ئەندێشە و ئیدۆلۆژییە ناتوانن دەوامیان هەبێت و لەلایەن گەلانی ئێرانەوە هەر زوو تۆماری دەسەڵاتدارەتییان تێکەوە دەپێچرێ، کەوتنە هەوڵی خوڵقاندنی قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و بەو جۆرە توانییان تەمەنی ڕێژیمەکەیان هەتا ئێستا درێژ بکەنەوە. داسەپاندنی شەڕ بە فتوای ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨بەسەر کوردستاندا دەتوانین بڵێین دەستپێکی خوڵقاندنی ئەو قەیرانانە بوو. لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران کەسانی ساویلکە بە پاساوی ئەوەی دەستە و تاقمێکی لەدین هەڵگەراوە و بێباوەڕ بە ئیسلام دەیانهەوێ کوردستان لە ئێران جیا بکەنەوە، خۆیان دەگەیاندە کوردستان و لە بەرەکانی شەڕ بە دژی خەڵکی کوردستان شەڕیان دەکرد، بەو بیرکردنەوەیە کە ئەگەر توانییان سەرکەوتن بەدەست بێنن ئەوە توانیویانە ئەرکێکی ئاینی و مەزهەبیی خۆیان بەجێ بگەیەنن و ئەگەر لەو ڕێگایەدا کوژران چ باشتر کە شەربەتی شەهادەت دەنۆشن! ئەو شەڕفرۆشتنەی نیزامی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بە کوردستان و بەربەرەکانی ئازایانەی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر ئەو هێرش وپەلامارانەی سپای پڕچەککراوی کۆماری ئیسلامی وای کرد دەسەڵاتدارانی تارانی تووشی قەیرانێکی نێوخۆی بن و ئەمجارەیان بۆ ئەوەی بیروڕای کۆمەڵگەی ئێران لەسەر شەڕی کوردستان لابچێ، پێویستیان بە قەیرانێکی دیکە بوو کە هەم بیروڕای خەڵکی ئێران بەرەو ڕابکێشن وهەم دنیای دەرەوەی پێ سەرگەرم بکەن و بتوانن کۆمەڵێک ئیمتیاز هەرچەند کاتێش بێ بۆ حکوومەتە تازەکەیان دەستبەر بکەن. بۆیە دەبینین لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دەستەیەک بە ناوی خوێندکارانی پێڕەوەی ئیمام هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ٦٦ کاربەڕێکەر و دیپلۆماتکاری ئەمریکایی بەبارمتە بگرن و بەو کارە زومی ڕاگەیەندنە گشتییەکان لەسەر کوردستانی شەڕلێدراو کەم بۆوە و بارمتەگیری

لە باڵوێزخانەی ئەمریکا بوو بە ڕۆژەڤی هەواڵی هەواڵنێرەکانی نێوخۆی و دەرەکی.

ئەو دەورە لە قەیران خوڵقاندنە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە و قەیران بە قەیران دادەگیرسێت. بەڵام لەسەردەمی ئێستادا بە گۆڕانی هەلومەرجەکان و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی زۆر جاران هەر هەمان کرداری کۆماری ئیسلامی ڕوو لە خۆی دەکاتەوە، ئەوکاتە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەنگیان لێ بەرز دەبێتەوە کە زوڵمیان لێ کراوە، یان دەنا یاساوڕێساکانی نێودەوڵەتی پێشێل کراوە. بێ ئەوەی خۆیان لەو هەموو کردەوەیە بە خاوەن بکەن کە قانوونە نێودەوڵەتیەکانیان پێشێل کردووە و یاساوڕێسا نێودەوڵەتییەکانیان تێک داوە. بۆ جارێکیش بێ وا باشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی وەبیر خۆیان بێنەوە کە بە لەدایکبوونی ئەو نیزامە تێرۆر و بارمتەگرتن پێناسەی دەوڵەتیی بە خۆیەوە گرتووە. واتە تێرۆر و بارمتەگرتنی دەوڵەتی دیاریی نیزامی کۆماری ئیسلامین، چوونکە لە ڕابردوودا دەوڵەتان بە شێوەی گشتی لە پشتیوانیکردن لە کردەوەی تێرۆریستی خۆیان دەپاراست و بەدایمە هەوڵیان ئەوە بووە نەکا وەک پشتیوان و لایەنگری تێرۆریزم کە ئەوپەڕی قانوونشکێنی و تێکدانی ڕێوشوێنی نیونەتەوەییەوە بناسرێن، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە تیرۆریستیەکانی  ئەو ترس و خۆفەی تێک شکاند و هەموو هێڵە سوورەکانی بنەماکانی قانوونە نێودەوڵەتییەکانی بەزاند و پێناسەی تێرۆری دەوڵەتیدا بە تیرۆر.

لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی حماس و ئیسرائیل ب ئەو دەستتێوەردان و قەیران خوڵقێنانەی کۆماری ئیسلامی زیاتر و زیاتر دەرکەوت. بەتایبەتی دوای ئەوە کە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل بە لێدانی چەند مووشەکێک خانوویەکی کونسولگەری ئێرانی لە شاری دمێشق پێتەختی سورییە کردە ئامانج و چەندین فەرماندەی پایەبەرزی سپای قودسی ئێرانی تێدا کوشت. ئەو کردەوە نیزامییەی ئیسرائیل کێشەکانی ناوچەکەی بەگشتی و پێوەندییەکانی ئێران وئیسرائیلی بەتایبەتی گەیاندە خاڵی هەستیار کە هەموو لایەک خوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکرد ناوچەکە بەرەوە شەڕێکی نێودەوڵەتی ببات. ئیسرائیل بۆ لێدانەکەی خۆی پاساوی ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی فەرماندەرانی سپای قودسی داوە کە بە نیاز بوون بە هاوکاریی هێزەکانی حماس و گرووپەکانی دیکەی سەر بە ئێران گەڵاڵەی زەربەلێدان لە هێزەکانی ئیسرائیلیان دادەڕشت و بۆ پێشگیری لە زەربەخواردنی هێزەکانیان دەستپێشخەریان کردوە و لەو کۆبوونەوەیان داوە. لەو لاوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەنگیان لێ بەرز بووە و گوتیان نابێ جیهان لە بەرانبەر ئەو کردەوەی ئیسرائیل بێدەنگ بێ چونکە بەوە هەموو یاساوڕێساکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشێل کراوە و بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان کونسولخانە و باڵوێزخانە خاکی ئەو وڵاتەیە و لێدان لەو شوێنانە وەک لێدان لە خاکی ئەو وڵاتەیە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ئەو لێدوانانەیان دەدا کە خۆیان داڕێژەری سیاسەتی هێرش بۆ سەر ناوەندە دیپلۆماتیکەکان بوون. هێرش بۆ سەر بالوێزخانەی ئەمریکا (١٣٥٨)، دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی بریتانیا (١٣٩٠) و باڵوێزخانەی عەرەبستانی سعودی (١٣٩٤) و

تەنانەت ئاورتێبەردانی کەلوپەلەکانی نێو ئەو باڵوێزخانانە دەتوانن چەند نموونەیەک بن لە کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە ناوەندە دیپلۆماتیکەکان. خۆ ئەگەر بمانەوێ ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کرداری ئیسرائیل لە کونسولگەری ئێران لە سوریيە بەراورد بکەین دەبینین کرداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر پێشێلکردنی سەروەریی قانوونە نێودەوڵەتییەکانە هەتا کرداری ئیسرائیل. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی سیاسیی و دەسەڵاتدار لە ئێران حوکمی میوانداری هەیە و پاراستنی ناوەندە دیپلۆماتکارەکان لە بواری ئەمنییەتیەوە لە ئەستۆی خاوەنماڵە ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە هیچکام لەو ناوەندە دیپلۆماتیانە کە نوێنەرایەتی دەوڵەتی خۆیان لە ئێران دەکەن هێرشبەر نەبوون بۆ سەر خاک و بەرژەوەندییەکانی ئێران. بەڵام ناوەندی بەناو دیپلۆماتکاری کۆماری ئیسلامی لە سوریيە هەر بەپێی ئاماری کوژراوەکان کە هەموویان نیزامی بوون و دەرکەوت ئەو ناوەندە زۆرتر بۆ کاری نیزامی و گێرەشێوێنی لە لوبنان وسوریيە و فەلەستین کەلکی لێ وەرگیراوە.

هەر وەک گوترا ئەوە سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ خولقاندنی قەیرانێکی دیکە کە بتوانن قەیرانە نێوخۆییەکانی دوای ڕاپەرینی ژینا کە کەلێنێکی گەورەی لەنێوان دەسەڵات و خەڵک دروست کردوە پێ داپۆشن، بەتایبەتی سەرکەوتنی بەرەی خەڵک لە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەی مەجلیسی شورای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێبەری، و لە هەمان کاتدا بۆ دەرخستنی توانا و هێزی لانیکەم بۆ لاینگرەکانی خۆی. بۆیە بە ناوی وڵامدانەوەی توند بە ئیسرائیل لە نیوەشەوی ٢٥ی خاکەلێوەدا سپای پاسداران بە زیاتر لە ٣٠٠ مووشک و درۆنی جۆراوجۆر لە خاکی ئێرانەوە ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر خاکی ئیسرائیل کە سەتا ٩٩ی ئەو درۆن و مووشەکانە پێش ئەوەی بگەنە خاکی ئیسرائیل لەلایەن هێزی بەرگریی ئاسمانی ئیسرائیل و هێزە هاوپەیمانەکانی هەر لە ڕێگاوە تەقێندراونەوە و ئەو چەند دانەیەش کە گەیشتوونەتە خاکی ئیسرائیل زەرەوزیانی گیانیی لە ئیسرائیل نەداوە کە سەرنجی بخریتە سەر. دوای چەند ڕۆژێک هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە تۆلەی ئەو مووشەکهەڵدانەی ئێران بەتەنیا یەک مووشەک توانی لە قووڵایی خاکی ئێراندا یەکێک لە ناوەندەکانی ڕاداری ئێران تێک بشکێنی بێ ئەوەی زیانی گیانی بە هیچ کەس بگەیەنێ، واتە یەک مووشەک لە بەرانبەر ٣٠٠مووشەک و درۆندا و ئەوە شکانێکی گەورەی سیاسیی و نیزامی بوو بۆ دەسەڵاتداران و فەرماندەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەو جاریش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو شکانە سیاسیی و نیزامییە دووبارە ڕوویان لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران کردەوە و بەناوی بەرگیری لە بێسەرپۆشی"بی حجابی"هەزاران هێزی پۆلیس و تەنانەت سپای پاسدارانیان خستۆتە گیانی ژنانی ئێران و ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان بەبێ حورمەتی دەست بەسەریان دەکەن و لە بواری ڕوحی وجەستەیی ئەزیت و ئازاریان دەدەن.

سەرەڕای هەموو قەیرانخولقێنییەکان بەڵام هەم کۆماری ئیسلامی و هەم خەڵک دەزانن کە سەردەم بەتەواوی گۆڕاوە و

## بەشی چوارەم

**شۆڕشی مافەخوازانەی گەلانی ئێران بە هەموو چین‌وتوێژەکانییەوە هەنگاوەکانی بەرەو ئالوگۆری بنەرەتی لە نیزامی سیاسیی وڵاتدا ڕۆژبەڕۆژ خێراتر کردوە. دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بەدەست کەڵەوەکێشییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە جارز بوون و بە هەموو ڕێگایەکی مومکین دەیانهەوێ لەو دەسەڵات و حوکمڕانییە دوور بکەونەوە و بە ڕادەیەک لە ئۆپۆزیسیوونی دژبەری نیزام نزیک ببنەوە. بۆیە بە خاترجەمی دوا ڕۆژ ئی گەلانی ئازادیخوازی ئێرانە و قەیرانخوڵقێنی چیدیکە دادی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران نادا.**

**١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٤**

---

## یادیک لە ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد




ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتیکی تاڵ و دڵهەژێنە، لەو ڕۆژەدا ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد لە زیندانی تەورێز بە حوکمی دادگای شەرع بە تاوانی هاوکاریکردن لە گەڵ "دژی شۆڕش" ئێعدام کران و هەواڵەکەی لە لایان فەرماندای ئەو کاتی مەهاباد، "حمیدرضا جلالی‌پور" ڕاگەیاندرا. هەر وەکی گوترا ئەو ٥٩ کەسە بە تاوانی هاوکاری کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو مانگی خاکەلێوە و بانەمەڕی ئەو ساڵەدا بە شێوەی ڕەشبگیر دەست بەسەر کرابوون.

ئێستا کە ٤٤ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە قێزەونە دا تێپەڕ دەبێ، ڕوون نییە کە ئەو ٥٩ کەسە کە لە شاری مەهاباد گیرابوون، بۆ پێکەوە ئێعدام کران و کێ و چ کەسانێک بڕیاری ئێعدامی ئەوانیان دا و هۆکاری چی بوو. هەر ٥٩ کەس کە لە بواری تەمەن و تەنانەت کەسایەتیەوە پێکەوە جیاوازیان هەبوو چۆنە لە یەک دادگادا دادگایی کران و حوکم دران ئەو حوکمەش کە ئێعدامە لەسەر هەمووەمان یەکجێ بەرێوە چووە؟ دوای ئێعدام کردنیان بۆ جەنازەکانیان تەحویلی بنەماڵەکانیان نەدراوەتەوە یا لانی کەم شوێنی گڵکۆکەیان نیشانی بنەماڵەکانیان نەداوە؟

کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٢ی هەتاوی بەو جینایەتە دەیهەویست چ پەیامێک بدا بە خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر چاو لە

## بەشی چوارەم

وتە و نوسراوەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەم دا بکەین باشتر دەتوانین وڵامی ئەو پرسیارە و هەموو پرسیارەکانی تر بدەینەوە و شێوەی تێڕوانینی ئەوان لە سەر خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانین.

جەلاد سادق خەڵخالی لە ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا کە تەنیا چەند مانگ بەسەر بەدەسەڵات گەیشتنیان تێپەر دەبێ لە ڕۆژنامەی "کیهان" دا سەبارەت بە کێشەی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان بەو شێوەیە دەدوێ: "ڕێگا چارەی قەیرانەکانی وڵات ناردنی ئەرتەش بۆ سەر سنوورەکانە...". یا خومەینی لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا کە هەر لە ڕۆژنامەی کەیهان دا هاتووە، دەڵی؛ "ئەوانە لە ئیسلام دەترسێن، ئەوانە لە قانوونەکانی ئیسلام دەترسێن، ئەوانە دەیانهەوی ئیسلام نەبێ، ئەوە هەرشتێک بێت پیلانگێرییە. ئەگەر پیلانگێڕی ڕوویدا ئیدی ئێمە ناتوانین هەتاسەر دان بە خۆمان دا بگرین و پیلانگێریەکان قەبووڵ بکەین، مەسەلەکە ئیسلامە، لە مەسەلەی بەرژەوەندی موسوڵمانان دا ئێمە ناتوانین چاوپۆشی بکەین".

لە ڕاستی دا هەم لێدوانی خەڵخاڵی و هەم قسەکانی خومەینی ڕوویان لە کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو. چونکە هەر چەند ڕۆژ دواتر خومەینی فتوای هێرشی بۆ سەر کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دەرکرد و دەستووری بە ئەرتەش و سپا دا بە هەر نرخێک بێ کوردستان داگیر بکەنەوە و لەو کاتەدا خومەینی تەنیا بە ناردنی ئەرتەش و سپا بۆ سەر کوردستان ڕازی نەبوو، بەڵکوو دۆست و هاوکاری کۆنی خۆی سادق خەڵخاڵی وەک حاکمی شەرع، بە دەسەڵاتێکی ڕەهاوە ناردە کوردستان بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵک.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی لە سەرکەوتنی شورشی گەلانی ئێرانەوە هەتا ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨، چوارسەد و سی و هەشت کەس ئێعدام کراون و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی ڕانەوەستاوە و قۆناغی ئێعدام کردنەکان بە پێی هەل و مەرجی سیاسی لە ناو خۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەڵکشان و داشکاندا بووە. بەڵام قەت ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە کار نەکەوتووە؛ بۆ نموونە بە پێی ئامارەکان لە نێوان ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ی هەتاوی کە لوتکەی ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دابوو، دەهەزار و حەوسەد کەس ئێعدام کراون . لەو کاتەوە هەتا ئێستا نیزامی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵی لە ڕێژەی ئیعدام دا لە نێوان پلەبندی جیهانی دا پلەی دووهەمی لە دوای وڵاتی چین بۆ خۆی هێشتۆتەوە.

کاتێک ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد کە دوو مانگ لە گیرانیان تیپەڕ نەدەبوو بە بڕیارێک ڕادەگوزرێن بۆ شاری تەورێز، ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی شەرقی و لەوێ هەر ٥٩ کەسەکە لە یەک ڕۆژ و لە یەک کات دا ئێعدام دەکرێن، دەبێ

ڕوون بێت کە نێوەرۆک و ماهییەتی ئەم نیزامە کۆنەپەرەست و دژیگەلییە چی بووە.

ئەو ٥٩ کەسە لە تەمەنی جۆراوجۆردا بوون، لاوی تەمەن ١٦- ١٧ساڵیان تێدا بووە هەتا پیاوی کامڵی تەمەن ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵو لە هەمان حاڵدا لە چینو تویژی جۆراوجۆری شاربوون؛ لە قوتابی و خوێندکار هەتا دوکاندار و بازاڕییان تێدا بووە. هەربۆیە چ لە بواری تەمەنەوە چ لە بواری تێڕوانین بۆ ڕووداوەکان ئەو ٥٩ کەسە ناتوانن وەک یەک بن، بەڵام دادگای شەرعی تەوریز بێ گوێدان بە هیچ بنەمایەکی قانوونیو ئەخلاقی وەک ئەوە کە دەبێ زیندانی «تفهیم اتهام» بکرێو مافی ئەوەی هەبێ کە پارێزەر بۆخۆی دیاری بکا و لە دادگایەکی عادڵو دادپەروەردا دادگایی بکرێو دوای دەرچونی حوکمی دادگا مافی ئەوەی هەبێ تانە لە حوکمی دادگا بدا بۆ ئەوەی لە دادگای تێهەڵچوونو پێداچوونەوەدا داوای پێداچونەوە بۆ حوکمی دادگا بکرێو لە هەمان حاڵدا مافی ئەوەی هەبێ چاوی بە کەسو کارو بنەماڵەی خۆی بکەوێ. بەڵام دەبینین ماوەی زیندانی کردنو بەڕێوە چوونی حوکمی ئێعدام ئەوەندە کەمە کە مەجالی هیچکام لەوانەی سەرەوە کە باسمان کرد بەو ٥٩ کەسە نەدراوە هەروەکی ئەوە وابێ ئەو ٥٩ کەسە لە مەیدانی شەڕدا گیرابنو دادگای نیزامیان بۆ تەرتیب درابێ. لێرەدا ئەوە پرسیارە سەر هەڵدەدا ئەرێ بەڕاستی بۆ وا بە پەلە ئەو ٥٩ کەسە ئێعدام کران؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە بزانین هەلو مەرجی ئەوکات ناوچەکە چوون بووە. کاتێک ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد ئێعدام کران، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی توانای بەربەرەکانیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا نەبوو، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ بردنە سەری ڕۆحیەی هێزەکانیانو چاوترساندنی خەڵک کە هاوکاریی پێشمەرگە نەکەن، گرتنو ئەزیەتو ئازارو ئێعدام کردنی خەڵکی شارو گوندی کوردستانیان وەک ستراتیژیەکی نیزامی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان دیاری کردبوو و لەو سەردەمدا چڵەپۆپەی ئەو ستراتیژییە، ئێعدام کردنی ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد بوو.

لە کۆتایەکانی مانگی بانەمەڕو سەرەتای جۆزەردان ساڵی ٦٢ پێش ئەوەی ئەو٥٩ کەسە ڕابگوێزرێن بۆ زیندانی تەوریز و لەوێ ئێعدام بکرێن، لە یەکێک لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە قائیممقامی قەرارگای هەمزە بە ناوی "بروجردی" دەکوژرێ، ناوبراو لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و پەرەپێدان بە دیاردەی جاشایەتی لە کوردستان ڕۆڵی سەرەکی هەبوو. کوژرانو لە دەستدانی بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو. هەربۆیە کوژرانی "بروجردی" دژکردەوەی بەرپرسانی حکوومەتی تارانی لێ کەوتەوە. مێرحوسێن مووسەوی کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو، بە توندی هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی کوردستان و داوا دەکا هێزە نیزامیەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجردی بکەنەوە. هاشمی ڕفسنجانی و محسن ڕفیقدوست هەڵوێستی توند دەگرن و هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستانو حیزبەکانی کوردستان.

## بەشی چوارەم

دوای دەرکەوتنی ئەو دژکردەوانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ چەند کۆبوونەوەیەک لە مەهاباد پێک دێنن و بە هاوکاری قەرارگای هەمزە بڕیار دەدەن دژکردەیەوەیەکی توند نیشانی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان بدەن. هەربۆیە ئەو٥٩ کەسە کە لە ماوەی مانگەکانی خاکەلێوە و بانەمەڕدا دەست بە سەر کرا بوون ڕاپێچی زیندانی تەورێزیان دەکەن و لەوێش لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا هەر ٥٩ کەسەکە مەحکووم بە ئێعدام دەکەنو هەر لەوێش حوکمی ئێعدامیان لە سەر جێبەجێ دەکەن و بە پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو بە مەبەستی ترساندنی خەڵکی مەهاباد هەواڵەکە بە شێوەی ڕاگەیەندراوێکی فەرمانداری مەهاباد بڵاو دەکەنەوە.

١١ی جۆزەردانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## چارەنووسی سەرکۆمارەکانی ئێران، نەقڵەکەی کوێخای کۆن و نوێ



لە ماوەی ٤٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا هەتا ئێستا ٨ کەس وەک سەرکۆمار لە سیزدە دەورەدا پۆستی سەرکۆمارییان وەرگرتوە و لە نێو هەموو ئەوانەدا تەنیا عەلی خامنەیی توانیویەتی سەری سڵامەت لە سرینەوەی فیزیکی یا سیاسیی دەرباز بکات. ئەوانی دیکە یا لە ڕووداوی گوماناوی گیانیان لێ ئەستێندراوە، یا کاری سیاسییان لێ قەدەغە کراوە و هەوڵ دراوە لە کۆمەڵگەدا بێ قەدر و قیمەت بکرین. بەڵام بەو حاڵەش هەر چوار ساڵ جارێک یان ئێستا بە نەمانی سەرکۆمار بەهۆی ڕووداوی گوماناویی وەک ڕووداوی بەربوونەوەی کۆپتێری ئیبراهیمی ڕەئیسی پڕۆسەی بەناو هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی سەرکۆمار لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ و بۆ ئەو مەبەستە جۆرێک لە کێبەرکێش لە نێوان کەسانێکدا دروست دەبێ کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە بەربژێر دەکەن. ئەو لە حاڵێکدایە کە هەموو بەربژێرەکان دەزانن کە بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران و سەڵاحییەتی ڕێبەر، پۆستی سەرکۆماری پۆستێکی ڕواڵەتییە و کاربەڕێکەری سەرەکی حکومەت لە سێبەردایە.

لە ئەسلی ٥٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەڵێ کە هەر سێ دەزگای قانووندانان، دەزگای بەڕێوەبەریی "دەوڵەت" و دەزگای دادوەری لەژێر چاودێری ویلایەتی ڕەهای ڕێبەر دایە ولە ئەسلی ١١٠ی هەر ئەو قانوونەدا لە برگەکانی ٩و١٠ کە لە چوارچێوەی سەلاحییەتی ڕێبەردا باس لە پەسندکردنی کەسی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی سەرکۆمار و لابردنی سەرکۆمار



سەرچاوە
Serchawe

دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەو بەربژێرانە و کۆمەڵگەی ئێرانیش دەزانن کە چارەنووسی سەرکۆمار لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وەک نەقلی کوێخای کۆن و نوێ وایە.

دەگێرنەوە ڕێبوارێک بە لای گوندێکدا تێپەر دەبێ و دەبینێ لەبەر ماڵان شایی و هەڵپەڕکێیە و پیاوێک بە فیز و ئیفادەوە لەسەر کورسییەک لە نێوەڕاستی گەڕی هەڵپەڕکێیەکەدا دانیشتوە و لەو لاشەوە بە چەند کەسێک بە شەقان لە کەسێک هەڵدەدەن. کابرای ڕێبوار زۆری پێ سەیر دەبێ و نزیک دەبێتەوە و پرسیار دەکا ئەو شایی و هەڵپەڕکییە بۆ چ مەبەستێکە؟ وڵام وەردەگرێتەوە، ئەو کەسەی لە نێوەڕاستی هەڵپەڕکێدا دانیشتوە کوێخای نوێیە و تازە هەڵبژێردراوە و ئەوەی بەو چەند کەسە هەڵوای بە شەقانیان بۆ گرتوە کوێخای کۆنە. کابرای ڕێبوار بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: یانی ئەدی کوێخای نوێ نازانی ساڵێکی دیکە ئەوە چارەنووسییەتی؟

مێژوو و سەربردەی سەرکۆمارەکانی ئێرانیش لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوانیش بە دەردی کوێخای کۆن چوون. لێرەدا ئەگەر زۆر بە کورتییش بێ چاوێک بە چارەنووسی سەرکۆمار یا سەرۆکی دەزگای ئیجرایی لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا تازەترین سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسیدا بخشێنین، جا ئەوکات بەڕوونی ڕاستی ئەو پەندەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

یەکەم سەرۆکی دەوڵەتی کاتی (موقت) مێهدی بازرگان بوو کە دوای ماوەیەکی کەم ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کرا و لە پەیامێکدا کە بۆ خەڵکی بڵاو کردەوە گوتی سەرۆکی دەوڵەتێک کە بۆ هەموو دیدارەکانی پێویستی بە ئیزنی ڕێبەر بێ "تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کەلینی دیوار باشە." بەدوای ئەودا و بە تەئییدی خومەینی لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا بەنیسەدر بوو بە یەکەم سەرکۆمار لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵام دوای ماوەیەک کەوتە بەر غەزەبی حیزبی "جمهوریی ئیسلامی" و خومەینی و لە ئاکامدا مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە زۆرینەی دەنگ متمانەیان لێ وەرگرتەوە و خۆ ئەگەر فریای خۆی نەکەوتبایە دادگایی دەکرا و ڕەنگە حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاندبایە.

دوای لابردنی بەنیسەدر پۆستی سەرکۆماری بە محەممەدعەلی ڕەجایی پڕ کرایەوە، بەڵام دوای چەند حەتوویەک ئەویش لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات تووشی گیروگرفت بوو و بە ماوەیەکی کەم لەگەڵ سەرۆکوەزیرانەکەی محەممەدجواد باهونەر لە دەفتەری سەرۆکوەزیراندا لە تەقینەوەیەکدا کوژرا. عەلی خامنەیی بە دوای کوژرانی ڕەجاییدا بوو بە سەرکۆمار و لە کۆتاییەکانی دەوری یەکەمی سەرکۆماریدا بەدوای مەرگی خومەینی بوو، بە ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناوبراو تەنیا کەسێکە لەنێو سەرکۆمارەکانی ئێراندا توانیویەتی بگا بە پۆستی سەرەوەتر. بەدوای ئەوەدا کە خامنەیی بوو بە

ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی، پۆستی سەرکۆمار گەیشتە دەستی بە هاشمیی ڕەفسنجانی. ناوبراو سەردەمانێک لەدوای خومەینی بەهێزترین پیاوی نێو دەسەڵاتی ئێران بوو، و لە پێگەیاندن و گەیاندنی خامنەیی بە پێگەی ڕێبەریی ئەو نیزامە دەوری سەرەکیی گێڕا. بەڵام بەرە بەرە لەلایەن خامنەییەوە لە مەیدانی دەسەڵاتداریەتی ئێران وەلا نرا، بە چەشنێک کاتێک لە بەرانبەر ئەحمەدینژاددا خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماری بەربژێر کرد، شکستی خوارد و سێ ساڵ دواتر بە شێوەیەکی گوماناوی تەرمەکەی لە حەوزی مەلەدا دیترایەوە و هەتا ئێستاش هۆکاری مردنەکەی بۆ بیروڕای گشتی ڕوون نەکراوەتەوە. محەممەدی خاتەمی یەکی دیکە لە سەرکۆمارەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و ئەویش لەگەڵ ئەوەدا هەوڵی دا ڕوخسارێکی دیکە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی بوونی لە پۆستی سەرکۆماریدا نیشانی کۆمەڵگەی ئێران و جیهان بدا، بەڵام بەهۆی ساختاری نیزامی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و لە کۆتاییدا پاساوی ئەوە بوو کە سەرکۆمار لە ئێران کاربەرێکەرە و بڕیارەکان بۆ بەڕێوەبەری وڵات لە جێگایەکی دیکەوە دەردەچن و سەرکۆمار تەنیا جێبەجێکاری ئەو بڕیارانەیە. ناوبراو دوای نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ مافی سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵاتی لێ ئەستێندراوە و بڵاوکردنەوەی وێنە و لێدوانەکانی لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی نیزامدا قەدەغە کرا و بە کردار لە گۆڕەپانی چالاکی سیاسیی ئێران وەلا نراوە.

سەردەمانیک مەحموود ئەحمەدینژاد وا هەست دەکرا کە نزیکترین سەرکۆماربێ لە خامنەیی، ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی؛ بەڵام ئەویش هەر دەورەیک شانسی ئەوەی هەبوو دەسەڵات تەحەمولی بکا، کاتێک ویستی لە بەرەی خۆی زیاتر لاق ڕابکێشی لە گۆڕەپانی دەسەڵات وەلا نرا و تەنانەت بۆ شکاندنی کەسایەتیی لە کاتی سەفەر بۆ دەرەوی وڵات لەلایەن مەئموورانی ئەمنییەتی فرۆکەخانەوە پاسپۆرتەکەی لێ وەرگیرا و بۆ ماوەیەک ئیزنی سەفەریان پێ نەدا. یان ئەوکات کە ناوبراو لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٩٦ بۆ سەرکۆماری خۆی بەربژێر کردیوە، لەلایەن شوڕای نیگابانەوە شیاوییەکەی بۆ پۆستی سەرکۆماری ڕەت کرایەوە.

دوای ئەحمەدینژاد نۆرە دەگاتە ڕووحانی. کاتێک حەسەن ڕووحانی کە بە کەسێکی سیاسی- ئەمنییەتی دەناسرا بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا و توانی ڕێککەوتننامەی بەرجام لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ واژۆ بکا و بەرواڵەت کرانەوەیەکی سیاسیی و ئابووری بە ڕووی ئێراندا بکاتەوە و وانیشان بدا کە سەرکۆمارێکی سەرکەوتوویە، شانس یاری نەبوو و بە هاتنەدەرێی ترامپ سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا لە بەرجام چرای بەختی ڕووحانیش لای ڕێبەری نیزام ڕووی لە کزی دا و ئەویش کەوتە بەرغەزەبی ناوەندی دەسەڵات، بەجۆرێک کە لە هەڵبژاردنی مەجلیس خوبرەگانی ڕێبەری ساڵی ١٤٠٢ لەلایەن شوڕای نیگەهبانەوە ڕەتی سەڵاحییەت کرا.

## بەشی چوارەم

کۆتـا سـەرکۆمار ئیبراهیمـی ڕەئیسـی بـوو کە بـێ هـیچ گرفتێـک بە پاڵپشـتیی ڕێـبەری بـوو بە سـەرکۆمار. بەپێـی هەڵسەنگاندنەکان، دەوڵەتی ڕەئیسی لاوازترین هەیئەتی دەوڵەت بووە لە ماوەی تەمەنی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا. بە واتەیەکی دیکە دەتـوانین بڵێـین گـوێڕایەڵترین دەوڵەت بـوو لە بەرانـبەر "بەیتـی ڕێـبەری"دا. بەڵام بەو حـاڵەش دیتمـان ماوەیەک لەوەپێش لە کاتێکدا وەزیری دەرەوەشی لەگەڵدا بوو لە ڕووداوێکی گوماناویدا لە باڵەفڕێکدا و لە کاتێکدا دوو بـاڵەفڕی دیـکە ئیسـکۆرتیان دەکـرد، لە نـاوچەی "جلفـا"ی ئازەربایجـانی ڕۆژهەڵات کەوتە خـوارێ و هەمـوو ئەوانەی لە کۆپتێرەکەدا بوون بە ڕەئیسییەوە کوژران و ئەو ڕووداوە کۆتایی بە چارەنووسی ئەو سەرکۆمارەش هێنا.

ئێستا شوڕای نیگابان ڕۆژی ٨ی پوشپەری ئەوساڵی دیاری کردوە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماریکی دیکە و کۆمەڵێک کەس لە بازنەی دەسەڵاتدا بە هەڵەک هەڵەک ناوی خۆیان تۆمار دەکەن بۆ ئەوەی لە پاڵوێنەی شوڕای نیگابان دەربچن و شانسی خۆیان لەبە ردەرگای "بیت رهبری" بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرکۆماری بە تاقی بکەنەوە. ئیدی خافڵن لەوەی کوێخای نوێ ئەگەر وریا نەبێ بە دەردی کوێخای کۆن دەچێ و هەمان چارەنووس چاوەروانیەتی کە سەرکۆمارەکانی دیکە هەیانبووە. دیارە ئەو خول و سوورە لە بازنەی دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کۆتایی نایە، مەگەر بە نەمان و ڕووخانی ئەو نیزامە و هاتنەسەر دەسەڵاتێکی دێموکراتیک کە لەلایەن خەڵکەوە دەسەڵات دەستاودەستی پێ بکرێ.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

# کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە گەمەی سیاسیی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا



چەند ڕۆژ لەوە پێش هەواڵی کوشتنی ئیسماعیل هەنییە، سەرۆکی دەفتەری سیاسیی ڕێکخراوی حەماس لە تاران لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بڵاو بۆوە. ئەو هەواڵە وەک بۆمب لە سەرانسەری دنیا بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا تەقییەوە. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجی هەواڵنێر و شرۆڤەکارانی سیاسی بوو ئەوە بوو کە ئیسماعیل هەنییە میوانی ڕەسمیی حکوومەتی ئێران بوو و بۆ بەشداری لە ڕێورەسمی سویندخواردنی مەسعود پزیشکیان وەک سەرکۆماری نوێ ئێران بانگهێشت کرابوو.

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لێکدانەوە وهەڵسەنگاندن لەلایەن کارناسانی بواری جۆراوجۆری نیزامی و سیاسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەستی پێ کردوە و هەرکامیان بە تێڕوانینی خۆیان لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، پەنجەی کرداریان بۆ لای ئیسرائیل ڕاکێشاوە و هەموویان لەسەر ئەو بابەتە کۆکن کە بە هەر شێوەیەک ئیسماعیل هەنییە کوژرابێ، دەستی سازمانی ئەمنییەتی ئیسرائیل، موسادی لە پشتە. بەڵام ئەوەی مشتومڕی زۆری لەسەرە ئەوەیە ئەگەر کوشتنی ئیسماعیل هەنییە کاری دەوڵەتی ئیسرائیلە بۆ لە تاران و لە کاتێکدا ناوبراو میوانی ڕەسمیی دەوڵەتی ئێرانە و بۆ ڕێورەسمێکی دەوڵەتی ئێران بانگهێشت کراوە، ئەو کردەوەی ئەنجام داوە؟

ئەگەر بەپێی ڕووداوەکانی دواى ٧ی ئۆکتۆبر بێت کە ڕێکخراوی حەماس بە قسەی خۆیان بە سێ هەزار جیهادی هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل و، بە قسەی حکومەتی ئیسرائیل زیاتر لە ١٤٠٠کەس لە ژن و پیاو و پیر و منداڵی ئیسرائیلییان کوشت و زیاتر لە ١٥٠کەسیان وەک بارمتە لەگەڵ خۆیان بردە کەرتی غەزە و، دوای چەند ڕۆژ دەوڵەتی ئیسرائیل بە توندترین شێوەی مومکین هێرشی نیزامیی کردە سەر کەرتی غەزە و ڕێکخراوی حەماس و لەو کاتەوە هەتا ئێستا شەڕێکی قورس و خوێناوی لە نێوان ئەو دوو هێزە بەردەوامە، بەو ئاکامە دەگەین کە لایەنەکانی شەڕ دەست بۆ هەر کردارێک دەبن بۆوەی بتوانن زەبری کاریگەر لە یەکتر بدەن. بەڵام هەروەکی پێشتر باس کرا کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە تارانی بەناو پیتەختی "ام القری"ی ئیسلامییەکان بە دەیان پرسیاری جۆراوجۆری لای خەڵک و شرۆڤەکارانی سیاسیی دروست کردوە کە ئەگەر ئیسرائیل ئەو کارەی کردوە بۆچی تارانی بۆ کوشتنی ئیسماعیل هەنییە هەڵبژاردوە؟ بۆ کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکەی ئەو کاتەی دیاری کردوە کە سەرکۆماری نوێ حکومەتی ئیسلامی ئێران لە ڕێورەسمێکدا سوێند دەخوا کە دەیان میوانی خاریجی تیدا بەشدارن؟ چۆنە دەزگای ئەمنییەتیی ئێران بە تایبەتی سپای پاسداران نەیانتوانیوە پاریزگاری لە میوانی خۆیان بکەن کە سوور دەزانن لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک ئیسرائیل لە حالی شەڕدایە؟ چۆنە هەتا ئێستا حکوومەتی ئێران بە ڕوونی باس لە شیوازی کوشتنی ئیسماعیل هەنییە ناکا؟ ئایا دەزگای ئەمنییەتی ئێران دەیهەوی وەک بابەتی تەقەکردن لە فرۆکە ئۆکراینییەکە بڵێن ئەوە بابەتێکی هەستیارە و پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە و لەو ڕێگایەوە لە خەڵکی بشارنەوە؟ لە دواى بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی ئیسماعیل هەنییە ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئێران بە چاکسازیخواز و توندئاژۆوە لە زورنای شەڕ دەدەن بێئەوەی ڕەخنەیەک ئاراستەی دەزگای ئەمنیی حکوومەتی ئێران بکەن. ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئێران بە لیدانی تیتری "تۆڵەی خوێنی میوان لەسەر خاوەن ماڵە و دنیا چاوەڕوانە" دەیانهەوێ چ بە خەڵک بڵێن؟ ڕەنگە وڵامی هیندێک لەو پرسیارانە لە ڕۆژانی داهاتوو \دا لە کردەوەی هەر دوو دەوڵەتی ئێران وئیسرائیل ڕوو بە یەکتر زیاتر ڕوون ببنەوە. چونکە بۆ وڵامی هەرکام لەو پرسیارانە بەپێی لێکدانەوەی کەسانی شارەزا لە بواری سیاسیی و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تووشی وەڵام و لێکدانەوەی جۆراوجۆر و جیاواز و تەنانەت دور لە یەکتر دەبین کە ئەوە وا لە مرۆڤ دەکا نەگاتە وڵامێکی دروست و دوور لە شک و گومان. بەڵام هەروەکی باس کرا لە ڕۆژانی داهاتوو لە کردەوە وهەڵوێستی هەرکام لە لایەنەکان (ئێران - ئیسرائیل) وڵامی دروستمان دەست دەکەوێ.

ئەگەر چاو لە نەخشە و جوغرافیا و حەشیمەتی ئیسرائیل بکەین دەبینین وڵاتێکی بچووک بە حەشیمەتێکی کەم لە ناوچەیەکی پڕ لە ئاژاوە بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی ئایین وئایینزاکان، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەسەر ڕووبەری نەخشەی سیاسیی جیهان خۆی دەرخستوە. لە کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل هەتا ئێستا ئەو دەوڵەتە بۆ مانەوەی خۆی شەڕ دەکا و لە هەمان کاتدا دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل گەلی فەلەستین کە بە هەزاران ساڵ لەسەر ئەو خاکە ژیاوە و بە گەلێک نەهامەتی و چارەڕەشیدا ڕۆیشتووە ئەویش هەر بۆ مانەوەی خۆی شەڕ دەکا. ئەگەر باش

## بەشی چوارەم

لە بابەتە ورد بینەوە و بەناخی دا بڕۆینە خواری هەر دوو گەلی فەلستین وئیسرائیل ئەگەر دوکاندارانی دین ومەزهەب ئیزنیان پێ دابان ودەستیان لە کاروباریان وەرنەدابا، ڕەنگە هەر دوو گەڵ توانیبایین بە ئاشتی وئارامی لەسەر ئەو خاکە ژیابان کە هەر دووکیان بە ئی خۆیانی دەزانن.

دوای هاتنەسەر کاری نیزامی ئیسلامی لە ئێران بابەتی ئیسرائیل و فەلەستین چوو بۆ قۆناخێکی دیکە، هەرچەند ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و ئیسرائیل هەوڵیان دا لە ئەنجامی وتووێژەکانیان لە ئەسلۆ پێتەختی نۆرویژ(١٩٩٣)، ڕێککەوتننامەی ئاشتی پێکەوە ئیمزا بکەن و بەستینی دوو دەوڵەتی فەلستین و ئیسرائیل لە دوارۆژدا لە تەنیشت یەکتر بخوڵقێنن، بەلام کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دەست ە پێوەندەکانی ڕێگایان بۆ توندئاژۆکانی هەر دوو لا خۆش کرد ئەو ڕێککەوتننامە ئاشتییە تێک بدەن و دیسان بکەونە گیانی یەکتر و هەر کامیان پاساو بۆ بەرحەقبوونی خۆی بێنێتەوە. دەسەلاتدارانی حکومەتی ئیسلامی ئێران لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی دەسەلات، زۆر زوو هەستیان بەو کرد نیزامی ئیسلامیی ئەوان ناتوانی بۆ کۆمەڵگەی ئێران وڵامدەری نیاز و پێویستیەکانی سەردەم بێ. هەر بۆیە هەوڵیان دا لە ڕێگای ڕاکێشانی هەستی مەزهەبی و ئایینی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە جێگا و پێگەیەک لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی وەدەست بێنن وڕۆژ بە ڕۆژ بە خرجکردنی هەزسران میلیارد لە سامانی گەلانی ئێران پێگەی حکومەتی ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دروستکردنی تاقم و گروەپی جیاواز لەیەکتر و لەژێر ناوی جۆراوجۆری مەزهەبی لە ناوچەکە بە هێزتر بکا و هەرکاتێک زانی لە نێوخۆی ئێراندا لە لایەن گەلانی ئێرانەوە دەکەویتە بەر نارەزایەتی و خۆپێشاندان، هەوڵ دەدەن لە ڕێگای ئەو گرووپانەوە لە یەکێک لە وڵاتانی دەوروبەر ئالۆزیکی کە زیاتر ڕەنگی مەزهەبی پێوە بێ دروست بکەن و بیروڕای شەقامی ئێرانی بۆ لای ئەو گرژی و ئالۆزییانە ڕابکێشن و خۆیان بە ئالاهەڵگری پشتیوانی لە دینی ئیسلام و مەزلوومانی دنیا و ناوچەکە نیشان بدەن.

هەموو خوێندنەوەکان لە دوای کوشتنی گومانـاویی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری پێشوو ئەوە بوو کە ڕێبەری حکوسمەتی ئیسلامیی ئێران لەو فورسەتە کەلک وەربگرێ بۆ کردنەوەی دەرگای وتوویژ لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا. بۆ ئەوەی لەو تەنگژەی بەتایبەت لە دوای شۆڕشی "ژینا" لە نێوخۆی ئێران تووشی بووە ڕزگاری بێت. بۆ ئەو کارە دەبوایە کەسێک دەستنیشان بکا کەمتر وەک ڕوخساری دیپلۆماتێک و ئیجرایی بۆ دنیای دەروە و خەڵکی ئێران ناسرا بێ. بۆیەش مەسعود پزیشکیانی بە ناو جناحی ڕێفۆرمخواز بە گەلاڵەیەکی لەپێشدا داڕێژراو لە سندووقی دەنگدان هێنا دەرێ. هاتنەدەرێی ناوی مەسعود پزیشکیان لە سندووقی دەنگدان ئەو بیرۆکەی لەنێو شرۆڤەکارانی سیاسیی بە هێز کرد کە حکوومەتی ئیسلامیی تاران دەیهەوی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا بچیتەوە سەر میزی دانوستان و ڕەنگە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر دوو لا بگەنە ئەنجامێک. بەپێی خوێندنەوەی هیندێک لە ڕووداوەکان ئەگەر پرۆسەی دانیشتن و

## بەشی چوارەم

دانوستانی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ ئێران بکەوێتە بواری جێبەجێ بوون، دوو لایەن تیدا زەرەرمەند دەبن. لایەنی یەکەم ئەو هێز و لایەنانە کە لە نێوخۆی ئێراندا ئابلۆقەی ئابووری دنیای ڕۆژئاوا لەسەر ئێران بۆیان بۆتە نان و ئاو و کاسپی پێوە دەکەن. لایەنی دووهەمیش دەوڵەتی ئیسرائیلە کە پێی وایە هەر جۆرە نزیکبوونەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ئێران بە زیانی دەوڵەتی ئیسرائیل دەشکێتەوە، ئەگەر حکوومەتی ئیسلامی ئێڕان دان بە بوونی ئیسرائیل دانەنی و دەست لە دوژمنکاری هەڵنگرێ.

بۆیە لێدانی ئیسماعیل هەنییە لە تاران دەتوانی خۆی لە گەمەی هێزەکانی نێو حکوومەتەکانی ئێران و ئیسرائیلدا ببینێتەوە بە چەشنێک کە ئەو گەلاڵە وابکا ڕادەی گرژییەکان لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا بەرێتە سەری کە مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی لە ناوچەکەدا لێ بکەویتەوە و دەستی توند ئاژۆکانی هەر دوو بەرە زیاتر ئاوەڵا بکا بۆ نانەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا و درێژبوونەوەی تەمەنی دەسەڵاتداران لە هەر دوو بەرەدا .

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## نوێنەرانی کوردی مەجلیس و خۆدزینەوەیان لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان



هۆکاری دروستبوونی پارلمان یا مەجلیس لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدەی بەر لە ئێستا، و لەو کاتەوە مەجلیس یا پارلمان پێکهاتووە؛ هەتا سەردەمی ئێستا کە بەپێی نیازی کۆمەڵگەکان ئاڵوگۆڕ بە سەر پێکهاتە و شێوەی هەڵبژاردن و ئەرکەکانیدا هاتووە. لە سەردەمانێکدا پێکهێنانی مەجلیس ڕەنگە هەر بۆ پرس و ڕاوێژی پاشا یا ئیمپراتور لە کاروباری ڕۆژانەی وڵاتدا بووبێ کە ئەندامەکانی ئەو مەجلیسە لەنێو چین و توێژی تایبەت لە لایەن پاشا یا ئیمپراتورەوە دەستنیشان دەکران و تەنیا لە بەرانبەر پاشادا وەڵامدەر دەبوون. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی شێوازی دەسەڵاتدارەتی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە سەر دامودەزگای جۆراوجۆردا ئەرک و دەسەڵات و شێوەی دەستنیشان کردنی ئەندامانی مەجلیس ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە.

لە سەردەمی ئێستادا ئەندامانی مەجلیس لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و بەپێی پێوانەکانی سەردەم لە بەرانبەر خەڵکیشدا بەرپرسیارن. لە سەردەمی ئێستادا مەجلیس عینوانی ناوەندی قانووندانانی وڵاتی بەخۆیەوە گرتوە و لە هەمان کاتدا چاوەدێری بە سەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەو قانوونە دەکا کە لە لایەن دەوڵەت وەک دامەزراوەی جێبەجێکار بەرپرسایەتیی جێبەجێکردنی لەنێو کۆمەڵگەدا دەکەویتە سەر شان.

## بەشی چوارەم

لە دوای کوژرانی گوماناویی ڕەئیسی، سەرکۆماری پێشووی ئێران و خۆ ئامادەکردنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ بەناو هەڵبژاردنێکی پێشوەختەی سەرکۆماری، کۆمەڵێک باسی جۆراوجۆر لەسەر ئەو هەڵبژاردنە و دروستکردنی کەشوهەوایەکی هیوابەخش لە لایەن لایەنگرانی حکوومەتەوە چ لە نێوخۆ وچ لە دەرەوە دروست بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە ئۆپۆزیسیونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ئەو بەناو هەڵبژاردنەیان تەحریم کرد، بەڵام لەو نێوەدا بیجگە لە لایەنگرانی ڕێژیم کە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقی دەنگدان بەو پرسەوە تەنگەتاو بوون، بەداخەوە هێندیک لە نوێنەرە کوردەکان لە مەجلیسی ئێران هەموو توانای خۆیان خستە گەر بۆ ئەوەی دەنگدەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەلکێشیە سەر سندووقەکان بکەن بۆ ئەوەی ناوی "مەسعود پزیشکیان" لە سندووقی دەنگدان بێننە دەر؛ بەو هیوایە لەو لمەدە کلاوێکیان بەرکەوێ. بەڵام دیتمان لە کۆتایی فیلمەکەی هەڵبژاردنی بەناو سەرکۆماریدا ئاکامەکە وا دەرنەچوو، بەڵکوو هەتا ڕادەیەک ئەو نوێنەرە کوردانەی هەوڵی زۆریان بۆ "پزیشکیان" دابوو بە قەرزداریش دەرچوون.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین و، وەبیر نوێنەرە کوردەکانی مەجلیسی بخەینەوە ئەوەیە ئەوان ئەگەر خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن دەبێ لە بیریان بێ قسە و هەڵوێست و کردەوەکانیان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بێ، نەک بەرژەوەندیی تاکی خۆیان. چونکە ئەو قۆناغە دەرنگ یا زوو کۆتایی پێدێ و مێژوو سەلماندوویەتی نیزام و ڕێژیمە سیاسی و حوکمرانییەکان تەمەنیان بە سەر دەچی و ئەوەی دەمێنێتەوە نەتەوە وگەلە. بۆیە باشە ئەو ئەندامە کوردانەی مەجلیس بزانن و وەبیر خۆیان بێننەوە پێش ئەوەی ببنە ئەندامی مەجلیس، تاکی کۆمەڵگەی خۆیانن و لە هەر هەلومەرجێکدا بن هەر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ نێو ئەوکۆمەڵگەیە. بۆیە لە هەموو کاتێکدا لەسەریانە بەرژەوندیی خاک و نەتەوەی خۆیان لە بیر بێ بۆ ئەوەی شەرمەزاری خەڵکی خۆیان نەبن، هەڵبەت ئەگەر خۆیان بە بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بزانن و ئەو بابەتانەیان لەلا گرینگ و بەبایەخ بێت.

بە پێی هەموو ئامارەکان گەلی کورد لە ئێران چ لە بواری پانتایی خاکەوە و چ لە بواری حەشیمەتەوە دوای نەتەوەی فارس و تورک سێهەمین نەتەوەی پێکهێنەری ئێرانە و بە نزیک بە ٣٠ کەس نوێنەری لە مەجلیسی ئیسلامی ئێراندا هەیە. ئەگەر زۆریش بە ناخی مێژوودا نەچینەوە خواری، دۆست و دوژمن ئەو ڕاستییە باش دەزانن نزیک بە سەد ساڵە خەڵکی کوردستان لە هەموو باریکەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە دەچەوسێنەوە و لە بچووکترین مافی ئیسنانی و سروشتیی خۆیان بێبەش کراوەن. ئەگەر پرۆسەی چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی پاشایەتی و ئیسلامی لەو ماوەدا بە وردی تاوتوێ بکەین، دەبینین هەم لە بواری سیاسی و ئابووری، هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دەسەڵاتدارانی تاران دەستیان لە هیچ غەدرێک دەرحەق بە خەڵک و ژینگەی کوردستان نەپاراستوە. هەر بۆیە لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە هەموو هەوراز و نشێوەکانی بۆ چرکەیەک لە خەبات ڕانەوەستاوە و ئەو بزوتنەوەیە بە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج درێژەی بە کار و تیکۆشانی خۆی داوە.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئەوەی سەلمێندراوە ئەوە بووە ئەو خەباتە هەتا سەرکەوتن درێژەی دەبێ. لێرەدایە پێویستە

وەبیر نوینەرە کوردەکانی مەجلیسی ئێران بێنینەوە ئەگەر بە هەر هۆکارێک نەیانتوانیوە هاوکاریی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن، دەبێ باش بزانن بێدەنگیی ئەوان لە بەرانبەر ڕوداوەکانی کوردستان واتە پەسندی سیاسەتەکانی ڕێژیمە دەرحەق بە خەڵک و خاکی کوردستان و بەو پێوانەیە، ئەوانیش دەبنە بەشیک لە جێبەجێکارانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان. بەڵام ئەگەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە تاکوکۆ لە بەرانبەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستیان هەبێ، ڕەنگە ئەو وێنەیە لە بەرچاوی خەڵکی کوردستان دروست نەبێ کە ئەوان نوێنەری دامودەزگای ڕێژیمن و نوێنەری خەڵک نین!

ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر ڕەحمەتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا بە دەیان ڕووداوی کارەساتباری مرۆیی و ژینگەیی ڕوو دەدەن، وەک: کوشتنی کۆڵبەران، سوتانی دارستانەکان، ڕاکێشانی ئاوی کوردستان بۆ شووێنەکانی دیکەی ئێران، دزین و بە تاڵانبردنی ئاسەواری مێژوویی، هەڵکشانی بیکاری و هەژاری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، نەبوونی دوکتور و دەرمان و نەخۆشخانەی پێویست، درێژەدان و هەڵکشانی ئیعدامەکان، بە تاڵانبردنی سامانی گشتیی کوردستان، گرتن و زیندانیکردنی چالاکانی مەدەنی و بوارە کۆمەلایەتییەکان و.....هتد کە بەپێی قانوونی پارلمانی بە دواداچوون و لێپرسینەوە لەوانە کاری ئەندامەکانی مەجلیسە.

لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا بە هەموو لەنگ و لۆرییەک ئەگەر بۆ نیشانیدانی ڕوخساری جوانی مەجلیسی ئێرانیش بێ، بەپێی ئەسڵەکانی ٧٦ و ٨٤ ئەو مافەی بە ئەندامانی مەجلیس داوە لە هەموو بابەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بکۆڵنەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکەن. هەر بەپێی ئەسلی ٨٩ ئەندامانی مەجلیس بە کۆکردنەوەی تەنیا دە ئیمزا دەتوانن لەسەر بابەت ڕووداوە جۆراوجۆرەکان داوای لێپرسینەوەی لە هەیئەتی وەزیران یا هەر وەزیرێکی دەوڵەت بکەن. ئەگەر نوێنەرە کوردەکانی مەجلیس بتوانن لەنێو خۆیاندا کۆدەنگی دروست بکەن و لە ڕێگای قانوونەوە هەوڵ بدەن لەسەر پرسە نیشتیمانی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خەڵکی کوردستان جیا لە بۆچوونی سیاسی و باوەڕەکانیان هەوڵی لێپرسینەوە لە بەرپرسانی دەوڵەت بدەن. ئەوکات دەبینین بە جیگای دەست پانکردنەوە لەبەر دەرگای دەسەڵاتداران بۆ وەرگرتنی پۆست و وپلەی حکومەتی، ڕوانینی دەسەڵاتدارانی تاران هەم بۆ ئەو نوێنەرانە و هەم بۆ کۆمەڵێک پرسی نێوخۆی کوردستان بە ئاقارێکی دیکە دا دەروا و ڕەنگبێ بە قازانجی بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و پێشگرتن بە هەندێک ڕووداودا بشکێتەوە.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## کۆماری ئیسلامی و ئاشتەوایی، مەحاڵە مەحاڵ



**(لە پەراوێزی قسەکانی سەرکۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووکاندا)**

ماوەیەک لەوە پێش کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک هات. بەپێی ڕەواڵ نوێنەری وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بەپێی بەرنامەیەک کە بۆیان داڕێژراوە لە نۆرەی خۆیاندا لەسەر پرسە جیاوازەکانی جیهان بەگشتی و لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتەکانی خۆیان بەتایبەتی وتار دەدەن.

بەشێک لە وتاری پزیشکیان، سەرکۆماری ئێران باس لە سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە جیهان بوو، بەڵام بەشێکی زۆری لە قسەکانی سەرکۆماری ئێران هەروەک جاران دروشمی نێوبەتاڵ بۆ جوانکردنی ڕوخساری نیزامی کۆماری ئیسلامی، ئەویش بە تایبەتی لەسەر پرسە نێوخۆییەکانی ئێران بوون. دیارە هەر لەجێدا بەپێی ڕابردووی جەنابی سەرکۆمار لە کۆماری ئیسلامیدا بۆخۆیشی باوەڕی بەو قسانە نەبوو کە کردنی و دەیزانی ئەوەی دەیڵێ پێچەوانەی دۆخە ڕاستییەکەی ئێران و کۆمەڵگەی ئەم وڵاتەیە.

پزیشکیان لە وتارەکەیدا باسی لەوە کرد خەڵکی ئێران بۆیە دەنگیان پێ داوە چونکی هەڵگری دروشمی "یەکبوونی

نیشتمانی - وفاق ملی" بووە و لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەم دروشمە هاوسەنگە لەگەڵ فەرمانی خوای گەورە لە قورئاندا. لێرەدا پرسیار لە ئاغای پزیشکیان ئەوەیە لەسەر چ بنەمایەک دەتوانرێ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی مەزهەبیی ئێراندا "وفاق ملی" پێکبهێندرێ، لە حاڵێکدا بەپێی ئەسل و برگەکانی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و کار و کردەوەکانی ئەو نیزامە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا زۆرینەی خەڵکی ئێران لە مافە نەتەوایەتی و تەنانەت بنەڕەتییەکانیان بێبەش کراون. لە وڵاتێکدا کە یەک مەزهەب و یەک زمان و یەک کولتوور بە قانوون بەڕەسمی کرابن و هەموو ئیمکاناتی حکوومەت لە گەشەکردن و پەرەپێدانی ئەواندا بن و هەموو مەزهەب و زمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکە پشتگوێ خرابن و سەرکوت کرابن؛ چۆن دەتوانرێ باس لە "وفاق ملی" بکرێ.

ئاغای پزیشکیان دەبێ ئەوە باش بزانن لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کاتێک دەکرێت دروشمی پێکهێنانی "وفاق ملی" بەرز بکرێتەوە کە نیزامی دەسەڵاتدار لە تاران، لە قۆناخی یەکەمدا قەبووڵ بکا ئەم وڵاتە فرە نەتەوەیە و لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا دان بە مافە نەتەوایەتیەکانی ئەو نەتەوانە دابندرێ. لە قۆناخی دووهەمدا حکوومەت خۆی لە بەرانبەر هەموو خەڵکی ئێراندا بە بەرپرسیار بزانی و مافی هاووڵاتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەپێی پێوەرەکانی جیهانی سەردەم بپارێزی. بەڵام هەروەک هەمووان دەزانن لە کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا هیچ کام لەوانەی لەسەرەوە باس کران نەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە دانیان پێدانەنراوە، بەڵکوو بە شێوازی جۆراجۆر و سیستماتیکیش پێشێل کراون.

خۆ ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ساڵانی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و تەنیا ئەو ماوە کەمەی سەرکۆمارێی پزیشکیان بە نموونە وەربگرین، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا زیاتر لە ٢٥١ کەس بە بڕیاری دەزگای دادی ئەم ڕێژیمە ئێعدام کراون کە ٥٣کەسیان کورد بوون. بە سەرنجدان بە کارنامەی غەدر و زوڵموزۆریی ٤٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە گرتن و زیندانیکردنی جیابیران، ئێعدامە بەکۆمەڵ و بەردەوامەکان، هەڵاواردن و سەرکوتی مافی کەمایەتییەکان، بەفیڕۆدانی سامانی وڵات بۆ ئامانجی دەسەڵاتداران و هتد بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ ئەو حکومەتە نە لە توانایدایە و نە باوەڕی وایە بیهەوێ "وفاق ملی" پێک بێنێ. بۆ نوێترین نموونەش لە نابەرپرسایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی ئێران دەتوانین ئاماژە بە تەقینەوەی کانگای خەڵووز لە پارێزگای خوراسانی باشوور بکەین کە لەو ڕووداوەدا بەداخەوە زیاتر لە ٥٠ کرێکاری ئەو کانگایە بوونە قوربانیی کەمتەرخەمی بەرپرسانی ئەو نیزامە و گیانیان لەدەست دا؛ لە کاتێکدا ڕێژیم لەبری قایمکاریی شوێنی کارکردنی ئەو کرێکارانە و بردنەسەری ستانداردەکانی پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی خۆی بە میلیارد دۆلار خەرجی تەیارکردنی میلیشیاکانی بە مووشەک و درۆن دەکات. بێگومان ڕووداوی لەو بابەتە لەهەر وڵاتێکی پێشکەوتوو و دێموکرات ڕووی دابا، بێجگە لە لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕووداوەکە و دیتنەوەی

هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو کارەساتە، حەتمەن وەزیری پێوەندیدار دەستی لەکار دەکێشایەوە و کۆمەڵگە بە چاوی کۆستێکی نیشتمانی چاوی لەو ڕووداوە دەکرد. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەرپرسان زۆر بە سادەیی بە سەر مەرگی ٥٠ کەسدا تێپەڕین کە بە کرێکاری بەخێوکەری بنەماڵەکانیان بوون. کەچی لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی مەزهەبیی ئێران بۆ کوژرانی "حەسەن نەسروڵڵا"،سەرۆکی حیزبوڵڵا پێنج ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە ئێران ڕادەگەیەنی.

بەو خویندنەوە کورتە دەبێ بە ئاغای پزیشکیان بگوترێ وێژمانی "وفاق ملی"ی جەنابت هەر لە قالبی دروشمدا دەمێنێتەوە و ئەم ئامانجە ناتەبایی جەوهەریی لەگەڵ بنەماکانی ڕێژیمەکەی هەیە، مەگەر ئەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بڕووخی و نیزامێکی دێموکراتیک و باوەڕمەند بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەپێی پێوەرە جیهانییەکان جێی بگریتەوە و ئەوکات دەکری باس لە "وفاق ملی" لە ئێراندا بکرێ.

پزیشکیان بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەرباز بکا، لە وتارەکەیدا زۆرتر ئاماژەی بە ئەرکی پێغەمبەرانی دینیی کرد و گوتی: "پێغەمبەرەکان لەلایەن خواوەندەوە ڕاسپێردران کە بێ لە بەرچاوگرتنی "ڕەنگ، نیژاد، ڕەگەز و زمان" دادپەرەوری لە کۆمەڵگەی ئینسانیدا پەرە پێ بدەن و ئەو بایەخانە سەقامگیر بکەن." ناوبراو لە کاتێکدا سیسیمی سیاسیی وڵاتەکەی بەپێی ئەو بایەخانە دەگرت کە خۆی یەکێک لەو بەرپرسانەی ڕێژیمە پشکی سەرەکیی لە هەموو سیاسەت و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا پێ دەبرێت. ئەو هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە قۆناخی جۆراوجۆردا و بە پلە و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆر بەشداریی لە سیاسەتەکانی ڕێژیم و جێبەجێکردنیدا کردوە. ئاغای پزیشکیان کە بەپێی ڕابردووی کاریی خۆی چەند دەورە ئەندامی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی، هەروەها وەزیری کابینەی حەسەن ڕووحانی بووە و ئێستاش پۆستی سەرکۆماریی لە ئەستۆیە، دەبێ باش ئاگاداری نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بێ و ئەوە بزانی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بە قانوون ڕێگری لە بەرێوەچوونی دادپەروەری دەکرێ و جیاوازی دەکرێ لە نێوان "نیژاد، ڕەگەز و زمان"دا.

کێ هەیە نەزانێ و نەیبینێت کە ڕۆژانە هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە بە ناوی قانوونەوە مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی گەلانی ئێران بە کۆ و بەتاک پێشێل دەکەن. هەمووان دەزانن ماوەی ٤٥ ساڵە کەمایەتییە نەتەوەییەکان (کورد، بەلووچ، عەرەب...) وکەمایەتییە ئایینییەکان مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بە شێوازی جۆراوجۆر دەچەوسێندرێنەوە. بۆیە ئاغای پزیشکیان دەبێ دڵنیا بێ کە بە ڕەچاوکردنی ئەم شێوازە لە بەرێوەبردنی وڵات کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرتوویانەتە پێش، بە خاترجەمی ڕاسپاردەی پێغەمبەرانی خوا کە پەرەپێدان و سەقامگیریی دادپەروەرییە لە کۆمەڵگەی ئێراندا جێبەجێ نابی و جێ ناگرێ.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

پزیشکیان لە درێژەی وتارەکەیدا باس لە هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکییەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەکا و دەڵێ "کاتێک ئاشتی و ئەمنییەت لە جیهاندا سەقامگیر دەبێ کە مافی هەموو ئینسانەکان، نەتەوەکان وکۆمەڵگەکان لە چوارچێوەی دادپەروەری و ویژداندا ڕەچاو بکرێ." ئەو قسەیە لە خۆیدا قسەیەکی دروست و بەجێیە. بەڵام ئاغای پزیشکیان ئێستا نوێنەرایەتیی دەسەڵات و حکومەتێک دەکا کە کار و کردەوەکانی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بوونەتە هۆکاری نائەمنکردنی ناوچەکە بە گشتی و وڵاتی ئێران بە تایبەتی. نموونەی زیندوو بۆ ئەو بابەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ماوەی ٤٥ ساڵە دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی بە چاوی ئەمنییەتییەوە لێی دەڕوانن. ئەوە لە حاڵێکدایە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرکەوتنی ئینقلابی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، بۆیە دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی گەلی کورد چاوەڕوان بوو لە سیستمی نوێ دەسەڵاتدارەتیی ئێراندا مافەکانی دەستبەر بن. بەڵام وەڵامی داواکارییەکانی گەلی کورد لەلایەن حکومەتی ئیسلامییەوە بە فیتوای جیهاد لە دژی درایەوە. دوای ئەو فیتوایە شەڕ بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپێندرا و هەتا ئێستاش ئەو شەڕە بەردەوامە. بۆیە لێرەدا ڕوو لە ئاغای پزیشکیان دەکەین و دەڵێین ئەگەر خۆت و نیزامەکەت باوەڕتان بە دادپەروەری و ئینساف و ویژدان هەیە، بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی لە دنیادا دەبوایە لە نێوخۆی ئێران هەنگاوتان بۆ ئەو بابەتە هەڵگرتبایە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین باس لە گشتپرسی دەکا و ڕوو دەکاتە فەلەستینیەکان و دەڵێ "گەلی فەلەستین لە هەر جێگایەکی ئەو جیهانەدا دەژین پێویستە بە گشتپرسی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن." گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان بە فەلەستینیەکانیشەوە باشترین ڕێگایە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسووڕمان و لە هەمان کاتدا جێگای پرسیارە ئەوەیە سەرکۆماری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران مادام بەڕێوەچوونی گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووس بە گەلی فەلەستین بە ڕەوا دەزانێ، چۆنە هەر هەمان ڕێکار بۆ نەتەوەیەکی ٤٠میلیونیی وەک نەتەوەی کورد نەک بە ڕەوا نازانی، بەڵکوو بە کردەوەیەکی دوژمنکارانەشی دادەنێ. هاوکات لە هەر پارچەیەک لە کوردستان گەلی کورد بیهەوێ بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی گشتپرسی بکا، پێش هەموو لایەنێک و بە هەموو شێوازیەک تەنانەت بە داسەپاندنی شەڕیش بووبێ دژایەتیی دەکا و لێرەدایە دووڕوویی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی دەردەکەوێ.

سەرکۆماری حکومەتی ئیسلامی ئێران کاتێک باسەکەی دێتە سەر وڵاتانی ناوچەکە داوا لەو وڵاتانە دەکا ناکۆکییەکان وەلا بنێن و دەست لە کێبەرکێ پەرەپێدانی چەک و تەقەمەنی هەڵبگرن و ناوچەکە دوور بگرن لە ناکۆکی و زیادەخوازی و کردەوەی تێرۆریستی. ئاغای پزیشکیان لە حاڵێکدا ئەو قسانە دەکا ماوەی ٤٥ ساڵە نەک گەلانی ئێران بەڵکوو دەوڵەتانی

## بەشی چوارەم

درواسێی ئێران بە دەست ئاژاوەنانەوە و دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە و دروستکردنی هێزی میلیشایی و کردەوە تێرۆریستیەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەناڵێنن.

هەرچەند سەرکۆماری ئێران لە وتارەکەی خۆیدا لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ویستی بە ناردنی هیندێک پەیامی لێڵ بۆ دنیای دەرەوە ئەوە بڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو قۆناخەدا دەیهەوەی بە ڕوانگە و ستراتیژییەکی دیکە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوایی تەعامول بکا، بەڵام مێژووی ٤٥ ساڵی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی و ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پێمان دەڵێ ئەو جۆرە قسە و لێدوانانە تەنیا لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە لە زمانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ جوانکردنی ڕوخساری کۆماری ئیسلامی دەگوترین، دەنا لە مەیدانی کردەوەدا هەرگیز بەدی نایەن.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## دوورەدیمەنی گرژی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل




بەدەر لە مێژووی دروستبوونی وڵاتێک بە ناوی ئیسرائیل لەنێو دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرهەڵدانی کێشەی نێوان فەڵەستینیەکان و دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، ئەوەی لە ئێستادا سەرنجی دەوڵەتان و بیروڕای گشتیی خەڵکی ناوچەکەی بە خۆیەوە خەریک کردوە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و ئیسرائیلە. پرسیار ئەوەیە دوژمنایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر چییە؟ ئەو دژایەتیکردنە لەپێناو چ ئامانج و ستراتیژییەکی کۆماری ئیسلامیدایە؟ دەسکەوتی ئیسرائیل لەو شەڕە چ دەبێ؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە پێشەکی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەڵومەرجی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کاتێک گەلانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و سەردەمیانە، پاراستنی بایەخە ئینسانییەکان و، وەدەستخستنی ئازادییەکانی تاک و گشتی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوییان ڕووخاند، قەت بە بیریاندا نەدەهات بەرهەمی ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی چەندین ساڵەیان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تەنیا ئەو چەند مانگ ئازادییەی سەرەتای سەرکەوتنی شۆرش بێت. کاتێک حکوومەتی نوێ لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە بە دوو چەمکی دژ بە یەک لەژێر ناوی کۆماری و ئیسلامی ڕاگەیەندرا، هەر زۆر زوو بۆ هەموو لایەک چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران دەرکەوت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پینەیەکی ناجۆرە بە سیستمی حوکمرانی جیهانییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لایەک هەوڵیان دەدا بە

پارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. چونکە لە لایەک دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە نوێیە باسیان لە دەسەڵاتی خەڵک لە حوکمڕانیدا دەکرد و لە لایەکی دیکەوە بە قانوونەکانی یەک دین و یەک مەزهەب هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێراندا دەکرد.

زۆری نەخایاند لەنێو کۆمەڵگەی ئێران بە تایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەنگی ناڕەزایەتی لەو شێوە حوکمڕانییە بەرز بۆوە. لە هەمان کاتدا دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامییش باش دەیانزانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و بیروڕای گشتیی جیهانیش بە تێگەیشتن لە ماهییەتی ڕێژیم زوو لێی وەدەنگ دێن و لەدژی دەوەستنەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی پێش بەو ڕووداوە بگرن هەر لە سەرەتاوە لە نێوخۆی ئێران دەستیان کرد بە سەرکوتی بێڕەحمانەی دژبەر و جیابیران و ماشێنی گرتن و بەندکردن و کوشتار و ئێعدامیان لە سەراسەری ئێران وەڕێ خست. مەبەست لەوەش چاوترسێنکردنی کۆمەڵانی خەڵک و لە پێخستنی جووڵە و ناڕەزایەتییەکان بوو.

دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە نوێیە ڕوو بە دنیای دەرەوەش بێکار دانەنیشتن و بە داگیرکردنی باڵوێزخانە ئەمریکا (١٣ی خەزڵوەری ١٣٥٨) و هەڕەشەی کوشتنی بارمەتەکان ڕوخساری شەڕئەنگێزیی خۆیان زیاتر بە دنیای دەرەوە نیشان دا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو پاراستن باڵوێزخانەی هەر وڵاتێک لە ئەستۆی خانەخوێیە و بە پێی قانوون و عورفە نێودەوڵەتییەکان هێرشکردن بۆ سەر باڵوێزخانەی هەر وڵاتێک بارتەقای هێرشکردنە سەر خاکی ئەو وڵاتەیە. بەداخەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەوڵیان نەدا بە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دژی ئەمجۆرە ڕەفتار و سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوەستەوە.  هەر بۆیە دوای ٤٤٤ ڕۆژ لەو یارییەدا دەسەڵاتدارانی تاران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و ئەوە بوو بە سەرەتای ڕێگاخۆشکەری هەموو ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی ئەو ڕێژیمە و پەرەپێدانی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران.

بە دوای ئەو ڕووداوەدا شەری بێئاکامی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق بە هۆی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ملهوری سەدام حوسێن لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە هەڵگیرسا. بە پێی ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی "شەڕ نیعمەتی خوا"یە. چونکە ئەو شەڕە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبوو لەسەر درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا شوعاری "هەموو شتێک بۆ بەرەکانی شەڕ" هەلی بۆ دەسەڵاتدارانی تاران خوڵقاند لە نێوخۆی وڵات زیاتر لە پێشوو دەستیان ئاوەڵە بێ بۆ سەرکوتی هەر ناڕەزایەتییەکی گەلانی ئێران. لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش ئەو شەڕە یارمەتیی دا بە ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و دەستئاوەڵایی زیاتری دا بە دەزگای پروپاگەندەی ڕێژیم کە لە هەستی مەزهەبیی خەڵکی شیعە مەزهەب بە قازانجی پرۆژەکانی ڕێژیم کەڵک وەربگرێ. بەتایبەتی لە

## بەشی چوارەم

گەرماوگەرمی ئەو شەڕەدا بەرزکردنەوەی شوعاری "ڕێگای گەیشتن بە قودس بە کربەلادا تێدەپەڕێ" دەرخستنی کێشەی "فەلەستین و ئیسرائیل" بوو کە دەسەڵاتدارانی تاران لەو ڕێگایەوە هەوڵیان دەدا سۆز و پشتیوانیی نەتەوەی عەرەب بە تایبەتی فەلەستینیەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە حاڵێکدا ئەو وڵاتە - واتە عیراق کە لەگەڵ ئێران لەشەردا بوون- بە پێی شوعار و کردەوەکانیشی هەڵگری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و پشتیوانی سەرەکیی پرسی فەلەستینییەکان بوو.

دوای شەڕی ئێران - عێراق و ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن و دیسانەکە نەرمینواندنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ئەو هەلە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران ڕەخسا لە ڕێگای دروستکردنی گرووپی جۆراوجۆر لە عیراق و یەمەنەوە بگرە هەتا لوبنان و فەلەستین هێزێکی بەهێز لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان دروست بکەن. مەبەست لەوەش پاراستنی بەرژەوەندییە ژێئۆپۆلۆتیکییەکانیان لە ڕێگای ئەم هێزانە و دوورخستنەوەی شەڕ لە سنوورەکانی خۆیان بوو کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێگای ئەو گرووپە نیابەتییانەوە توانییان هەم زیان بە ئازادیخوازان و ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە تایبەتی جووڵانەوەی مافخوازانەی کوردستان بگەیەنن و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان لە کاروباری وڵاتانی دراوسیی خۆیان وەردا. بەڵام بە هێرشی بەرنامە بۆدارێژراوی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل و دژکردەوەی خێرا و توندی ئیسرائیل هەموو ڕیسەکەی حکوومەتی تارانی کە لە ماوەی ٤٥ساڵی ڕابردوودا بە تێچووی زۆری ماددی و ئینسانی لە سامانی گەلانی ئێران ڕستبووی، لێ بووە بە خوری.

هێرشی ڕێکخراوی حماس بۆ سەر ئیسرائیل بە پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک دەسکەوتی سیاسی وئەمنییەتیی بۆ فەلەستینییەکان بەدواوە نەبوو، بەڵکوو ستراتیژی پەلهاویشتن و خۆقایمکردنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە لەژێر ناوی پشتیوانی لە پرسی فەلەستین و لەنێوبردنی ئیسرائیلی تووشی شکانێکی چاوەڕواننەکراو کرد. لە هەمان کاتدا بیانووی ئەوەی بە دەوڵەتی ئیسرائیل دا لەپێناو پاراستنی ئەمنییەتی خاک و خەڵکی خۆیاندا و لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیانێکی گەورەی ماددی و ئینسانی بە خەڵکی بێدیفاعی فەلەستین لە کەرەتی غەزە بگەیەنن؛ لە هەمان کاتدا بە بیانووی بوونی ڕێکخراوی حیزبوڵڵا زیانێکی زۆریش لە وڵات و خەڵکی لوبنان بدەن.

لە دوای هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە و لوبنان لە لایەک فەلەستینییەکان چاوەڕوان بوون کۆماری ئیسلامی پشتیوانییان لێ بکا و لە لایەکی دیکەوە بیروڕای گشتیی دنیا بەتایبەتی گەلانی ناوچەکە بە نیگەرانییەوە دەیانڕوانییە دژکردەوەی کۆماری کە نەکا ببێتە هۆکار بۆ دەستپێکی شەڕێکی گەورە لە ناوچەکەدا. بەڵام هەموو لایەک بۆیان دەرکەوت ڕێژیمی تاران نە ئەو توانا نیزامی و ئابوورییەی هەیە و نە وەک سەردەمی شەڕی ئێران-عێراق خەڵکی ئێران پشتی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان دەگرن. بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بە هەستکردن بەو ڕاستییانە لە خۆیان ڕانابینن بینە

## بەشی چوارەم

مەیدانی ئەو شەڕە و دەبێ تەنیا شاهیدی ئەوە بن ڕۆژانە هێزی نیزامیی دەوڵەتی ئیسرائیل لقوپۆپی هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی داپاچی و بڕستیان لێ ببڕێت.

ئەو شەڕە کە لە ٧ی ئوکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ بە هاندان و پشتیوانی سیاسی و چەکوچۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ڕێکخراوی حماسەوە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیەندرا و ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بۆتە هۆکاری نائارامی ناوچەکە، لە ئێستادا ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ بەدی ناکرێ، مەگەر ئەوەی لایەنەکانی شەڕ لەسەر کۆمەڵێک پرس بگەنە ئەنجامێک کە سازان و ڕاگرتنی شەڕی لێ بکەوێتەوە؛ بە چەشنێک کە ئەمنییەتی هەر دوولایەنی شەڕەکە دەستەبەر بێ. بەڵام ئەوەی لە ئاسۆی ئەو شەڕەوە دیارە چ لایەنەکانی شەڕ بگەنە ئاوربەس و سازان و چ شەڕەکە بەردەوام بێ، ئەوەی دۆڕاوە هەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە هەم گرووپە نیابەتیەکانی ئێران لە بواری سەربازی و تەنانەت پێگەی سیاسی و خەڵکییەوە لاواز کراون، هەم خەڵک و دەوڵەتەکانی وەک سورییە، لوبنان و عیراق لە قسە و پەیامەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوی دژی ئەوەن کۆماری ئیسلامی دەست لە کاروباریان وەر بدات و ئەمە سەرەتایەک بۆ کۆتاییهاتنی هێژمونیی کۆماری ئیسلامی بە سەر ناوچە و گەڕاندنەوەی بۆ نێو سنوورەکانی ئێرانە. ئەوەش دەستپێکی قۆناخێکی نوێ دەبێت بۆ تەریککەوتنەوەی زیاتری ئێران لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

بە پێی ئەو باردۆخە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ دوو سناریۆ بەرەوڕوویە. یا هەوڵ بدا بە جۆرێک لە جۆرەکان قەبوولی شکستی ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان بکا و لەو ڕێگایەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر بنەماکانی یاساوڕیسای نێودەوڵەتی ڕێک بخاتەوە؛ یان هەوڵی بدا هەر بە پێودانگی ٤٥ ساڵی ڕابرووی بەرەوڕووی ڕووداوەکان بێتەوە. لە هەردوو ئەو سناریۆیەدا بە ڕوونی ئاسۆی سەرکەوتنی دەنگی ئازدیخوازی گەلانی ئێران دەبیندرێ، بەو مانایە ئەگەر دەسەڵاتدارانی تاران بۆ ڕزگاریی ڕێژیمەکەیان دەستی تەبایی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی درێژ بکەن، زۆر سروشتییە بەو هەڵسوکەوتەی ئێستایان ناتوانن لەگەڵ پرسەکانی کۆمەڵگەی ئێران بجوڵێنەوە و ئەگەر تیکەڵ بە نەزمی جیهانییش نەبن، دەرنگ یا زوو گەلانی ناڕازیی ئێران دێنەوە سەر شەقامی شارەکان و نارەزایەتییەکان دەبێتە لافاوێکی بەربەرین و تۆماری کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ و ئەو ڕێژیمەش دەبێتە بەشێک لە مێژوو.

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## سەدەی ٢١ و گاڵتەجاڕییەک بە ناوی پاراستی مافی مرۆڤ



دوو ڕۆژ دوای ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە و شکاندنی دەرگای زیندانەکان لوتکەی دڕندەیی و زاڵمبوونی ئەو دەسەڵاتە دەرکەوت. وێنە و ڕوخساری زیندانییەکان کە نەیاندەزانی لە دەرەوەی زیندان چ ڕووی داوە، شاهیدی ئاشکرای ئەو دڕندەیی و بێبەزەیی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی سووریە بوو. سەرسووڕمانی زیندانییەکان لەو دۆخەی کە لە گەڵی ڕووبەڕووبوون بە چەشنێک بوو کە هێندێک لە زیندانییەکان نەیاندەزانی کە حافز ئەسەد، باوکی بەشار ئەسەد ٢٤ساڵە نەماوە و بەشاری کوڕی جێگای گرتۆتەوە. وێنەکان بەخێرایی لە لایەن ڕاگەیەنە گشتییەکان بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە و بڵاو بوونەوەی وێنەکان بوو بە هۆکاری هەژاندنی ویژدانی کۆمەڵگەی جیهانی. بەدەیان کاناڵی ڕاگەیاندن بە زمانە جیاوازەکانی دنیا ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە کرد. بەڵام لێرەدا ئەوەی جێگای سەرسووڕمان بوو ئەوەیە بڕیاردەری سەرەکی ئەو جینایەتە سامناکانە بەشار ئەسەد بوو و ئەویش بێ هیچ بەربەست و لەمپەرێک و لەبەر چاوی هێزە دژبەرەکان و دەوڵەتانی سەرقاڵ بە پرسەکانی سووریە توانی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ و لە وڵاتی ڕووسیە بگیرسێتەوە و بە قسەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە مافی پەنابەری ئینسانی بۆ مانەوە پێبدرێ.

بە داخەوە لە سەدەی ٢١دا ئەو جینایەت و تاوانانەی دژ بە مرۆڤەکان دەکرێن، لەلایەن حاکمانی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانەوە بەڕێوە دەچن. ئەوە لەحاڵێکدایە ڕۆژانە کۆڕوکۆبوونەوەی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی

## بەشی چوارەم

پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری دنیادا بەڕێوە دەچن و بەپێی ڕاپۆرتەکان کە لە لایەن ڕێکخراوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە ئامادە دەکرێ، کۆمەڵێک دەوڵەت بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ تاوانبار دەکرێن. بەڵام لەبەر نەبوونی هەڵوێستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و میکانیزمێک بۆ بەرەنگاربوونەوە، ئەو جۆرە ڕاپۆرتدان و مەحکوومکردنانە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە کاریگەرییان هەبێ لەسەر کاروکردەوەی ئەو حکوومەتانەی بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم کراون. چونکە ئەو ڕێکخراوانە و تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی بەردی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ لە سینگی خۆیان دەدەن زیاتر بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە و نایانهەوێ بە گرتنەبەری ڕێگای توند لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ هەڵوێستیکی بەکردەوە کە بەرگری لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بکا لەخۆی نیشان نەداوە. ئەوە لە حاڵێکدایە بەپێی بنەما و جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبێ هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا پابەند بن بە پاراستی مافەکانی مرۆڤ.

لە دوای هەر دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی دەوڵەتانی سەرکەوتوو لەو شەڕانەدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون بۆ پاراستنی ئەمنییەتی جیهانی و ئاشتی نێودەوڵەتی ڕێکخراوێکی بەهێز دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە پابەند بکەن بە بنەماکانی ئەو ڕێکخراوەیە و پێش لە هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە بکەن. بۆیە دەبینین دوای شەڕی یەکەمی جیهانی "کۆمەڵەی نەتەوەکان " پێک هات، بەڵام نەیتوانی پێش بە هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی بگرێ. بۆیە لە دوای تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی لەسەر بناخەی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" بە خوێندنەوەیەکی وردتر لە گرفت و ڕووداوەکانی نێودەوڵەتی لەساڵی ١٩٤٥ "ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان" دامەزرا و بەدەر لە هەموو بابەتەکانی دیکە بە دواداچوون و بەرگریکردن لە پرسەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ هۆکاری سەرەکی بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە بوون. واتە شەڕی دووهەمی جیهانی و بابەتەکانی پێوەندیدار بە پاکتاوی ڕەگەزی بوونە هۆکارێک کە ڕێکخراوەیەکی نوێی جیهانی سەرهەڵبدا و لە چوارچێوەی یاسادا بەرگری لە ڕوودانی کارەساتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هاوشێوەی شەڕی دووهەمی جیهانی بکا و دەبینین ئەوە لە "جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان"جێگیر کراوە کە هەموو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە دەبێ پابەندی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بن.

بەڵام بەداخەوە بە ئاشکرا دەبینین کە سات وسەودای نێودەوڵەتی هیچ ڕێگایەکیان بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ نەهێشتۆتەوە. دەنا کەسێکی وەک بەشار ئەسەد یا هاوشێوەکانی ناوبراو لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەو هەموو جینایەت و تاوانانەی کە کردوویانە چۆن ئاوا بە ئاسانی دەبێ لەدەستی دادگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەربچن و هیچ لایەنێکی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ چ لە کاتی دەسەڵاتدارییان و چ لەو کاتەدا کە لەدەسەڵاتدا نەماون سکاڵایان لەسەر تۆمار ناکا و لەبەردەم یاسادا بەرپرسیاریان ناکا. دیارە ئەمە یەکەمجار نییە

**بەشی چوارەم**

ناکارابوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لق و پۆپەکانی سەر بەو ڕێکخراوە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە ئاشکرا خۆی دەرخستوە و هەر ئەو ناکارامە بوونە وای کردوە کە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی وەک سووریە و ئێران لەسەر شێوازی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی خۆیان بەردەوام بن و بەئاشکرا و لە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ژێر حوکمڕانییان پێشێل بکەن.

ساڵی ٢٠١٣ یەکێک لە سەربازەکانی سپای سووریە لە ڕیزەکانی سپای ئەو وڵاتە ڕایکرد و لە ژێر ناوی خوازراوی "سزار" زیاتر لە ٥٣ هەزار وێنەی لە زیندانەکانی حکوومەتی سووریە هێنایە دەرێ و لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی لێ ئاگادار کردەوە، بەڵام نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە دەوڵەتان دەستیان بۆ هیچ ڕێکارێک نەبرد کە لانیکەم حکوومەتی سووریە و خودی بەشار ئەسەد لە بەرانبەر ئەو تاوانە دڕندانەیەدا بەرپرسیار بکەن و هەر ئەو بێ هەڵوێستییە وایکرد کە ڕێژیمی سووریە بە سەرکردایەتیی بەشار ئەسەد چاونەترستر بێ لە سەرکوت و کوشتاری خەڵکی بێتاوانی سووریە. ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای ٧ی ئوکتۆبری ٢٠٢٣ کە لەو ڕۆژەدا ڕێکخراوی حەماس هێرشی کردە سەر خاکی ئیسرائیل و دژکردەوەی خێرای دەوڵەت ئیسرائیل بەدوادا نەبوایە، ڕەنگە ئێستاش ڕێژیمی سووریە بە دەسەڵاتدارەتیی بەشار ئەسەد هەر لەسەر حوکم بوایە و لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی درێژەی بە حوکمڕانی خۆی دابا و تەنانەت لە مانگەکانی پێش ڕووخانی هەوڵەکان ئەوە بوو کە بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی بگێڕنەوە بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی و نێودەوڵەتی. ئەو هەوڵانە لە حاڵێکدا لە ئارادا بوون کە بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ جەسوورتر دەبوون لەسەر پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و بە داخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ئەوەیان دەزانی.

ئێستا کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕووخاوە و هەواڵی شکاندنی دەرگای زیندانەکانی سووریە و ئازادی زیندانییەکان بە هەموو جیهاندا بڵاو بۆتەوە، دەتوانێ نیشانەی ئەوە بێ کە حاکمانی دیکتاتۆر و ملهوڕ ناتوانن هەتا سەر دەوام بێنن و هەر بەو جۆرەی کە دەسەڵاتداریەتی بەشار ئەسەد کۆتایی پێهات و زیندانییەکان ئازاد کران. هەر بەو جۆرە دەتوانێ هیوای سەرکەوتن بدا بە گەلانی ئێران کە ڕۆژێک دادێ کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە لایەن گەلانی ئەو وڵاتەوە دەڕوخێندرێ و دەرگای زیندانەکان دەشکێندرێ و زیندانییەکان لەگەڵ سەرجەم خەڵکی ئێران دەستەملانی ئازادی دەبن. بەو مانایە ئازادی هەر زیندانییەک لە سووریە دەتوانێ پەیامێکی هیوابەخش بێ بۆ زیندانیانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەگەر لە لایەکەوە ئەو هیوا و ئومێدە بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و ئازادبوونی زیندانیەکان هاوچەشنی سووریە لەنێو خەڵکی ئێراندا ڕووی لە زیاد بوون کردوە، دەسەڵاتدارانی تاران بە جێگای ئەوەی دەرس لە چارەنووسی بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی وەربگرن لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیاندا هەوڵ دەدەن بە قسە و نووسین ئەو هەواڵانەی لەسەر زیندانەکانی ڕێژیمی ڕووخاوی سووریە بڵاو دەبنەوە وە درۆ بخەنەوە و لە بیروڕای گشتی کۆمەڵگەی ئێراندا کەم ڕەنگ

نیشانی بدەن.

هەواڵدەریی"مهر" سەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠٣ وتارێکی لەژێر سەردێری "هەموو شتێک سەبارەت بە زیندانی سیدنایا لە ئەشکەنجەی زیندانییانەوە هەتا فیلمی هالیۆودی" بڵاو کردۆتەوە و لەو وتارەدا نووسەر هەوڵی داوە ئەو وێنە و فیلمانەی لە لایەن ڕاگەیەنە گشتی و هەواڵنێرە جیهانییەکان لە زیندانەکانی حکوومەتی سووریە بڵاو کراونەوە زیاتر بە هەڵبەستراوە و دوور لە ڕاستی بقەبڵێنێ. لە بەشێک لە وتارەکەدا ئاوا دەڵێ: "ئەگەر چی هەڵسوکەوتی نەشیاو و خراپ و ئەشکەنجەی دژبەرانی حکوومەتی سووریە لە زیندانەکاندا بابەتێک نییە بشاردرێتەوە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو لەو زیندانییانە ئەو کەسانەن کە هاوفکری ئەو گرووپە تێرۆریستییانە بوون کە بەوزووانە لە سووریە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە....."واتە بە وتەی نوسەری هەواڵدەریی "مهر" ئەشکەنجەدان و تەنانەت ئێعدامی زیندانییەکان لە زیندانەکانی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد بەربەرەکانێ لەگەڵ دژبەرانی دەسەڵات بووە و بە کارێکی یاسایی دادەنێ. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی هەواڵدەریی "مهر"دا نوسەری بابەتە دەڵێ: "بەشێک لەو هەراو هوریایە کە دروست بووە لە لایەن زیندانییەکانی پێشووەوە دروست بووە بۆ ئەوەی لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا بەشێکیان بەربکەوێ." لێرەدا نوسەری بابەتەکە دەیهەوێ لە گرینگی پرسەکە کەم بکاتەوە و بڵێ کە ئەو هەراوهوریایەی لەسەر زیندانەکانی حکوومەتی بەشار ئەسەد دروست بووە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی هێندێک کەس و لایەنە و دەنا جینایەت و تاوانەکانی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد لەو ڕادەیەدا نییە کە باسی لێوە دەکرێ و ئەوەش جۆرێک پاساوهێنانەوەیە بۆ هەموو ئەو جینایەت و تاوانانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە ئازادیخوازانی ئێران کردوویەتی.

ئاکامگیرییەکی بەپەلە لەو باسە ئەوەیە نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی هەتا ئێستا توانیویەتی ئەرکی خۆی کە پاراستی مافەکانی مرۆڤە لە چوارچێوەی ئاشتی و ئەمنییەتی جیهانیدا بە جێ بگەیەنێ و، نە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانیش لە چارەنووس و ڕووخانی حکوومەتە هاوشێوەکانی خۆیان دەرس وەردەگرن. بەڵام بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی هەتا ئێرە سەلمێندراوە ئەوەیە حکوومەتەکان دەڕوخێن و حاکمە دیکتاتۆرەکان بەچۆک دادێن و ئەوەی دەمێنێتەوە و سەردەکەوێ خەباتی گەلانە بۆ ئازادی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

٤ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## کۆماری ئیسلامی و دووڕێیانی چارەنووس!




دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەتا دەستپێکی ڕاپەرینی "ژینا" چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی ئێران لە بیروڕای گشتیی خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وایان نیشان دەدا ڕێژیمەکەیان، نیزامێکی سەقامگیر و بەهێزە و ئەوەندەش بەهێزە کە کاریگەریان لەسەر هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکە هەیە. هەروەها هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و تەنانەت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا بەبێ کۆماری ئیسلامی سەر ناگرێ و ئەگەر سەریشی گرتبا حەتمەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای هێزە نیابەتییەکانی خۆیەوە گرفتیان بۆ ئەو هاوپەیمانییە دروست دەکرد. بەڵام ڕاپەڕینی "ژینا"ڕوخساری ڕاستەقینەی هیز و توانا و پێگەی جەماوەریی ئەو نیزامەی هەم بۆ گەلانی ئێران و هەم بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕوونی دەرخست و ئەوە بووە هۆی لاوازبوونی پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەو ڕێژێمە هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لەنێو کۆمەڵگەی جیهانیدا.

دەسەڵاتدارانی تاران لە دوای ڕاپەڕێنی "ژینا" بەتەواوی دۆشداماو و بێدەسەڵات بوون لە چارەسەرکردنی قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کە لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیاندا بۆ گەلانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خولقاندبوویانن و دیتمان لە ڕاپەڕێنی ژینادا ئاکامی ئەو قەیرانخولقێنییانە بە ڕووی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا تەقیەوە و بەتەواوی

سیستمی سیاسی و ئیداریی ئەو ڕێژیمەی هێنا ژێر پرسیار. بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان بێجگە لە سەرکوتی بێبەزەییانەی خۆپێشاندەرانی نارازیی سەرشەقام لە نێوخۆی ئێران، لە ئاستی ناوچەکەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون قەیرانێکی وا بخوڵقێنن کە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە تووشی شەڕ و ئاژاوە بکەن و بەو چەشنە هەل و دەرفەتێک بۆخۆیان بڕەخسێنن کە بتوانن بە سەر قەیرانەکانی دوای ڕاپەرینی "ژینا"دا زاڵ ببن. بۆ ئەو مەبەستە لە ڕوانگەی گەڵاڵەدارێژەرانی کۆماری ئیسلامییەوە باشترین سووژە کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بوو. بۆیە لە ڕێگای ڕێکخراوی "حەماس"ەوە پلانی هێرشکردن بۆ سەر ئیسرائیل یان لە ٧ی ئۆکتوبری ٢٠٢٣دا دارشت.

پلان و پیلانی ٧ی ئۆکتۆبەر بەو ستراتیژییە دارێژرابوو کە سۆز و هەستی وڵاتانی عەرەبی ببزوێنن و دوای دژکردەوەی توندی ئیسرائیل، ئەوانیش بەدژی ئیسرائیل دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و بەو شێوەیە ناوچەکە تووشی شەڕ و ئاڵۆزییەکی بەربڵاو بکەن تا هەم قەیرانەکانی نێوخۆی ئێرانی پێ داپۆشن و هەم ڕێگری بکەن لە سەرگرتنی سوڵحی ئیبراهیم کە لە نێوان ئیسرائیل و کۆمەڵێک لە وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەدا لە ئارادا بوو. لە هەمان کاتدا کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە قازانجی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخولقێنن بۆ ئەوەی لە پاڵپشتی ئەو وڵاتانە بۆ ئۆکراین کەم بکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی دۆستە ستراتیژییەکەی - واتە ڕوسییە - دەستی ئاوەڵەتر بێ بۆ گۆشارهێنانی زیاتر بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمەش ببێتە کارتێک لە دەستی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژەکانی لەگەڵ ترۆئیکای ئورووپادا، واتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بە قازانجی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و پەرچەکرداری خێرا و توندی ئیسرائیل بەدژی ڕێکخراوی حەماس و پاڵپشتی بێ ئەملا و ئەولای وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە حکوومەتی ئیسرائیل لەو شەڕە، بەتەواوی پلانی کۆماری ئیسلامیی تووشی شکان کرد و بە زیانی قەرەبوونەکراو بۆ دەسەڵاتدارانی تاران شکایەوە. چونکە لەو شەڕەدا هیچ کام لە وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە بە قازانجی ڕێکخراوی حەماس تێکەڵ بە شەڕەکە نەبوون و تەنانەت ئەوکاتەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ هێرشی مووشەکیی کردە سەر خاکی ئیسرائیل، بێجگە لە وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا هێندێک لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە یارمەتیی حکوومەتی ئیسرائیلیان دا لە تەقاندنەوەی مووشەک و درۆنەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەوەش سەرەتای شکانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بوو لە ناوچەکەدا و دەستی حکوومەتی ئیسرائیلی زیاتر ئاوەڵا کرد بۆ لێدانی زیاتری هەموو ئەو هێز و ڕێکخراوانەی پاڵپشتی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییان لە ناوچەکەدا دەکرد. لە ئاکامدا هەر دوو ڕێکخراوی حیزبوڵڵا و حەماس لە بواری نیزامییەوە بە چەشنێک لاواز بوون کە توانای دژ کردەوەی کاریگەریان لە بەرانبەر ئیسرائیلدا لەدەست دا و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە لە مەیدانی کردەوەدا ناتوانن لەو شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست

بێنن. بە تایبەتی دوای ڕووخانی خێرای حکوومەتی "بەشار ئەسەد" لە سورییە و تەنانەت حکوومەتی ڕوسییە لەو شەڕەدا کە کۆماری ئیسلامی هەڵیگیرساندبوو چ لە بواری دیپلۆماسی و چ لە بواری نیزامییەوە بەئاشکرا یارمەتیی دەسەڵاتدارانی تارانیان نەدا.

ڕاستە لە ئێستادا کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدن پاساو بۆ شکستهێنانی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچەکە بێنەوە. بەڵام شکەستەکە ئەوەندە قورس و دیارە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و ئەو هەرەسهێنانە لەناوچەکەدا ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردۆتە سەر ورەی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و ڕۆژانە بە دەیان پرسیاری هەمەچەشن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت لە گۆڤار و ڕۆژنامە و و ماڵپەرە جوراوجۆرەکانی نێوخۆی ئێران بەرەوڕووی دەسەڵاتدارانی تاران دەکرێنەوە و ڕێژیم لە گشتییەتی خۆیدا دێننە ژێر پرسیار .چونکە لە لایەک لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا داهات و سامانی گەلانی ئێران چۆتە گیرفانی ئەو ڕێکخراوە و گرووپە نیابەتییانەی نیزام کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا دروستی کردوون و بەکردەوە دەرکەوت کە ئەو هێزە نیابەتییانە لە کاتی تەنگانەدا نەیانتوانی ئەو هێزە گوشارە بن کە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی ڕێژیمی ئێران بگۆڕن.

لەلایەکی دیکەوە بیجگە لەوەی گەلانی ئێران لە بوارەکانی ئازادییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە زیاتر لە جاران دەچەوسێندرێنەوە و سەرکوت دەکرین، بە هۆی ئابلۆقەی ئابووریی نێودەوڵەتی لە بارودۆخێکی نالەباری ژیاندا دەژین و ئەوانە هۆکاری گرینگن کە دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران ڕۆژبەڕۆژ زیاتر و زیاتر بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەرز بێتەوە. وەزعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا دەکرێ لەیەک ڕستەدا بەو شێوەیە وێنا بکەین کە ئەگەر پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبر دەگوترا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست حوکمی پێنج پیتەخت دەکەن، ئێستا لە ئیدارەدانی پێتەختی خۆشیاندا زەبوون و داماون.

لەو هەلومەرجەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان تەنیا دوو ڕێگایان لە پێشە: یەکەم ڕێگا ئەوەیە، پێکهاتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا و پاشەکشە و دەستهەڵگرتن لە هەموو ئەو کاروکردەوانەی وەک هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، وازهێنان لە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، وازهێنان لە پشتیوانیی تیرۆر، وازهێنان لە کێبەرکێی چەک بەتایبەتی پێشەسازیی چەکی ناوکی و مووشەکی، دانان بە مافی شارۆمەندیی خەڵک لە نێوخۆی ئێران بە پێوەرە جیهانییەکان و ... . بەکورتی کۆماری ئیسلامی لە نەزمی جیهانیدا ببێتە تەیرێکی مەعقول. دووهەم ڕێگاش بەردەوامیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدانی سیاسەت و

بەشی چوارەم

ئاجێنداکانی پێشووی و ملنەدان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی.

لە هەر دوو ئەو حاڵەتدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانی ئەو هێژمۆنی و دەسەڵاتەی پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبر لە ناوچەکەدا هەیبوو بەدەستی بێنێتەوە. هەروەک دوای ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی "ژینا" نەیتوانیوە بە سەر ئیرادەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێراندا زاڵ بێ و کۆمەڵگەی ئێران بگەڕێنیتەوە بۆ پێش ڕاپەڕینی "ژینا". لە ئاکامدا دەتوانین بگەین بەو ئاکامە کە چارەنوسی ڕێژیمی ئێران لەسەر دوو ڕێیانێکدا قەراری گرتوە بە چەشنێک بە هەر کامیاندا بڕوا دەرنگ یا زوو حوکمی بە نەمامی خۆی داوە.

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

## باسێک لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان




کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئێوارەی ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی (٤ی فێورییەی ٢٠٢٥ی زایینی)، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و کاتێک یەکەم بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکگرتنەوە ڕوو بە خەڵکی کوردستان و ئەندامان و دۆستانی حیزب بڵاو بۆوە، هەواڵەکە لە لایەک بوو بە مایەی دڵخۆشی و شادمانی ئەندامان و لاینگرانی حیزبی دێموکرات و هەموو دڵسۆزانی بزاڤی مافخوازنەی خەڵکی کوردستان و، لە لایەکی دیکەوە بوو بە مایەی پێناخۆشبوون، تووڕەیی و سەرسووڕمانی دەسەڵاتدارانی تاران. لە هەمان کاتدا لە نێوان دۆست و نەیاردا بۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر شیوازی بەڕێوەچوون و ئاکامەکانی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هاتە ئاراوە کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە بۆچوونەکان پێویستە جیگای سەرنجی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی دێموکراتەکان بێت. کۆمەڵێک بۆچوونی دیکەش هەبوون کە نووسەرەکانیان هەموو کات بە چاک و خراپ لە خەتی دژایەتیی حیزبی دێموکراتدا بوون و ئەو دەستە لە ڕاستیدا نە بەشداریی خەباتی بەکردەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بوون و نە لە شێوازی حیزبایەتی دەزانن، بۆیە بۆچوونەکانیان ناتوانی یارمەتیدەری کاروتێکۆشانی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ.

## بەشی چوارەم

### کۆنگرەی ئەمجارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو بوارەوە لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەی حیزب جیاوازیی بەرچاوی هەبوو.

**یەکەم**: لە بواری تەشکیلاتییەوە هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو، بەو مانایە دوای ١٦ ساڵ لە یەکدابڕانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبدا توانرا لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو کۆنگرە بگرێ و ئەرکەکانی خۆی سەرکەوتوانە و بە شێوەیەکی زۆر دێموکراتێک جێبەجێ بکا.

**دووهەم**: کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە هەلومەرجێکی بە تەواوی ئەمنییەتی و لەژێر گوشار و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە شێوازێکی بەتەواوی جیاواز بەڕێوە چوو، و کاتێک هەواڵی کۆتاییهاتنی کۆنگرە بڵاو بووە، دەزگا ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی حەپەسان و سەرسوورمان بوون.

بۆ هەر حیزبێکی سیاسیی که باوەڕی بە دێموکراسی هەبێ، گرتنی کۆنگرە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو حیزبە دادەنرێ، بەو مانایە کە گرتنی کۆنگرە هەم پێداچوونەوەیە بە سیاست و کردەوەکانی نێوانی دوو کۆنگرەی حیزب و لە هەمان کاتدا داڕشتنی خەتی گشتیی سیاسەتی حیزب و باوەڕ بە دەستاودەستکردنی بەڕێوەبەریی حیزب لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازد و ڕاستەوخۆ و نهێنییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە سوور بووە لەسەر جیبەجێکردنی ئەو بنەمایە و هیچ کۆسپ و لەمپەرێک نەیتوانیوە ڕێگر بێ لەسەر ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنگرە.

ئەگەر چاو بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بگێڕین دەبینین بەپێی ئەو هەلومەرجەی حیزب تێیدا ژیاوە هەموو هەوڵێک ئەوە بووە کۆنگرە لە کات و ساتی خۆیدا بەڕێوە بچێ، بەڵام زۆر جاران چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە لایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە تاران هەوڵ دراوە پێش بە بەڕێوەچوونی کۆنگرەکانی حیزب بگیردرێ. بۆ کۆنگرەی ئەمجارەش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای دامودەزگا هەواڵگری و ئەمنییەتیەکانیەوە زۆر لە هەولی ئەوەدا بوو پێش بە گرتنی کۆنگرە بگرێ و ئەگەر بۆی نەکرا لانی کەم زانیاریی لە کات و شوێنی کۆنگرە دەدست بکەوی بۆ ئەوەی زەبری لێ بوەشێنن و بتوانن کۆسپ لە بەردەمد بەڕێوەچوونیدا دروست بکەن. بەڵام سەرنەکەوتن و بەخۆشییەوە وریایی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزب و هاوکاری هەمەلایەنەی تەشکیلاتی حیزب هەرهەموو پیلانەکانی دوژمنی پوچەڵ کردەوە و لەو کات و شوێنی دیاریکراودا کۆنگرە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و هەموو ئەو ئەرکانەی بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب دیاری کرابوو، بە ئەنجامی گەیاندن.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم

بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز زیاتر ئاشنا بێ بە شێوازی کارکردنی کۆنگرەی حیزبی دێموکرات پێویستە باس لەو ئەرک و دەسەڵاتانەی کۆنگرە بکەین کە لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا هاتوون.

**بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و ئەرکەکانی لە چوار خاڵدا دەست نیشان کراوە:**

**١- هەڵسەنگاندن بۆ ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە نێوان دوو کۆنگرە دەکا و بریاری لەسەر دەدا.**

**٢- ڕێبازی گشتی، ستراتیژی و تاکتیکی حیزب دیاری دەکا.**

**٣- بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب بەپێی پێویست دەستکاری و پەسند دەکا.**

**٤- کۆنگرە ئەندامانی ئەسلی و جێگرانی کومیتەی ناوەندی بە دەنگی نهینی و ڕاستەخۆ لە نێو ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێرێ.**

- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندییش باس لە کار و تێکۆشانی ڕێبەرایەتیی حیزبە لە نێوان دوو کۆنگرەدا، بەو مانایە نیشاندەری ڕادەی کارکردنی ڕێبەرییە بۆ جێبەجێکردنی بریارەکانی کۆنگرەی پیشوو. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لەگەڵ ئەوەدا وێنەیەک لە ڕابردوو نیشان دەدا، ڕێکاریش بۆ داهاتوو دەستنیشان و هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرج و گۆڕانکارییەکان و شیکردنەوە و لێکدانەوەیان ڕێباز و تاکتیکەکان بە کۆنگرە پێشنیار دەکات. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی، ڕاپۆرتی کاروتێکۆشانی کەسێک یا خۆ ئۆرگانیکی حیزب نییە، بەڵکوو ئاکامی کاری بەکۆمەڵ و پوختەی تێڕوانین و بیری جەمعییە کە کۆنگرە بریاری کۆتایی لەسەر دەدا و دەبێتە بەڵگەیەکی کاریی حیزب.

- بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە، دیاریکردنی ڕێبازی گشتیی سیاسی، ئیستراتیژی و تاکتیکی حیزبە. ئەو باسە لەگەڵ تەوەری یەکەم پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە، واتە ڕێبازی گشتی لە سیاسەتی حیزب سەرچاوەگرتوو لە خوێندەوە و لێکدانەوەی باسە سیاسیەکانی نێو ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەیە. باس و لێکدانەوەی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرە لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی سیاسی کە هەرکامیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەڵیدەسەنگێنن و لە ئاکامدا ڕاو بۆچوون و پیشنیارە هاوبەشەکان دەستەبەندی دەکرین و دەبن بە بنەمای ڕێباز و سیاسەتی داهاتوومان و لە دوو بریارنامەی نێوخۆیی و دەرکیدا کۆبەند دەکرێن و دەبن بە ڕێنیشاندەری کومیتەی ناوەندی بۆ کاروتێکۆشان.

- بەشیکی دیکەی کاری کۆنگرە پێداچوونەوە و دەستکاری پێویست لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبە. ئەو دەستکاریکردنە بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی ئێران و کوردستان دەبێ. بەرنامەی

## بەشی چوارەم

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ناسنامە و نیشانەدەری شوناسی حیزبە. بنەما و جەوهەری بەرنامەی حیزب لە تێکۆشان لەپێناو دێموکراسی و ئازادی و مافی نەتەوایەتی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیدا خۆ دەنوێنێ. لە ڕاستیدا ئەوانە کۆڵەکەی ئەسڵی ڕێبازی حیزبن و بەرنامەی حیزب لەژێر ڕوناکایی ئەو بنەمایانەدا گەڵاڵە دەکرێ و بە پەسندی کۆنگرە دەگا.

- بەشی کۆتایی کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندیی حیزبە کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا ئەرکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دەکەوێتە سەر شان. هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە کۆنگرە نیشانی ئەوەیە کە بەدەنەی حیزب لە ڕێگای نوێنەرانیەوە لە دیاریکردنی ڕێبەریدا ڕۆڵی هەیە. بەو مانایە کە ڕێبەری بەرپرسیار دەکا لە بەرانبەر تەشکیلات و ڕێکخستنەکانی حیزبیدا وڵامدەر بێ. بۆیە کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرە دەبێ ئەوە بزانی هەم نوێنەری ئەو کەسانەیە کە دەنگیان پێداوە و هەم نوێنەری ئەوانەیە دەنگیان پێنەداوە؛ چونکە هەرکام لەو نوێنەرانە، نوێنەرایەتیی بەشێکی بەدەنەی حیزب دەکەن.

بەو کورتە خوێندنەوە لە ئەرکەکانی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستە ئاماژە بەو بابەتەکە بکەین کە لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکاندا ئەم ئەرکانە بەباشی بەڕێوە چوون و بەڵگەنامەکان پەسند کراون. بێگومان هێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرچاوگرتوو لە پێگەی جەماوەریی خەڵکی کوردستان و توانای ئەندامەکانیدایە. حیزبی دێموکرات زۆر قۆناخی پڕ مەترسیی بە هۆی لەخۆبوردوویی و یەکگرتوویی ئەندامان و پشتگیریی خەڵکی کوردستان بڕیوە و سەربەرزانە لێی هاتووەتە دەر و بە هەوڵ و هیمەتی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی زۆر برینی قووڵی ساڕێژ کردۆتەوە. هەربۆیە بەحەق دەگوترێ ئەو حیزبە ئەمانەتی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەران و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسییە کە بە ئێمە سپێردراوە و ئەرکە بە یەکڕیزی تەشکیلاتیی حیزب، ئەو ئەمانەتە بپارێزین.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## بابەتی ساڵی.......... ٢٧٢٥

## دەرنجامەکانی ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی




٤٧ ساڵ لەو پێش گەلانی ئێران بە نیازی هاتنەسەرکاری سیستمیکی دێموکرات و ژیانێکی خۆشتر حکوومەتی پاشایەتییان ڕووخاند. بەڵام بێ ئاگا لەوەی ئەو حکوومەتەی جێگرەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی دەبێ، نەک هەر دێموکرات نابێ، بەڵکوو ڕێچکەی ژیانیان دەگۆڕێ و یاسا و ڕێسای کۆنەپەرەستانەی سەدەکانی نێوەڕاستیان بەسەردا دەسەپێنێ و بە هۆی سیاسەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە دنیای پیشکەوتوو دادەبڕێ. ئەو نیزامە خۆی بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دنیا ناساند و لەسەر بنەمای ویلایەتی ڕەهای فەقهیی حوکمڕانیی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا دەست پێی کرد.

سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوەرۆکی خۆیدا نیزامێکی ئایدۆلۆژیکە و بۆ مانەوەی خۆی هەوڵی پەرەپێدانی ئەو ئایدۆلۆژییە و باوەڕەکانی خۆی دەدا و ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەچێتە ئەو خانەیە،

دۆخێک کە حوکمڕانیی سیاسیی وڵاتانی دیکە و دەستێوەردانی سیاسی لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانە بە ئامانج دەگرێ.
لە پێشەکیی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا کە باس لە شێوەی حکوومەتداری لە ئیسلامدا دەکا بەڕوونی باس لەوە دەکا کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەبێ بوار و بەستێنی شۆڕشی ئیسلامیی هاوچەشنی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا پێک بێنی. بۆ پێکهێنانی ئەو بەستێنەش هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات پێویستە کەرەستەکانی بۆ دابین بکرێ کە یەکێک لە کەرەسە گرینگەکانی بوونی ئەرتەش و سوپای چەکداری مەکتەبییە. بەڕوونی لە پێشەکیی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا باس لە ئەرتەشی مەکتەبی دەکا و دەڵێ: "ئەو سوپایە ئەرکەکەی تەنیا پاراستنی سنوورەکان نیە، بەڵکوو ئەرکی بەجێگەیاندنی مەکتەبیبوونی خۆی، واتە جیهاد لە ڕێگای خودا و خەبات بۆ پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خوادیە لە سەرانسەری جیهاندا." بەو دوو نموونەی سەرەوە بە باشی و بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران سیاسەتی دەرەکیی خۆی لەسەر باوەڕە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی داڕشتوە و لە ماوەی ئەو ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتییدا پێڕەوەی لەو سیاسەتە کردوە و سەرچاوە و تێچووی ماددی و ئینسانی زۆری لێ خەرج کردوە.

ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئەگەر لە قۆناخی جۆراوجۆردا بە نرخی برسیکردنی خەڵک و دواخستنی ئێران لە قافڵەی پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەتا ڕادەیەک توانیویەتی هێژموونی و دەسەڵاتی تاران بەسەر بەشێک لە ناوچەکەدا کە بە ناوی هیلالی شیعە ناسرابوو، بسەپێنی. بەڵام لە هەمان کاتدا بووە هۆکاری نەهامەتی و شەڕ و ململانێی دینی و ئایینیزایی و تایفی لە ناوچەکەدا و دەبینین کە درێژەدانی ئەو سیاسەتە لەژێر دروشمی "ڕێگای قودس بە کەربەلادایە" شەڕێکی بێمانا و بێئاکامی هەشت ساڵەی لێ کەوتەوە و زیانێکی گەورەی ئینسانی و ئابووریی قەرەبووەنەکراوە لە هەر دوو وڵاتی ئێران و عێراق دا. درێژەدانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش هەر بەو شەڕە نەوەستا، بەڵکوو بە هۆی دەست تێوەردانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت وڵاتانی دیکەی جیهان، ئێرانی لە بواری سیاسیی و دیپلۆماسییەوە لە کۆمەڵگەی جیهانی دابراند و لە بواری ئابوورییەوە ئاستی ژیانی گەلانی ئێرانی گەیاندە نزمترین ئاست.

لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە لەژێر سێبەری ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆرش بەشێکی بەرچاوی بۆ ئەوە بوو کە دەسەڵاتدارانی تاران قەیرانە نێوخۆییەکانیانی پێ داپۆشن و شەڕ و ئاژاوە لەگەڵ ئەو دوژمنانەی بۆخۆیان دروستیان کردوون بەرێتە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. هەروەها لە ئاست کۆمەڵگەی جیهانی وا نیشان بدا کە نێوخۆی ئێران لەو ناوچە ئاڵۆزەدا لە سێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ئەمنییەت و ئارامییەکەی لە لوتکەدایە.

**بەشی چوارەم**

دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و دروستکردنی تاقم و گرووپی نیابەتی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە وای کرد کە پێکەوەژیانی گەلان لە ناوچەکەدا بەتەواوی بکەوێتە مەترسییەوە. کە چاو بە مێژووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ بە هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەو نیزامە هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران توندتیژی و شەڕ و ئاژاوە و دووبەرەکی و تێرۆر لە سەرانسەری ناوچەکە پەرەی گرتوە. بۆ نموونە ئەگەر پێش هاتنە سەر کاری دەسەڵاتدارانی تاران حکوومەتەکان لەنێو خەڵکی خۆیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا شەرمیان بوو بە پاڵپشتی کردن لە تێرۆر تاوانبار بکرین، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا بە دەیان گرووپی تێرۆریستییان لەسەر گیرفانی گەلانی ئێران پێک هێنا و بەئاشکرا و بێ سەڵمینەوە لە یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتی پشتیوانییان لەو گرووپە تێرۆریستیانە کردوە. بەڵام لە ئێستادا دەبینین سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبری ٢٠٢٣ ئیدی نەک هەر کارایی خۆی لە دەست داوە، بەڵکوو ئەو سیاسەتە هەڵەوچەوتانەی دەسەڵاتدارنی ڕێژیم دووبارە شەڕێکیماڵوێرانکەری تووشی گەلانی ئێران کردوە کە ئاکامی ئەو شەڕە تەنیاوتەنیا دارمانی یەکجارەکیی ژێرخانی ئابووری و زیانی مرۆیی قورس لە ئێران داوە. دەبینین دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبر و وەدەستهاتنی خێرای سوپای ئیسرائیل بۆ بەرپەرچدانەوە و هەڵتەکاندنی گرووپە نیابەتییەکانی ئێران و ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد، لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕەوتی ڕوداوەکانی بەپێچەوانەی ویستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە و دوای ٤٧ ساڵ دروشمی بێنێوەرۆک و هەزینەکردن لەژێر ناوی ئازادسازیی قودس نەک نەیانتوانیوە ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی لە ناوچەکەدا جێگیر بکەن؛ بەڵکوو خەریکە ئەو سیاسەتە سەری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەخوا و تۆماری ژیانی حوکمڕانیی ئەو نیزامەش تێکەوە دەپێچی.

**٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

## جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێر بوون و ئەرکوەخۆگری



دەست بردن بۆ پێنووس بۆ ئەوەی لەسەر کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی بنووسی کارێکی گەلێک سەخت و دژوارە، چونکە کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی هەڵگری زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانە لە ڕێی وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک پێشمەرگەیەک مانەوە لە سەنگەری دیفاع لە خاک و نیشتمان و زمان و کولتووری نەتەوەیەک، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک سیاسییەک تێکۆشاوە لە ڕیزی ڕێبەرانی سیاسیی گەلی کورد بۆ بردنەپێشی پرسی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە کوردستان و ئێران، هەر بۆیە زەحمەتە بتوانرێ بە وشەکان سەنگ و قورسایی ئەو ماوە دوورودرێژە لەخەبات و تێکۆشانی ڕەوانشاد کاک جەلیل و کاریگەریی ئەو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی دەربخرێ و حەقی خۆی پێ بدرێ. لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییە منیش بەو چەند دێرە هەرچەند بە لەنگ‌ولۆری بێت دەمهەوێ ڕێز و وەفاداریی خۆم بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە لە خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی دەرببڕم.

سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە لە نزیکەوە کاک جەلیل گادانیم ناسی. هەر لە یەکەم دیداردا بۆ من کە لە هەرەتی لاویەتیدا بووم و هەڵسووڕان و قسەکردن و کاریگەریی کاک جەلیل لەسەر دەوروبەری جێگای سەرنج و تێڕامان بوو. کاک جەلیل بە هەڵسوکەوتی جوان و دڵسۆزانە و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی کە هەیبوو زۆر زوو خەڵکی

دەوروبەری دەخستە ژێر کاریگەریی خۆی و ئەو هەستەت لا دروست دەبوو کە لە دڵەوە خۆشت بوێ و لەخۆتی بە نیزیک بزانی. بە داخەوە ئەو دەورانە بۆ من بە هۆی داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان زۆر کەموکورت بوو. شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر کوردستاندا سەپا و منیش وەک لاوێکی تینووی ئازادی و پاراستنی نیشتمان شانازیی پێشمەرگایەتیم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێ برا. وەک پێشمەرگەیەکی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو جار بە دائیم لە بۆنە و کاری جۆراوجۆری حیزبیدا گوێبیستی ناوی کاک جەلیل گادانی دەبووم. کات بە خێرایی تێپەڕ دەبوو و ئێمە بە هۆی سەرقاڵبوونمان بە خەباتی پێشمەرگانە هەستمان بە تێپەڕبوونی کات بەو خێراییە نەکردبوو دوای نیزیک بە بیست ساڵ بەهۆی کار و بەرپرسایەتیی حیزبی شانازی ئەوم پێ براوە کە بۆ جارێکی دیکە ببمەوە هاوکاری نیزیکی کاک جەلیل، بەو جیاوازییە لەگەڵ ئەوەدا کاک جەلیل تەمەنی هەڵکشابوو و منیش هەروا،  بەڵام کاک جەلیل هەمان گوڕوتینی جارانی هەبوو، بەڵام من هەستم بە شەکەتی دەکرد.

کاک جەلیل بێجگە لەوە کە وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند، لەهەمان کاتدا ئەرکی ئۆرگانێکی پڕ کاری وەک کۆمیسیۆنی ماڵیی لە ئەستۆ بوو و ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە خەریکی ڕاپەڕاندنی کارە جۆراوجۆرەکانی خەدەماتی و تەدارۆکاتیی ئەو ئۆرگانە بوو، لەهەموو بەشەکانی دەپرسییەوە و ڕاسپاردەکانی دەسپارد، لەگەڵ هەموو ئەو پڕکارییە لە بچووکترین فورسەت کە هاتبا پێش لە خوێندنەوە و نووسین غافڵ نەدەبوو، و لەهەمان کاتدا بە دایمە هاندەری ئێمەمانان بوو، بۆ نووسین و خوێندنەوە و گەلێک جاران هاندانەکانی تێکەڵ دەبوون بە گلەیی وگازندە لە ئێمە و کەسانی وەک ئێمە کە بۆچی دەست بۆ قەڵەم نابەن و ئەگەر لەسەر پرسە سیاسییەکان نانووسن لانیکەم بیرەوەرییەکانتان بنووسن، ژیانی پێشمەرگایەتی ئێوە پڕە لە خۆشی و ناخۆشی، کارەسات و خوێن و قوربانیدان، ماندوویی و برسیەتی، شەکەت و هیلاکی، بۆیە  پێویستە ئەو ژیانە بنووسرێتەوە و چ کەسێک باشتر لەخۆتان هەیە بۆ نووسینەوەی. هەموو کات ڕەوانشاد کاک جەلیل ئەوەی وەبیر دەهێنایەوە و دەیگوت کەم نەتەوە هەیە ڕۆڵەی وەک پێشمەرگەی کوردستانی فیداکار و لەخۆبوردووی هەبێ حەیفە ئەو هەموو تیکۆشانە بەخۆشی و ناخۆشییەوە نەیەتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز و بەدێکۆمێنت نەکرێ. هەر بۆیە یەکیک لە ئەرکەکانی کە بۆ خۆی دیاریی کردبوو کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە زەمانی پێشمەرگە و فەرماندەرانی پێشمەرگە باسیان لێوە دەکرا، باشم لە بیرە من یەکێک لەو کەسانە بووم کە کاک جەلیل بانگهێشتی کردم بۆ نووسینی یادەوەرییەکانی پێشمەرگایەتی لەبەر ئەوە لە هەلومەرجی ئێستاماندا باوەڕم بە نووسینی بیرەوەرییەکان نەبووە و نییە خۆم لە داوای کاک جەلیل بوارد و ئەویش زۆرم لێ بە گلەیی بوو. هەر بۆیە کاتێک کۆبەندی کۆمەڵێک بیرەوەریی دوژمن شکێنی پێشمەرگە لە دووتوێی کتێبێک لە ژێر ناوی کەشکۆڵی پێشمەرگە بە هیمەتی کاک جەلیل چاپ و بڵاو بۆوە بۆخۆی بۆی هێنام و گوتی بۆیە بۆم هێناوی ئەوە جاری پێشوو نییە دەبێ ئەو جار بنووسی. ئیدی دەستم کورت و بێدەسەڵات مامەوە و هەر تەنیا ئەوەندەم گوت: بە چاوان کاک جەلیل و بۆ بەرگی دووهەمی کەشکۆڵی پێشمەرگە بابەتێکم لەژێر

سەردێڕی بیرەوەریی یەکشەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی نووسی. مەبەستم لەو باسە ئەوەیە کە بڵێم کاک جەلیل لە هەمان کاتدا کە خۆی نوسەر و وەرگێڕێکی بەتوانا بوو، هەموو کات هەوڵی ئەوە بوو کە کادر وپێشمەرگە و ئەندام و منداڵانی بنەماڵەکانی حیزب لە خەتی نووسین و وەرگێڕان وداهێنانی نوێدا بن بۆ دوو مەبەست هەم لەو ڕێگایەوە خزمەت بە دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی بکرێ وهەم ئەو ڕابردووە پڕ لە شانازی و لە خۆبوردوویيە بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی کوردستان و لە فەوتان ڕزگاریان بکا.

نموونەیەکی دیکە هەر لە بواری هاندانی کاک جەلیل بۆ نووسین و دەست بۆ قەڵەم بردن بۆ کەسانی وەک ئێمە کە لەبەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی کەمتر پڕژابووینە سەر نووسین و وەرگێڕان. کاتێک ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤م) لە شوێنی کار سەردانی کاک جەلیلم کرد و باسی ئەوەم کرد کە کۆمەڵێک ڕووداوی مێژووی نیزیک بە چوارسەد ساڵەی ڕابردووی شاری مەهابادم بە کەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی بەردەستن گوڵبژێرم کردوون و کۆم کردوونەتەوە و دەمهەوێ لە دووتویی کتێبێکدا لەژێر ناوی "مەهاباد و کورتە مێژوویەک"دا چاپی بکەم، داواکارم بە چاوی ڕەخنەگرانەوە چاوی لێ بکەی و ئەگەر پێت باش بوو وەک پێشەکی هەرچەند کورتیش بێت شتێکی لەسەر بنووسی. کاک جەلیل بەپێی تایبەتمەندی خۆی بەو جۆرەی باس کرا بە دڵئاوەڵەیی‌یەوە لێی وەرگرتم ولە ماوەی نیزیک بە دوو حەتوودا نەک بە کتێبەکەدا هاتەوە و چەندین ڕێنوێنیی بەنرخی لەسەر نێوەڕۆکی کتێبە کردم و پێشەکییەکی جوانیشی بۆ نووسی، کە ئەو کارەی کاک جەلیل لەو سەردەمەدا بۆ من پاڵپشتی و دڵگەرمییەکی زۆر بوو، بۆ ئەوەی ئارام لەو بوارەشدا متمانە بە خۆم بکەم.

هەر سەبارەت بە هۆگریی ڕەوانشاد کاک جەلیل بە زانستی فێربوون و خوێندنەوەی کتێب و ناساندنی خەباتگێڕان بە نەوەی ئێستا و داهاتوو هەتا ئاخری ڕۆژەکانی تەمەنی و دواهەناسەی ژیان وەک ئامانجی پیرۆز دەستی لێ هەڵنەگرت. دوو ڕۆژ پێش گیانلەدەستدانی کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە بەدەست نەخۆشیی ماڵوێرانکەری کۆرۆناوە دەیناڵاند، بەپێی وەزیفە بە تەلەفوون ڕۆژانە چەند جار هەواڵم دەپرسی، ئەو جارەیان دەتگوت خۆی دەزانێ دوا سەفەریەتی، لەگەڵ ئەوەدا لە وەزعی هەموو هاوڕێیانی لە حیزب کە تووشی هەمان نەخۆشی ببوون پرسیاری کرد و داوای ئەوەی ڕایسپارد کە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوە خەڵکی زۆرترمان تووش نەبێ، فەرمووی ٥٠ بەرگ کتێب کە باس لە ژیان بەسەرهاتی شەهیدی فەرماندە چرچەی بارام میرزا دەکا و تازە چاپ بووە لە فڵان شوێنی ماڵی دانراون تکایە بڵاویان بکەنەوە با ئەو گەنج و لاوانە بیخوێننەوە. دەبوایە زۆتر بڵاویان بکەمەوە بەڵام نەخۆشی مەودای نەدا ئێوە ئەوکارم لەجیاتییان بکەن. ئەو جارەش هەر وەک یەکەم جار کە چاوم بە کاک جەلیل کەوت بەو شێوە بیرکردنەوە و لە فکرداب‌وونەی بە بابەتەکانی دەوروبەری بە تەواوی سەرسام بووم کە دەبێ ئەو مرۆڤە چەندەی ئیمان بەخۆی و ڕێبازەکەی هەبێ کە لە کۆتا هەناسەکانیدا بەجێگای باسکردن لە بابەتی دیکە هەر لە بیر و فکری ئەوەدایە ئەو ڕێبازەی بەخۆینی شەهیدان پاراو

## بەشی چوارەم

کراوە چۆن هەتا سەر لووتکەی سەرکەوتن درێژەی پێ بدرێ و ڕێز لەوانە بگیرێ کە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون.

ئەو چەند نموونەیە سەرەوە تەنیا دڵۆپێک بوون لە دەریای بیروباوەڕی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی بە پەروەردە و بارهێنان لە ڕەهەندی نووسین و خوێندن و خوێندنەوە. ئەگەر بمانهەوێ کەسایەتیی کاک جەلیل باش بناسین و بزانین لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ چۆن توانیویەتی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەوام بێنێ و هەموو ناخۆشی و ئاوارەیی و زیندان و چەرمەسەریی ڕۆژگار لە ڕێگای ڕێبازی کوردایەتی تەحەمول بکا و قەت بۆ جارێکیش کەس لێی نەبیست کە بڵێ ماندوو بووم و یا گلەیی لە ژیان هەبێ، بەڵکوو هەمووکات ڕووی لەو کەسانە دەکرد کە کاریان لەدەست دێ بەڵام مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی قەبووڵ ناکەن، ئەرک و بەرپرسایەتی لە بەرامبەر جووڵانەوەی وەبیر دێنانەوە و هانی دەدان بۆ کارکردن و مەسئوولییەت قەبووڵ کردن.

پێویستە و دەخوازێ لە بوارەکانی لایەنی سیاسی و نەتەوایەتی، ئەدەبی و فەرهەنگی، مرۆڤدۆستی و کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لە ژیان و سەربوردەی کاک جلیل بکرێ و تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل لە بوارە جیاوازەکان بخرێتە بەردەستی نەوەی داهاتووی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو هەمووە فیداکاری و لەخۆبوردوویی‌یەی کاک جەلیل ببێتە ڕێنیشاندەری ڕێی خەباتی ئەوان.

**یاد و ناوی کاک جەلیل گادانی هەروا بەزیندوویی بمێنێتەوە و ڕێگا و ڕێبازی خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.**

**١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

## کۆماری ئیسلامی و پرسی مەشروعییەت!



لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویدا، کاتێک ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا، گەلانی ئێران بە هیوای دامەزرانی نیزامێکی نوێ بوون کە ببێتە جێگرەوەی نیزامی پاشایەتی، کە لەو نیزامە نوێیەدا بەپێی ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران پارێزراو بێ. غافڵ لەوەی کە خومەینی و داروودەستەکەی نیازیان ئەوەیە سواری شەپۆلی ئیحساساتی خەڵک بن و ئەوەی خۆیان لە بیرو ئەندێشەیان دایە، بیخەنە نێو دووتوویێ بە ناو یاسای بنەڕەتی ئێران، ئەویش دامەزراندنی حکوومەتێکی دینی لەسەر بنەماکانی شیعەی باوەڕدار بە ویلایەتی ڕەهای فەقی بوو، کە لەو باوەڕ و ئایدۆلۆژییەدا شەرعییەتی نیزامی دەسەڵاتدار لە خواوەندەوە بە ڕێبەری ئەو نیزامە دراوە و خەڵک بەپێی باوەڕە مەزهەبی و دینییەکانی خۆیان لەسەریانە ملکەچی بڕیارەکانی دەسەڵات و حکوومەت بن. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە باس لە مەشروعییەت بۆ هەر نیزامێکی سیاسی دەسەڵاتدار دەکەین، مەبەست لە مەشروعییەت، یاسایی بوونی ئەو نیزامەیە و لە سەردەمی ئێستادا یاسایی بوون بەو مانایەیە کە ئەو نیزامە سیاسییە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا بێ و جێگای متمانەی خەڵک بێ. بەپێی ئەو پێناسەیە و شێوازی دامەزرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەبینین هەر لە سەرەتاوە نیزامی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەماکانی مەشروعییەت وەرگرتن لە خەڵک دانەمەزراوە.

لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی دەسەڵاتدارانی وڵاتان ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ بە دوای مەشروعییەت و پێگەی جەماوەریدا

دەگەڕێن، بەو واتایە کە مەشروعییەت لە مەرجە سەرەکییەکانی دەسەلاتداری و حاکمییەت دێتە ئەژمار، چونکە ئەزموون نیشانی داوە کە لە سەردەمی ئێستادا، ئەو حکومەتانەی کە مەشروعییەتیان لە کۆمەڵگەی خۆیان لە دەست بدەن و جێگای متمانەی خەڵک نەبن، هەرچەند لە بواری هێزی سەرکوتەوە بەهێز بن، لە ئاکامدا ناتوانن لە بەرانبەر سێلاوی نارەزایەتی خەڵکدا خۆ بگرن و تووشی هەرەس و داڕمان دەبن.

یەکێک لەو ڕێکارانەی کە دەتوانێ مەشروعییەتی نیزامێکی سیاسی وڵاتێک لەنێو خەڵکدا بپارێزێ، شێوازی بەڕێوەچوونی دێموکراسی و گوێگرتن لە دەنگی نارەزایەتی خەڵکە. چونکە لە نیزامێکدا کە لەسەر بنەماکانی ڕەچاوکردنی دێموکراسی دامەزرابێ و لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و خەڵکی دەستاودەستکردنی دەسەلاتی بە سانایی تێدا جێبەجێ بێ، زۆر سروشتییە لەو جۆرە سیستەمە سیاسییەدا لەنێو هێزە سیاسییەکانی ڕەقابەت و کێبەرکێی ساڵم و بێ توندوتیژی بۆ گەیشتن بە دەسەلات ڕوو دەدا، کە دەنگی زۆرینەی خەڵک یەکلای دەکاتەوە و دوای هەر هەڵبژاردنێک ڕەنگە بەشێک لە هێزە سیاسییەکان، بە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن ڕازی نەبن، بەڵام چونکە دڵنیان لەوەی کە دەتوانن لە داهاتوویەکی نە چەندان دوور و لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا، بەکارکردن لەنێو خەڵکدا سەر بکەون، بێ ئەوەی شێواوی دروست بکەن، هەر لە ڕۆژی دوای هەڵبژاردن خۆیان ئامادە دەکەن کە لە دەورەی داهاتوودا لە پرۆسەی هەڵبژاردن، دەنگی متمانەی خەڵک بەدەست بهێنن و دەسەلات بەدەستەوە بگرن.

بەڵام دامەزرێنەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر وەکی پێشتر باس کرا، هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکار و نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی ئێران، بە ڕاشکاوی وەک پاشاکانی سەدەکانی ڕابردوو لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا گونجاندوویانە کە حاکمییەت و دەسەلاتیان لەسەر بنەمای حوکمی ئیلاهییە، واتە شەرعییەتی دەسەلاتداری خۆیان لە خواوەندەوە وەرگرتوە و لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگە بێ ئەملاوئەولا پێویستە ملکەچی ئەو حکوومەت و دەسەلاتە بێ، و ئەگەر نارەزایەتی دەرببڕن، ئەوە ئەو نارەزایەتی دەربڕینە دەچێتە چوارچێوەی دژایەتی لەگەڵ فەرمانی خواوەند و حوکمی ئەو کەسانە بە پێی یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامی "موحاربە لەگەڵ خوایە" و سزای ئەو تاوانەش حوکمی ئیعدامە. بەڵام لەلایەک ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێران و ناوچەکە و خێرابوونی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی جیهانی و لەلایەکی دیکەوە سیاسەتە هەڵەو چەوتەکانی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا لەنێوخۆ و دەرەوەی ئێران وای کردوە کە چیدیکە گەلانی ئێران و دنیای دەرەوە گوێ لە دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕانەگرن و بایەخی پێ نەدەن. بۆیە دەبینین لەنێوخۆی ئێران خەڵک بە نارەزایەتی دەربڕین و دنیای دەرەوە بە هەڵوێستگرتن لە بەرانبەر سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی شەرعییەتی ئەو نیزامەیان هێناوەتە ژێر پرسیار.

## بەشی چوارەم

ئەگەر سەردەمانێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دەدا دوای دەربڕینی ناڕەزایەتی خەڵک و بۆ نیشاندانی پێگەی جەماوەری بە دنیای دەرەوە و سەلماندنی مەشروعیيەتی خۆیان، خەڵکیان بەسیج دەکرد و بە کۆمەڵ کۆمەڵ دەیانهێنانە سەر شەقام، بەڵام ئێستاکە بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی "ژینا" و شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئەو دوایانە لەگەڵ ئیسرائیل، بە ئاشکرا هەستی پێدەکەین کە ڕێژیم ئەو هێز و توانا و هەیمەنەی نەماوە کە ڕێپێوانی میلیۆنی بە ناوی پشتیوانی لە ڕێژیم لە شەقامی شارە گەورەکانی ئێران وەڕێ بخا، و ئەوە نیشانەی ئاشکرای نەمانی پێگەی جەماوەری نیزامی کۆماری ئیسلامییە. بەو مانایە کە ئەو نیزامە مەشروعیيەتی لەنێوخۆی ئێران لە دەست داوە و پێبەپێی ئەوە مادام لەنێوخۆی ئێران مەشروعیيەتی نەماوە، زۆر سروشتییە لە دنیای دەرەوەش مەشروعیيەتی نێودەوڵەتی لە دەست دەدا. چونکە مەشروعیيەتی هەر نیزامێکی سیاسی لە باوەڕ و پشتیوانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ، و کاتێک حکوومەت و نیزامێکی سیاسی وەک نیزامی کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆی وڵاتدا تووشی قەیرانی مەشروعیيەت دەبێ تەنیا یەک ڕێگای لە پێشە، ئەویش گوێ لە ویستی خەڵک بگرێ و بە کارو کردەوەکانی متمانە و پشتیوانی خەڵک بە دەست بێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە حەیاتی سیاسیی خۆی بدا، کە مێژووی نێزیک بەنێو سەدە لە دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی بەڕوونی پێمان دەڵێ کە ئەو نیزامە ناتوانێ وڵامدەری ویست و داخوازی خەڵک بێ و خۆی لەگەڵ سەردەم بگونجێنێ، چونکە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە لەسەر ئەو باوەڕەی خۆیان سوورن کە مەشروعیيەتی دەسەڵاتداریەتیی خۆیان لە خواوەندەوە وەرگرتوە و خەڵک تەنیا لەسەریەتی ملکەچی بڕیارو یاساکانی ئەو نیزامە بێ، بۆیە لەسەر ڕێچکەی خۆیان بەردەوام دەبن و لە ئاکامدا لەگەڵ ناڕەزایەتی بەربەرینی خەڵک ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ئەو ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ خەڵک دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە تەمەنی دەسەڵاتداریەتیی ئەو نیزامە تێکەوە بپێچێ.

۲۱ی خەرمانانی ۲۷۲۵

## دەرکەوتەکانی شەڕی دوازدە ڕۆژە لە نێوخۆی ئێران



لەو کاتەوە نیزامی سیاسیی ئێران لەسەر بنەماکانی ئایینی و لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامی جێگای نیزامی پاشایەتیی گرتەوە، گەلانی ئێران ناچار بوون لە ماوەی ئەو ٤٧ ساڵەدا، باجی باوەڕ و ئایدۆلۆژی و سەرەڕۆییەکانی ئەو نیزامە بدەن، و لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە پێشکەوتنەکانی سەردەم دوا بکەون. دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کورسیی دەسەڵات، بنەمای سیاسەتی دەرەکیی خۆیان لەسەر هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران داڕشت و، بۆ بەئاکامگەیاندنی ئەو پرۆژەیە دەبوایە هۆکارێک بدۆزنەوە کە بتوانن خەڵک لە دەوری ئەو پرۆژەیە کۆ بکەنەوە، یەکێک لە هۆکارەکان کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەیانتوانی پشتی پێ ببەستن، پرسی کێشەی فەلەستین لەگەڵ ئیسرائیل بوو، هەربۆیە لەو ڕاستایەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە دروشمی "ئیسرائیل لە دەریا دەکەین"، هاتنە مەیدان و تەنانەت لە جەنگەی شەڕی هەشت ساڵەی (ئێران - عێراق)دا بۆ شەرعییەتدان بە درێژەدانی شەڕەکە، دروشمی "ڕێگای قودس بە کەربلادایە"، بوو بە دروشمی ستراتێژی مەیدانی شەڕ.

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی تاران بەدانی ئەو دروشمانە توانییان بۆچوونی کۆمەڵێک گرووپ و ڕێکخراوی فەلەستینی و

سووریيەیی و لوبنانی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن ئەوجار کاریان بۆ ئەوە کرد کە لە بواری فیکری و ماددییەوە ئەو ڕێکخراو و گرووپانە بکەونە ژێر کاریگەریی نیزامی کۆماری ئیسلامی و لە ماوەیەکی زەمەنیدا، بە کردەوە بوون بە باڵی ئیجرایی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. بەوجۆرە کۆماری ئیسلامی توانی لە ناوچەکەدا خۆی وەک زلهێزێکی ناوچەکە نیشان بدا و بە دنیای دەرەوە بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژاوایی بڵێ، کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بەبێ ڕازیبوون و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ نابێ و درێژەدانی ئەو سیاسەتە وای لە وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژاوایی کرد، کە واز لە سیاسەتی هەڵکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بهێنن و کار بکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی کار و کردەوە زیانبارەکانی کۆماری ئیسلامی و پاشەکشە پێکردنی ئەو نیزامە بۆ نێو سنوورەکانی ئێران. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەوڵەتانی ڕۆژاوایی و ناوچەکە بەتایبەتی ئیسرائیل و ئەمریکا لە هەل و دەرفەت دەگەڕان کە هێرشی ڕێکخراوی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبر٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل ئەو دەرفەتەی خوڵقاند و ئەو پرۆژەیەی بە ناوی "میحوەری موقاوەمەت" کە ساڵیانی ساڵ بڕبڕەی پشتی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە بوو و لە ڕێگای ئەو هێزە نیابەتییانەوە مەیدانی شەڕی گواستبۆوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لەژێر زەبری سپای ئیسرائیل بە پاڵپشتی وڵاتانی ڕۆژاوایی بەتایبەتی ئەمریکا بەتەواوی لێکهەڵوەشا و تەفروتوونا بوو، و دیتمان دوای ٤٧ ساڵ شەڕ گەیشتە نێو خاکی ئێران و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواوی تاروپۆی نیزامی و دەوڵەتی و ئابووریی ئێرانی وەلەرزە خست، بە جۆرێک بەپێی ئامارەکان، لە ماوەی ئەو ١٢ڕۆژەدا لانیکەم ٢٦پارێزگای ئێران کەوتنە بەر پەلاماری هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل بێ ئەوەی هێزی نیزامیی ئێران بە هەموو لق و پۆوەکانیەوە بتوانن دژکردەوەیەکی بەرگریکارانەی وا لە خۆیان نیشان بدەن، کە سپای هێرشبەر هەتا ڕادەیەک بسڵەمێتەوە و بە پارێزەوە هێرشەکانی ئەنجام بدا و ئەوە وێنەیەکی دروستی بەپێچەوانەی پروپاگەندەی ڕێژیم لە تواناکانی خۆی نیشانی گەلانی ئێران و جیهانی دا، کە کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە ماوەی ئەو ٤٧ ساڵەدا تەبلیغی بۆ کردوە، تەنیا لایەنی پروپاگەندەی هەبووە و لە کردەوەدا ئەو هێزە نیە کە بتوانی لە مەیدانی شەڕدا لە بەرانبەر دەوڵەتانی زلهێزدا بەربەرەکانی و دەست بکاتەوە.

دوای ئەوەی لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە ئاگربەست لە نێوان ئیسرائیل و ئێران ڕاگەیەندرا و بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ، دەنگی دەهۆڵی شەڕ بێدەنگ بوو، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوجار هەستیان بەوە کرد ئەگەر پێش شەڕی دوازدە ڕۆژە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا، دوای ڕاپەڕینی ژینا (١٤٠١)لەگەڵ قەیرانی مەشروعییەت بەرەوڕوو بوو، لە ئێستادا کە بەهۆی زیانەکانی ئەو شەڕە بێ مودیرییەتی و بێکیفایەتیی دەسەڵاتدارانی تاران لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان زیاتر دەرکەوتووە و خەڵک ناڕازیتر لە جاران و لە خۆیان دەپرسن بۆچی دەبێ ئەو هەموو دژواری و کەم دەرامەتی و شێواویی کۆمەڵگە قەبووڵ بکەن!؟ بۆیە لەگەڵ دامرکانی ئاگری شەڕ، دەبینین درزی نێوان حکوومەت و خەڵک زیاتر لە جاران گەورەتر بۆتەوە، بەو مانایە کە ڕۆژبەڕۆژ داواکارییەکانی خەڵکی ئێران زیاتر دەبن و بەو ڕادەیەش حکوومەتی


## بەشی چوارەم

کۆماری ئیسلامی لە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە عاجزە، بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بەپێی پیشەی خۆیان و گەڕانەوەی هەیمەنەی پێشوویان، دەستیان کردوە بە گرتن و ڕاودوونانی خەڵکی بێتاوان، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پێ چاوترسێن بکەن کە بیر لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی بە دژی ڕێژیم نەکەنەوە. بەڵام ئەو سەرکوتکردنەی خەڵک ئیدی دادی ڕێژیم نادا و ناتوانێ پێش بە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی بەربەرینی خەڵک بگری. چونکە ئەگەر پێشتر بەهۆی ناڕەزایەتییە بەربەرینەکانی خەڵکی ئێران، نیزامی کۆماری ئیسلامی مەشروعییەتی خۆی لە کۆمەڵگەی ئێران لەدەستدا بوو، بە شەڕی ١٢ ڕۆژە هەروەک پێشتر باس کرا، زیاتر مەشروعییەتی ئەو نیزامە کەوتە ژێر پرسیار.

لە بارودۆخێکی وادا، بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتەکانی پێشوو بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی حوکمی مەرگ و ڕووخانی ڕێژیمی بەدوادا هەیە. بۆیە یەکێک لە پەیامەکانی شەڕی ١٢ ڕۆژە بۆ دەسەڵاتدارانی تاران ئەوەیە کە ئەگەر دەیانهەوێ ڕێژیم نەڕووخێ، دەبێ بەدوای ڕێکاری نوێ حوکمڕانیی و ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێراندا بگەڕێن کە لە ئێستادا بە هەڵسوکەوتی هەموو ڕێبەرانی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دیارە، کە ئەو بابەتە بۆتە گەورەترین گرفتی فیکری و ستراتێژی بۆ ئەوان کە چۆن بتوانن لەو قەیرانە دەرباز بن. بەڵام ئەزموون و مێژوویی ٤٧ ساڵەی دەسەڵاتداریەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەوەی سەلماندوە کە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە ناتوانن لە ئیدە و ئەندێشەی خۆیان تێپەڕبن، چونکە ئەوەی باش دەزانن تێپەڕبوون لەو ئایدۆلۆژییە بە مانای نەمانی کۆماری ئیسلامییە.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ




**(خوێندنەوەیەک بۆ وتاری پزشکیان لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا)**

ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو مەسعوود پزیشکیان سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وتارێکدا ڕوانگەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسەکانی پێوەندیدار بە ئێران و جیهانی باس کرد. پزیشکیان هەوڵی دا لەو وتارەدا ڕوخساریکی زوڵملێکراو لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی ڕێبەران و هەیئەتی نوێنەرایەتیی دەوڵەتان بدا و بە نموونەهێنانەوە لە پەیامهێنەرانی خودا ئەو پەیامە بدا کە "ئەوی بۆ خۆت پێت باش نیە بۆ خەڵکی دیکە پێت باش نەبێ". لە هەمان کاتدا ڕوو لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل دەکا و تاوانباریان دەکا بە خەیانەتی دیپلۆماتێک و جەنایەت لە ماوەی شەڕی دوازدە ڕۆژە دا.

ئەوەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە دوژمنایەتی و کێبەرکێی خۆیان لەگەڵ ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا دەبێ چ بکەن و چ نەکەن باسی ئێمە نیە و خۆیان و دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر کردەوەکانیان درحەق بە یەکتر خۆیان بەرپرسیارن. بەڵام لێرەدا ڕووی قسە لە پزیشکیانە وەک سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران کە وا بێ پەروا و بێ ئاوردانەوە لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە دەستەواژەکانی وەک "وەرن لە گەڵ ئێمە هەڕەشەکان بکەین بە دەرفەت"،

"خەیانەتی دیپلۆماتێک" ،"ئەمنییەت بە زۆرەملی دەستەبەر نابێ" و چەندین دەستەواژەی دیکەی لەو بابەتانە لە قسەکانیدا بۆ نیشاندانی نیازپاکیی کۆماری ئیسلامی کەلکی لێ وەرگرتن و ئەوەی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا لە کار و کردەوەکانیاندا نە ڕەچاوی فەرموودەی پێغەمبەرانی خودایان کردوە و نە پابەندی عورف و قانوونە نێودەوڵەتیەکان بوون و نە هەوڵیان داوە هەل و دەرفەتی ئاشتی و ئارامی لە نێوخۆی ئێران و ناوچەکەدا پێک بێن.

پزیشکیان، سەرکۆماری ئێستای ئێران کەسێک نیە کە ئاگای لە پرسی کورد لە ئێران نەبێ و نەزانی کە لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا ئەو حکومەتەی کە ئەو سەرکۆماریەتی چ کارەساتێکی ناخهەژێنیان بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێناوە و لەژێر پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی ئێران، بە مانای تەواوی وشە ئەمنییەت و ئاسایشیان لە هەموو باریکەوە لە خەڵکی کوردستان ئەستاندوە و بە هەموو شێوەیەک گەلی کوردیان لەو پارچە لە کوردستان سەرکوت کردوە، لە قەلاچۆکردن و کوشتنی خەلکی کوردستانەوە بگرە هەتا سوتاندن و چۆلکردنی گوندەکانی کوردستان و گرتن و زینداتیکردن و ئێعدامی بەکۆمەڵی خەڵک لە چین و توێژی جۆراوجۆری کوردستان بە تۆمەتی بێبنەما و دوور لە یاسا و ڕێسای سەردەم. هەموو ئەو سەرکوتە بێبەزەییانەی لە ماوەی ئەو ٤٦ ساڵەدا لە گەلی کورد کراوە تەنیا بە تاوانی ئەوە بووە کە گەلی کورد دەنگی هەڵبڕیوە و دەڵێ "ئەوەی بە خۆتانی ڕەوا دەبینن بە ئێمەشی ڕەوا ببینن". ئاغای پزیشکیان ئەوە باش دەزانی کە هەر لە سەرەتاوە گەلی کورد و حیزبەکانی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕێگای ئاشتیانە و بە لێکتێگەیشتن ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد بۆ پێکەوەژیان لە ئێرانێکی ئازاد بە فورسەت ببین نەک هەڕەشە. بەڵام دیتمان ئەو حکوومەتەی لە زمانی سەرکۆمارەکەیەوە و لە تریبوونی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە باس لەوە دەکا "هەرەشەکان بکەین بە فورسەت بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان"، لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەچەندین جار دەستی ڕەدیان لە سینگی گەلی کورد داوە کە بۆ ئاشتی درێژی کردوە و بە پێچەوانەی نیازپاکیی گەلی کورد وەڵامی دەسەڵاتدارانی تاران فتوای جیهادی خومەینی بووە بە دژی گەلی کورد و بەو فتوایە شەڕێکی نابەرانبەر بە سەر کوردستاندا داسەپێندرا کە هەتا ئێستاش ئەو شەڕە درێژەی هەیە.

ئاغای پزیشکیان ڕووی قسەی لە ئەمریکا و ئیسرائیلە و دەڵێ لە حاڵێکدا خەریکی دانوستان و وتووێژ بووین "خەیانەیان بە دیپلۆماسی " کرد و هێرشیان کردە سەر ئێران. جەنابیان لێرەدا بێ ئەوەی لە بەرانبەر کردەوەکانی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا هەڵوێستەیەک بکا، پێویستە وەبیر خۆی بێنێتەوە کە مێژووی کۆماری ئیسلامی پڕە لە خەیانەت لە دیپلۆماسی و دانوستان. ٣٦ ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نیازپاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەلکی خراپ و قێزەوەن و تێرۆریستییان وەر گرت و دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی لەسەر مێزی وتووێژ بەدەستی بەناو

هەیئەتی وتوویژکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران. ئەگەر ئەو کردەوە تیرۆریستییە خەیانەت لە دیپلۆماسی و دانوستان نەبێ دەبێ چ ناوێکی لێ بنێین؟

پزیشکیان سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران لە بەشیکی دیکەی قسەکانی لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەڵێ "کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشوازی دەکا لە ئاشتی و ئارامی"، بەڵام ئەو دەربرینەی جەنابی سەرکۆمار لە حاڵێکدایە کە هەموو جیهان دەزانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٦ساڵی ڕابردوودا بە هەناردە و پەروەردە کردنی گرووپە تیرۆریستییەکان بەشی زۆری وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی نائەمن کردوە و ئاسایش و ئەمنییەتی وڵاتانی خستۆتە مەترسییەوە. دادگای میکۆنووس یەکێک لە بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانە بۆ سەلماندنی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری وڵاتان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. هەروەها سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە بەشێک لە قسەکانیدا ڕوو بە دنیا دەڵێ "ئەمنیەتی واقعی لە ڕێگای شەڕ و هێزەوە دابین نابێ بەڵکوو لە ڕێگای ئێعتمادسازییەوە دەستەبەر دەبێ." ئەو قسەی ئاغای پزیشکیان لە حاڵێکدایە کە ماوەی ٤٦ ساڵە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا بەقسەی خۆی دەیهەوێ ئەمنییەت لە کوردستان بێنیتە دی کە تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە لەو ماوە دووورودرێژەدا ئەو حکوومەتە نەیتوانیووە لە نێوان خۆی و خەڵکی کوردستاندا ئێعتمادسازی بکا.

ئیستا کە شەڕ و ماڵوێرانی گەیشتۆتە نێو خاکی ئێران و دەسەڵاتدارانی تاران تامی تاڵی شکانیان چێشتوە و بە هۆی ڕەچاوکردنی سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانیانەوە لە لێواری ڕووخاندان، جەنابی سەرکۆمار پێشوازی دەکا لە ئاشتی و ئارامی و پێکهێنانی کەشوهەوای ئێعتمادسازی لە ناوچە و جیهاندا دەکا و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "ئێمە باوەڕمان وایە دوارۆژی ناوچەکە و جیهان پێویستە لەسەر بنەمای هاوکاری و ئێعتماد دروست بێتەوە"، لە حاڵێکدا پزیشکیان سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران ئەو قسانە دەکا کە ماوەی ٤٦ساڵە بە دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچەکە بە هۆی گرووپە نیابەتیەکانیەوە ئیعتبار و سەرەوەریی وڵاتانی ناوچەکەی هێناوەتە ژێر پرسیار و هەموو ئێعتمادێکی لەنێو دەوڵەتان و گەلانی ناوچەکە لە نێو بردوە.

حکوومەتێک لە نێوخۆی وڵاتدا نەتوانێ جێگای ئێعتمادی خەڵکی خۆی بێت چۆن دەتوانێ لە ناوچە و جیهاندا بەو کارنامەی هەیەتی باس لە ئێعتمادسازی و جێگیربوونی ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی بکا. گەڕانەوە و کاراکردنەوەی "مکانیزمی ماشە" لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر دوابەدوای قسەکانی سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئیدی بیروڕای گشتیی جیهان و دەوڵەتان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

چیدیکە تەحمولی کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناکەن وهەوڵ دەدەن بەستینی تێکەوەپێچان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەستی گەلانی ئێران ئامادە بکەن.

١٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

---

## شکستی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران



بەپێی هەواڵی ڕاگەیەنە جیهانییەکان خەریکە شەڕی دووساڵەی نێوان ڕێکخراوی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە کە کوشتار و کاولکارییەکی یەکجار زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، لەسەر بنەمای گەڵاڵەی ئاشتیی ترامپ کۆتایی پێدێ. هەڵگیرسانی شەڕ لە کەرتی غەززە بە هێرشی ڕێکخراوی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ بە هاندانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێکرد. هێرشێک کە لە ئاکامی هەڵچوون و ئیحساسات، بەجێگای تەدبیر و ئەقلانییەت داڕێژابوو و بەکردەیی کرا. ڕۆژی یەکەمی هێرشەکە وا دەرکەوت کە ڕێکخراوی حەماس توانیویەتی حکومەتی ئیسرائیل غافڵگیر بکا و زەربەیەکی قورسی گیانی و ماڵی و ئەمنییەتی لە هەمانکاتدا حەیسییەتی، لەو حکومەتە بدا و بوو بە مایەی دڵخۆشی و شادمانی لایەنە توندڕەوە ئیسلامییەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گوترا ئەو هێرشە سەرەتای کۆتاییهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیلە و لە تاران و لوبنان و هێندێک دەوڵەتی ئیسلامی دیکە، نوێژی سەرکەوتن خوێندرا، بەڵام دیتمان ئەو شادی و خۆشیدەربڕینە زۆری نەخایاند و حکومەتی ئیسرائیل خێرا خۆی کۆ کردەوە و کاردانەوەی خێرای نیزامی و سیاسی بە هێرشەکەی حەماسی هەبوو. هێرشەکەی حماس بۆ سەر ئیسرائیل ئەوەندە کوتوپڕ و لەنەکاو و توندئاژۆیانە بوو نەک تەنیا ئیسرائیل بەڵکوو وڵاتانی جیهان بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی تووشی سەرسوڕمان کرد و بەجۆرێک سۆزی دنیای دەرەوە، بەتایبەتی وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکای بۆ پشتیوانیی هەمەچەشنە لە ئیسرائیل

بەدژی ڕێکخراوی حەماس و پشتیوانەکانیی ئەو ڕێکخراوەیە جووڵاند. بە واتایەکی دیکە جیهان هێرشەکەی ڕێکخراوی حەماسی بۆ سەر ئیسرائیل نەک مەحکوم کرد بەڵکوو دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلی ئاوەڵا کرد بۆ هێرشی بەربڵاو و هەمەچەشنە بۆ سەر ڕێکخراوی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان و هەموو ئەو گرووپ و تاقمانەی لە ناوچەکەدا پشتیوان و هاوکاری حەماس بوون کە لە ڕاستیدا بە مێحوری مقاوەمەت بە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی ناسرا بوون. لە حاڵی ئێستادا دەبینین دوای دوو ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەر لە غەززە و لوبنان و سووریە دەوڵەتانی عەرەبیی ناوچەکە پێشوازی لە گەڵاڵەی ئاگربڕ و ئاشتیی ترامپ سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن و خەریکن لەنێوان حەماس و ئیسرائیلدا کار دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە.

بە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی ئاشتیی ترامپ خەریکە پەنجەرەیەک لە هیوا بە ئارامی و ئاشتی، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ، بەڕووی گەلی فەلەستین لە کەرەتی غەززەدا دەکرێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە و زۆرتر باسی لێوە دەکرێ ئەوەیە کە بە نەمانی شەڕ و گەڕانەوەی ئارامی بۆ کەرەتی غەززە، نیشانەکانی ئاڵوگۆڕ لە نەخشەی سیاسی ناوچەکە وەدەر دەکەوێ. چونکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کە شەڕ لەنێوان حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان لە لایەک و دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە لەئارادا بوو نزیک بە تەواوی وڵاتانی عەرەبی بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆیان لە ئاستی ئەو شەڕە بێلایەن نیشان دا و تەنانەت کاتێک دەوڵەتی سووریەی بەشار ئەسەد ڕووخا و دەوڵەتی ئیسرائیل کەوتە تراتێنی نیزامی لە سووریە هیچ کام لەو وڵاتانە ئامادە نەبوون بە قسەش بێ، لە بەرانبەر کردەوە نیزامییەکانی ئیسرائیل دەرحەق بەو ڕێکخراوانە و خەڵکی ئەو وڵاتانە وەجواب بێن.

کە چاو لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو دەکەین دەبینین لەو نێوەدا دۆڕاوی سەرەکیی شەڕەکە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە ئەو ڕێژیمە لە ڕۆژی بەدەسەڵاتگەیشتنی لە ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە شۆڕشی ئیسلامی هەناردەی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بکا و بۆ پێکان و بەئامانجگەیاندنی ئەو ستراتیژییە هەوڵی داوە بە سەرفکردنی سەرچاوە دارایی و ئینسانییەکانی ئێران بە دەیان گرووپ و ڕێکخراوی توندئاژۆی ئیسلامی لە ناوچەکەدا پێک بێنێ و لە ڕێگای ئەوانەوە دەست لە کاروباری دەوڵەتانی ناوچەکە وەربدا بەجۆرێک هەتا دوو ساڵ لەوەپێش وا باو بوو کە دەگوترا کۆماری ئیسلامیی ئێران بێجگە لە تاران، دەسەڵاتداریەتیی چوار پێتەختی دیکەش لە ناوچەکەدا دەکا بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناچار بوون بەتەواوی لەو وڵاتانە پاشەکشە بکەن کە بە حەسارخەڵوەتی خۆیان دەزانی. تەنانەت لە شەڕی دوازدە ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل بەرەو ئەوە دەرۆیشت کە دەسەڵاتی بەسەر تارانیشدا نەمێنێ.

کۆماری ئیسلامی ئێران پێکهێنانی ئەو هەموو گرووپە نیابەتیانەی لەژێر ناوی "مێحوەری مقاوەمەت" لە پانتایی

**بەشی چوارەم**

جوغرافیایەکدا بەناوی هیلالی شیعە بە بیانووی دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و پشتیوانی لە گەلی فەلەستین پێکهینا بوو و بە هەموو ئیمکاناتەوە دیوارێکی لە ئاگر و ئاسن بە دەوری ئیسرائیلدا کێشابوو، یەکەم بۆ ئەوەی بتوانێ هەر کاتێک ئیرادە بکا بە قسەی فەرماندەران و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان بسرێتەوە و قودس ئازاد و بیهێنەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئیسلامی لە چەشنی تاران، دووهەم بەو قەیرانخوڵقێنانە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، قەیرانەکانی نێوخۆی ئێرانی پێداپۆشێ. بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا جیهان شاهیدی ئەوە بوو کە نەک مێحوەری مقاومەت بەتەواوی لاواز و تەنانەت لە هێندێک جێگای وەک سووریە بەتەواوی تێدا چوو بەڵکوو پریشکی ئەو شەڕەی کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای حەماس وگرووپە نیابەتییەکانی بەدژی ئیسرائیل هەڵگیرساندبوو داوێنی خۆشی گرتەوە و لە ماوەی دوازدە ڕۆژدا ئاسمانی ئێران بوو بە مەیدانی تەڕاتێنی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل و توانیان زەربەیەکی قورس لە جەستەی نیزامی، ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی و ژێرخانی ئابووریی ئێران بدەن و قەیرانێکی گەورەتری ئەمنییەتی و بەرگری لە خاکی ئێران ڕوو بە دەسەڵاتدارانی ئێران دروست بکەن.

ئێستاکە کە گەڵاڵەی ئاشتیی ترامپ خەریکە  لە کەرەتی غەززە لەنێوان ڕێکخراوی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن و ئیدارە و ئاوەدانکردنەوەی غەززە دەدرێ بە حکومەتێک پێکهاتوو لە کەسانی تەکنۆکرات و ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێری و مودیریەتی دەوڵەتی ئەمریکادا دەبێ، نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەیەکجاری لەو ناوچەیە ئاسەواری نامێنێ و ئەوە دەتوانێ بزماری کۆتایی بێت لە تابوتی ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکان و سەرەتایەک بێت بۆ پرۆسەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٥**

## باسێک لەسەر کتێبی "٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری"دا



**بەرێزان!**

ڕێگام بدەن لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبەوە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان بکەم. ئەمرۆ لێرە کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی پەردە لەسەر نوێترین کاری بەشی چامەنی ڕاگەیاندنی حیزب، کتێبی "هەشتا ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری"دا لابدەین کە بە هەوڵ و هیممەتی هاوڕێیانی چاپەمەنی گەیوەتە بەرهەم. لە ڕاستیدا ئەوە بەخۆهەڵدان نیە کە بڵێین باسکردن لە خەباتی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات شایانی ئەوە بوو گەورەترین ڕێورەسمی بۆ پێک بێ و بە دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیکی لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئەو حیزبە بنووسرێ. بەڵام بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە لەو هەلومەرج و بارودۆخەدا بواری زۆر شتی نەداین؛ بەو حاڵەش ئەوەی لەدەست هات بۆ ڕێزگرتن لەو یادە پیرۆزە کرا کە یەکێک لەو کارانە دەرکردنی ئەو کتێبەیە کە ئەمرۆکە دەمانەوێ بیخەینە بەر دەستی خوێنەرانی بەرێز.

بەرێزان! کاتێک چاو بە لاپەرەکانی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا دەخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە گرینگیی زۆری داوە بە چاپ و بڵاوکردنەوە داوە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەرکی بەو ڕاستییە کردوە کە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار

## بەشی چوارەم

ئەو بایەخەیان هەیە سەرنجی تایبەتیان پێ بدرێ، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی بە گەشەکردنی بیر و هزری کۆمەڵگە دەدەن و دەبنە هۆکار بۆ کردنەوەی دەروازیەکی نوێ لە زانست و زانیاری بە ڕووی تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە و گەشەکردنی  کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەو تێڕوانین و بیرکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خوێندنی بە زمانی کوردی و کردنەوەی ناوەندی زانستی، کتێبخانە و قەرائەتخانە، چاپی ڕۆژنامە، کتێب و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی لەو چەشنە یارمەتیدەری پەرەپێدانی زانست و شارستانیەت دەدەن، هەشتا ساڵ لەوە پێش لە فەسڵی سێهەم مادەکانی ١٣و١٤ی مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە و لەوکاتەوە هەتا ئێستا حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە پەرە بەو ئامانجە بدا. بۆیە دەبینین لە قۆناخە جیا جیاکانی ژیانی خەباتکارانەی حیزبی دێموکراتدا هەموو کات بەپێی بارودۆخی گونجاو بەشی ڕاگەیاندنی حیزب بە کەرەسەی زۆر سەرەتایی هەوڵی داوە جگە لە ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوە حیزبییەکانی دیکە بە بەردەوامی کتێب لە بواری جۆراوجۆردا چاپ بکا و بیانخاتە بەر دەستی خوێنەران کە بە خۆشییەوە ژمارەیان لە دەیان تێپەڕیوە.

بەشی چاپەمەنی بەو کارە دوو ئامانجی پێکاوە: یەکەم؛ هەوڵی داوە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە حیزبی دێموکرات و ئامانجەکانی ئەو حیزبە بە بەردەنگی زیاتر بناسێنێ. دووهەم؛ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی مێژووی خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەردەلوولی کارەساتەکاندا بزر نەبێ. هەوڵی ئەمجارەش هەر لەو پێناوەدایە.

بەڕێزان! دەرکردنی ئەو کتێبە هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەشتا ساڵە لە خەباتێکی خوێناوی و پڕ لە کەندوکوسپ و کەوتن و هەستانەوەدایە بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم کتێبە بەشێکی ئەو مێژووەی لە ڕەهەندی جیا جیادا و بە قەڵەمی نووسەران و توێژەران بە تێڕوانی جیاواز ئاوڕی لێ داوەتەوە. لە ڕاستیدا پێش کونگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەو پێشنیارە لە لایەن هاوڕێی بەڕێزم کاک "عەلی بداغی"یەوە بە ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب کرا. کاک عەلی بۆ ئاسانکاری پێڕستێکی دوورودرێژی لە سەرباس و مژارەکانیش دەستنیشان کردبوو کە ئەو نووسەر و توێژەر و خاوەن نەزەرانەی بە پیر بانگەوازەکەمانەوە دێن بتوانن کاریان لەسەر بکەن. دیارە بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنییەتیی حیزب و سەرقاڵبوون بە گرتنی کونگرە و کارەکانی دوای کونگرە هەتا ڕادەیەک دوا کەوت و دواتر بڕیار لەسەر ئامادەکردنی کتێبەکە درا. ئەگەرچی تازە ئامادەکردنی کتێبەکە بۆ ٢٥ی گەلاوێژ بەزەحمەت بوو، بەڵام لە ناوەندی ڕاگەیاندن وا ساغ بووینەوە پەلە نەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمێکی باش و دەوڵەمەندمان هەبێ.

## بەشی چوارەم

کتێبی "هەشتا ساڵ لەپێناو ڕزگاری"دا هەڵگری ٢٦ وتار لە ٢٦ نووسەرە کە ڕەهەندەکانی تەشکیلاتی، گوتاری نەتەوەیی، وێژمانی سیاسی، سیاسەتی زمانی و فەرهەنگی و مێژوویی، خەباتی پێشمەرگانە، پرسی میدیایی، ژێنگە و ژنان و پێگەی حیزبی دێموکرات... لە خۆ دەگرێ و هەر کام لە نووسەران لە ڕوانگەی خۆیانەوە مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان شەنوکەو کردوە. جێگای سەرنجە کە ڕادەیەکی بەرچاو لەو نووسەرانە کە بابەتیان لەو کتێبەدا بڵاو بۆتەوە و مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەڵسنگاندووە بۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو حیزبی دێموکراتدا نەژیاون و تەنانەت نیشتەجێ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەبوون، بەڵام شارەزا بە بەرنامە و مێژووی خەباتکارانەی حیزبی دێموکراتن و ئەوە ئەم ڕاستییە دەردەخا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا لە بواری شوناسی نەتەوایەتی و دێموکراسیخوازی و فەرهەنگسازی کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بەڵکوو ئەو کاریگەرییە گواستراوەتەوە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کە ئەوە بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای شانازییە و پێویستە لەوە بەدواوەش بە کار و تێکۆشان ئەو پێگە کوردستانی و نەتەوەییەی حیزب بپارێزین و بەهێزتری بکەین.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی و ماندوونەبوونی بە هەموو ئەو نووسەرانە دەڵێم کە بەدەم بانگەوازی ئێمەوە هاتن. بەو هیوایەش کە لە ڕاگەیاندنی حیزب بە هەوڵ و هیممەتی زیاتر لە داهاتوودا بەرهەمی زیاتر بخەینە سەر خەرمانی بەرهەمەکانی حیزبەکەمان.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## کۆڵبەری، چیرۆکی ئاشکرای دوژمنکاریی حکوومەتە بەرانبەر بە کوردستان



لەو کاتەوەی سیستمی دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، بە چاوی ئەمنییەتییەوە دەڕوانێتە هەموو پرس و بابەتەکانی کوردستان و ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبووە لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان، بەتایبەتی لایەنی بژێویی ڕۆژانەی خەڵک. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەو ٤٦ ساڵەدا، بە بیانووی نائەمنبوونی کوردستان، ڕێگایان نەداوە هیچ پرۆژەیەکی ئابووری کە بتوانێت هەلی کار بۆ خەڵکی کوردستان بخوڵقێنێت، لە کوردستان دابمەزرێت و لە لایەکی دیکەوە بە هەموو توانایانەوە خەریکی تاڵانکردنی سامانی سەر زەوی و ژێر زەویی کوردستان بوون و هەر دوو ئەو هۆکارانە دەستیان داوەتە یەک، کە ڕێژەی بێکاری لە کوردستان بە ڕادەیەک بڕواتە سەر کە خەڵکی کوردستان ناچار بە کۆچی ئیجباری بن و بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران بۆ دیتنەوەی کار بڕۆن، کە زۆر جاران لەو ڕێگایەشدا یا مافخوراو دەگەڕێنەوە و یا کارێکی شیاوی خۆیان دەست ناکەوێت کە بتوانن سەری خۆیانی پێ ڕابگرن. بۆیە بە ناچاری لەسەر سنووری ئێران – عێراق ڕوو لە کۆڵبەری دەکەن.

بەپێی بنەماکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، بەندی ئەلف، ماددەی ٢٣: «هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە کار بکات و ئازادانە کاری خۆی هەڵبژێرێت، خوازیاری خوڵقاندنی هەلومەرجی دادپەروەرانە بێت و لە کاتی بێکاریدا پشتیوانیی لێ بکرێت.» و تەنانەت لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا لە ئەسڵی ٢٨دا باس لەوە دەکات کە هەموو کەس مافی

ئەوەی هەیە کاری هەبێت... و دەوڵەت لەسەریەتی بە لەبەرچاوگرتنی نیازی کۆمەڵگە بە کاری جۆراوجۆر، بۆ هەموو کەس هەلی کار بە هەلومەرجی یەکسان بخولقێنێت. بەڵام دەبینین دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەگەڵ ئەوەدا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەندامن، نە پابەند بە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤن و نە پابەند بە یاسا و ڕێساکانی خۆیانن.

لە سەردەمی ئێستادا کار و کەسابەت پێناسەی خۆی هەیە، بەو مانایەی کار دەبێت دائیمی بێت و ڕادەی داهاتی دیار بێت و لە کاتی پیری و لەکارکەوتوویی و لە بەرانبەر لەدەستدانی کاردا مافی پارێزراو بێت. بەو پێناسەیە کۆڵبەری ناتوانێت کار بێت، چونکە نە کارێکی دائیمییە و نە مافی کۆڵبەر وەک کرێکارێک پارێزراوە و لە هەمان کاتدا خاوەنی کار دیار نییە، هەتا لە بەرانبەر دابینکردنی ژیان و ئەمنیەتی کرێکاردا بەرپرسیار بێت. لە کۆڵبەریدا هەر ڕۆژە و یەکێک خاوەن بارە و بارەکەی خۆی لە بەرانبەر بڕە پارەیەک دەدات بە کۆڵبەر و لە بەرانبەر گیان و ئەمنیەتیی جەستەیی کۆڵبەردا هیچ بەرپرسیارەتییەکی نییە و لێرەدایە دەبینین بەپێی یاسای کار و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و تەنانەت قانوونی بنەڕەتیی ئێران، مافی کۆڵبەر پێشێل کراوە. لە لایەکی دیکەوە گیانی کۆڵبەر بە بیانووی سنووربەزاندن و قاچاغیی کەلوپەل، لە لایەن پاسەوانانی سەر سنووری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسیی کوشتن، کە بەداخەوە ساڵ بە ساڵ ئاماری کوژراو و برینداری کۆڵبەران بە دەستی ئەو هێزانەی کۆماری ئیسلامی ڕوو لە زیادبوونە، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک لەو سیستەمەدا بەرپرسیارەتیی ئەو کوشتن و بریندارکردنەی کۆڵبەران وەئەستۆ بگرێت.

دەسەڵاتدارانی تاران بە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی «کۆڵبەریی ئازاد» و دانی کارتی هاتووچۆ لە دەروازە سنوورییەکان، دەیانەوێت کۆڵبەری قانوونمەند بکەن. ئێستا پرسیار ئەوەیە، ئەو دوو تێڕوانینە جیاوازەی حکوومەتی تاران سەبارەت بە کۆڵبەران حیکمەتی لە چیدایە؟ لە لایەک هێزی ئینتزامی و پاسەوانی سنوور، کەوکوژانە تەقە لە کۆڵبەران دەکەن و تەنانەت بەزەییان بە وڵاغەکانی باریشیان نایەتەوە و دەدرێنە بەر دەستڕێژی فیشەک و لە لایەکی دیکەوە هەر هەمان بار و هەمان کۆڵبەر ڕێگایان پێ دەدەن بە دەروازە سنوورییەکاندا تێپەڕن و بە کۆڵەوە بەو دەروازانەدا بگەڕێنەوە. لە حاڵێکدا لە هەموو دنیادا کەلوپەلی بازرگانی لە دەروازە سنوورییەکانی نێوان دەوڵەتان، بە کەرەستەی جۆراوجۆری ماشینی دەگوازرێنەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی ڕەچاوکردنی سیاسەتی هەڵەی بەڕێوەبەری، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات، هەم خۆیان و هەم گەلانی ئێرانیان تووشی کۆمەڵێکی زۆر گیروگرفتی ئابووری کردووە و ئەوە بووەتە هۆکارێک بۆ بردنەسەرەوەی ڕێژەی بێکاری و هاتنەخوارەوەی توانای کڕینی خەڵک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و لە هەمان کاتدا دەوڵەت و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەدا عاجز و داماون، هەر

## بەشی چوارەم

بۆیە هەوڵ دەدات هەموو دەروازەکانی دابینکردنی کەلوپەلی هاوردە دانەخرێن و لە ڕێگای کۆڵبەرانەوە ئەو کەلوپەلانە کە نرخێکی کەمتری گواستنەوەی لە هەموو بوارێکەوە تێدەچێت، بهێنرێتە نێو خاکی ئێران. ئەو ڕێگە پێدانە ڕەنگە لە کورتماوەدا قازانجێک بە گیرفانی بەتاڵی کۆڵبەرەکان بگەیەنێت و بەجۆرێکیش دەوڵەت لێی سوودمەند بێت. بەڵام لە درێژخایەندا زیانێکی گەورە لە گەشەکردنی ئابووریی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دەدات. چونکە خەڵکێکی زۆر زیاتر لە ئێستا ڕوو لە کۆڵبەری دەکەن و بەشی کشتوکاڵ و پیشەسازیی خۆجێیی لەوەی کە هەن، زیاتر تووشی دارمان دەبن، بەو مانایەی کە ستراتیژیی دەوڵەت بۆ لەپەراوێزخستنی کوردستان لە بواری ئابووری و پیشەسازی و دروستکردنی هەلی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، زۆر بەبێدەنگی بە تاروپۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەچێتە خوارەوە و جێگیر دەبێت. بە واتەیەکی دیکە، کۆڵبەری چیرۆکی ئاشکرای زوڵم و زۆریی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە ئەگەر لە کوردستان کۆمەڵێک پرۆژەی پیشەسازی و ئابووری و بەرهەمهێنان هەبووایە، تاکی کورد عیزەت و کەرامەت و گیانی خۆی بۆ پارووەنانێک نەدەخستە مەترسییەوە. هەر وەک پێشتر باس کرا، تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە گەلی کورد و مافەکانی، تێڕوانینێکی ئەمنییەتییە و ئەو تێڕوانینە بووەتە بەشێک لە ستراتیژیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی کە پەرەپێدان و گەشەکردنی ئابووریی کوردستان لە پەراوێز بخرێت و ئەو لەپەراوێزخستنە وای لە تاکی کورد کردووە کە بۆ دابینکردنی لانی کەمی بژێویی ژیان، بە نرخی لە مەترسی کەوتنی گیانی، ڕوو لە کۆڵبەری بکات.

١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپای چی؟




ماوەیەکە شەپۆلێکی نوێی هێرشی ناڕەوا و بێبنەما دەکرێتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێندێک گروپ و حیزب بە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەک حیزبی کلاسیک و کۆن و کورتبین و ڕاڕا و سەرلێشێواو، دەیانهەوێ ڕۆخسارێکی دزێو و دوور لە ڕاستی لە مێژوو و ئێستای حیزبی دێموکرات پێشانی کۆمەڵگەی کوردستان بدەن و، لەو هەلومەرجەدا کە کۆماری ئیسلامی تێی کەوتوە؛ بەجێگای یەکگرتن ئاو لە ئاشی دوژمنی مافەکانی کورد دەکەن.

پێکهاتنی حیزب و حیزبایەتی یەکێک لە دیاردەکانی سەردەمی گەشەکردنی دونیای مۆدێڕنە و، لە سەردەمی ئێستادا لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا حیزب کاریگەرترین کەرەستەیە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و بەڕێوەبردنی وڵات. لە وڵاتە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکاندا حیزبەکان پێکەوە کێبەرکێ بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی خەڵک دەکەن، بۆ ئەوەی بگەنە لوتکەی دەسەڵات. بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێگای پڕوپاگەندەی سەرشەقام و گرتنی سیمینار و کۆنفرانس و بڵاوکردنەوەیان لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی وەک ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تیڤی، هەوڵ دەدەن بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگە بخەنە بەر نەزەری هاووڵاتییانی خۆیان. ئەو حیزبانە لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن بە دەنگی خەڵک ڕەقیبەکانی خۆیان لە مەیدانی کێبەرکێ لە مەیدان بەدەر و تووشی شکەستیان بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان بگەنە لوتکەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات و بەرنامەکانی خۆیان بۆ ئاوەدانی و



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی چوارەم

گەشەپێدانی کۆمەڵگە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێ کە هەموو ئەو کار و تێکۆشانە تەبلیغاتی و پڕوپاگەندە لە چوارچێوەی قانووندا دەچێتە پێش و هیچ حیزبێک بۆی نیە ئەو چوارچێوەیە ببەزێنێ و بە مەبەستی سەرکەوتنی خۆی بە هەڵبەستنی درۆ و بۆختان تۆمەتی بێبنەما لە حیزبەکانی دیکە بدا. چونکە ئەگەر شتی وا لەهەر حیزب و تەنانەت کەسانی خاوەنی کورسی دەسەڵات ڕوو بدا، لەسەر سکاڵای حیزبی تۆمەتلێدراو ئەو حیزبە یا کەسایەتییە تووشی لێپێچینەوەی دادگا دەبنەوە و بەپێی ڕادەی سەرپێچی لە قانوون سزا دەدرین کە، دیارە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا ئەو سزادانە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێ لەسەر پێگەی جەماوەری ئەو حیزبە کە بە بڕیاری دادگا سزا دراوە.

بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کام لە حیزبە کوردستانییەکان بەئاشکرا ناتوانن حزووریان لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبێ، هەتا لە مەیدانی کێبەرکێ حیزباتیدا دەنگی خەڵک بکرێ بە مەحەک و پێوانەی پێگەی جەماوەری،و یا لە دادگایەکی دادپەروەردا ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرانی شەهید و کادر و پێشمەرگە فیداکارەکانی ئەو حیزبە دەکرێتەوە، بە بەڵگەی مەحکەمەپەسەند و لە چوارچێوەی قانووندا لێپرسینەوەیان لێ بکرێ، بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە کام حیزب لە خەت و ڕێبازی گەل لای داوە و بۆتە داردەستی لایەنی جۆراوجۆر و پاسەوانی ئایدۆلۆژیای ناسەقامگیر.

**دەگوترێ حیزبی دێموکرات، حیزبێکی کلاسیکە**، بەو مانایە کۆن و بەڕۆژ نەبۆتەوە، بێ ئەوەی سەرنج بخرێتە سەر مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دێموکرات و قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی ئەو حیزبە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە وەک حیزبێکی مۆدێڕن و پێشکەوتوو و سەردەمییانە پێی ناوەتە مەیدانی تێکۆشان. دیاردەکانی وەک دێموکراسی، جمهوری، بڕیاردان لە دیاریکردنی مافی چارەنووس، ئاشناکردنی ژنان بە مافەکانیان، بەربەرەکانی لەگەڵ نەخوێندەواری، دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ توێژی جیاوازی نێو کۆمەڵگە، دامەزراندنی ڕادیۆ و سینەما و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە لایەن شۆڕاکان و گەشەپێدان بە شوناسی نەتەوەیی لە ڕێگای دروستکردنی هێما نەتەوایەتییەکانی کردۆتە سەر لوحەی کاری خۆی و لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا هەموو ئەو دیاردانە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە و بەپێی هەلومەرجی خەبات بۆ وەدیهاتنیان کاریان بۆ کراوە.

**دەگوترێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێبازی حیزبەکەی پێشەوا لای داوە**، بەداخەوە ئەوانەی وا دەڵێن بەتەواوی دیارە لە ڕووی ناخۆشەویستییان بۆ حیزبی دێموکراتە، دەنا بۆ جارێکیش بوایە بەرنامە و پێڕەوی حیزبیان دەخوێندەوە کە، بە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی کە بەپێی بارودۆخی خەبات لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا تێیدا ڕووی داوە لەو سێ

ئەسڵە (خەباتی نەتەوایەتی، خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جێگیرکردنی دێموکراسی) کە بنەمای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لای ئەداوە و پێوە پابەندە و لە هەمان کاتدا لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ هەموو کۆنگرەکانی حیزب پێداگریی لەسەر ئەو سێ ئەسڵە کراوەتەوە.

دەگوترێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاڕایە و تەنانەت بوختانی ئەوەی لێ دەدرێ کە بۆتە هۆکاری تێکدانی ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ولە هەمان کاتدا خۆیان بە خاوەنی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دادەنێن. لەودا کە هەر حیزبە ئازادە سەبارەت بە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە و کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕووداو و باسانە بە قازانجی خۆی قسە بکا، بەڵام ئەو قسەکردن و تەبلیغە بە نرخی سڕینەوە و لێدان لە مێژوو و پێگەی جەماوەریی حیزبێکی دیکە زیانبارە و لە هیچ هەلومەرجێکدا بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگە نیە. ئەگەر لەو سەردەمەدا لە کوردستان ئیمکانی ئەوە نیە دەزگایەک هەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی و دروستی بابەتەکان، خۆ خەڵکی کوردستان هاوشان لەگەڵ حیزبەکان لە مەیدانی خەباتدان. بۆیە ئەو حیزب و کەسایەتییانە دەبێ لە بیریان بێ کە خەڵک و کۆمەڵگە قەزاوت لەسەر قسەکانی ئەوان دەکا و ڕاستی و دروستیی قسەکانیان هەڵدەسەنگێنی و حوکمی خۆیان لە سەردەدەن و ئەوە خەڵکە لە شوعار و کرداری خۆیاندا پێگە سەنگی حیزبەکان لەنێو کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن. لە هەمان کاتدا ئەو کەسانەی بەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ومێژووەکەی قسە دەکەن بەداخەوە خۆ لە و ڕاستییە دەبوێرن کە حیزبی دێموکرات لە ئاست پێک هێنانی هێچ هاوپەیمانێک کە بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بپارێزی وبۆ وەدەست هێنانەوەی مافی گەلی کورد تێبکۆشی دەمار گرژ نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەوەی ڕوانگەی تەکرەوانەی ئەو جۆرە کەسانە هەموو کات ئامادە بووە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێو ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گەورە و بچووکەوە و بە ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە وهیچ لایەکی بۆ هیچ لایەک وەلا نەناوە و هەوڵی داوە هاوپەیمانییەک پێک بێ کە زۆرینەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بەشدار بن. ئەگەر ئەوە دەبێتە کورتبینی و سەرلێشێواوی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ تەنیا خۆدیتن و خۆبەزلزانی هێندێک لە بەرپرسانی ئەو حیزبانە.

لەو کاتەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوای شەهیدمان دامەزراوە، هەشتا ساڵ تێپەڕ دەبێ و لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا بەدەیان حیزب بە ئایدۆلۆژیا و دونیابینیی جیاواز لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستان سەریان هەڵداوە و تەنانەت لە قۆناغێک لە مێژوودا زوو بەخێرایی گەشەیان کردوە، بەڵام لە ماوەیەکی زەمەنیدا چونکە ڕەگ و ڕیشەیان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا نەبووە، لێک هەڵوەشاوەن و بوون بە بەشێک لە لاپەڕەکانی مێژوویی حیزبەکانی ئێران و کوردستان. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەو کەند و کۆسپ و دژوارییەکانی سەر ڕێگای، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تەنیا یەک ڕۆژیش خەباتکارانی

ئەو حیزبە ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنەداوە. لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوویی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبێکە کە لەسەر ئەو ڕێبازەی کە دامەزراوە ئەویش دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە، لای نەداوە و لەو ڕێگایەدا خەباتێکی خوێناوی و دژواری بە دژی دوو ڕێژیمی پاشایەتیی و کۆماری ئیسلامی ئێران کردوە و، خاوەنی هەزاران شەهیدی ئەو ڕێبازەیە و لەو دەگمەن حیزبانەیە کە ڕێبەرانی شانبەشانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی و خەڵکی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی خەباتدا بوون و هەن و شاهیدی بۆ ئەو قسەیە شەهید بوونی ۳۵ کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبە کە لە مەیدانی خەبات و سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شەهید بوون کە لە نێویاندا سێ شەهیدی سەرکردە "پێشەوا، د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی" دەبیندرێن.

ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە، هەر لە سەرەتاوە وەک پێویستییەکی مێژوویی بۆ ئەوە پێکهات کە بتوانێ خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا سەرکەوتن درێژە بدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەکی باس کرا لەسەر سێ بنەمای خەباتی نەتەوایەتیی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دێموکراسیخوازی دامەزراوە و دەبینین و مێژوو شاهیدە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا کە حیزبی دێموکرات بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، پابەند بووە بەو سێ بنەمایە و لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە لەهەر قۆناغێکی خەباتدا بەپێی بارودۆخ و ئیمکانی تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی هەریەک لەو بنەمایانە کار بکا. هەربۆیە دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ماوەی هەشتا ساڵ خەباتدا وەفادار بەو ئامانجانە بووە کە، لە سەرەتاوە بۆی دروست بووە. بەڵام هێندێک لەو گرووپانەی بە ناڕەوا هێرش دەکەنە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ماوەی تەمەنی کەمی خۆیاندا بە چەندین جار بنەما فکری و ئایدۆلۆژی خۆیان گۆڕیوە و تەنانەت پشتیان لە مێژووی خۆیان کردوە و، لە حیزبێکی چەپی ئۆرتۆدۆکسەوە بازیان داوەتەوە سەر پرسی نەتەوەیی، ئەویش بەسەقەتی. چونکە لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا گیریان خواردوە، و بەوحاڵە هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان ئەوەیە لەو بوارەدا خۆیان بگەیەنە ئاستی حیزبی دێموکرات و یەکێک لەو ڕێگایانەی گرتوویانەتە بەر بۆ ئەوەی هاوتەرازی حیزبی دێموکرات بن ئەوەیە کە، لە ڕێگای پروپاگەندەو تۆمەتی بێبنەما بۆ حیزبی دێموکرات زیان بە پێگەی جەماوەری حیزب لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنن کە بەختەرجەمی لەو کارەدا سەرکەوتوو نابن، چونکە لە ساڵەکانی ۵۸-۱۳۵۹ زیاتر لە دوو لەسەر سێی خاکی کوردستان ناوچەی ئازاد کرابوو و بەدەستی هێزی پێشمەرگەوە بوو، هێندێک هێز و لایەنی سیاسیی هەبوون کە بەهەموو توانایانەوە لەنێو خەڵکی کوردستان تەبلیغیان بەدژی حیزبی دێموکرات دەکرد کە، ئەوکات هەوڵی دەدا شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی تارانەوە بەسەر کوردستاندا نەسەپێ و بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانێ لە کەشێکی ئارام دا گەشە بە بواری ئابووری و فەرهەنگی

و سیاسیی خۆی بدا، بەڵام ئەو حیزبانە حیزبی دێموکراتیان بە سازشکار ناو دەبرد و هەموو شەقامەکانی کوردستانیان پڕ کرد بوو لە شوعاری سازشکار مەحکوومە. بەڵام کاتێک شەڕ لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا سەپا، بەشی شێر لە دیفاع و بەربەرەکانی لە بەرانبەر سپای کوێک و پۆشتەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەبەر هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت و خەڵکی کوردستان ئەوەیان بەچاوی خۆیان دەدی و تەنانەت لەگەڵ تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆری زەمەنی لە نەبوونی حزووری مەیدانی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵی زۆری دامودەزگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لێکدابڕانی خەڵک و حیزبی دێموکرات تێیدا سەرکەوتوو نەبوو و، خەڵکی کوردستان ئەو پەیوەندیی ڕۆحی و ڕەوانییەی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان نەپچڕاند و دەبینین لەسەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ژینادا شەقامەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان پڕ بوون لە دروشمی "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و لە نەورۆزی خاکی‌پۆشان پێگەی جەماوەری حیزبی دێموکرات بەئاشکرا خۆی دەرخست و تەنانەت دامودەزگاکان و کەسانی ڕادە باڵایی نێودەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش نەیانتوانی خۆیان لە ئاستی پێگەی جەماوەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەڕ بکەن و دانی پێدانەنێن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران** هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە هێز لە یەکگرتوویی دایە، بۆیە چ لەسەرەتای دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٣٢٤ بە کۆکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر یەک چەتر و چ لەسەردەمی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، واتە ساڵی ٥٧ - ١٣٥٨بە پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی تازە دامەزراو لە تاران و چ لەسەردەمی ئێستادا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ناوەندیی هاوکاری و ناوەندی دیالۆگی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کاری بۆ ئەو یەکگرتووییە کردوە. بەڵام بەداخەوە لە هەر قۆناغێکدا بەهۆی ڕەقابەتی ناسالمی هێندێک لە حیزب و گروپەکان لەگەڵ حیزبی دێموکرات نەتوانراوە ئەو هاوپەیمانی و یەکگرتوویە پێک بێ، ئەویش تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو حیزب و گرووپانە لە خەیاڵی ئەوەدان بە هەڵبەستنی بۆختان و تۆمەتی بێ‌بنەما پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بکەن و، بەو کارە پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، واتە گەورەبوونی خۆیان لە شکانی حیزبی دێموکراتدا دەبینن کە مێژوو سەلماندوویەتی ئەوە تەنیا خەیاڵێکی خاوە و باشتر وایە بەجێگای یەکتر شکاندن هەوڵ بۆ یەکریزی و تەبایی نێو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین.

٥ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## پێشمەرگە و ئاڵا دوو هێمای نەتەوەیی




مێژووی خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری لە بندەستی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەر نەتەوەیەک بیهەوێت بە سەربەستی و ئازادی بژی، پێویستە هەموو چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیە، هەر کام بەپێی توانا و بارودۆخی ژیانیان و پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی خۆیان لە ئاستی وشیاریی نەتەوەییدا، لە خەبات و تێکۆشاندا بەشدار بن. بەڵام سروشتییە شێوازی بەشداربوونی خەڵک لەو خەباتە ڕزگاریخوازییەدا جیاوازە. بۆیە دەبینین و دەخوێنینەوە ژمارەیەک لە خەڵک لەو خەباتەدا لە ڕیزی لەخۆبردووترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە دەردەکەون و ناویان دەچێتە نێو مێژووی ئەو نەتەوەیە و قەت لە بیر ناچنەوە.

گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕزگاریی خۆی لە تێکۆشاندا بووە و خوێن و قوربانیی زۆری داوە، و لە نێو خەباتە خوێناوی و بێوچانەکەیدا، فیداکارترین و لەخۆبردووترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بەشخوراوە، نازناوی پێشمەرگەیان پێدراوە. پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەیە کە بە بوونی ڕۆحیاتی بەرزی ئەخلاقی و گیانفیدایی بۆ پاراستنی خاک و نەتەوە، لە نێو دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و تینووی ئازادی و دێموکراسیدا جێی خۆی کردۆتەوە. بۆ قەدرزانی لەو هەموو ئازایەتی و فیداکارییەی پێشمەرگە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، پێویست بوو ڕۆژێک لە ساڵدا بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر بکرێت.

## بەشی چوارەم

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی یەکێکە لەو ڕۆژانەی وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی هەشتا ساڵەی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە. هەشتا ساڵ لەوەوپێش، بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری "کوردستان" (بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە شاری مەهاباد، بە ئامادەبوونی دە هەزار کەس لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە وتاری پێشەوا قازی محەممەد، ئاڵای پیرۆزی کوردستان بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی فەرمی لەسەر سەربانی لێژنەی سەرۆکایەتیی (هەیئەت ڕەئیسەی) حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵکرا.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و پێکهێنانی سپای میللی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد؛ بەو واتایە گەلی کورد هەنگاوی نوێ و سەردەمیانەی هەڵێنابوو بۆ نێو مەیدانی شوناسخوازی و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی. بە کردەوە دەبینین، لە دوای هەڵکردنی ئاڵا و پێکهێنانی سپای میللی کە لە دواییدا ناودێر کرا بە هێزی پێشمەرگە، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەسەڵاتی ناوچەکەی لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبەرییەوە بە دەستەوە دەگرێت و لە ئەنجامدا حکوومەتی کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێت.

ئاڵا هێمای ناسینەوەی نەتەوەیەکە کە خاوەنی خاک و زمان و کولتوور و مێژووی خۆیەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درکی ئەو ڕاستییە، کە کورد یەک نەتەوە و کوردستان یەک وڵاتە، کەوتە خۆ بۆ هەڵکردنی ئاڵا بەو شێوەیەی کە لەسەرەوە باس کرا، لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی جەماوەریدا و بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ ئەو کارە پیرۆزە بە ئەنجام گەیشت. بەڵام هەر هەڵکردنی ئاڵا بەس نەبوو بۆ ئەوەی هێمای نەتەوەیەک دیار بێت، بەڵکوو ئەو ئاڵایە پێویستی بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک و هێزێکی پارێزەر بوو کە لە کەوتن بیپارێزێت، چونکە کەوتنی ئاڵا واتە کەوتنی کیانی سیاسی و کەوتنی کیانی سیاسی واتە کەوتن و شکانی نەتەوەیەک.

بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر پێش لە هەڵکردنی ئاڵا، بە تایبەتی دوای دەستبەسەرداگرتنی شارەوانیی مەهاباد لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ لە لایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو شارە لە چنگی زوڵم و زۆری حکوومەتی ڕەزاخانی پەهلەوی (وەک ئاخرین ئاسەواری دەسەڵاتداریەتیی ئەو ڕێژیمە لەو ناوچەیە)، ئامادەکاری دەکرد کە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی خوازیارن و توانای ئەوەیان هەیە پارێزگاری لە خاک و نەتەوە بکەن، سپای میللی پێک بێنێت.

چەند مانگ دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دامەزرانی سپای میللی، بە کردەوە دەبینین لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنرێت. دوای دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان و ڕێکخستنی دامودەزگا کارگێڕییەکان، دەبینین نازناوی ئەندامانی سپای میللی کوردستان بەپێی ئیعلانی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی ١٥ی

## بەشی چوارەم

ڕێبەندانی ١٣٢٤ دەگۆڕدرێت بۆ پێشمەرگە. لەو ڕێکەوتەوە چەکداری کورد کە بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد خەبات دەکات، هەڵگری نازناوی پێشمەرگەیە و بووەتە جێگای شانازیی نەتەوەکەی خۆی.

لە سەردەمی ئێستادا بە خۆشییەوە ناوی پێشمەرگە وەک جەنگاوەرێکی ئازا و پابەند بە ئوسووڵەکانی مرۆڤایەتی سنوورەکانی کوردستانی بڕیوە و بووەتە ناوێکی ئاشنا بۆ هەموو جیهان. لە کوردستانیش لە نێو ئاخاوتنی کۆمەڵگە و نووسینی نووسەران و شاعیراندا بە دەیان پاشناو بە دوای وشەی پێشمەرگەدا جێی خۆی کردووەتەوە وەک: ئازا و بوێر، قارەمان، دوژمنبەزێن، نەمر، باسکی بەهێزی گەل... ئەوانە نیشانەی پێگەی بەرزی پێشمەرگەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی کەرامەت و شەرەفی نەتەوەی خۆی وەئەستۆ گرتووە و گەورەترین سەرمایەی ژیانی کە گیانییەتی، بە سەخاوەتەوە لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بەخت دەکات. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٣ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر کرد کە نیشانەی ڕێزدانانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بۆ ئەو هەموو گیانفیداییەی کە هێزی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمن لە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی چەکداریدا کردوویەتی.

دیارە لێرەدا پێویستە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە دیاریکردنی ڕۆژێک بە ناوی ئاڵا و پێشمەرگە بەو مانایە نییە کە تەنیا لە یەک ڕۆژی تایبەتی ساڵدا ڕێز لە پێشمەرگە و ئاڵا بگرین، بەڵکوو لە ماوەی خەباتی خوێناوی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی، هیچ ڕۆژێک لە ساڵدا شک نابەین کە پێشمەرگە بە ئازایەتی و گیانبازیی خۆی بەرگری لە مان و بوونی گەلەکەی خۆی نەکردبێت و تێیدا شەهید نەبووبێت، بەڵام نەیهێشتووە ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بکەوێتە سەر زەوی.

لە کۆتاییدا پێویستە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە لە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا کە بەهۆی سیاسەتە دژەگەلی و پاوانخوازییەکانی لە ناوچەکەدا و هەناردەکردنی تیرۆریزم و شەڕفرۆشتن بە دنیای دەرەوە، پایەکانی دەسەڵاتداریەتی هەم لە نێوخۆ و هەم لە دنیای دەرەوە لەق بووە و ئەگەری هەیە لە هەر ئان و ساتێکدا ئەو ڕێژیمە بڕوخێت و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ئێران بێتە گۆڕێ.

**وا باشە و هەلومەرج وادەخوازێت ئاڵا و پێشمەرگە وەک دوو هێمای نەتەوەیی بکرێن بە هەوێنی یەکڕیزی بۆ وەدەستخستنەوەی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاراستنی ئەو دەسکەوتانە.**

٢٣ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

## ئێعدام سزایەکی نامرۆڤانە و کەرەسەیەک بۆ مانەوەی دەسەڵات



ماوەی ٤٦ ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتی ئێراندا گرتووە و لەو ماوەیەدا بە سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی، گەلانی ئێرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تووشی قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی چارەسەرنەکراو کردووە. دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیان زۆر زوو بۆیان ڕوون بووەوە کە بەو تێڕوانین و ئایدۆلۆژیایەی هەیانە ناتوانن لە سەردەمی ئێستادا حوکمڕانیی گەلانی ئێران بکەن و هاوکات خۆ لەگەڵ جیهانی سەردەم بگونجێنن، بەڵام بە جێگای وازهێنان لە دەسەڵاتداریەتی، کەوتنە خۆ بۆ خولقاندنی قەیرانی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بە خۆ دەربازکردن لەو قەیرانانە سەرگەرم بکا و دەرفەتی بیرکردنەوەیان نەبێ کە بیر لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەنەوە. پێبەپێی خولقاندنی ئەو قەیرانانە بە شێوازی جۆراوجۆر و لەژێر ناوی یاساکانی شەریعەت و بەخشینەوەی تۆمەتی سەیر و سەمەرە، دەستیان کرد بە سەرکوتی خەڵک، ئەویش لەژێر فتوای خومەینی دامەزرێنەری ئەو نیزامە کە دەڵێ: "دامەزرانی ئەمنییەت و پاراستنی کۆمەڵگە بە مشتی ئاسنین دەکرێ، نەک بە نەرمی نواندن لەگەڵ تاوانباران" و دوای چەند ساڵ لە ڕێوڕەسمی "دەهەی فەجر" لە ساڵی ١٣٦٣دا دەڵێ: ".... بە دانانی دادگا و زیندانیکردن کاری ئێمە جێبەجێ نابێ، ئەو ڕەحم و بەزەییە منداڵانەیە وەلا بنێن". لە ڕاستیدا وتار و قسەکانی خومەینی بوونەتە قانوون و لە یاسا بەرکارەکانی ئێراندا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

## بەشی چوارەم

لەو کاتەوە مرۆڤ ژیانی بەکۆمەڵی هەڵبژاردووە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە لە ڕێگای کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا ئیدارەی کۆمەڵگەی خۆی بکا و بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە بواری پێشەسازی و خوێندن، یاسا و ڕێساکان بوون بە قانوونی نووسراو و پێکهاتنی دادگاکانی بە شێوازی سەردەمی ئێستای لێ کەوتەوە. لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە هەوڵی مرۆڤ ئەوە بووە کە دادگاکان دوور لە بازنەی دەستتێوەردانی دەوڵەت و دەسەڵات بن و سەربەخۆییان پارێزراو بێ بۆ ئەوەی دادپەروەری بە مانای ڕاستەقینەی خۆی تێدا بەڕێوە بچێ. بەڵام ماوەی ٤٦ ساڵە دەبینین قانووندانەری ئێرانی و دەزگای بەناو دادوەری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەک لە داڕشتنی قانووندا بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی ئێرانیان لەبەرچاو نەبووە، بەڵکوو بە هێنانی کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک "مفسد فی الارض" و "محاربە با خدا" لە مادده و بڕگەکانی قانوونی سزادانی ئیسلامیدا دەستی هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیمیان ئاواڵە کردووە بۆ دەستبەسەرکردنی جیابیران و ناڕازییان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. بۆیە دەبینین یەکێک لەو سزایانە کە بە قانوون بووەتە کەرەسەی سەرکوتی گەلانی ئێران سزای ئێعدامە، واتە سزای ئێعدام وەک کەرەسەیەکی سەرکوتکردنی دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک بە ڕادەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، چونکە ڕۆژێک لە ساڵ شک نابەین کە کەسێک یا چەند کەسی تێدا ئێعدام نەکرابێ. بەشێک لەو ئێعدامانە لە ڕاگەیاندراوەکانی ڕێژیمدا بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام بەشی زۆری ئەو ئێعدامانە نەک بە ڕاگەیاندن ناکرێن، بەڵکوو ڕێژیم هەوڵ دەدا لە تەحویلدانەوەی جەنازەی ئێعدامکراوەکان بە بنەماڵەکانیان خۆ بپارێزێ. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە باشی لەو ڕاستییە بەئاگان کە تەحویلدانەوەی تەرمی ئێعدامکراوەکان بە بنەماڵەکانیان چ لە کاتی بەخاک ئەسپاردن و چ لە کاتی دانانی پرسە و سەرەخۆشی لە لایەن بنەماڵە و کەسوکاریان، بەتایبەتی ئەگەر بنەماڵە و کۆمەڵگە بەو حوکمە ئێعدامە ناڕازی بن، جۆرێک لە ناڕەزایەتی لە نێو خەڵک سەرهەڵ دەدا و ئەوەش نیشانەی ڕوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی کەس یا کەسانی ئێعدامکراوە لەلای خەڵک و ئەوە پێناسەیەکە بۆ بێتاوانیی ئەو جۆرە کەسانە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی شارەزایانی بواری تاوانناسی لە ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهاندا، ئەوە سەلمێندراوە کە سزای ئێعدام نەک بەرگری لە دووپاتبوونەوەی تاوان نەکردووە، بەڵکوو لەو وڵاتانەی وەک ئێران کە ڕێژەی بەڕێوەبردنی سزای ئێعدام لەسەرێیە، دەبینین ڕادەی تاوانکاری بەپێی پێناسەکانی دەزگای دادی ئێران بۆ تاوان و تاوانکاری نەک کەمی نەکردووە، بەڵکوو ڕوو لە زیادبوون بووە. هۆکارەکەشی هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد بەشی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتە کە حکوومەت ئێعدام وەک کەرەسەی ترس و تۆقاندنی خەڵک بەکار دێنێ، کە بە دژی دەسەڵاتداریەتیی ئەو حکوومەتە ناڕەزایەتی دەرنەبڕن و لە ڕاستیدا بەشێکی بەرچاوی ئەو کەسانەی حوکمی ئێعدامیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ کەسانێکن لە نێو خەڵکدا خۆشەویست و خاوەنی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتین و تەنیا تاوانیان ئەوەیە لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ناڕازین.

## بەشی چوارەم

بەپێی شەرع و عورف و قانوون سزای ئێعدام بە درێژایی مێژوو بۆ ئەو کەسانە بەکار هاتووە کە تووشی قەتڵ بوون واتە کەسێکیان بە دەستی کوژراوە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا بەپێی پێشکەوتنی زانستی دەروونناسی و تاوانناسی ئەو بابەتە بەتەواوی کەمڕەنگ بووەتەوە و ئەو زانستە یارمەتی داوە لە سەرانسەری دنیادا بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدام لەلایەن دەوڵەتانەوە یا بە یەکجاری لە قانوون سڕاوەتەوە و یا ئەگەر لە قانوونیشدا هەبێ لەلایەن دەسەڵاتی ئێجراییەوە بەڕێوە ناچێ. بۆ نموونە بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە ١٩٣ وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٤٢ وڵات، واتە سێ لەسەر چواری ئەو وڵاتانە، سزای ئێعدامیان یا لە قانوونی وڵاتدا لابردووە و یا هەڵیانپەساردووە.

بەڵام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین سزای ئێعدام بۆ هێندێک کردەوە بەپێی پێناسەی دەزگای دادوەریی ئێران کە بە تاوان دادەنرێن، بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە دەچێ. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەو کردەوانەی نیزامی قەزایی ئێران کە بە تاوانیان دادەنێ دەتوانێ سزاکەیان ئێعدام نەبێ، بەڵکوو بە شێوازی وەک زیندان و دەستبەسەرکردن و جەریمە و دوورخستنەوەی تۆمەتبار... سزای بۆ دیاری بکرێ. بەڵام لە لایەک ئەو ڕەوتە بەربڵاوەی ئێعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران سزای ئێعدام وەک کەرەسەی داسەپاندنی دەسەڵاتداریەتیی خۆیان لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەکار دێنن نەک جێبەجێکردنی قانوون بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە.

دەوڵەتی بەرپرسیار لە بەرانبەر کۆمەڵگەی خۆیدا تەنانەت ئەگەر بیهەوێ سزای ئێعدام بەپێی قانوون لەسەر کەس یا کەسانێک جێبەجێ بکا، لە بەڕێوەبردنی ئەو حوکمەدا چەند ئامانجێکی هەیە: یەکەم دەیهەوێ سزای تاوانبار بدا و بەو کارە هەوڵ دەدا ئەمنییەتی کۆمەڵگە بپارێزێ و دووهەم بە سزادانی تاوانبار بەربەست دادەنێ لە بەردەم کەسانی دیکە کە تاوانی لەو بابەتە دووپات نەکەنەوە. بەڵام بەڕێوەچوونی ئەو هەموو ئێعدامە لە ساڵدا لەژێر حوکمی نیزامی قەزایی ئێراندا دەرخەری ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ پابەندی و باوەڕێکیان بە دادپەروەری لە نیزامی قەزاییدا نییە. واتە سیستمی قەزایی و دادی ئێران نەک سەربەخۆ نییە و پاراستنی مافی کۆمەڵگەی لا گرنگ نییە، بەڵکوو بەشێکی دانەبڕاو و گرنگە بۆ پاراستنی پایەکانی ئەو ڕێژیمە.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە ماوەی ئەو ٤٦ ساڵەدا دەسەڵاتدارانی تاران بەو هەموو گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی جیابیران نەیانتوانیوە کۆمەڵگەی ئێران چاوترسێن و دەستەمۆ بکەن و لە داواکاریی مافەکانی خۆیان پاشگەزیان بکەنەوە. بە درێژایی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو ڕادەیە کە دامودەزگاکانی ئەمنییەتی و قەزایی ئەو ڕێژیمە گوشاریان بۆ گەلانی ئێران هێناوە، بەو ڕادەیەش زیاتر و زیاتر گەلانی ئێران سوورتر و جەسوورتر بوون لەسەر وەدەستخستنی ماف و

ئازادییەکانیان. بۆیە بە هەموو پێوانە و نیشانەکان و لێکدانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان وا وێدەچێ کە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێر و نەمان بڕوا و ئاگری پەنگخواردووی گەلانی ئێران دامێنی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بگرێتەوە.

٨ی بەفرانباری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## بیری نەتەوەیی لە گۆڤاری نیشتمانەوە بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"




ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی ئێستادا بە یەکێک لە بنەماکانی شارستانییەت دێتە ئەژمار و تەنانەت لە وڵاتانی دێموکراتیکدا ڕۆژنامە بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێ. بەو مانایە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن دەبنە دەنگی خەڵک بەسەر دەسەڵاتەوە و بە لەقاودانی بابەتەکان و ڕۆشنگەری لەنێو کۆمەڵگە ڕێگری دەکەن لە قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن دەستە و تاقمێکەوە.

لە سەدەی بیستەمدا کە پیشەسازی و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان پێشکەوتنی خێرای بەخۆیەوە دەبینی و گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ وەک پێویستێکی هەنووکەیی خۆی دەنواند، گەلی کوردیش بەدەر نەبوو لەو پێویستییە، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی کە دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەزا پەهلەوی لە تاران، پایتەختی ئێران هەرەسی هێنابوو و ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی بەتەواوی تێدا هەست پێ دەکرا و جموجۆڵی تێکۆشەرانی کورد بە ئاشکرا و نهێنی لەژێر ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دەستی پێکردبوو. بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە پێشتر باس کرا، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێ - کاف و لە دواییدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەموو بێئیمکاناتییەک کە هەیانبووە، هەوڵیان داوە لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامە لەنێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستاندا ڕۆشنگەری بکەن و خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان و شێوازی خەباتی گەلان ئاشنا بکەن.

**ئەوەتا لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان (١٣٢٢) لە سەروتاردا لەژێر سەردێڕی "ئامانجی ئێمە"دا دەنووسێ:**

..." کۆمەڵەی ژێ - کاف بڕیاری داوە بۆ ڕووناککردنەوەی بیری نەتەوەی کورد و دۆزینەوەی هۆی چارەڕەشی و دواکەوتنی ئەم میللەتە بەستەزمان و بێدەسەڵاتە لە هیچ فیداکارییەک ڕوو وەرنەگێڕێ و لەسەر بڕیاری هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە ئەو گۆڤارە دەردەچێت تا بەرەبەرە هەر چەوت و ناڕەواییەک لە ژیانی کورددا هەیە پیشانی بدا و ببێتە شارەزای نەتەوەی کورد لە ڕێگای سەربەستی و سەربەخۆییدا. بەدوای ئەوەدا بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان و پێویستیی بارودۆخەکە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما فکری و تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژێ - کاف دامەزرا. بە جێگای گۆڤاری "نیشتمان"، ئەمجار گۆڤاری "کوردستان" کە ژمارەی ١ی لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ دەرچوو و لەسەر ڕووبەرگەکەی نووسراوە: "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان"، واتە هەڵگری پەیام و ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لە یەکەم ژمارەدا لە لاپەڕەی یەکەمدا لەژێر سەردێڕی "خوێندەوارانی بەرز" باس لە ڕوانگەی گۆڤارەکە دەکەن و دەڵێن: "کوردستان گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی و کۆمەڵایەتییە کە یەکەم ئامانجی بووژانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە و زیندووکردنەوەی کورد و کوردستانە". بەڵام لە چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری کوردستان زۆر تێ نەپەڕی کە بەهۆی نیاز و بارودۆخی ئەو کات، بە لێکدانەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەرەو وەدیهاتنی خەونی سەدان ساڵەی کورد هەنگاویان دەنا، بە پێویستیان زانیوە کە گۆڤاری کوردستان شێوە و نێوەڕۆکی خۆی بگۆڕێ و بچێتە قاڵبی ڕۆژنامە کە بتوانێ خێراتر هەواڵ و ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ئێران و جیهان بگەیەنێتە دەستی خوێنەری کورد. بۆیە لە ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو بووەتەوە کە سەرنووسەر لە وتارێکی کورتدا لەژێر سەردێڕی "ئامانجی ئێمە"دا هەم مزگێنیی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە خەڵک دەدا و هەم لە کۆتایی وتارەکەدا **ئامانجی ڕۆژنامەکە بەو شێوەیە دەخاتە ڕوو:**

"ئێمە بە دڵماندا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتشارات بین. ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی کوردستان داندرا و یەکەم ژمارەی بڵاو کراوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە دەیهەوێ قەڵایەکی ئاسنین و پۆڵایین لە ئیتحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناخەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی و بەدبینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەری هەبێ بەربەرەکانی بکا. هیوامان وایە ئەم قەڵایە کە خەریکین قائیمی بکەین، وەها قائیم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکا"...

هەرچەند ماوەی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان لەو سەردەمەدا لەگەڵ تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان بوو، بەڵام دەرچوونی

ڕۆژنامەی کوردستان بۆ گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستان قەڵایەک بوو بۆ پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی، لە هەمان کاتدا لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی تەجروبەیەکی نوێ بوو. لە مێژووی هاوچەرخدا و لە سەردەمانێک کە شۆڕش و جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی خاک و نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە و بە هەموو جۆرێک ئەو دەوڵەتانە خەریکی تواندنەوەی زمان و کولتووری کورد بوون لەنێو زمان و کولتووری نەتەوەی باڵادەستدا، دەتوانین بڵێین چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ بووژانەوەی زمان و کولتووری کورد و ئاشناکردنی تاک و کۆمەڵگەی کوردستان بە مافەکانی. ئەگەر چاو بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بخشێنین، دەبینین زمانی نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان زمانی خەمخۆرانی نەتەوە و نیشتمانپەروەرانی کوردە. نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵیان داوە بەپێی ئیمکاناتی بەردەستیان پێش هەموو بابەتێک بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە زمان کۆڵەکەی ئەسڵی نەتەوەیە، پەرە بە زمانی کوردی بدەن و خوێندەوارانی کوردستان هان بدەن بە زمانی کوردی بنووسن و بابەت بۆ ڕۆژنامەی کوردستان بنێرن و لە هەمان کاتدا بابەتە سیاسییەکان بە زمانی کوردی و بە ڕاوێژێکی سادە بگەیەننە دەستی خوێنەری کورد.

ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستان لە دەستپێکی یەکەم ڕۆژی کارکردنی، واتە هەشتا ساڵ لەمەوبەر لەسەر دەستی ڕووناکبیران و کەسانی دیاری کۆمەڵگەی ئەو کات دامەزرا، بەڵام لە دواییدا بوو بە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵێک لاو و گەنجی کوردستان کە زۆربەی هەرە زۆریان جێ پەنجەیان بە مێژووی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دیارە. ڕۆژنامەی کوردستان کە پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەبێتە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و تەواوی بابەت و بڕیار و ڕاسپاردە و هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە حکوومەتی کۆماری کوردستانی تێدا بڵاو کراوەتەوە. بەداخەوە هەروەک گوترا، بە ڕووخانی کۆماری کوردستان و گیران و زیندانی و ئیعدامی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان کە ١١٣ ژمارەی چاپ و بڵاو بووە، بۆ ماوەیەکی زەمەنی داخرا؛ بەڵام بە هەوڵ و هیممەتی تێکۆشەرانی دێموکرات لە چەندین قۆناغی جیاوازدا و بەپێی بارودۆخی ڕەخساو، ڕۆژنامەی کوردستان گیانی گرتووەتەوە و لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆی چاپ و بڵاو بووەتەوە. ماوەیەک لە دەرەوەی وڵات و لە تاراوگە لەسەر دەستی دوکتور قاسملوو ڕۆژنامەی کوردستان درێژەی بە ژیانی خۆی داوە، بەڵام لە دوای ئەوەدا ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٩ وەک ئۆرگانی فەرمیی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەسەر دەستی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دووپاتە گیانی وەبەر هاتووەتەوە و بێ پسانەوە و بەپێی بارودۆخی حیزب هەتا ئێستا ٩١٠ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەوە لە بارودۆخێکدایە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا ڕۆژنامەی کوردستان لەسەر یەک تەنیا چەند ساڵ بە ئازادی چاپ و بڵاو بووەتەوە، مابەقی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان لە تاراوگە و بەپێی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و جێگیربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بەشی چوارەم**

درێژەی بە کارەکانی داوە.

بەڵام حەق وایە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە لە هەموو هەلومەرجێکدا ڕۆژنامەی کوردستان ڕەسالەت و بنەما فکرییەکانی خۆی کە لەسەری دامەزراوە لەدەست نەداوە و لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی پەرەپێدان بە هەستی نەتەوەیی درێژەی بە ئەرکەکانی خۆی داوە و هەموو کات بەشێکی گرنگ بووە لە خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەمان کاتدا لە گەیاندنی زانیاریی دروست و بەکەڵک لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی بۆ خوێنەری کورد غافڵ نەبووە و بەو کارە هەوڵی داوە ئاستی زانیاری و بەئاگا بوونی خەڵکی کوردستان لە بواری نەتەوەیی و شوناسخوازی و دونیای دەورووبەری بباتە سەرێ. لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئەرکێکی گرنگ و نەتەوەیی هەوڵی داوە بە دۆکیومێنتکردنی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵە فیداکارەکانی حیزب و گەل و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ببێتە سەرچاوەیەکی جێگای باوەڕ کە دەتوانرێ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان قۆناغ بە قۆناغ لە دووتوێی ڕۆژنامەی کوردستاندا بخوێندرێتەوە و شن و کەو بکرێن و لێکدانەوەیان لەسەر بکرێ بۆ بەرچاوڕوونی داهاتوو. بەپێی خوێندنەوە بۆ ڕابردووی هەشتا ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێچکە و ڕێبازە ڕۆشنگەری و نەتەوەییەی بۆ گۆڤاری "نیشتمان" و گۆڤاری "کوردستان" لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات دەستنیشان کراوە، بەتەواوی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا جێی گرتووە و ڕەنگی داوەتەوە و دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکراوەیەکی حیزبییەوە بووەتە بڵاوکراوەیەکی نەتەوەیی کە خاوەنداریەتی لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا.

**٢٨ی بەفرانباری ٢٧٢٥**

## نیشانەکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە جاران بەرچاوترن



لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژ، ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زۆربەی شەقامەکانی شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە؛ بە جۆرێک کە لە بەرچاوی هەموو جیهاندا، پایە و بنەماکانی ئەو ڕێژیمە جارێکی دیکە لەرزین و کەوتنە لێواری ڕووخان. لەبەر ئەوە، دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بە بڕینی هێڵەکانی پەیوەندی، هەوڵیان دا ڕێگری بکەن لە گەیشتنی هەواڵ و زانیارییەکانی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بە جیهانی دەرەوە.

ئەوان ویستیان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و بە هەموو توانایەکی سەربازی و ئەمنییەوە، بە شێوازێکی زۆر دڕندانە بکەونە سەرکوتی خۆپێشاندەران؛ بە چەشنێک کە ئاماری قوربانییان (کوژراو و بریندار) بووەتە جێی سەرسوڕمانی گەلانی جیهان؛ کە چۆن حکوومەتێک دەتوانێت بەو ئاسانییە هەزاران کەس لە هاووڵاتییانی خۆی کۆمەڵکوژ بکات. تەنانەت ئەم ڕەفتارانە هەڵوێستی جیاجیای دەوڵەتانی لێ کەوتەوە، بەتایبەت ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپا و هاوپەیمانەکانیان. ئەم ڕستەیە لە زۆربەی لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەو دەوڵەتانەدا دەبینرێت: «کاتێک حکوومەتێک تەنیا لە ڕێگەی توندوتیژی و سەرکوتەوە لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، لە ڕاستیدا تەمەنی ئەو حکوومەتە بەرەو کۆتایی ڕۆیشتووە.» بە واتایەکی دیکە، ئەو دەسەڵاتە ڕەوایی خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا لەدەست داوە.

بە پێی شیکارییەکانی کەسانی پسپۆڕ لە کاروباری ئێران، نارەزایەتییەکانی ئەمجارە لە نارەزایەتییەکانی پێشوو جیاوازن. هەرچەندە ئەم نارەزایەتییانە درێژکراوەی ئەوانەی پێشوون، بەڵام بەو جیاوازییەی کە ئەمجارە قەیرانی گەورەی ئابووری، دابەزینی بێوێنەی بەهای دراوی ئێرانی، دارمانی ڕەوایی سیاسیی ڕێژیم لای خەڵک (بەتایبەت دوای شەڕی دوازدە ڕۆژە)، لەدەستدانی پێگەی نێودەوڵەتی، لاوازبوونی گرووپە نیابەتییەکانی لە ناوچەکەدا و شەکەتی و داهێزرانی دامودەزگاکانی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەکتر. ئەمەش وای کردووە کە پاشەڕۆژی ئێران و کۆماری ئیسلامی زۆر لێڵ و ناڕوون دەربکەوێت.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە «ڕاپەڕینی ژینا»دا توانی بە سەرکوت و لە هەمان کاتدا بە هەندێک پاشەکشەی کاتی و کەمکردنەوەی گوشارەکان لە بابەتی «سەرپۆشی زۆرەملێ»دا (بەتایبەت لە ناوەندی ئێران)، بە ڕواڵەت تا ڕادەیەک نارەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام شەپۆلی ئەمجارەی نارەزایەتییەکان سەرچاوەکەی بژێوی و گوزەرانی خەڵک و پرسە سیاسییە کەڵەکەبووەکانە. ئەمانەش دەرەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمەیە کە لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ئاراوە و بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن. چونکە بە پێی ئەزموون و باری نالەباری ژیانی خەڵک، هەر بەڵێن و پەیمانێک کە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بۆ چاکسازیی سیاسی و ئابووری بە خەڵکی بدەن، جێگەی بڕوا نییە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیکەی نیو سەدە حوکمڕانی لە ئێراندا، بە خوڵقاندنی سەدان قەیرانی ئەمنی و ئابووری لە ناوچەکە و جیهاندا، وەک حکوومەتێکی شەڕخواز و تیرۆرپەروەر ناسراون و ڕەواییان کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە؛ ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر بژێویی خەڵک لە نێوخۆی ئێراندا. بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بەو بارودۆخەی کە خۆیان خوڵقێنەری بوون و بە پێی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژییان، بۆیان دژوارە بتوانن چارەسەری بکەن.

لە سەردەمی ئێستادا، هەموو ئەو حکوومەتانەی ڕەوایی خۆیان لە گەل وەرگرتووە، هەرگیز لە نارەزایەتیی خەڵک ناترسن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن گوێ لە ویستی خەڵک بگرن و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو حکوومەتانەی وەک کۆماری ئیسلامی کە پێیان وایە ڕەوایی دەسەڵاتیان لە لایەن خوداوە پێ بەخشراوە، هیچ بایەخێک بۆ ئیرادەی گەل دانانێن و هەوڵ دەدەن بە هەموو توانایەکیان خەڵک ملەکەچ بکەن. بۆیە دەبینین هەر کاتێک لە نێوخۆی ئێراندا نارەزایەتیی خەڵک دژی سیاسەتە چەوتەکان سەرهەڵدەدات، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەستبەجێ پەنا دەبەنە بەر تۆمەتبارکردنی نارازییان بە تاوانی «شەڕکردن لەگەڵ خودا» (محاربة) و بەو فەتوایە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک؛ کە ئەم شێوازە بە پێی هەموو پێوەرە یاساییەکانی سەردەم، بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی دادەنرێت.

## بەشی چوارەم

بەڵام ئەوە سەلمێنراوە کە ئاکامی ئەو کوشتارە خوێناوییە نەک ناتوانێت ئارامی و سەقامگیری بۆ کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکات، بەڵکوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەسەڵات بۆ هەمیشە لەدەست بدات. لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، تیرۆری نەیارانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوە، سەرکوتی ڕاپەڕینی خوێندکاران و نارەزایەتییەکانی ساڵانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ و ڕاپەڕینی ژینا لە ساڵی ١٤٠١، نەیانتوانیوە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بۆ دەسەڵاتدارانی تاران بێننە کایەوە. ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم ڕێژیمە تەنیا تینووی دەسەڵات نییە، بەڵکوو سیستمێکی ئایدیۆلۆژییە کە سەرکوت و توندوتیژی و کوشتنی خەڵکی جیابیر و ناڕازی، لە ڕێگەی ئایین و مەزهەبەوە بە ڕەوا دەبینێت. واتە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، توندوتیژی و کوشتن تەنیا ئامرازێک نییە بۆ سەرکوت، بەڵکوو بەشێکە لە ناسنامەی سیاسیی ئەو ڕێژیمە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرکوت و لەسێدارەدان و تیرۆر، ناتوانێت سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا جێگیر بکات، بەڵکوو هەرچی توندوتیژیی دەسەڵات زیاتر بێت، کەلێنی نێوان خەڵک و حکوومەت زیاتر دەکات. چونکە توندوتیژیی حکوومەت دەبێتە هۆی کاردانەوەی توند و هەر شەپۆلێکی نارەزایەتی کە سەرکوت دەکرێت، لە ناخی خۆیدا تۆوی شەپۆلێکی دیکەی نارەزایەتی دەچێنێت. ئەوەی ئێستا لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا دەبینرێت ئەوەیە کە بەهۆی لەدەستدانی ڕەوایی سیاسی، قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، گەورەبوونی درزی نێوان پەیکەری دەسەڵات و دابڕان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، خەریکە هێواش هێواش بەرەو ڕووخان و هەرەس دەچێت. گەلانی ئێرانیش لەوە نزیک دەبنەوە کە جارێکی دیکە بە ئازادی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و سیستمی حوکمڕانیی داهاتووی وڵاتەکەیان دیاری بکەن

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## چۆن ڕێ لە دووپاتبوونەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی بگرین؟



جینایەت دژی مرۆڤایەتی بەو تاوانانە دەگوترێ کە بایەخ و کەرامەتی ئینسانی و مرۆڤایەتی لە بواری جەستەیی و دەروونیدا پێشێل دەکەن و زیانی پێ دەگەیەنن. ئەم کردارانە بەپێچەوانەی ئەو ڕێوشوێنانەن کە لە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەییدا دەستنیشان کراون. ئاسەوار و کاریگەریی ئەم تاوانانە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێک دەچێتە دەرێ و دەبێتە هۆکاری نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. بە واتەیەکی دیکە، تاوان دژ بە ئینسانییەت و مرۆڤایەتی بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی پێشکەوتووی ئێستا، قابیلی قبووڵ نییە.

بەپێی یاسا و بەڵگە نێونەتەوەییەکان، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی بریتییە لەو کردار و ڕەفتارە دڕندانەیەی کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە، وەک بەشێک لە سیاسەتێکی سازماندراو و بەربڵاو، دژ بە کەسانی غەیرەنیزامی لە سەردەمی شەڕدا پەیڕەو دەکرێ. ئەو کردارانە وەک: کوشتنی بەئەنقەست، لەنێوبردن، دەرکردنی خەڵکی ناوچەیەک بە زەبری هێز، ئەزیەت و ئازاری کۆمەڵێکی دیاریکراو بە هۆکاری سیاسی، ڕەگەزی، نەتەوەیی، فەرهەنگی، مەزهەبی و ئایینی و... هتد، لەخۆ دەگرێ.

نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەی سەر گۆی زەوییە کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، لە بەرچاوی دنیای پێشکەوتوو

و مۆدێرندا و بێ پرس و ڕای کورد، هەم خاکەکەی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە و هەم لە تەواوی مافە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانی خۆی بێبەش کراوە. هەر کاتێکیش لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، لە هەر پارچەیەک لە کوردستاندا کورد باسی لە مافەکانی خۆی کردبێ، بە توندترین شێوە سەرکوت کراوە. زۆرجارانیش ئەو سەرکوتکردنە سنووری تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیی بڕیوە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی جیهانی سەرەڕای بوونی ئەو هەموو قانوون و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییانە، لە ئاست ئەو تاوانانەدا بێدەنگیی هەڵبژاردووە.

ئەگەر بێدەنگیی کۆمەڵگەی جیهانی بەشێکی بگێڕینەوە بۆ سات و سەودای نێونەتەوەیی و بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەوا بەشێکی گرنگی ئەو بایەخ پێنەدانەی جیهان بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەرحەق بە گەلی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و حیزب و لایەنە سیاسی و خەباتکارانی گەلی کورد بەتایبەتی. هەتا ئێستا، دوای ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانەی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان دراوە، نەتوانراوە هاوپێوەندییەکی نەتەوەیی کورد لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستاندا پێک بهێنرێ کە لانیکەم بەرهەمەکەی ببێتە ناوەندێک لە دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، تا بتوانێ لە بواری قانوونییەوە پرسی کوشتاری بەکۆمەڵ و بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بووروژێنێ و بیگەیەنێ بە گوێی کۆمەڵگەی جیهانیدا.

بە چاوخشاندن بە مێژووی ئەو سەد ساڵەی کوردستاندا دەبینین گەلی کورد لەو ماوە زەمەنییەدا تووشی دەیان و سەدان کارەسات و نەهامەتی و کاولکاری و کوشتار و بڕین هاتووە؛ لەنێو ئەوانەدا هەندێک کارەسات هەن کە بەتەواوی دەچنە خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، چونکە توخمی ماددی و مەعنەویی تاوانی دژە مرۆڤایەتییان تێدایە. بە بوونی ناوەندێکی قانوونی و یاسایی کوردی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، ڕەنگە بتوانرێ سکاڵا دژی ئەو دەوڵەتانەی کە تاوانەکانیان ئەنجام داوە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا تۆمار بکرێ. ڕەنگە بگوترێ بەهۆی هەندێک ڕێوشوێنی نێونەتەوەیی، سکاڵای ئاوا لە لایەن ناوەندە دادوەرییە نێونەتەوەییەکانەوە وەرناگیرێ، بەڵام نەفسی جووڵاندنی سکاڵاکە و بەدۆکیۆمێنتکردنی قانوونی، خۆی دەتوانێ ببێتە لەمپەرێک بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لە داهاتوودا بە پارێزەوە دەست بۆ تاوانی ئاوا گەورە بەرن و هەست بکەن درەنگ یا زوو دەبێ لە بەرانبەر تاوانەکانیاندا وەڵامدەر بن.

لێرەدا چەند نموونەیەک لەو تاوانانە باس دەکەین کە لە بواری ئامانج و نێوەڕۆکەوە وەک یەکن؛ سەرەڕای ئەوەی کە لە سەردەمی جیاوازدا، لە لایەن سێ دەوڵەتەوە لە سێ وڵاتی جیاوازدا دژ بە نەتەوەی کورد بەڕێوە چوون، مەبەستیان لەو تاوانانە قڕکردن، لاوازکردن و تواندنەوەی گەلی کورد بووە؛ واتە هەر سێ دەوڵەتەکە سەرەڕای جیاوازیی ڕیشەیی و

## بەشی چوارەم

دنیابینییان بۆ ئیدارەدانی وڵات، لەسەر قڕکردن و لەنێوبردنی گەلی کورد بێدوودڵی کۆک بوون و یارمەتیی یەکتریان داوە.

- لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا و بە جێگای ئەو خومەینی و داروودەستەکەی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دامەزراند، تەنیا دوای چەند مانگ لە هاتنەسەر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بە حوکمی خومەینی شەڕ لەژێر ناوی جیهاد بەسەر کوردستان و گەلی کورددا سەپا. جیهاد حوکمێکی مەزهەبی و دینییە، واتە شەڕ لە پێناوی خودادا؛ بەو مانایەی کە ڕشتنی خوێنی بەرانبەرەکە بە هەر ڕێگایەک بێ، حەڵاڵە. ئەو فەرمانەی خومەینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوانی گەورەی لێ کەوتەوە و بەدەیان گوند لە لایەن سپای کۆماری ئیسلامییەوە خاپوور و سووتێندران، خەڵکەکەیان ئاوارە و دەربەدەر بوون و لە چەند گونددا کوشتاری بەکۆمەڵ ئەنجام درا. ئەو کوشتار و شەڕە دژ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی ٤٧ ساڵە بەردەوامە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا ڕوو لە زیادبوونە. هەروەک دەبینین بەدوای ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر کورسیی دەسەڵات، بە جێگای وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی خەڵک، دەستیان داوەتە کوشتارێکی بەربەرین لە خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکانی ئێران و کوردستان؛ بە پێی ڕێژەی حەشیمەت، دیسان بەشی شێر لەو کوشتارە مەغۆلئاساییەدا بەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە.

- لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٧ و ١٣٦٨ی هەتاویدا، ڕێژیمی بەعسی عێراق شاڵاوێکی بەربەرینی نیزامیی دژ بە کورد لەژێر ناوی "ئەنفال" (کە لە سوورەتێکی قورئان وەرگیراوە) ئەنجام دا. لەو سوورەتەدا باس لە ئەرکی موسوڵمانان دژ بە کافران دەکرێ کە کوشتاری گەلی کوردی لە باشووری کوردستاندا پێ حەڵاڵ کرا. ئەو فەرمانەی دەوڵەتی بەعسی عێراق، لە ڕاستیدا دەستی سپای عێراقی ئاوەڵا کرد بۆ کوشتاری بەکۆمەڵی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا؛ بێجگە لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، بەپێی ئامارەکان زیاتر لە سەد و هەشتا هەزار کورد لە منداڵ و پیر و لاو و ژن و پیاو، دوور لە زێدی خۆیان زیندەبەچاڵ کران. حکوومەتی بەعس هەر بەوەندەش ڕانەوەستا، بەڵکوو کەوتنە گیانی سروشتی کوردستان و بە هەزاران گوند و شار و شارۆچکەیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد؛ واتە چەندیان لەدەست هات کاولکارییان کرد و باشووری کوردستانیان شێواند.

- لە ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا سپای عەرەبی سووریە، کە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد بە پاڵپشتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوونە حاکمی کاتیی سووریە، هێشتا جێگای خۆیان گەرم نەکردووە بەگژ گەلی کورد لە ڕۆژاوای کوردستاندا هاتوونەتەوە. ئەو دەسەڵاتە نوێیەش هەر قەوانە کۆنەکەی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی بەعسی عێراق لێ دەداتەوە و لە هەستی مەزهەبی و دینیی لایەنگرانی خۆیان کەڵک وەردەگرن؛ دووبارە لەژێر سوورەتی ئەنفالدا هێرش بۆ سەر کوردستان و ڕشتنی خوێن و بە دیل گرتن و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کورد بە حەڵاڵ دادەنێن.

ئەو سێ کارەساتەی کە لە سەرەوە باس کران، تەنیا نموونەیەکی بچووکن لەو هەموو غەدر و تاوانانەی دەسەڵاتدارانی ئەو چوار دەوڵەتەی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە بەدرێژایی ئەو سەد ساڵە بەسەر نەتەوەی کوردیان هێناوە. بەڵام دەبینین لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، هەرچەندە زوڵم و غەدری ئەو دەوڵەتانە دەرحەق بە نەتەوەی کورد ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەو ڕادەیەش هەستی نەتەوایەتی و بەرپرسیارەتی لەنێو تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا گەشەی کردووە. بەچەشنێک دەبینین لە کاتی کارەساتە گەورەکاندا یا سەرکەوتنی مەزنی نەتەوەییدا، سنوورەکان مانای خۆیان لەدەست دەدەن و کۆمەڵگەی کورد وەک یەک نەتەوە دەبنە پاڵپشتی یەکتر؛ هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە هەرە پلەی بەرزی خۆیدا دەردەکەوێ و لە خۆشی و ناخۆشیدا دەبن بەیەک. لێرەدا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، دەبێ بە هوشیارانە و لە ڕاستای پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا هەڵسوکەوت بکەن و هەر هەنگاوێک کە هەڵی دەگرن، دەبێ بۆ بەهێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی بێ. چونکە ڕووداوەکانی سەد ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێمان دەڵێن دۆستەکانمان کاتین و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵمان دەبن و هەر کاتێک بەرژەوەندییان بخوازێ پشتمان چۆڵ دەکەن. بۆیە پێویستە کورد لە پێشدا نێوخۆی خۆی ڕێک بخا و کار لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان بکا و هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەنێو هەر چوار پارچەی کوردستاندا بەهێز بکا.

دەبێ هەموو تاکێکی کورد ئەوەی لە بیر بێ کە هەر سێک ئەو نموونانەی غەدر و زوڵم دەرحەق بە کوردستان و کورد کە لە سەرەوە باس کران، سەرەڕای ئەوەی لە سەردەم و جوگرافیای جیاوازدا ڕوویان داوە، بەڵام یەک ئامانجیان هەبووە و هەیە، ئەویش فڕکردن و لەنێوبردنی گەلی کوردە. بەپێی هەموو قانوونە نێونەتەوەییەکان، ئەو ڕەفتار و کردارانەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دەچنە خانەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی. حەق وایە و کاتی هاتووە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ جارێکیش بێ، هەڵەی سەدساڵەی خۆی ڕاست بکاتەوە و ئاوڕ لە نەتەوەیەکی زیاتر لە چل ملیۆنی بداتەوە و مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکان بە نەتەوەی کورد ڕەوا ببینێ. بەڵام بەپێی ئەزموون و خوێندنەوە بۆ جیهانی ئێستا، دەبێ هێزی نێوخۆیی خۆت هەبێ هەتا خەڵکی دیکە حیسابت بۆ بکەن؛ ئەو هەبوونەش تەنیا بە یەکگرتوویی و لێکتێگەیشتنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی مەیدانی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دەستەبەر دەبێ.

١٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر خەڵکی ئێراندا



لە ١٨ و ١٩ی مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، بۆ جارێکی دیکە ڕوخساری دڕندەخۆ و دوژمن بە مرۆڤایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خۆی دەرخستەوە. لەبەردەم چاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا، بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە و جووڵاندنی هێزی نیزامی و کەڵک وەرگرتن لە چەکی جۆراوجۆری مەیدانی شەڕ بۆ بەگژداچوونەوەی خۆپێشاندەرانی ناڕازی، کارەساتێک قەوما کە بووە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گۆمی خوێن لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا برژێت. بەپێی ئامارە سەرسووڕهێنەرەکان، بە هەزاران کەس لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا گیانیان لەدەست دا یان بریندار کران.

ئەو کوشتارە بێبەزەییانەی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا، لەگەڵ هیچ کام لە پێوەرەکانی حکوومەتداری و یاسا نێودەوڵەتییەکان یەک ناگرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەو کردارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە پێناوی مانەوە لە دەسەڵاتدا، جۆرێکە لە یاخیبوون لە هەموو یاسا و ڕێساکانی ئایینی و یاسایی؛ چونکە هیچ دەوڵەتێک لە سەردەمی ئێستادا پەیدا نابێت ئاوا بە ئاشکرا و بێ ترس و خۆف، خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بخاتە بەر پەلاماری بێبەزەییانەی چەکەکانی مەیدانی شەڕی نێودەوڵەتی و ڕەحم بە پیر و لاو و منداڵ نەکات، و لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا کارەساتێکی مرۆیی وا بخوڵقێنێت کە ڕەنگە لە شەڕی نێوان دوو دەوڵەتدا لە ماوەی چەندین ساڵدا ئەوەندە خەڵکی بێدیفاع نەکوژرێن.

**بەشی چوارەم**

لە سەردەمی ئێستادا و لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، ڕۆژانە خەڵكی ناڕازی لە دەوڵەت و حكوومەت بە هۆكاری جیاواز دەڕژێنە سەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دەگەیەنن؛ زۆر جارانیش خەڵكی ناڕازی لەسەر شەقام لەگەڵ پۆلیسی ئەو وڵاتانە تووشی تێكهەڵچوون دەبن، بەڵام زۆر دەگمەن هەڵدەكەوێت پۆلیسی ئەو وڵاتانە دەست بۆ چەک بەرن، بەڵكوو بە ڕێگەی جۆراوجۆر كە نەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی هاووڵاتییان، هەوڵ دەدەن بڵاوە بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەكان بكەن.

بەڵام لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسا و عورفە نێودەوڵەتییەكان، هەر كاتێک بە هۆكاری جیاوازی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتی، خەڵكی ناڕازی بۆ دەربڕینی بۆچوون و نەزەری خۆیان هاتبێتنە سەر شەقام، دەستبەجێ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەوە، لەجیاتی گوێگرتن لە دەنگی خەڵک، فەرمان بە هێزە نیزامییەكان دەكرێت بە توندترین شێوە سەركوتی ئەو خەڵكە بكەن. لێرەدایە بە ڕوونی بۆ هەموو دنیا دەردەكەوێت كە مەبەستی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لە هێنانی هێزی چەكدار بە كەرەستەی مەیدانی شەڕ بۆ سەر شەقامەكان، كۆنترۆڵكردنی جووڵەی ناڕەزایەتیی خەڵک نییە، بەڵكوو سەركوتی بێبەزەییانەی خەڵكە بۆ ئەوەی چاوترسێن بن و بۆ جارێكی دیكە ناڕەزایەتی لە كاركردی حكوومەت لەسەر شەقام دەرنەبڕن. ئاماری كوشتاری ڕۆژەكانی ١٨ و ١٩ی مانگی بەفرانباری ئەمساڵ كە باس لە دەیان هەزار كوژراو و برینداردەكرێت، خۆی دەرخەری نییەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامییە لەو سەركوتە بەربەرینەدا.

ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی وەک سیستمێكی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، بە پێی یاسا و ڕێساكانی سەردەم و تەنانەت ئەسڵ و بڕگەكانی یاسای بنەڕەتیی ئێرانیش، لەسەریەتی پابەندی پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتییان بێت و لە هەمان كاتدا بەرپرسیارە لە ڕەچاوكردنی یاسا نێودەوڵەتییەكان لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا. چونكە دەوڵەتی ئێران زۆربەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەكانی ئیمزا كردووە و ئەندامی فەرمیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانە؛ بە پێی ماددەی ٢، بەندی ٤ لە مەنشووری ئەو ڕێكخراوە، كەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامی لە بەرانبەر خەڵكدا قەدەغەیە.

هەروەها ئێران ئیمزای لەسەر ئەساسنامەی دیوانی نێودەوڵەتیی سزادان كردووە كە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕۆم دامەزرا. هەرچەندە ئیمزاكردنی ئەو ئەساسنامەیە هەتا ئێستا بە پەسندی مەجلیسی شورای ئیسلامی نەگەیشتووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بێبەری بێت لە پابەندبوون بە بڕگەكانی ئەو یاسایە، بەڵكوو هەتا مەجلیسی شورای ئیسلامی ئیمزای نوێنەری حكوومەت ڕەت نەكاتەوە، پابەندیی بۆ كۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بڕگە و خاڵەكانی ئەساسنامەی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتی دروست دەكات. بە پێی ماددەی ٧ی پێڕەوی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتی (دیوانی نێودەوڵەتیی

## بەشی چوارەم

**کەیفەری، ڕۆم ١٩٩٨)، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەم شێوەیە پێناسە کراوە:**

"تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بریتییە لە ئەنجامدانی هەر کارێک بە شێوەی هێرشی بەربڵاوی نیزامی و ڕێکخراو بۆ سەر خەڵکی مەدەنی، کە کوشتاری بەربڵاوی ئەو خەڵکەی لێ بکەوێتەوە، یان بەبێ هۆکاری یاسایی خەڵک ڕەشبگیر و ڕەپێچەکی زیندان بکرێن و بکەونە ژێر ئەشکەنجە و ئازار لە بواری دەروونی و جەستەییەوە"...
بە پێی ئەو پێناسەیە، کوشتاری خەڵکی ناڕازیی ئێران بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەچێتە خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە.
بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەر حکوومەت و دەوڵەتێک بەرپرسە کە خەڵکی خۆی لە بەرانبەر ئەم چوار تاوانەدا بپارێزێت: "تاوانی شەڕ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، پاکتاوی ڕەگەزی و ڕاگواستنی زۆرەملێ". بەڵام کاتێک حکوومەتێک لە بەرانبەر ئەو چوار تاوانەدا پارێزگاری لە خەڵکی خۆی ناکات یان خۆی هۆکاری جێبەجێکردنی ئەو تاوانانەیە، ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی ئەوەی هەیە ئەو بابەتە بخاتە بەرباس و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدات و بەو ئامرازانەی لەبەردەستییەتی، ڕووبەڕووی حکوومەتی تاوانکاری وەک کۆماری ئیسلامی ببێتەوە. لە مێژووی هاوچەرخدا نموونەی لەو شێوەیە هەبووە کە دەوڵەتان، چ بە پاڵپشت و پەسندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هاوپەیمانیی چەند دەوڵەتێک لەژێر ناوی "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە"، هێرشی نیزامییان کردووەتە سەر ئەو دەوڵەتەی پابەندی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان نەبووە و بۆ بێدەنگکردنی خەڵکی ناڕازیی وڵاتەکەی، هێزی نیزامیی بەکار هێناوە و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیی ئەنجام داوە.


لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا، کە بەهۆی سیاسەتی چەوتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، و دوژمنایەتی لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو، خوڵقاندنی کێشەی ناوکی و پەرەپێدانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، هەموویان بوونە هۆی دارمانی ئابووریی ئێران، بەتاڵبوونی سفرەی خەڵک و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ناخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان؛ کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەتی دوای ئەو کوشتارە بەربەرین و بێئەندازەیەی خەڵکی ناڕازی کە لەلایەن ئەو حکوومەتەوە کرا، لەنێو خۆیدا دەکوڵێت و هەر ئان و ساتێک بەرەو ئەوە دەچێت دووبارە ناڕەزایەتییەکان بەشێوەیەکی بەربەرین سەرهەڵبدەنەوە. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم بارودۆخەدا پشتیوانیی هەمەلایەنە لە گەلانی ئێران نەکەن و بە هێزی فشار پاشەکشە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەکەن، دەبێ کۆمەڵگەی جیهانی چاوەڕوانی کارەساتێکی گەورەتری مرۆیی بن کە مێژووی ئێران هەتا ئێستا بەخۆیەوە نەدیوە.

٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## گرێکوێرەی ڕێژیم بە موجتەبا خامنەیی ناکرێتەوە!



ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵ پێش بە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی لەسەر دەستی خومەینی و داروودەستەکەی کە شۆڕشی گەلانی ئێرانیان بە لاڕێدا برد، دامەزرا. یەکێک لە دروشمە سەرەکی و سەرەکییەکانی خومەینی و لایەنگرانی ئەوە بوو کە نابێ دەسەڵاتداری و حوکمڕانی لە ئێران تایبەتمەندیی بنەماڵەیەک و کەسێک بێ و لەو ڕاستایەدا ماوەی ٤٧ ساڵە دەزگاکانی پەروەردە و ڕاگەیاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن کە لەسەر دەستی خومەینی، ڕێژیمی پاشایەتییان ڕووخاندووە و کۆتاییان بە ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران هێناوە. بەڵام لەمێژساڵە دەسەڵاتدارانی تینووی دەسەڵات بەتایبەتی سپای پاسداران هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە دوای مەرگی عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، کوڕەکەی ناوبراو واتە موجتەبا لە جێگەی ئەو دابنێن.

هەتا پێش هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە زۆر بە پارێزەوە دەستیان بۆ بابەتی جێنشینیی ڕێبەر دەبرد، چونکە لە لایەک دەیانزانی لە بواری مەزهەبی شیعەی باوەڕدار بە ویلایەت تووشی کێشە و بەرهەڵستیی شەرعی دەبنەوە و لە لایەکی دیکەوە لە دژکردەوەی بیروڕای گشتیی ئێران دەترسان کە ئەو شێوە دیاریکردنە دووپاتبوونەوەی سیستەمی سەڵتەنەتە لە ئێران. بەڵام بە هەڵگیرسانی شەڕ و کوشتنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ئەو دەروازەیە بۆ لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە ئاوەڵا بووە و بێ سێ و دوو لێکردن هەلەکەیان قۆستەوە و ڕایانگەیاند کە موجتەبا خامنەیی کوڕی عەلی خامنەییان بە ڕێبەری نوێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردووە.



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبژاردنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ چەندین کۆسپی شەرعی و قانوونی و نێودەوڵەتی بەرەوڕوویە. بەپێی فیقهی شیعە دەسەڵات لە باوکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کوڕ و لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی هەروەکی پێشتر باس کرا بە دژایەتی و ڕەدی ڕێژیمی پاشایەتی خۆی پێناسە کردووە. بۆ نموونە خومەینی لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێری ڕۆژنامەی "لومۆند"ی فەرەنسە کە سەبارەت بە سیستەمی حکوومەتی داهاتوو دەڵێ: "ڕێژیمێک دادەمەزرێنین بە هیچ جۆر پاشایەتی نابێ...". بەڵام وادیارە زۆر لەمێژە دامودەزگاکانی ئەمنییەتی و ئیتیلاعاتی بەتایبەتی سپای پاسداران لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو خەتە سوورە ببەزێنن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە ڕواڵەتیشدا پاشایەتی نەبووە، بە ئاشکرا بیکەن بە پاشایەتی. ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ڕوون نییە کە مەجلیسی خوبرەگان چۆن کۆبووەتەوە؛ ئایا بەربژێری دیکە هەبووە؟ ئایا ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا بەپێی ئەو بارودۆخەی ئێران کە پێیدا تێدەپەڕێ ڕێژەی قانوونییان بۆ دەنگدان تەواو کردووە؟ ئەوەی دەبینرێ تەنیا ڕاگەیەندراوێکە بە ناوی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری کە بەپێی عورف و قانوون دەکرێ پرسیارخوڵقێن بێ کە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی نەک بە هەڵبژاردن، بەڵکوو لەژێر گوشاری سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا بووە.

بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە ئەو ڕادە کەسانە لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری ئەمریکا و ئیسرائیل گیانیان بەدەر بردووە و زیندوون و ئێستا ئیدارەی حکوومەتە شکستخواردووەکەیان دەکەن، بە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شانسی مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات گەیاندە ڕادەی سفر. چونکە لە بواری ڕۆحی و دەروونی، کەسێک باوک و بنەماڵەکەی بە دەستی دوژمنەکەی کوژرابێ چۆن دەتوانێ وڵات لەو قەیرانە شەڕاوییە ڕزگار بکا و لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دنیای ڕۆژاوا هەڵسوکەوت بکا؟ ئەگەر ڕێبەری نوێی کۆماری ئیسلامی بیهەوێ ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە لە یەخی خۆی دابڕێ، دەبێ بە فتوا و فەرمانێک زۆربەی ئەو فتوا و فەرمانانەی باوکی لە پلەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا داویەتی هەڵبوەشێنێتەوە، کە ئەوە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ باوکی دەبێ بە کارەساتێکی گەورە. ئەگەر وایە ناچارە ڕێچکەی فتوا و فەرمانەکانی باوکی بگرێ کە ئەوەش دەرئەنجامی دەبێ بە ڕووخان یان لاوازبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە ماوەی نزیک بە دوو حەفتەیە دەستی پێ کردووە، زیان و زەرەرێکی زۆری لە بواری ڕۆحی و ماددی و ئینسانی بە گەلانی ئێران گەیاندووە و ژێرخانی ئیداری و سازمانی و ئابووری دامودەزگاکانی دەسەڵاتدارییەتیی کۆماری ئیسلامی نزیک بە تەواوی لێک هەڵوەشاندووە. دیاریکردن و دەستنیشانکردنی موجتەبا خامنەیی نەک ناتوانێ کۆماری ئیسلامی لەو تەنگژە و کارەساتەی کە بەهۆی سیاسەتە چەوت و دوژمنکارییەکانی ئەو ڕێژیمە لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ گەلانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوویەتی ڕزگار بکا، بەڵکوو ئەو

## بەشی چوارەم

هەڵبژاردنە لە یەکەم تێڕوانیندا وەک ملبادان و دەمەلاسکێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕوو بە کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبینرێ. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بەتەواوی سەریان لێ شێواوە و ئەوانەی بڕیار دەدەن ئەهلی سیاسەت و ئیداری کردنی وڵات نین، بەڵکوو ئەوانەی لەسەر بابەتەکان بڕیاری کۆتایی دەدەن فەرماندەرانی سپای پاسدارانن کە بە عەقڵی مەیدان لەگەڵ بابەتە سیاسییەکان هەڵسوکەوت دەکەن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا هەوڵیان دا بە خوڵقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، لە نێوخۆی وڵات بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی، سەرکوتی بێبەزەییانەی گەلانی ئێران بکەن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و لەخۆباییبوونی لەڕادەبەدەری دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە وای کرد تووڕەیی پەنگخواردووی ٤٧ ساڵە لەو ڕێژیمە، هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە ڕووی دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەکانی ئەو ڕێژیمەدا بتەقێتەوە و مەشرووعییەتی سیاسی و حوکمڕانی بێتە ژێر پرسیار. موجتەبا خامنەیی کە ڕاگەیەندرا سێیەمین ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا خۆشی یەکێک بووە لە کاراکتەرەکانی ئەو مەیدانە، ئێستا میراتگری کار و کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر بیهەوێ لەسەر ڕێچکەی پێشووی باوکی درێژە بە کار و کردەوەکان بدا، زۆر سروشتییە هەروەکی ئێستا لەگەڵ دژکردەوەی نێوخۆیی خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەوڕوو دەبێ و تەمەنی حوکمڕانیی زۆر ناخایەنێ؛ ئەگەر بیهەوێ لە شێوازی حوکمڕانیی باوکی تێپەڕ بێ و بە شێوازێکی دیکە هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی ئێران حکوومەت بکا کە ئارامییەک بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بگەڕێنێتەوە، ئەو کات کار و کردەوەکانی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی باوکی دێنێتە ژێر پرسیار. بۆیە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نەک ناتوانێ گرێکوێرەکانی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە، بەڵکوو زیاتر و زیاتر ئاڵۆزتریان دەکا و دەبنە هۆی نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

٢٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## بابەتی ساڵی............ ٢٧٢٦

## دوژمنانی کورد لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد زراویان چووە!



لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی خاکی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت و سێ نەتەوە، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا بێپسانەوە درێژەی هەبووە و خوێن و قوربانیی زۆری لەو ڕێگەیەدا داوە و کاولکاری و کارەساتی زۆری بەسەر هاتووە، بەڵام ڕەوڕەوەی ئەو جووڵانەوە مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕەوتی خۆی نەکەوتووە. لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا چەندین جووڵانەوەی گەورە و بچووک سەریان هەڵداوە و زۆر جاران هەتا ترۆپکی سەرکەوتن ڕۆیشتوون، بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر، بەتایبەتی گەلەکۆمەکیی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا تێکشکاون؛ بەڵام ڕووحی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی لە لێدان نەکەوتووە و جارێکی دیکە و لە شوێنێکی دیکەی کوردستان جووڵانەوە سەری هەڵداوەتەوە. بە درێژایی ئەو سەد ساڵە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بێجگە لە بەکارهێنانی سوپای پڕچەک بۆ سەرکوتی جووڵانەوەکان، بیریان لەوە

کردووەتەوە کە بە زاڵکردنی کولتوور و زمانی خۆیان لە هەر پارچەیەک لە کوردستان، وا لە تاکی کورد بکەن کە ببێتە هۆگری ئەو وڵاتە. لێرەدایە ئەگەر کۆمەڵگەی کوردستان بە تاک و کۆ وریا نەبێت، درێژەی ئەو سیاستە دەبێتە هۆی لێکدابڕانی زیاتری نەتەوەی کورد لە یەکتر و دەستی دوژمنانی خاک و نەتەوە زیاتر ئاوەڵا دەکات بۆ داگیرکاریی زیاتر.

ئەگەر سەرنج بدەینە سەر مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد، دەبینین ئەو کاتانەی لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان، کارەساتێکی ناخهەژێن ڕووی دابێت یا سەرکەوتنێک هاتبێتە ئاراوە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان گەلی کورد هەم سەبارەت بە کارەساتە ناخهەژێنەکانی وەک کیمیابارانی شارەکانی هەڵەبجە و سەردەشت، ئەنفال و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی باشوور و ... بۆ پشتیوانی و هاوخەمی، هەڵوێستی هەبووە و هەوڵی داوە بە یەکەوە کۆڵی خەمی کارەساتەکان هەڵبگرن و لە نێو خۆیدا خەم و نەهامەتییەکان بەش بکات و ئیزن نەدات دوژمنان بە گەلی کورد خۆش بن، یا ئەو کاتانەی لە پارچەیەک لە کوردستان سەرکەوتنی گەورە بە دەست هاتووە، دیسان گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە شادیی ئەو سەرکەوتنەدا بەشدار بوون و بە سەرکەوتنی خۆیان زانیوە. بەڵام دوژمنانی نەتەوەی کورد بەئاگا بوون لەو هاوپێوەندییە نەتەوەییە، هەموو کات لە هەوڵی پیلانگێڕان و تێکدانی بوون. لە ئاگاداری و کردار و گوتاری دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، ئەوە بە ڕوونی خۆی سەلماندووە کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا شەڕێکی نەدیتراو و نەبیستراو لە نێوان هەستی شوناسخوازیی نەتەوەیی کورد لە لایەک و دوژمنایەتیی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بۆ لەنێوبردنی ئەو هەستە شوناسخوازییە لە ئارادایە.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەکێک لەو پارچانەی کوردستانە کە جووڵانەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی کوردی تێدا بەردەوام بووە؛ لە شۆڕشی سمکۆوە دەست پێدەکات هەتا دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەربەرەکانێ لەگەڵ حکومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەگەڵ هەموو دوژمنکارییەکانی ئەو دوو ڕێژیمە دەرحەق بە گەلی کورد و بزووتنەوەی مافخوازانەی ئەو گەلە، خەبات بەپێی هەلومەرج و قۆناغە مێژووییەکان بەردەوام بووە. خەباتکارانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی جیهانی و ناوچەیی بگونجێنن، بەڵام قەت نەبوون بە بەشێک لە پاراستنی بەرژەوەندیی لایەنێک بە دژی لایەنێکی دیکە، چونکە ناخ و نێوەرۆکی جووڵانەوەی گەلی کورد وەدەستهێنانەوەی مافەکانییەتی، نەک پاراستنی بەرژەوەندیی لایەنێکی دەرەکی. هەر ئەو بڕوا و تێڕوانینە دروستە وای کردووە، سەرەڕای سەرکوتی بێبەزەییانەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، جووڵانەوەی شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا هەروا بە گوڕوتین بەردەوام بێت.

لە بارودۆخی ئێستادا کە ناوچەکە لەگەڵ کۆمەڵێک تەنگژە و شەڕ و تێکهەڵچوونی لایەنە جۆراوجۆرەکان ڕووبەڕووە و ڕوون

نییە چارەنووسی گەلێک پرس بەرەو کوێ دەچن. ئایا ئێران و ئەمریکا ڕێک دەکەون؟ لەسەر چی ڕێک دەکەون و کام لا سەرکەوتووی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەر و کاولکارییەیە؟ ئایا ئەو شەڕە دەبێتە هۆکاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟ یا کۆماری ئیسلامی تەسلیمی ویستەکانی ئەمریکا دەبێت و بۆ ماوەیەکی دیکە درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات؟ لەو کاتەدا ئێرانی دوای شەڕ بەو هەموو کاولکاری و ئابووریی داڕماو و سارێژنەبوونەوەی برینی کوشتاری خەڵکی نارازی لە حکومەتی ئێران لە شۆڕشی ژینا و خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباری پارساڵدا، بەرەو کوێ دەچێت؟ بە دەیان پرسیاری دیکە کە ناوچەکە و گەلانی نیشتەجێ لەو ناوچەیە لەگەڵی ڕووبەڕوون و نەتەوەی کوردیش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەدەر نییە لە ئاکامی ئەو شەڕ و ململانێ نێودەوڵەتییانە، واتە لێکەوتەکانی ئەو شەڕە چ بە ئاشتی و چ بە درێژەی شەڕ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرسی کورد بەگشتی. هەر بۆیە لە ئێستادا و لەو قۆناغە هەستیارە مێژووییەدا، ئەرکە لەسەر شانی هەموو حیزبە کوردستانییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکبەتاکی کورد، بە هەر فکر و ئایدۆلۆژیایەک بن، لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان یەک هەڵوێست و یەک دەنگ بن و ئیزن نەدەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا کاریگەرییان هەبێت لەسەر هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و دروشمی ئەسڵی و سەرەکی کە کوردستان یەک وڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە. هەر تاکێکی کورد و هەر نیشتمانپەروەرێک دەبێ هەست بەو بابەتە هەستیارە بکات کە هەر گۆڕانکارییەک لە هەر پارچەیەک لە کوردستان ڕوو بدات، ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان.

بەداخەوە لە مێژووی گەلی کورد کەم نین ئەو ڕووداوانەی بە هۆی دەستتێوەردانی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بوونەتە هۆی دروستبوونی کێشە و ململانێی نێو ماڵی کورد و زۆر جاران زیانی قەرەبوونەکراوەیان لێ کەوتووەتەوە، کە دیارە لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی بوونی پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیگرتن، ئاسەواری ئەو دەستتێوەردانانەی دوژمنانی سوێندخواردووی کورد زۆر زووتر خۆی ئاشکرا دەکات و لە نێو کۆمەڵگەدا دەتەقێتەوە؛ کە ئەگەر بە وریایی لەگەڵ ئەو بابەتانە هەڵسوکەوت نەکرێت، ڕەنگە زیانی گەورە لە جەستەی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بەگشتی بدات.


بەداخەوە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵێک باس و بابەت و کردار ئەو ڕۆژانە دەرحەق بە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دنیای ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی کوردی دا دەکرێن و دەگوترێن کە هەڵگری پەیامێکی مەترسیدارن کە ئاوەکەی دەچێتە ئاشی دوژمنانەوە. چونکە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە تەواوی گڵۆڵەی کەوتووەتە لێژی، هەموو ڕێکارێک دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی کەلێن بخاتە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان و تاکبەتاکی گەلی کورد و پێش بە یەکگرتوویی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بگرێت. ئەو بابەتە پێویستی بە سەلماندن نییە؛ چونکە هەر کاتێک کە کورد ئیرادەی

## بەشی چوارەم

کردووە لە پشتی یەکتر بێت، خێرا ئەو دەوڵەتانەش هەموو بەرژەوەندی و ململانێییەکانی خۆیان وەلاناوە و بە دژی کورد و خەباتە ڕەواکەی یەکیان گرتووە؛ و هەر کاتێک کورد خۆی لە نێو ماڵی خۆیدا کەوتووەتە ململانێ و ناتەبایی لەگەڵ یەکتر، ئەو دەوڵەتانە هەوڵیان داوە کورد بە دژی یەکتر هان بدەن و بۆ مەبەستی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵک لەو ناکۆکییانە وەرگرن. بەڵام مێژوو ئەوەی سەلماندووە، سەرەڕای ئەو هەموو پیلانگێڕی و کوشتوبڕ و سەرکوت و کاولکارییە بە دەستی دوژمنان، لە کوردستان ئەوەی لەسەر خاکی کوردستان ماوەتەوە و دەمێنێتەوە گەلی کوردە، و ئەوەی بەرەو ڕووخان و نەمان دەچێت، حکومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستانن. لە قۆناغی ئێستای خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دا کە ناوچەکە بەرەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەچێت و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارێکدا بەرەو داڕمان و لەنێوچوون دەچێت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە پشتگیریی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی هەیە بۆ ئەوەی ئەو پارچە لە کوردستان، لە لایەک لە مەودای خەباتێکی بێوەچان و پڕ لە خوێن و قوربانی و کاولکاریی سەد ساڵەدا سەرکەوێت و بە ئازادی پشوویەک بدات، و لە لایەکی دیکەوە، گەیشتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مافە نەتەوایەتییەکانی دەتوانێت ببێتە کلیلی سەرکەوتن و گەشەکردنی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، مۆتەکەی ٤٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران



٤٧ ساڵە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەربەرەکانی و شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندایە. ئەو بزووتنەوە لەو ماوە زەمەنییەدا بە قۆناغی جۆراوجۆری دژواردا تێپەڕ بووە و توانیویەتی بەهۆی لەخۆبوردوویی تێکۆشەران و پشتیوانی هەمەلایەنەی گەلی کورد هەتا ئێرە لە مەیدانەکەدا بە بەهێزی بمێنێتەوە. هەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواوەتی خۆیدا دژایەتیی حیزبەکان و گەلی کورد دەکات، نیشانەی بەهێزی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ نموونە:

هەر کاتێک دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تووشی قەیران و شەڕ و ئاژاوەیەک بووە، یەکێک لە ڕێگەچارەکان بۆ ئەوەی قەیرانەکەی پێ داپۆشن، هێرشکردن بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لەو ڕێگایەوە هەوڵیان داوە بیروڕای گشتیی ئێران بۆ لای هەڕەشەی جیاکردنەوەی خاکی ئێران لە لایەن کوردەکانەوە ڕابکێشن؛ و دەبینین بە هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لە دوو بوارەوە هێرش بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووە و بەردەوام بووە: هەم لە بواری تەبلیغی و ڕاگەیاندنەوە و هەم لە بواری هێرشی نیزامییەوە. لە بواری تەبلیغییەوە تۆمەتبارکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە

دەستتێکەڵکردن لەگەڵ نەیارەکانی وڵات، و لە بواری نیزامییەوە بۆمبارانکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ کەوتووەتەوە.

لەگەڵ ئەو هێرش و پەلامارانەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپ و شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دونیای مەجازیشدا بەداخەوە یا لە ڕووی بێئاگایی و نەبوونی زانیاری دروست لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، یا لە ڕووی دوژمنکارییەوە هێندێک باس و بابەت دەوروژێندرێن کە لە ئاستی گەورەی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نین و لە بارودۆخی ئێستادا ئەو جۆرە باس و بابەتانە زیان بە هاوپێوەندی نەتەوەیی دەگەیەنن و دڵی دوژمنانی کورد خۆش دەکەن. لێرەدا هەر تاکێکی دڵسۆزی کورد دەتوانێت ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە بۆچی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، کەمپەکانی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتە ئامانجی درۆنی و مووشەکی خۆی؟ ئەگەر کەسێک بیهەوێت بە ویژدانەوە وەڵامی ئەو پرسیارە وەربگرێت، دەبێت هەوڵ بدات بە وردی مێژووی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و جووڵانەوە مافخوازانەکەی بخوێنێتەوە و شەن و کەوی بکات، ئەوکات بۆی دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕواننە دۆزی کورد و خەباتەکەی.

ماوەی زیاتر لە چل ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەبلیغ بۆ ئەوە دەکەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکوت کراون و ئیدی جێگای مەترسی نین، و لە لایەکی دیکەوە بە هەموو توانای نیزامی و ئەمنییەتی و دارایی خۆی لە هەوڵی زەبروەشاندن لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە بە هەر ڕێگایەکی بۆی بلوێت؛ و لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بێجگە لەوەی شەڕێکی ماڵوێرانکەری بە فتوای ڕێبەری نیزام بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، لە هەمان کاتدا دەستی لە تیرۆر و گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی خەباتکارانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەپاراستووە و هەر کاتێک بە دەرفەتی زانیبێت چ بە فڕۆکەی شەڕکەر و چ بە مووشەک و درۆن و یا بە سپای پیادە، سنووری نێودەوڵەتی بەزاندووە و هەموو هەوڵێکی داوە زەبر لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدات؛ و تەنانەت دوای ڕاپەڕینی ژینا، سەرەڕای مووشەکبارانی قورسی کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سپای پاسدارانەوە، دەسەڵاتدارانی تاران کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەیەکی ئەمنی، بە قسەی خۆیان بۆ پاراستنی سنوورەکانیان لەگەڵ عێراق واژۆ بکەن، لەگەڵ ئەوەی خودی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە نێوەڕۆکی ئەو پەیماننامەی بە تەواوی لەژێر پێ ناوە و قەت پێوەی پابەند نەبووە و ڕۆژانە بە مووشەک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی ژن و منداڵی بنەماڵەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

نوێترین جووڵەی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوو مانگ لەمەوبەر بە هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی نێوان ئێران لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکردووە، بە پاساوی ئەوەی کە بنکە و بارەگای سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل لە هەرێمی کوردستان هەیە، کەمپی ژن و منداڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای درۆن و مووشەکەوە ئاگرباران دەکەن؛ لە حاڵێکدا هەموو جیهان و خودی دەسەڵاتدارانی تاران ئەوە باش دەزانن کە کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت بەشێک نەبوون لەو شەڕە کە خوڵقێنەری شەڕەکە خودی کۆماری ئیسلامییە، چونکە سروشت و ئامانجی شەڕەکان لێک جیاوازە. شەڕی کورد بۆ پاراستنی کەرامەتی نەتەوە و بەدەستهێنانەوەی مافەکانییەتی، شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران هەر کامیان بۆ سەپاندنی هەژموون و بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، نەک بەرژەوەندی گەلانی ئێران. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش ئەو ڕاستییە باش دەزانن، بەڵام بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ گەلی کورد هەموو کات بە دوای پاساوێکدا گەڕاون کە بتوانن بۆ ماوەیەک بیروڕای خەڵکی ئێرانی پێ ڕازی بکەن و لە بەردەم کۆمەڵگەی جیهانیدا پاساوی هەبوونی هەڕەشە لەسەر ئەمنییەتی ئێرانیان هەبێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەیان گرووپی نیابەتی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بۆ هەڕەشەکردن لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان دروست کردووە و تەنانەت لە ئێستادا پێداگری دەکەن لەسەر ئەو بابەتە کە ئاگربەستی نێوان ئەمریکا و ئێران دەبێت لوبنان و حیزبوڵڵاش بگرێتەوە، و بەوە دەگوترێ سیاسەتی دووفاقە و دووڕوویی؛ لە لایەک پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان دەکات و لە لایەکی دیکە دوژمنایەتیی گەلی کورد دەکات کە ئێستا بەشێکە لە پێکهاتەی ئێران.

هەموو ئەوانەی باس کران، نیشانەی ترسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە لە پێگەی جەماوەری ئەو حیزبانە، بەتایبەتی پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دوژمنایەتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو هۆکاری بنەڕەتی هەیە: یەکەم، سیستەمی کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە مافی گەلان بەتایبەتی مافەکانی گەلی کورد نییە، و دووهەم، دەسەڵاتدارانی تاران لە پێگەی جەماوەری ئەو حیزبانە لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیگەران و سەخڵەتن، چونکە پێیان وایە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا، گەلی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مابافی ناوچەکانی دیکەی ئێران ئامادەتر و ڕێکخراوترن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی ٤٧ ساڵە پێبەپێی سەرکوت و زەبروزەنگ لە کوردستان، هەوڵیان داوە لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە ڕۆخسارێکی دزێو و ناشیرین و شەڕئەنگێز لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نیشانی گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بدەن و بە دەیان تۆمەتی


## بەشی چوارەم

جۆراوجۆری وەک "جودایی‌خواز، بەکرێگیراوی دەوڵەتان، و..." بدەنە پاڵ ئەو حیزبانە، بەڵام هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە بە ئامانجی خۆیان بگەن، چونکە هەم گەلانی ئێران و هەم گەلی کورد باوەڕیان بە کردار و ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلانی ئێران نەبووە ئەوە لە لایەک، و لە لایەکی دیکەوە بە پێچەوانەی تێفکرین و بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، جووڵانەوەی مافخوازانەی کوردستان تایبەت بە حیزبێک نییە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی لە ویست و داخوازی تاک بەتاکی خەڵکی کوردستاندایە؛ بۆیە بە لێدانی مووشەک و دڕۆن لە شوێنی نیشتەجێبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یا تێرۆر و گرتن و لەسێدارەدانی خەباتکارانی کورد، جووڵانەوەی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێ ناکەوێت، بەڵکوو ئەو جۆرە هێرشە ترسنۆکانە بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم حیزبەکان و هەم خەڵکی کوردستان زیاتر لە پێشوو هەست بەوە دەکەن بۆ پاراستنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان دەبێت زیاتر و زیاتر لێک نزیک ببنەوە و کار بکەن بۆ هاوپێوەندییەکی بەهێزی نەتەوەیی.

بە واتایەکی دیکە، مێژووی ئەو ٤٧ ساڵە ئەوەی سەلماندووە کە بە پێچەوانەی ویست و ئامانجی دەسەڵاتدارانی تاران، پێگەی جەماوەری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر بووە و پێگە و شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا لاوازتر بووە.

١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## حیزبی دێموکرات وەک داینەمۆی بەردەوامیی جووڵانەوەی نەتەوەیی



حیزبی دێموکراتی کوردستان ٨٠ ساڵ لەمەوبەر لە کاتێکدا دامەزرا کە بەهۆی سەرکوتی جووڵانەوەکان لە هەر چوار پارچە لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستانی گەورەدا کێشابوو؛ بۆیە وەک پێویستییەکی مێژوویی، دامەزراندنی حیزبی دێموکرات توانی هەوری نائومێدی لەسەر ئاسمانی خەباتی نەتەوەیی و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بڕەوێنێتەوە و بۆ جارێکی دیکە تۆوی هیوا و ئومێد بە سەرکەوتن لە دڵی خەباتکارانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا بچێنێ.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا لە ژیانی سیاسیی خۆیدا، گەلێک سەرکەوتنی گەورە و جێی شانازی بۆ گەلی کورد تۆمار کردووە و لە هەمان کاتدا تووشی زۆر کارەساتی گەورە بووە و خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە، کە ئەگەر سیاسەتی واقیعبینی و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات نەبوایە، ڕەنگە وەک زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە لەم ماوە زەمەنییە دوورودرێژەدا لێک هەڵوەشابایەوە و تەنیا لە مێژوودا ناوێکی لێ مابایەوە.

لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، هەم لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و هەم لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە

شێوازی جۆراوجۆر لە ئارادا بووە؛ بە چەشنێک کە لە سەردەمی هەردوو ڕێژیمدا، کوردستان نەک تەنیا بۆ خۆی، بەڵکوو بۆ سەرانسەری ئێرانیش سەنگەری خۆڕاگری و دەنگی ئازادیخوازی بووە. لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا، کاتێک کۆماری کوردستان لەلایەن سپای پاشایەتیی ئێرانەوە رووخێندرا و بەشێک لە ڕێبەرانی ئەو کۆمارە - کە لە هەمان کاتدا ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون- لەسێدارە دران و بەشێکی دیکەیان ڕاپێچی زیندان کران، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە ڕایانگەیاند کە کێشەی کوردیان چارەسەر کردووە و حیزبی دێموکرات لێک هەڵوەشاوەتەوە و کوردستان ئارامە.

ئەو سیناریۆیە ٣٢ساڵ دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەرحەق بە جووڵانەوەی مافخوازنەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە فتوای جیهادی خومەینی بەدژی گەلی کورد و سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا دووپات کرایەوە. لە هەمان کاتدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حیزبی دێموکراتی بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و دەزگاکانی تەبلیغاتی و ڕاگەیاندنی ڕێژیم دەستیان بە پڕوپاگەندەی ئەوە کرد کە کوردستان لە نەیاران پاک کراوەتەوە و کێشەیەک بە ناوی ئەحزابی دژبەری نیزام لە کوردستاندا بوونی نییە؛ بەڵام دەبینین دوای هەشتا ساڵ، هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی لە پرۆژەی فەوتاندنی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تووشی شکست هاتوون.

ئەگەر دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، ڕێژیمی پاشایەتی تەبلیغاتی بۆ ئەوە دەکرد کە جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی سەرکوت کراوە، بەڵام لە مەیدانی بەکردەوەدا پێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕێژیم دەبینین؛ بۆ نموونە: لە ساڵەکانی ١٣٣٢ و ١٣٣٨دا زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتی پڕن لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، و لە ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧دا تێکۆشەرانی دێموکرات بوون گۆمی مەندی دەسەڵاتداریی پاشایەتییان لە ئێراندا شڵەقاند.

لە هەمان کاتدا، لە بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر ١٩٧٥ (١٣٥٣ی هەتاوی) کە لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێندا ئیمزا کرا، دەبینین و دەخوێنینەوە کە باس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەکرێ؛ کە دەوڵەتی ئەوکاتی عێراق لەبەرانبەر ئەوەدا کە ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران ڕێگا لە تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق دەگرێ، ئەویش لەسەریەتی ڕێگری بکا لە کار و تێکۆشانی خەباتکارانی کوردستانی ئێران. بەڵام ئەو ڕێککەوتننامەیە بەهۆی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە تەمەنی ئەوەندە کەم بوو کە هیچ کام لەو دوو ڕێژیمە نەیانتوانی ڕێژەیەکی کەم لە بەند و برگەکانی جێبەجێ بکەن، و لە هەر دوو پارچەی کوردستاندا جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد بە هێز و وزەیەکی گەورەترەوە، بە ئاشکرا گۆڕەپانی خەباتی بەدەستەوە گرتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە ماوەی ئەو ٤٧ ساڵەدا، هەرچی لە دەست و توانایدا بووە بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد بە دڕندانەترین شێوە بەرامبەر بە تێکۆشەرانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ئەنجامی داوە، و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی چڕ کردووەتەوە کە بە هەر نرخێک بێ، حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک داببڕێ و لە هەلی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگرتووە بۆ زەربەلێدان لە تێکۆشەرانی جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە زیاتر لە چل ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە گوێی خەڵکی ئێراندا دەخوێنن کە کوردستان ئارامە و حیزبەکان تارومار کراون، بەڵام حەرەکەت و جموجۆڵی شوناسخوازیی خەڵک و پێگەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، دروست پێچەوانەی بۆچوون و پڕوپاگەندەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنن. گرتن و زیندانی و ئیعدامی لاوەکان، مانگرتنە سەرانسەرییەکان لە کوردستان، ڕاپەڕینی ژینا، بە دەیان جار هێرشی ئاسمانی بە فڕۆکە و مووشەکی بالیستیک و دڕۆنی خۆکوژ بۆ سەر بنکە و شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموویان نیشانەی زیندووبوونی جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان دەکەن و پێگەی جەماوەریی بەربڵاویان لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەیە، سەرەڕای شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و لەرزۆکبوونی پایە و بناغەکانی، بەو حاڵەشەوە بە هەموو تواناکانی ئێستای لە هێرشکردن بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕانەوەستاوە و تەنانەت دوژمنکارییەکەی دەرحەق بە گەلی کورد و حیزبەکانی، چی وا کەمتر نییە لە ڕادەی ئەو دوژمنکارییانەی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا هەیەتی.

بێجگە لە کرداری نیزامی کە بە مووشەک و دڕۆنی خۆکوژ بۆ سەر کەمپەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی حیزبەکان لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا کردوویەتی و ئێستاش بەردەوامە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان دەوڵەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی، کە ساڵی ١٤٠٢ بە ناوی پاراستنی ئەمنییەتی سنوورەکان بەسترا، ئەو ڕێککەوتننامەیە زیندوو بکەنەوە و بە قسەی خۆیان دارولەلەی زیاتر و قایمتر لەو ڕێککەوتننامەیەدا دژ بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێن. بەڵام خۆیان لە ئاستی ئەو بابەتەدا گێل دەکەن کە ئەوە خودی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون کە هەموو بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەیان بە هێرشکردنە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی

## بەشی چوارەم

کوردستان پێشێل کردووە؛ کە پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامە بەناو ئەمنییەتییە دەتوانێ نیشانەی ترسی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بێ لە جێگە و پێگەی جەماوەریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە شەڕ و شۆڕ و بۆمباران و بەستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ناتوانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک لەنێو ببات؛ ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زەمەنی سەرکەوتن وەدوا بخات، بەڵام لە ئاکامدا سەرکەوتن بۆ گەلی کورد و خەباتکارانی پرسە نەتەوایەتییەکانە و شکست و نەمان بۆ دەسەڵاتدارانی پاوانخوازە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مێژووی دوورودرێژی خەباتکارانەی خۆیدا بێگومان لە کەموکوڕی بێبەری نییە، بەڵام لە ڕۆژی دامەزرانیەوە هەتا ئێستای لەگەڵدا بێ، هەوڵی داوە خوێندنەوەیەکی دروست و واقیعبینانە لە ڕووداوەکان بکات و قازانج و بەرژەوەندیی درێژخایەنی نەتەوەیی لە گرەوی سەرکەوتنێکی کاتیدا دانەنێت؛ و هەر ئەوەش وای کردووە سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕ و خوێناوییانەی بەسەری هاتووە، دوای هەشتا ساڵ ئێستاش بە گوڕوتینەوە لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێدا بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانی گەلی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران لە شەڕ و ململانێدا بێت.

**لە بارودۆخی ئێستادا، بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوەی پێویستە خۆڕاگری و ئیرادە و باوەڕمەندبوون بە سەرکەوتنە؛ چونکە ئەو قۆناغەش کۆتایی دێت و سەرکەوتوو ئەو لایەنەیە کە خاوەنی ئیرادەیە و پشتئەستوورە بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان.**

۱۷ی جۆزەردانی ۲۷۲۶

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

جۆزەردانی ۲۷۳۶ی کوردی = جوونی ۲۰۳٦ی زایینی



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ عومەر باڵەکی بۆ ئامادەکردنی وتار، لێدوان و بیروڕاکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

